

رۆمان

٦ شمس

كۆماريّك له سيّبه‌ردل

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

عبدالكريم فتاح

٢٠١١

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

" كۆماریێك له سێبەردا "

پرۆژەی "شەمس"

- بایەخ بە بەها مرۆییە بالاکان دەدات.
- هەوڵی راستکردنەوە و نوێکردنەوەی بیر و تێگەیشتنی ئایینی بە گشتی و فیکری عیرفانی بە تایبەتی دەدات.
- رۆحی باوەڕ لە ناخ و بیردا قووڵدەکاتەوە و مرۆڤ بە راستییە ئایینی و گەردوونییەکان ئاشنا دەکات.
- مەعنەوییەت و عیرفان بە گشتی و عیرفانی گەلانی ئیسلامی بە تایبەتی گرنگی پێ دەدات.
- هەوڵی ئاشتکردنەوەی مەعریفەی سەردەم و عیرفانی رەسەنی ئیسلامی دەدات .
- خاوەنی پرۆژەی شەمس هەموو تاکێکی ئەم ولاتەیە کە باوەڕی بە ژیانی مەعنەوی و خزمەتکردن بە مرۆڤ و دڵسۆزی بۆ گەل و خاك و ئایین و بەها بالاکانی مرۆڤایەتی هێنا بێت.
- "شەمس" هەوڵێکە بۆ مانا بەخشینەوە بە ژیان و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە رۆحییەی مرۆڤ بەدەستییەوە دەنالێنێت، دەستپێشخەرییەکە بۆ ژیانەوەی هەست و نەستە جوانەکانی ناوەوەی مرۆڤ تاکو بوونی مانادار بکات و لەو قەیرانە فیکری و دەروونییەی مرۆڤی سەردەم دەستەویەخەی بووە قوتاری بکات .

دەتوانن لەریگەی ئەم ئیمێڵەوە پەیوەندی بکەن بە

پرۆژەی شەمس

prozhaishams@gmail.com

" کۆماریّك له سیّبه‌ردا"

(رۆمان)

عبدالکریم فتاح

چاپی یه‌که‌م

سلیمانی..... ۲۰۱۱

ناوی کتیب : کۆماریٚك له سیٚبه‌ردا
نووسه‌ر : عبدالکریم فتاح محمود
نه‌خشه‌سازی : جمعه صدیق کاکه
نۆره‌ی چاپ : چاپی یه‌که‌م
سالٚی چاپ : ۲۰۱۱
تیراژ : (۱۰۰۰) دانه

ژماره سپاردن : (۱٦۹۲) ی سالٚی ۲۰۱۱ ی دراوه‌تێ

مافی له چاپ دانه‌وه‌ی پاریٚزراوه بۆ پرۆژه‌ی شه‌مس

"به شێتی سەر شەقامەکان پێشکەش بێت"

بەشی یەکەم

پێشەكییەك

لە منداڵییەوە حەزم بەناو شێتان و قسەی شێتان بوو، لەهەر سوچێكی ئەم شارەدا شـێتێك سـەری هەڵبدایـە دەبـوا مـن خـۆم پـێ بناسـاندبایە و بـە خزمـەت كـردن و پارەپێدانی خۆمم لێ نزیك كردبایەتەوە، نازانم بۆ ئەوەندە عەودالّی شێتان بووم! بڵێی خۆشم یەكێك نەبم لە شێتەكان؟! بۆچی نا، لەوانەیە! بە منداڵی كاتێك كارێكی خراپم ئەنجام دەدا دایكم پێی دەوتم "شێتە"، هەڵەیـەكم لـە پۆڵدا بكردبایـە مامۆستاكەم بە وشەی "شێتە" سەرەكۆنەی دەكردم، لەگەڵ كچێك پەیوەندی خۆشەویستیم گرێدا، لە وەرزی یـەكتر دابڕانمـان و لـە دوایـن قسـەی مانّاوایـدا پێـی وتم: "شێتە"، تەنانـەت كاتێك شێتەكان لەگەڵم دەكەونە شۆخی كردن پێم دەڵێن "شێتە"، وا نازانم ئەم هـەموو وشەی "شێتە" لـەخۆوە بەسـەر زاری ئـەو مرۆڤـە گەورانـەدا هاتبێـت: دایـك، مامۆستا، مەعشوق، شێت ! شاعیر و رۆمانـنووسیش جۆرێك لە شێتێتی گەرەكە، ئەی نـەوتراوە: فنون جنونی لەگەڵە؟!

شێتێتی ئەو پانتاییـیە مرۆڤی تیادا ڕەها دەبێت، ئەو حاجیزانەی بیر و ئەندێشـەی مرۆڤ خولقاندوویەتی تێكوپێكی دەشكێنێت، شێتێتی گەیشتنە بە جیهانێك یاسا و رێساكانی بـەم جیهانـەی ئێمـە ئاشـنا نییـە، بۆیـە ئـەو كەسـانەی دەكەونـە نـاو ئـەو جیهانەوە ناوی "شێت"یان لە لایەن ئێمەوە لێدەنرێت، "شێت" واتـە مرۆڤی یاخی لـە یاسا و رێسا باوەكان، شێت كەسێكە قسە و كاروكردەوەكانی نایەتـە ژێـر یاساكانی ژیربێژییـەوە، بڵێـی شـێتەكان ئێمـە بـە شـێت نـەزانن؟! بڵێـی لـە هەسـتی "خۆبەكـەم زانین"ەوە ئەوانمان ناو نەنابێت "شێت" ؟!، كاتێك دەبینین ناگەینە ئەوەی ئەوان پێـی گەیشتوون ناچارین پێیان بڵێین "شێتن"، چوارچێوەیەكیان بۆ دروست بكـەین و نـاوی

لێ بنێین " شێتخانه "، ئەمەش بۆئەوەی نەنگییەکانی خۆمان و کۆمەڵگەی لێوانلێو به شێتێتی پێ بشارینەوه..

من گەر شێتیش نەبم عاشقی شێتانم، گەر شەرەفی ئەندامێتی ناو کۆمارەکەی ئەوانم پێ نەبەخشرابێت، ئەوا گومانم نییه لەوەی ئەوان من به دۆست و لایەنگری خۆیان دەزانن، ئاخر زۆر شتم له شێتەکان بینیوه، وام لێهاتووه ڕوو له هەر جێگەیەک بکەم شێتەکان بۆخۆیان دەمدۆزنەوه، شێتەکان ئامێری هەواڵگری تایبەت به خۆیان له ماڵی منداشاردۆتەوه، هەر قسەیەک لەسەر ئەوان بکەم خێرا دێن و قسەکەم وەکو خۆی بۆ باس دەکەنەوه، وام لێهاتووه نەوێرم لەسەر شێتان زۆر قسان بکەم، چونکه هەمووی بۆ ناوەندی دەزگای هەواڵگری کۆمارەکەی ئەوان دەگوێزرێتەوه و ڕۆژێک دەدەن بەسەرمدا و تەفروتونام دەکەن...

جارێک باسی ڕەفتاری یەکێک له شێتەکان دەکرا، من له دەروونەوه هەندێک بێزاریم بەرانبەر ڕەفتارەکانی ئەو شێتە بۆ دروست بوو، به بێ ئەوەی تەنها وشەیەک لەو بارەیەوه بدرکێنم، بۆ سبەینێ شێتەکه له بازاڕدا گرتمی و دوای پێدانی چەند جنێوێکی مزر، وتی (ئەوه من جنێوی خۆمم دا، تۆش بڕۆ هەر لێم ڕازی مەبه، من ئەوه دەکەم که خۆم دەمەوێت، نەک ئەوەی تۆ ئارەزووته، تۆ شێتی)

وتم (ماڵی ئەوانه وێران بێت که ئێوەیان شێت کرد، مرۆڤ ناوێرێت قسەیەک لەسەر ئێوه به خەیاڵیدا گوزەر بکات خێرا دەگەنه سەری و جنێوبارانی دەکەن!)

وتی (ئەوەی تۆ خەیاڵ نەبوو)

ئەوەی دەڵێ له شێت تێدەگەم شێتە، چونکه تەنها شێتەکان له یەکتر تێدەگەن، ئێمه یان لێیان تێناگەین یان شێتین..

لەم عەوداڵبوونەوه بۆ دونیای شێتەکان بەشێک له بەسەرهاتەکەی "قاسم"م بیست بوو، ئەوەش له ڕێگەی یەکێک له دۆستە نزیکەکانییەوه، سەفەرێکم کرد بۆ شارەکەی "قاسم" و له ئوتێل "سایه" نیشتەجێ بووم، من عەوداڵی بیستنی ئەو ڕووداوانه بووم که بەسەریدا تێپەڕی بوون، دەیانوت "قاسم" یەکێک بووه له شێتەکان و دواتر چاک بووەتەوه، بۆیه شەیدای بیستنی ئەو ڕووداوانه بووم که له کاتی شێتێتی دا لەگەڵیان ژیا بوو..

شەوێکی ساردی زستان بوو، دونیا لەناو سەرمادا نغرۆ بوو بوو، من لە پەنجەرەی ژووری ئوتێلەکەوە سەرنجی شەقامەکانم دەدا، بێدەنگییەك سەراپای شاری داگیر کردبوو، تەنها دەنگێك دەنگی ئەو کزەبایە بوو کە ناو بە ناو لە باکوورەوە هەڵی دەکرد و تیژڕەوانە سەرجەم کوچە و کۆڵانەکانی شاری دەتەنییەوە، شەقامەکان چۆڵ بوون، چەند کاتژمێر جارێك یەکێك تێدەپەڕی و لە سەرمادا قاپووتەکەی لەخۆیەوە دەئاڵاند و بەدرێژایی شەقامەکان زۆر بەخێرایی هەنگاوەکانی هەڵدەگرت، لەو شەوە سەهۆڵ بەندانەدا هەڵمی دەمی مرۆڤ تەنها گەرم کەرەوەیەك بوو بۆ ئەو کەسانەی بە خێرایی بە سەر شۆستەکاندا گوزەریان دەکرد و بە ئومێدی خۆ گەیاندنە خانەیەکی گەرم تەکانیان بەرخۆیان دەدا، گەورەترین خەڵاتێك لەو شەوە ساردانەدا بە مرۆڤ بەخشرا بێت لانەیەکی گەرمە بۆی ببێت بە دااڵدە و تیایدا بحەوێتەوە، مرۆڤە بێدەرەتانەکان لە ئاوا شەوانێکدا خۆزگە بە باڵندە و گیاندارە کێوییەکان دەخوازن کە خاوەنی هێلانە و لانەی تایبەت بە خۆیانن..

سێ شەوی زستان من لەو میوانخانەیەدا چاوەڕوانی "قاسم" بووم، بەاڵم ئەو هەر دیار نەبوو، شەوی چوارەم دوای ماوەیەکی باش لە وەستان لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەمدا و تێڕامان لە دونیای دەرەوە لاقەکانم شەکەت بوون و لەسەر جێگەکەم دانیشتمەوە، هەستم بە فراوانبوونی بیر و ئەندێشەم دەکرد، ئەو شەوە بە خورافات لێوان لێو بوو بووم، باوەڕم بە هەرچی ئەفسانەی دونیایە هێنا بوو: گای باڵدار، مرۆڤی جەستە ئەسپ، شێری کەلله مرۆڤ، ژنهێنان و شووکردنی خواوەندەکان، حۆری دەریا و دەیان ئەفسانەی تر، دونیام لەبەرچاو گۆڕابوو، هەموو شتێك: دیوارەکان، سەقفی ژوورەکە، جێگەی نوستنەکەم، دەرگا و پەنجەرەکە، تەنانەت خۆم و جلوبەرگەکانم وەك بلوور تەنك و شەفاف بوو بوون، هەستێکی سەیر کە نایەتە ناو نووسینەوە ناوەوەی داگیر کردبووم، چەند جارێك لە پەنجەرەکەوە تیشکم دەبینی دەگیرا ناو ژوورەکەی من، هەندێ پەڕەی سپیم لەسەر تەپڵەکێك دانابوو لە خۆیانەوە سەمایان دەکرد بەبێ ئەوەی بە ناو ژوورەکەدا پەرش و بااڵو ببنەوە، قاوەیەکم لە بەردەمدا بوو رەنگی بە هەزار رەنگ دەگۆڕا و دەنگی لێوە دەهات، من دڵنیام ئەو شەوە شەوێکی ئاسایی نەبوو، لەسەر جێگەکەم پاڵم دایەوە و چاوەکانم لێکنا، بە دەنگی کردنەوەی دەرگاکە چاوم کردەوە و بەڕێز " قاسم" م لە شێوەیەکی شکۆداردا هاتە

پێشچاو، ئەو لەو شەوە سارد و پڕ لە ئەسرارەدا ڕووداوەکانی لە ڕۆحەوە بۆ ڕۆح بۆ گێڕامەوە و وتی:

+(ژیان وێنەی زۆرە، پێناسەکردنی مرۆڤیش ئەستەمە، دروستر دەڵێم: مرۆڤ پێناسە ناکرێت، ژیانیش تابلۆیەکی ئەفسوون ئامێزە، من لە منداڵیدا هۆگری داپیرەم بوو بووم، ئەو ئافرەتێکی خوداناس بوو، شەو و ڕۆژی بە نوێژ و یادی خوداوە بەسەر دەبرد، لە گەنجێتییەوە کەسێکی تۆبەکار بوو، باوکم دەیوت: ئەو بۆ سەر ڕێگای سەیر و سلوك کەمەندکێش کرا بوو، تەریقەتی لەسەر دەستی مورشیدێکی مەزن وەرگرت بوو، بەڵام لە تەمەنی پیریدا گەیشتبووە پلە و پایەیەك تەریقەتی بە هۆکار و پێشەکییەك بۆ پلە بالاکانی باوەڕ تەماشا دەکرد، ئەو بەرینتر بوو لە تەریقەت و مەزهەبە ڕۆحییەکان، مرۆڤێ بوو ئەوەندە لە خودا نزیك بووبوویەوە جۆرێك لە ڕەهابوون ڕووی تێکرد بوو، ئەو شتانەی بە میزانی باوی خەڵك پاك و جوان بوون لای داپیرە بەجۆرێکی تر سەرنج دەدران، زۆر شت بە ناباش و چەپەڵ باسی لە بارەوە دەکرا، کەچی داپیرە وای نەدەبینی و داوای دەکرد زمانمان بگرین و لە خۆمانەوە و بە بێ زانست قسە لەو کارانە نەکەین..

من زۆر نهێنی داپیرەم لەلا بوو، شتی سەیر و سەمەرەم لێ دەبینی، ئارامییەکی کەم وێنە بە هەمیشەیی ژوورەکەی داگیر کرد بوو، هەندێ شەو لای داپیرە خەوم لێ دەکەوت، سەرینێکی بۆ دادەنام و بەتانییەکی پیادەدام، نەیدەهێلاّ دایکم بمباتەوە بۆ ناو منداڵەکانی تر، ئەو شەوانەی لای داپیرە دەمامەوە هەندێ جار بەئاگا دەهاتم و چاوم دەکردەوە، ژوورەکەی داپیرەم دەبینی لێوانلێو بوو بە نوور، جۆرە ئافرەتێکم لای داپیرە دەبینی خەڵکی ئەم سەر زەوییە نەبوون، ئەوانە لە مەملەکەتێکی ترەوە هاتبوون، لە مەلەکووتەوە بۆ سەردانی داپیرەم لە شەقەی باڵیان دابوو، بەیانی بەئاگا دەهاتم و نەمدەزانی ئەوەی بینیبووم خەون بوو، یان ڕاستی..!

ڕۆژێك لە دوای عەسر پیاوێکی بە تەمەنی نوورانیم لای داپیرە بینی کە زۆر لە من وردەبوویەوە و دواتر وتی – (خوشکە "ئامینە" ئاگات لەم منداڵە بێت، یاخییەکان بە سەریەوەن، نەفەریان بۆ داناوە، کاری لەسەر دەکەن)

داپیرەم وتی (دوعای بۆ بکە)

كاتێك پیاوەكە پرۆیشت له داپیرەم پرسی + (ئەو پیاوە كێ بوو؟!)

وتی – ("پیر خدر" بوو)

پرسیم + ("پیر خدر" كێ یە؟!)

وتی (ئەو كەسێكی نەمرە)

+ (له كوێ دەژی؟ چی دەكات؟ چۆن نامرێت؟!)

– (من ناتوانم هیچت دەربارەی ئەو بۆ باس بكەم، تۆ گەورە دەبی و یەكێك له پیاوەكانی "پیر خدر" دێته لات، ئەو كەسە چیرۆكی پیاوانی "پیر خدر"ت لا باس دەكات، ئەوان خۆیان و كارەكانیان به تۆ ئاشنا دەكەن، بەڵام پێناچێت ئەو كاتانه من له ژیاندا مابم)، پاش كەمێك له بیرەنگی پڕ له حوزن (رۆڵه خودا بتپارێزێت، تۆ تاقیدەكرێیتەوە، بەڵام پیاوانی "پیر خدر" دەستت لێ بەرنادەن)

چیرۆكی پیاوانی"پیر خدر" بوو به خولیای سەرم و زۆرجار بیرم لێ دەكردەوە، دڵم به بەڵێنەكەی داپیرە خۆش بوو، خەونم به گەورەبوونەوە دەبینی تاكو ئەو پیاوەی "پیر خدر" بێته لام و باسی خۆیانم بۆ بكات..

ئەوەندە بەو ئەندێشەوە ژیام جۆرێك له نامۆبوون ڕووی تێكردم، ئەوەندەش نامۆ بووم حەزی تێكەڵبوونم به دەوروبەر كەم بوویەوە، خۆم لەگەڵ خۆم دەكەوتمە قسە و مۆنۆلۆژ، خۆم قسەم بۆخۆم دەكرد، تامم له قسە و باسەكانی خۆم دەبینی، حەزم نەدەكرد له خۆم جیا ببمەوە، خۆمم دەبینی قسەی دەكرد و خۆمم دەبینی گوێی بۆ قسەكان گرت بوو، خۆم دوو خۆم بووم، دەتوانم بڵێم خۆم سێ خۆم بوو، دوو خۆم كه گفتوگۆیان لەگەڵ یەكتر دەكرد و خۆمی سێیەمیش گوێی لەو دووانه گرتبوو، لەو بارە دەروونییەوە شەوان هەستم دەكرد یەكێك له جێگەی نوستندا لەگەڵم دەنوێ و هەتا بەیانی دەست له ملانمە، بەیانی بەر له بەئاگاهاتنی من جێگەكەی بەجێدەهێلاً، من وام دەزانی ئەوە داپیرە یان دایكمە له ژوورەكەی خۆیەوە دێت و دەست له ملم دەكات، بەڵام دواتر كه له دایكم پرسی بۆم دەركەوت ئەو نییە و داپیرەش ژوورەكەی خۆی بەجێنەدەهێلاً، دایكم بۆ كەم كردنەوەی ترسی من دەیوت (كوڕم خەونی ناخۆش دەبینی، گەر دەترسی با بێم لەگەڵت بنووم)

منیش دەموت (نا، پێویست ناکات)

لە راستیدا من شەرمم دەکرد بڵێم دەترسم، چونکە دەبوومە جێگەی گاڵتەپێکردنی خوشکەکانم، هەندێکیش گەورە بوو بووم و خەریك بوو خۆمم دەناسی، بۆیە حەزم نەدەکرد کەسی تر لەگەڵم بنوێت..

سەرەتای وەرزی زستان بوو کە داپیرەم کۆچی دوایی کرد و منی بە ماتەمینی ژوورە دارینەکەی سپارد، خەمی داپیرە خولیای شیعری لا خولقاندم و شەوێك هاتمە دەرەوە و وەك منداڵێك لەگەڵ ئەستێرەیەك کەوتمە گڕوگاڵی شیعری و گۆڕینەوەی پاز و نیاز:

ئەستێرە گیان
کیژۆڵەی چاوگەشی ئاسمان
خۆشەویستی داپیرەی من
ئاوا مەبە و
لە ئاسۆوە خۆت مەکە ون..
شەوانەی هاوین لەسەر بان
تۆ و داپیرە
هەردوو دەهاتن بۆ ژووان
عاشقی دەست لە ملانت بوو
تامەزرۆی جێی ژوانت بوو..
وەرزی زستان
ڕوخساری گەشی داپۆشی
لە ژوورێکی داری گەرما
داپیرە بوو بە خامۆشی..
خامۆشییەك ڕێگەی نەدا
جارێکی تر
بە دیدارت شاد بێتەوە
حەزی سەردەمی منداڵی
بەو بینینە بڕوێتەوە..

ئێستا من هاتووم
له جێی ئەو
عاشقم
تامەزرۆم بۆ شەو...
ڕازی دڵی خۆت بۆ منیش
والاّ بکە
نوورت بۆ جەستەم
بە کالاّی بالاّبکە..
تا دەبم بە پیرەمێردێ
هاودەمم بە
گوێ بگرە بۆ ڕاز و نیاز
جێی خەمم بە...

دوو مانگ بەسەر مردنی داپیرەدا تێپەڕی، من بە ئێش و ئازارەوە ئەو دوو مانگەم بەسەر برد، دەچوومە ژوورەکەی داپیرە و بە کولّ دەگریام، ژوورەکە بۆنی داپیرەی لێ دەهات، دیوارە گڵینەکە یادگارییەکانی ئەوی لەسەر تۆمار کرا بوو، تەزبێ و بەرمالّەکەی یادی ئەویان دەکرد، سۆپا دارینەکە هەناوی پڕ بوو بوو لە حوزنی خۆڵەمێش، پەنجەرە بچووکەکە تۆزی غەریبی لێ نیشت بوو، سەرینەکەی داپیرە وەک منداڵێکی دایکمەردە سەری بە لارەوە نابوو، بەتانییەکەی بێناز کەوت بوو، هەرچی شتە لە ژوورەکەی داپیرەدا بە کولّ دەگریا، تەنها من بووم سەرنجم دەدا و لە کۆڕی ماتەمی ئەواندا بەشداریم کرد بوو، داپیرە بۆشاییەکی گەورەی لە ناخی منداً بەجێهێلاّ، مردنی ئەو داباریبنی لێزمەی خەم بوو، خەمێک بە گریانیش گرێکانی نەدەتوایەوە و برینەکانی قوولّتر دەکردەوە..

شەوێکی ئەو زستانەی داپیرە کۆچی لێکردین دوور لە خوشکەکانم جێگەم ڕاخست و هەر زوو چوومە ناو جێگەکەمەوە، درەنگانێکی شەو بە ئاگاهاتم و هەستم کرد هەموو جەستەم لە ئارەقە هەڵژەنراوە، چاوم کردەوە و بینیم کچۆڵەیەک دەستی لە گەردنم ئالاّندووە، جوانییەکەی بێ وێنە بوو، ترس و شەرم هەموو گیانی داگیر کردم

و چاوەکانم لێکنا، ئەو زانی چاوم کردۆتەوە و ئەوم بینییوە وئێستا بە ئاگام، بۆیە لەگەڵم کەوتە قسە و وتی – (مەترسە منِ دەبمە هاودەمی تۆ)

وتم + (دەنگت نزم بکەرەوە، خوشکەکانم و دایك و بابم بە ئاگا دێن)

وتی– (مەترسە ئەوان دەنگی من نابیستن، من گەر هاواریش بکەم گوێیان لە دەنگی من نییە)

کە ئەو قسەی کرد هاواریکی توندی کرد و منیش لە جێگەکەم ڕاست بوومەوە و دەستم نا بە دەمیدا، سەیر لەوەدا بوو هیچ کەس بە ئاگا نەهات و تەنانەت لە جێگەکەیاندا نەجوولانەوە، ڕایکێشامەوە بۆ سەر جێگەی نوستن و وەك ڕەشماری عاشق خۆی لە جەستەم ئالاند و وتی – (من هەموو شەوێك دێمە ناو جێگەکەت، تۆش پێویستە زوو بنووی و جێگەی نوستنەکەت لە خوشکەکانت دوور بخەیتەوە)

بەیانی کە هەستام نەمدەزانی ئەوەی بینییبووم خەون بوو یان ڕاستی! من بیستبووم کوڕان لە شەودا شەیتانیی دەبن، ئەو ڕووداوە سەیرەم بەو شەیتانیی بوونە لێکدایەوە و وام دەزانی هەموو کەسێك کە شەیتانیی دەبێت شەیتانێکی ئافرەت دێت بۆ لای و ئەو حاڵەتەی منی بەسەردا تێدەپەڕێت..

لای یەکێك لە مێرد منداڵەکانی کۆڵانەکەمان – کە تەنها منداڵێك بوو جار بە جارێك دەمبینی – ڕووداوەکەم گێڕایەوە، ئەویش وتی (هەتیو، خەونت بینییوە، شەیتانیی بوویت)

وتم + (باوەڕم پێ بکە لە خەون نەدەچوو، تۆ تا ئێستا شەیتانیی بوویت، مەبەستم ئەوەیە شەیتان دێت بۆ لات ؟)

– (نا، بەڵام حەز دەکەم، حەز دەکەم شەیتانێك وەك ئەوەکەی تۆ بێت بۆ لای منیش)

+ (ئەم شەو کە شەیتانەکەم هات بۆ لام پێی دەڵێم بێت بۆ لای تۆش)

– (جا شێتم ناکات؟!)

+ (بۆ شێت دەبیت؟! بینینی مرۆڤێك مرۆڤ شێت دەکات؟!)

– (ئەو مرۆڤە؟!)

+ (ئەی چۆن! شەیتان مرۆڤە، زۆر جوانە)

– (وامدەزانی سەر و چاوی زۆر ترسناکە، خۆزگە منیش شەیتانێکم دەبوو)

شەوەکەی شەیتانەکەم هاتەوە بۆ لام و پێم وت (هاوڕێیەکم هەیە حەز دەکات یەکێکی وەک تۆ بچێت بۆ لای)

وتی (من هی تۆم، ناتوانم بچم بۆ لای هیچ کەسێکی تر، تەنها پێم وتراوە لەگەڵ تۆ بم، من تەنها تۆم خۆش دەوێت)

وتم +(کێ پێی وتی بۆ لای من بێیت؟!)

وتی – ("میر"ەکەمان فەرمانی کردووە، من برازای "میر"م)

+ (ئێوە بۆ لای هەموو کوڕێك دەچن؟)

– (نا، ئێمە لەگەڵ چەند کەسێکی زۆر کەم پەیوەندیمان هەیە، لای کەس باسی هاتنی من مەکە، چونکە تێکدەچیت)

+ (بەڵام من لای تەنها هاوڕێکەم باسی تۆم کردووە)

– (ئەوە یەکەمین کەس و دواین کەس بێت باسی منی لەلا دەکەیت، کوڕە دوایی تێکدەچیت، نەڵێی پێت نەوتم)

+ (باشە، بەڵام تۆش جێم مەهێڵە، هەمیشە سەردانم بکە)

– (من تەنها هی تۆم و لێت جیانابمەوە)

+ (تاکو ئێستا تۆ ناوی خۆتت پێ نەوتووم!)

– (من ناوم "مۆرا"یە)

+ (مۆرا! "مۆرا" بە زمانی ئێوە مانای چییە؟!)

– (" مۆرا" واتە شای جوانان، من لەگەڵ ئەوەشدا بە شای جوانانی هۆزەکەی خۆم دانراوم)

بۆ سبەینێ برادەرە مێرد منداڵەکەم پرسیاری شەیتانەکەمی لێ کردمەوە، منیش درۆیەکم بۆ کرد و وتم + (لە ڕاستیدا هەموو ئەوەی بۆم باس کردی خەون بوو، من خەونم بەو شەیتانە ئافرەتەوە بینی بوو)

ئەویش وتی – (هەتیو، من دەموت خەونت بینییوە کەچی تۆ باوەڕت پێ نەدەکرم!)

چەندین ساڵ لەگەڵ ئەو شەیتانەدا ژیام و قۆناغی منداڵیم بەسەر برد، میهر و جوانی ئەو شەیتانە هەموو گیانی داگیر کردبووم، ڕقم لە ڕۆژ دەبوویەوە، حەزم دەکرد زوو شەو دابێت و بە دیداری شەیتانەکەم شاد ببمەوە، شەوێك پێم وت +(تۆ تەنها بە شەودا دەتوانی سەردانم بکەی؟)

وتی – ("میر" تەنها بە شەو مۆڵەتم دەدا، ئەگینا بە ڕۆژیش دەتوانم بێم بۆ سەردانت)

خوشکەکانم شەوانە گوێیان لە قسەکانی من گرتبوو، وایاندەزانی بەدەم خەوەوە وڕێنە دەکەم، بە دایکمیان وتبوو: "قاسم" شەو هەتا بەیانی لەبەرخۆیەوە قسە دەکات و خەویشی لە ئێمە حەرام کردووە..

چەند شەوێك دایکم لە ژوورەکەی ئێمە دەخەوت تاکو بۆخۆی گوێببیستی قسەکانم ببێت، ڕۆژێك بانگی کردم و لێی پرسیم (کوڕم، شەوان لەبەرخۆتەوە لەگەڵ کێ قسە دەکەیت؟!)

خۆمم لە گێلی دا و وتم + (بۆ شەوانە قسان دەکەم؟!)

وتی – (باوەڕم بە کچەکان نەدەکرد تا بۆخۆم گوێم لێگرتی)

+ (دایە گیان، من شەوانە خەون دەبینم)

– (خەون بە چییەوە دەبینی؟!)

+ (چووزانم، بە هەزار شتەوە)

– (من پێم وتی ئەوەندە سەردانی ژوورەکەی داپیرەت مەکە، بەڵام تۆ بە گوێت نەکردم)

+ (ژوورەكەی داپیرە ئارامیم پێ دەبەخشێت)

– (لێـرە بـەدواوە بـۆ ئـەوەی خوشـكەكانت خـەویان لـێ نـەزڕێت ژوورەكـەی سەرەوەت بۆ چاك دەكەم، لەوێ بنوو، بۆخۆشم شەوانە سەرت لێ دەدەم و ئاگام لێت دەبێ)

من لەگەڵ شەیتانەكەم بوو بووم بە دۆستی گیانی بە گیانی، حـەزم دەكرد شـەوان تەنها بم و كەس لەگەڵمان نەبێت، بۆیە وتم +(پێمخۆشە)

شەوێك "مۆرا"هات و وتی – (لێرە بە دواوە لە رۆژێشدا لەگەڵت دەبم و لێت جیا نابمەوە، بەڵام دەبێ چیم پێ وتی بە گوێم بكەی)

وتم+ (هەرچیم پێ بڵێی بە گوێت دەكەم)

حـەزم نـەدەكرد لـە ژوورەكـەم بچمە دەرەوە، یـاخود كەسێك بێت و سـەردانم بكات، ئارەزووی تەنهایی و گۆشەگیریم هـەبوو، هەمیشـە لـە چاوەڕوانی هـاتنی ئـەو شـەیتانە ئافرەتەدا بووم، تامەزرۆی بینینی ئەو بووم..

بەڵێ لەگەڵ هاوەڵە شـەیتانەكـەم دۆستایەتیمان بـەردەوام بـوو، شـەو و رۆژ زۆر كـەم لە یەكتر جیادەبوونـەوە، لە هەفتەیەكدا یـەك دوو جار بـزر دەبـوو، كـە دەگەڕایـەوە لێم دەپرسی + (لە كوێ بووێت ؟)

دەیوت – (سەردانی كەسوكارم كرد)

جارێكیان پێم وت + (بۆ لەگەڵ خۆت ڕۆژێك نامبەی بۆ سەردانی كەسوكارت؟!)

وتی – (دەبێ پرس بە "میر"ەكەمان بكەم)

وتم + (پرسی پێ بكە، ئەگەر ڕێگەی دا ئەوا پێكەوە سەردانیان دەكەین)

دواتر لێم پرسی + (ئەوانیش هەروەكو تۆ وان، یانی هـەروەكو تـۆ جـوانن، دەم و چاویان ترسناك نییە؟!)

وتی – (ئەگەر "میر" ڕێگەی سەردانت بدات ئەوا لە شێوەی مندا دەیانبینی)

كـە لـە ماڵـەوە سـفرەمان ڕادەخسـت ئـەویش دەهاتـە سـەر سـفرە و لەگـەڵم نـانی دەخوارد، دەیوت: خواردنەكەت بخە سەر سینییەك و هەندێك دوور لە سفرەكەی ئەوان

دابنیشە، دایکم هەستی کرد بوو خواردنی من لە پادەبەدەرە، چونکە "مۆرا" بە قەدەر دوو سێ کەسی دەخوارد، پۆژێک دایکم پرسی (کوڕم ئەو گشتە خواردنە دەکەیتە کوێت؟! دەترسم نەخۆش بکەویت، پەحمێ بە تەندروستی خۆت بکە)

وتم (دایە، نازانم چیمە! ماوەیەکە ئیشتیهای خواردنم زۆر بووە و هەرچەند بخۆم وەک ئەوە وایە هیچم نەخواردبێت)

دایکم ئافرەتێکی دیندار بوو، وتی (کوڕم کە دەست بە خواردن دەکەیت "بسم الله" بکە، با شەیتان لەگەڵت نان نەخوات)

منیش لەسەر وەسێتەکەی دایکم کە دەستم دەبرد بۆ خواردنەکە "بسم الله " م دەکرد، "مۆرا" ی هاوەڵم دەتەکییەوە و لە کەنارێکەوە دەکەوتە سەرنجدانی ئێمە، من بەزەییم پیایدا دەهاتەوە، چونکە لای من وەک ئەندامێکی خێزانەکەمانی لێ هاتبوو، بەڵکو بۆم بوو بوو بە هاوەدەمێکی گیانی بە گیانی، دوورکەوتنەوەی لەسەر سفرە ئازاری دەدام و بەزەییم پیایدا دەهاتەوە، بۆیە بڕیارم دا لە کاتی نانخواردندا "بسم الله " نەکەم و لێگەڕێم "مۆرا " لەگەڵم نان بخوات...

چەندجار خوشکەکانم "مۆرا" یان لە ناو جێگەی نوستن و لە تەنیشتی منەوە بینی بوو، بۆیە گومانی خراپیان لەسەر من لا دروست بوو بوو، دایکمیان لەو حاڵەتە ئاگادار کردبووەوە و ئەویش پێی وتبوون (گەر ئەم جارە بینیتان ئاگادارم بکەنەوە)

شەوێک خوشکە گەورەکەم لە پەنجەرەکەوە سەیری ناو ژوورەکەی منی کرد بوو، بینیبووی ئافرەتێک لەگەڵم نوستووە، بە پەلە دەچێتە خوارەوە و دایکم بانگ دەکات و پووداوەکەی بۆ باس دەکا، زۆری نەبرد دایکم و خوشکەکەم خۆیان کرد بە ژوورەدا و منیان بە تەنها بینی، خوشکەکەم حەپەسا و وتی (کوا ئەو ئافرەتەی لەگەڵت نوستبوو؟!)

"مۆرا" لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا بە پێوە وەستا بوو، سەیری منی دەکرد و پێدەکەنی، منیش وتم +(ئافرەتی چی؟! خوشکم تۆ شەرم ناکەیت قسەی وا لە پووی من دەدەی؟!)

وتی (بە خودا ئافرەتێک لە تەنیشتتەوە پاکشا بوو)

دایکم وتی (کچم چاوت ڕێچکە و پێچکەی کردووە و ئەو دوو پشتییەی درێژ دانراون لێت بووە بە ئافرەت)

"مۆرا" دوو پشتی لە تەنیشتی منەوە بە درێژیی ڕاکێشا بوو تاکو کەس باوەڕ بە قسەی خوشکەکەم نەکات..

پاشان بە خوشکەکەم وت (بە بێ مۆڵەتی من بۆچی سەیری ناو ژوورەکەم دەکەی؟ کێ بە تۆی وت بێیتە سەرەوە و لە پەنجەرەوە سەیری ناو ئەم ژوورە بکەی؟!)

وتی (لە خوارەوە هەستم کرد دەنگێک لەسەرەوە پەیدا بووە، خەمی تۆم کەوتە سەر و هاتم بزانم هیچ شتێکی خراپ ڕووی نەداوە)، دواتر ڕووی کردە دایکم و وتی (دایکە، باوەڕم پێ بکە ئەو ئافرەت بوو، پشتیی نەبوو)

دایکم (مەگەر شەیتان بوو بێت، ئەگینا نە ئافرەت لەم ژوورەدا هەیە، نە "قاسم"یش ئەو جۆرە کارە خراپانەی لێ دەوەشێتەوە)

خوشکەکەم بە دونییایەک گومان و پرسیارەوە ژوورەکەی بەجێهێلاّ و دایکیشم بە دوای ئەودا، بەلاّم کە گەیشتە دەم دەرگای ژوورەکە ئاوڕی دایەوە و وتی (کوڕم "ئایەتەلکورسی" بەسەر خۆتدا بخوێنە ئەوجا بنوو)

وتم (خەمت نەبێ، دایە گیان)

"مۆرا" گەڕایەوە ناو جێگەکەم و وتی (ئەوەی دایکت داوای کرد ئەنجامی نەدەی، چونکە بەجێت دەهێڵم)

من بەرگەی دووری ئەوم نەدەگرت، بۆیە بە گوێم کرد و قسەکەی دایکم پشتگوێ خست، دواتر لێم پرسی (بۆ خۆت بۆ ئەوان دەردەخەی؟! کارێک بکە ئەوان نەتبینن)

وتی (گەر بتەوێ بە تەواوی چێڕ لە یەکتری وەربگرین دەبێ خۆم بخەمە ناو قاڵبی جەستەی ئێوەوە، واش بکەم ئەوان دەمبینن)

من دەمویست زۆرترین چێڕ لە جوانی جەستەی ئەو شەیتانە نەفرەت لێکراوە وەربگرم، بۆیە وتم (بە کەیفی خۆت بکە)

من و "مۆرا" قوتابی بووین

من له قوتابخانه کەسێکی زۆر تەمبەڵ بووم، حەزم به قوتابخانه نەبوو، بەڵکو حەزم به هیچ شتێك نەبوو، تەنها عاشقی دۆستە شەیتانەکەم بووم، دەمویست شەو و رۆژ پێکەوە بین و گفتوگۆ بکەین، حەزم به دوور کەوتنەوەی نەدەکرد...

قۆناغی ناوەندیم بڕی و گەیشتمە ئامادەیی، "مۆرا"ی هاوەڵم لەگەڵم دەهات بۆ قوتابخانه، من له قوتابخانه گۆشەگیر و تەنها بووم، حەزم نەدەکرد کەس لێم نزیك ببێتەوە، له پۆلیشدا له دواوە به تەنها لەسەر مێزێك دادەنیشتم و " مۆرا "ی هاوەڵم دەهاتە تەنیشتمەوە دادەنیشت و گوێی بۆ مامۆستا دەگرت، سەیر لەوەدا بوو "مۆرا" کارێکی کرد بوو هیچ قوتابییەك نەدەهاتە سەر مێزەکەی من و کەسیان نەیاندەویست له تەنیشتی منەوە دابنیشن، جارێکیان لەبەر ژمارە زۆری قوتابی له پۆلەکەماندا بەڕێوەبەر قوتابییەکی له تەنیشتمەوە دانا و دوای وەرگرتنی وانەی سێیەم قوتابییەکە بورایەوە و ڕەوانەی خەستەخانه کرا، کاتێك گەڕایەوە بۆ قوتابخانه نەیوێرا له تەنیشتمەوە دابنیشێت و شوێنەکەی گۆڕی..

قۆناغی ناوەندیم تەواو کرد و گەیشتمە ئامادەیی، ڕۆژێك مامۆستایەك دوای وتنەوەی وانەکەی هەستی به ماندووبوون دەکرد، تەنها مێزێك یەك قوتابی لەسەر دانیشتبێت مێزە دوو کەسییەکەی من بوو، هات و ویستی له تەنیشتی منەوە تاوێك پشوو به لاقەکانی بدات، منیش ئەوەندە لەگەڵ "مۆرا " ژیابووم لێم بوو بوو به مرۆڤێکی ئاسایی و له بیرم چووبوویەوە تەنها منم " مۆرا " دەبینم، به پەله هەستام و به مامۆستام وت +(مامۆستا ئاگات له خۆت نییە، خەریکی لەسەر ئەو قوتابییە دادەنیشی!)

مامۆستا هەندێك لە من و مێزەکە ورد بوویەوە و بە حەپەسانەوە وتی (کامە قوتابی؟!)

من هێشتا هۆشم نەهاتبوویەوە بەرخۆم و وتم (ئەو قوتابییە)، ئامازەم کرد بۆ "مۆرا" کە لە تەنیشتمەوە پێدەکەنی..

مامۆستا لە قسەکەی من زۆر قەڵس و ناڕەحەت بوو، وایدەزانی گاڵتەی پێدەکەم، بۆیە پۆلەکەی بەجێهێڵاً و بە قوتابییەکی وت ("قاسم"م بۆ بنێرە)

منیش رۆیشتم بۆ ژووری مامۆستایان و بە شەرمەزارییەوە چوومە لای مامۆستا، ئەویش بە تووڕەییەوە وتی ("قاسم" ئەفەندی لە کەیەوە وات لێهاتووە گاڵتە بە مامۆستا بکەیت؟!)

وتم +(مامۆستا بە خودا وام هەست دەکرد یەکێك لە تەنیشتمەوە دانیشتووە، باوەڕم پێ بکە بەڕاستم بوو، دڵنیابە هیچ مەبەستێکی خراپم نەبوو)

مامۆستا –(یانی چی وا هەستت دەکرد یەکێك لە تەنیشتەوەیە؟! خۆ تۆ شێت نیت!)

وتم +(بەخودا مامۆستا نازانم چی بڵێم، تەنها هەستێك بوو، نازانم بۆ وا هەست دەکەم!)

مامۆستا –(هەتیو ئەم گشتە هەڵیت و پەڵیتە چییە دەستت داوەتێ؟! ئەگەر شێتیت با بتبەین بۆ شێتخانە! دەتەوێت بەم قسە بەلاشانە خۆت لە دەستم ڕزگار بکەیت؟!)

لەو کاتەدا بوو، " مۆرا " بە دەنگێکی نزم پێی وتم (ئێستا چاری دەکەم، تۆ هیچ مەڵێ، تەنها بێدەنگ بە)

لەو کاتەدا بوو مامۆستایە هەڵیدایە و وتی (مامۆستا گیان، مرۆڤ جار جار خەیاڵی فراوان دەبێت، دەگونجێ ئەم قوتابییە ئەو حاڵەتەی بەسەردا هات بێت، ئەم کوڕە بۆخۆی گەنجێکی تەنها و گۆشەگیرە، بۆیە ئەو حاڵەتەی لێ بەدوور نازانم)

مامۆستا هەندێك بێدەنگی پووی تێکرد و پاشان ویستی دابنیشێت، چونکه تا ئەو کاتە بەپێوە بوو، مامۆستایەکی ئافرەت کە پووی لە پشتی مامۆستاکە بوو لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، مامۆستا پاشە و پاش بە نیازی دانیشتن لە باوەشی مامۆستا ئافرەتەکەدا دانەوییەوە بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت و هەست بەو مامۆستا ئافرەتە بکات لە پشتەوەی، مامۆستا ئافرەتەکە هاواری کرد و ئەویش ڕاپەڕی و هەستایەوە و مامۆستایان لەناو خۆیاندا کردیان بەشۆخی و پێکەنین و پێیان وت (مامۆستا گیان ئەم قوتابییە ڕاست دەکات، تۆ لەسەر زەلام دادەنیشیت، ئەوەتە ئاگات لەخۆت نییە خەریکی لەسەر ئەو مامۆستا ئافرەتە پاڵ دەدەیتەوە!)

دواتر منیان بەڕێکرد و بە دونیایەك شەرمەزارییەوە هاتمە دەرەوە و بەدەم ڕێوە بە "مۆرا"م وت + (ئەوەی بەسەر مامۆستا هات کاری تۆ بوو؟!)

مۆرا – (بەڵێ)

وتم + (نەدەبوا ئەو کارەت بکردبایە، ئەو مامۆستای منە، تۆ منت شەرمەزار کرد)

مۆرا – (ئەو کۆڵی نەدەدا، بەڕێوەبەر بیزانیبایە سزای دەدای)

وتم + (سزاکەم لەو شەرمەزارییە پێ خۆشتر بوو)

وەکو وتم من لە وانەکانمدا باش نەبووم، زۆر بە گران دەردەچووم، ڕۆژێك "مۆرا" پێی وتم– (لێرە بەدواوە تۆ خۆت ماندوو مەکە، من وەلاّمی پرسیاری تاقیکردنەوەکان دەدەمەوە)

وتم + (تۆ چۆن دەزانی وەلاّم بدەیتەوە؟!)

مۆرا – (دەزانم، تۆ حەقت نەبێت)

+ (بەلاّم ئەوە غەشە، من حەز ناکەم بە قۆپیەکردن دەربچم)

– (ئەوە کەی غەشە! قۆپیە ئەوەیە زانیاری لە قوتابییەکان وەربگری، خۆ من قوتابی نیم، من تۆم، بەشێکم لە تۆ)

بەڵێ، "مۆرا" بوو بە قوتابی و منیش بووم بە گوێگر و نووسەری وەڵامەکانی ئەو، هیچ قوتابییەک لە نەمردا پێشم نەدەکەوت، بوومە جێگەی سەرنجی مامۆستایان و قوتابیان، قوتابییەک دەیوت (دەڵێن شەو و ڕۆژێک پازدە کاتژمێر لە ژوورەکەیدا دەخوێنێت)، یەکێکی تر دەیوت (مامۆستای تایبەتی بە نهێنی بۆ گیراوە)، مامۆستایەک دەیوت (هەرکە لە پۆلدا وشەیەک لە دەمم دەردەچێت "قاسم" ڕاستەوخۆ لەبەری دەکات، ئەو مێشکێکی کەم وێنەی پێوەیە)، مامۆستاکان سەریان لەوە سوڕمابوو بۆچی ڕۆژانە لە پۆلدا هیچ چالاکییەکم نییە و مانگانەش ئەو گشتە نەمرە باشانە بەدەست دەهێنم، هەندێکیان گومانی قۆپیەکردنیان لەسەر من بۆ دروست بوو بوو، لە یەکێک لە تاقیکردنەوەکاندا دوای پشکنینێکی وردی قوتابیانی هەموو پۆلەکە کە دەمزانی تەنها پشکنینی منیان مەبەستە، دوو مامۆستایان بەسەرمەوە دانا و بە بەردەوامی یەکێکیان سەیری دەفتەر و نووسین و دەست و پەنجەی منی دەکرد، هەر ئەو ڕۆژە دەفتەری تاقیکردنەوەکەی منیان تەماشا کرد بوو، بینیبوویان هیچ هەڵەیەکم تێدا نییە و لە "سەد" سەدم هێنا بوو، بانگیان کردم و لێیان پرسیم (باشە کوڕم، تۆ ئەوەندە زیرەک و بلیمەتی بۆچی ڕۆژانە بەشداری پۆلت نییە؟!)

لە ڕاستیدا نەمدەزانی چییان وەڵام بدەمەوە، " مۆرا " هاتە بناگوێم و وتی (بڵێ: من کەسێکی شەرمنم، شەرم دەکەم، کاتێک مامۆستا ڕووبەڕوو پرسیارێکم لێدەکات لە شەرمدا هەموو شتێکم لە بیر دەچێتەوە)، منیش قسەکەی " مۆرا "م بۆ کردن..

یەکێک لە مامۆستاکان کە مامۆستای وانەی "کیمیا" بوو زۆر هەستیار و وریا بوو، پرسی (باشە کوڕم "قاسم" بۆ کاتێک پرسیارێکت لێ دەکرێ ماوەیەک بێدەنگ دەبی – وەک ئەوەی گوێ بۆ قسەی کەسێک ڕابگری – ئەوجا دێیتە دەنگ و وەڵام دەدەیەوە؟!)

وتم + (مامۆستا من بابم پێی وتوم: قسە بیبێژە ئەوجا بیوێژە، لەناو خۆمدا بیر لە وەڵامەکە دەکەمەوە و گوێ لەخۆم ڕادەگرم ئەوجا وەڵامی پرسیار دەدەمەوە)

هەموو مامۆستاکان وتیان (ئافەرین ڕۆڵە، خودا لە دایک و بابی خۆتت نەستێنێت)

لای مامۆســـتایان هاتمـــه دەرەوە و " مـــۆرا " پێـــی وتم – (ئـــەو مامۆســـتایەی پرسیارەکەی لێ کردی – مامۆستای کیمیا – باوەڕی بە وەلامەکەت نەبوو، ئەوە زۆر ترسناکە لێی نزیك نەبیتەوە)

پرسیم + (ترسناکییەکەی لە چیدایە؟!)

– (زانستی نهێنی دەزانێت)

+ (زانستی نهێنی چییە؟!)

– (زانســتێکە تــوێکڵی شــتەکان بەجێـدەهێڵێت ، لـە مـەرام و نهـێنی دیـاردە و ڕووداوەکان ڕادەمـێنێ، بـەو زانسـتە چالاکییەکانی ئێمـە دەدۆزرێتـەوە و بەرلـە کارەکانمان دەگیرێت)

+ (لە قسەکانت زۆر حاڵی نابم، یانی ئەو دەزانێت تۆ لەگەڵ منی؟!)

– (نا، بەڵام دەزانێت هێزێکی دەرەکی هەیـە کۆمـەکی بە تـۆ دەکات، لێی نزیك مەبەرەوە و گوێ بۆ قسەکانی ڕا مەگرە)

+ (بـەڵام ئـەو مامۆستایەکی زۆر باشـە و هەمیشـە بـۆ ڕێگـەی زانسـت و ڕەوشـت هانمان دەدات!)

– (پـێم وتـی، لێـی نزیـك مەبـەرەوە، ئـەوە فـەرمانی مـن نییـە، فـەرمانی "میر"ی گەورەمانە)

+ (بۆچی "میر" مامۆستاکەی من دەناسێت؟!)

– (یەکێك لەو کەسانەی "میر" زۆر لێی دەترسێت ئەم مامۆستایەیە)

+ (بۆ ئەم مامۆستا ئەوەندە بەهێز و بە توانایە؟!)

– (ئەم مامۆستا زانستی هەیە، زانستەکەی زانسێکی سادە و ساکار نییـە، ئـەو زانستە نییە ئێوە پێیەوە سەرقاڵن)

+ (لە کوێوە ئەو زانستەی دەست کەوتووە؟! مەبەستت زانستی "کیمیا"یە؟)

مۆرا (زانستی "کیمیا"ی چی! ئەو زانستە زانستێکی تایبەتە، ئەوەندە پرسیار مەکە، لەمە زیاتر ناتوانم وەلام بدەمەوە)

بەیانییەکیان "مۆرا" لەگەڵم نەهات بۆ قوتابخانە و وتی (سەردانی کەسوکارم دەکەم) ئەو ڕۆژە مامۆستای "کیمیا" وتی (هەمووتان پەڕەی سپی دەربهێنن و ناوی خۆتانی لێ بنووسن و وەلامی ئەم چەند پرسیارە بدەنەوە)

لە ڕاستیدا من هیچم دەربارەی پرسیارەکان نەدەزانی، " مۆرا " شم لەگەڵ نەبوو وەلامم بۆ بداتەوە، بۆیە دوای دانیشتنێکی زۆر هەستام و پەڕەکەم بە سپێتی دایە دەستی مامۆستا، ئەو سەرنجێکی پەڕەکەی دا و هیچی نەوت، دواتر مامۆستا لەدووی نارادم و منیش چووم بۆ لای، پرسی – ("قاسم"، ئەوڕۆ جیاواز دەکەویتە پێش چاوم؟!)

وتم + (مامۆستا لە مەبەستت ناگەم)

وتی – (ئەمڕۆ زۆر گەرم و گەش دیاریت، وەک ڕۆژانی تر پەست و ڕەش و تاریک نیت!)

من دەمزانی مامۆستا باسی چی دەکات، ئەو بە زانستە نهێنییەکەی خۆی هەستی بەوە کرد بوو " مۆرا " م لەگەڵ نییە، تاقیکردنەوەکەی ئەوڕۆژەش تەنها بۆ من بوو، لە وەلامیدا وتم + (مامۆستا ئەمڕۆ نەخۆش بووم، نەمتوانی وەلام بدەمەوە)

وتی – (بە پێچەوانەوە، ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک ساغتر و جوانتر دەردەکەویت)

قسەیەکم لەسەر قسەکەی مامۆستا پێ نەبوو، چونکە لە هەموو قسەکانیدا ڕاستی دەکرد، بۆیە وتم + (وەلا بڵێم چی!)

مامۆستا (خەمت نەبێ ئەم تاقیکردنەوەیە حساب ناکەم، با منیش– وەک ئەوانەی یارمەتیت دەدەن – ئەم یارمەتییەت بدەم)

وتنی " با منیش – وەک ئەوانەی یارمەتیت دەدەن – ئەم یارمەتییەت بدەم " زۆر بە ڕوونی ئامازە بوو بۆ یارمەتییەکانی " مۆرا " بە من، بۆیە ببە بێ درکاندنی هیچ شتێک سوپاسی مامۆستام کرد و هاتمەوە بۆ ناو پۆل...

ئێوارە " مۆرا " گەڕایەوە بۆ لام و منیش باسی تاقیکردنەوەکەی ئەو ڕۆژەم بۆ کرد، باسی ئەوەشم بۆ کرد کە مامۆستای "کیمیا" ئەو تاقیکردنەوەیەی تەنها بۆ

دەرخستنی بێتوانایی من بووە و دواتر بانگی کردووم و زۆر بە ئاشکرا ئامازەی بە یارمەتی تۆ کردووە بە من...

" مۆرا " بەو هەواڵە زۆر قەڵس و ناڕەحەت بوو، وتی – (ئەو زۆرزانە زانیویەتی ئەمڕۆ منت لەگەڵ نیم)

وتم + (چۆنی زانیوە؟! کێ ئەوی ئاگادار کردووە؟!)

– (ئەویش لە ڕێگەی خۆیەوە زانیاری بۆ دێت)

+ (ڕێگەی خۆی؟!! ڕێگەی ئەو چ ڕێگەیەکە؟!)

–(دیسانەوە دەستت بە پرسیار کردەوە! بابە ئەو دوژمنی ئێمەیە، ئێمە دوژمنی ئەوین، ئەو ڕێگەیەکە و ئێمەش ڕێگەیەکی تر)

پاش کەمێك بێدەنگی لەبەرخۆیەوە (تۆڵەت لێدەکەمەوە سووری پیسی زۆرزان)، دیار بوو مەبەستی بە "سووری پیسی زۆرزان " مامۆستای "کیمیا" بوو کە پیاوێکی سووری بەخۆوە بوو...

وتم + (ئێستا تۆ بۆ ئەوەندە خۆت تووڕە و بێتاقەت دەکەیت؟!)

– ("میر" بزانێت سزام دەدا، من نەدەبوا تۆ بەجێبهێڵم، بۆ زەماوەندی "دێرۆ"ی خوشکم چوو بووم، ئەویان دا بە "خرێلە ")

پرسیم + ("دێرۆ" و "خرێلە " مانایان چی یە؟!)

– ("دێرۆ " واتە باڵابەرز، "خرێلە" واتە زۆرانباز)

منیش بەشۆخییەوە وتم + (ئەی بۆ لەگەڵ خۆت منت بۆ زەماوەندەکەیان نەبرد؟!)

– (دەبێ "میر" مۆڵەتم بدات)

+ (گەر من لەگەڵ خۆت ببەی کچانی تری هۆزەکەت چۆن تەماشای من و تۆ دەکەن؟)

– (هیچ کچێکی هۆزەکەم بەقەدەر من خۆشبەخت نییە، ئەگەر کچێك لە ئێمە مێرد بە مرۆڤێك لە ئێوە بکات ئەو کچە لە لای هەموان دەبێتە قەشەنگترین و مەزنترین ئافرەت)

+ (بەڵام خۆ هێشتا تۆ ژنی من نیت، مەبەستم ئەوەیە لە یەکتر مارە نەکراوین و زەماوەندمان نەکردووە!)

– (من و تۆ دەستگیرانین، هەرکات "میر" بڕیاری دا زەماوەندمان بۆ دەکەن)

بە سەرسوڕمانەوە پرسیم + (منداڵمان دەبێت؟!)

– (بەڵێ، بەڵام منداڵی منن، مەبەستم ئەوەیە وەك من وان، ئێمە ئەو منداڵانەمان زۆر پێویستە)

+ (بۆچی زۆر پێویستتانە؟!)

– (ئەو منداڵانەی لە نێوان ئێمە و ئێوەدا پەیدا دەبن دەیانکەین بە "ناوەند" بۆ پەیوەندی کردن بە ئێوەوە)

+ ("دەیانکەین بە ناوەند" یانی چی؟!)

– (یانی بۆ پەیوەندی کردن بە مرۆڤەوە ئەوانە زۆر شیاون و بە ئاسانی دەتوانین لەگەڵ مرۆڤەکاندا پردی پەیوەندی دروست بکەین، من دایکم لە ئێوەیە، دایکی من مرۆڤە، بۆیە بە ئاسانی دەتوانم لەگەڵ تۆدا پەیوەندی گرێ بدەم)

+ (ئەی دایکت ئێستا لە کوێ یە؟)

– (لە شارێکی تر، ئیتر پرسیار مەکە)

"مۆرا" لە قوتابخانە لێم جیانەدەبوویەوە، هەمیشە دەربارەی مامۆستای "کیمیا" هۆشداری پێدەدام، دەیوت – (گوێ بۆ قسەکانی مەگرە، لێی نزیك مەبەرەوە، ئەو زۆر ترسناکە، یەکێکە لە پیاوانی "پیر خدر"، من بە بینینی ئازار دەچێژم، کە دەیبینم لێی دەترسم)

قسەکەی داپیرەم هاتەوە بیر کە دەیوت: یەکێك لە پیاوانی "پیر خدر" دێتە لات و باسی خۆیانت بۆ دەکات، بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لێم پرسی + ("پیر خدر" کێیە؟!)

وتی – (سەرکردەی دوژمنەکانی ئێمەیە)

من لە قسەکانی سەرم سووڕ دەما، لە خۆمم دەپرسی (ئەم هەموو ترس و دڵەراوکێی "مۆرا" بۆ چییە؟! بڵێی هۆیەکی تر هەبێ و من لێی بێئاگا بم؟! من مامۆستای "کیمیا"م خۆشدەوێت، ڕقم لێی نابێتەوە، بۆ دەبێت بە قسەی "مۆرا" بکەم، من چیمە لە دوژمنایەتی "میر" ە کەی ئەو لەگەڵ مامۆستاکەی ئێمە؟!)

مامۆستای "کیمیا" هەندێك جار چەند خولەکێك لە وانەکەی بۆ ئامۆژگاری قوتابیان تەرخان دەکرد، لە یەکێك لەو جارانەدا باسی ئەو هێزە نادیارانەی کرد کە لەودیو بیر و هەست و ژیریی ئێمەوە کار دەکەن و کاریگەری لەسەر ئێمە بەجێدەهێڵن کەچی ئێمەی مرۆڤ بێئاگاین لێیان و هەستیان پێ ناکەین، قوتابییەك لێی پرسی (مامۆستا، ڕاستێتی ئەو هێزانە چییە؟ نموونەمان بۆ بهێنەوە)

مامۆستا: (شەوانە و ڕۆژانە دەیان و سەدان شەپۆلی دەنگی و ڕەنگی و ڕووناکی ڕوو لەم زەوییەی ئێمە دەکەن و ئێمە هەست بە کەمێکیان دەکەین، هەموو ئەو شەپۆلانەش کاریگەری لەسەر ژیانی ئێمە بەجێدەهێڵن، ئەوە تەنها نموونەیەکی ماددییە، ئەگینا هەزاران شەپۆلی مەعنەوی لە دەرەوە ڕوو لە ئێمە و ئەم ژیانە دەکەن و کار و کاردانەوەیان لەسەر جەستە و دەروون و بیرکردنەوە و کردارەکانمان دەبێت)

من زۆر بە وردی گوێم بۆ گرتبوو، مامۆستا هەڵیدایە و وتی ("قاسم" وا نییە؟) دواتر ڕووی لە قوتابییەکان کرد و وتی (کەس باوەڕ بەم قسانەم نەکات "قاسم" باوەڕی پێ دەکات)

قوتابییەك پرسی (مامۆستا بۆچی تەنها "قاسم"، ئێمەش باوەڕت پێ دەکەین؟!)

مامۆستا مەرامی قسەکەی خۆی دەرنەخست وتی (ئاخر "قاسم" قوتابییەکی زیرەکە)

من دەمزانی مەبەستی مامۆستا شتێکی تر بوو، بەڵام نەیدەویست هیچ دەربارەی من لەلای قوتابییەکان بدرکێنێت، جیاوازی نێوان من و قوتابییەکان لە تێگەیشتن لە قسەکانی مامۆستا ئەوە بوو کە من بە چاوی سەر ڕاستێتی قسەکانم بینی بوو، بەڵام قوتابییەکانی تر تەنها بە متمانە قسەی مامۆستایان وەرگرتبوو...

"مۆرا " بە قسەکانی مامۆستای "کیمیا" زۆر قەڵس و وەڕس بوو، کە لە قوتابخانە گەڕامەوە پێی وتم – (بۆ لەم قوتابخانە ناگوێزیتەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر؟)

وتم +(بۆچی بگوێزمەوە؟!)

– (زۆر ڕقم لەم مامۆستای "کیمیا" دەبێتەوە)

+ (لێرە بەدواوە تۆ لەگەڵم مەیە بۆ قوتابخانە)

– (ناتوانم، فەرمانم پێکراوە لێت جیانەبمەوە)

ئەم قسەیەی "مۆرا" قسەی ئەو پیاوە ڕیش سپییەی بە بیر هێنامەوە کە عەسرێک لای داپیرەم دانیشت بوو، لە من وردبوویەوە و وتی: "خوشکە "ئامینە" ئاگات لەم منداڵە بێت، یاخییەکان بە سەریەوەن، نەفەریان بۆ داناوە، کاری لەسەر دەکەن"، دیارە "مۆرا" ئەو کەسەیە کە بە سەرمەوە دانراوە و کارم لەسەر دەکات، پاشان وتم+(کەوابوو مەیە ناو وانەی "کیمیا" ە وە)

– (گەر نەیەم ئەو مامۆستا کارت تێدەکات)

+ (کاری چیم تێدەکات؟!)

– (دەتگۆڕێت، تۆ نازانیت، تێناگەیت، پرسیار مەکە)

+ (ناتوانم خۆم بگوێزمەوە، بەم قوتابخانەیە ڕاهاتووم)

– (گەر نەگوێزیتەوە دەبێ بڕیار بدەی گوێ بۆ ئەو مامۆستایە نەگریت)

+ (چۆن گوێی بۆ نەگرم؟! خۆ گوێی خۆم نائاخنم)

– (هەرکات ئەو قسە دەکات من لەگەڵ تۆ دەست بە قسان دەکەم، گەر ئەوەشت قبوڵ نییە ئەوا هەرکات دەست بە کردنی ئەو جۆرە باسانە دەکات هەستە و بچۆ دەرەوە)

" مۆرا " لە مامۆستای "کیمیا" زەندەقی چوو بوو ، منیش خۆشەویستی زۆری مامۆستام لەلا بوو، بەلآم نەشم دەویست " مۆرا " لێم نیگەران ببێت، هەرکات مامۆستای "کیمیا" دەستی بە ئامۆژگارییەکانی دەکرد " مۆرا " دەنگ و زەلەیەکی وای لە مێشکمدا دەخولقاند کە تەنها لێوەکانی مامۆستام دەبینی دەبزوان و هیچ لە قسەکانی نەدەگەیشتم، مامۆستا چەند جار دەهاتە تەنیشتمەوە و دەمی بە گوێمەوە دەنا و ئاگاداری دەکردمەوە و پێی دەوتم (کوڕم قاسم، بۆ ئاگات لە من نییە، خەیاڵت بە چییەوە سەرقاڵە؟!)

من ڕادەچڵەکیم و دەموت (ها، من ؟ بە.. بە هیچەوە)

مامۆستا بزەیەکی شیرین دەکەوتە سەر لێوەکانی و دەیوت (با قسەی تۆ بێت)

ڕقی "مۆرا " لە مامۆستا گەیشتە ئەوپەڕی و جارێك پێی وتم– (لەم ڕۆژانەدا تۆڵەی خۆم لەو مامۆستا سوورە دەکەمەوە)

وتم + (دەتەوێت چی لێ بکەیت؟!)

– (دەیبینی!)

+ (بەلآم من ڕازی نابم ئازاری مامۆستا بدەیت)

– (تۆ بۆت نییە بەر لە کارەکانی من بگریت، بەڵکو خۆشت لە ژێر دەسەلآت و فەرمانی منداى)

من بەرانبەر "مۆرا" لاواز و بێدەسەلآت بووم، نەمدەزانی چی بکەم، هەڵمدایە و وتم +(دەچم بە مامۆستا دەڵێم کە تۆ دەتەوێت ئازاری پێبگەیەنیت)

– (بەو کارەت خۆت تیا دەبەیت، دەتخەینە ناو ئازارەوە و ئەقڵ و هۆشت لە دەست دەدەیت)

کە ئەو قسەی کرد شێوەی دەم وچاوی گۆڕا بۆ شێوەیەکی زۆر ترسناك و هەموو گیانم پڕ بوو لە ترس، پاشان دەموچاوی وەك خۆی لێ کردەوە و وتی – (جارێکی تر قسەی لەو جۆرەت لێ ببیستم ژیانت دەگۆڕم بە دۆزەخ)

من دەمزانی "مۆرا " بەڵێەك بەسەر مامۆستادا دەهێنێت، هەر ڕۆژە و گرفتێکی بۆ مامۆستا دروست دەکرد، ڕۆژێك بە گوێی هەندێ قوتابیدا دەیچرپاند و پرسیاری بێمانا و ناپەسەندیان لە مامۆستا دەکرد، جارێك فوی دەکرد بە گوێی هەندێکیاندا و لە مامۆستا قەڵس و تووڕە دەبوون، جارێکی تر تەختە ڕەشەکەی بەردەدایەوە، ڕۆژێك بەردی بە شووشەی پەنجەرەکاندا دەکێشا و وانەکەی بە مامۆستا دەبڕی، ڕۆژێکی تر بۆنی پیسی بە پۆلەکەدا بلاو دەکردەوە، قوتابییەکی کچی هەڵخەڵەتاند بوو بۆئەوەی بچێت عەشقی خۆی بۆ مامۆستا دەربڕێت، مامۆستاش پێی وتبوو (تۆ کچی منی، من بابی تۆم، تۆش وەك بابت منت خۆش بوێت) ئەو چەند قسەیە بەس بوو بۆئەوەی ئەو هەستە شەیتانییە لە جەستەی قوتابییەکە دەربکات و وەك باب و مامۆستا هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکا و یەکتریان خۆش بوێت..

بەڵێ سەرت نەئێشێنم دەیان کێشە و گرفتی لە نێوان قوتابیان و مامۆستا و ئیدارەدا ساز کرد، مامۆستا دەیزانی نهێنی ئەو ڕووداوانە چییە و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئارامیی خۆی تێك نەئەدا و هاوسەنگیی خۆی ڕاگرتبوو، ڕۆژێك مامۆستا بانگی کردم، "مۆرا " فرمانی پێ کردم نەچم بەدەم بانگەکەیەوە، بەڵام بەدەستی خۆم نەبوو، خۆم پێ نەگیرا و وەك ئەوەی لاقەکانم بۆخۆیان ببزوێن ڕۆیشتم بۆ لای مامۆستا، "مۆرا " لەگەڵم هات، بەڵام سەیر لەوەدا بوو لەبەردەم دەرگای ژووری مامۆستایاندا وەستا و نەیتوانی بێتە ژوورەوە، زۆر هاواری کرد منیش نەچمە ژوورەوە، بەڵام خۆم پێ نەگیرا و چووم بۆ لای مامۆستا، "مۆرا " لە دەرەوە دەگریا و هاواری دەکرد، مامۆستا لە تەنیشتی خۆیەوە داینام و پێی وتم (کوڕم "قاسم"، تۆ دەستت بەسەردا گیراوە، ئایا بەخۆت زانیوە؟)

من خۆم دا لە گێلی و وتم + (مامۆستا لە مەبەستت ناگەم!)

– (باش لە مەبەستم دەگەی، کوڕم ئەوانە بەرە و سەرلێشێوانت دەبەن، پێویستە خۆتیان لە دەست قوتار بکەی)

کە زانیم مامۆستا بە هەموو شتێکی زانیوە دەستم بە گریان کرد و وتم + (مامۆستا چۆن خۆم قوتار بکەم؟! ئەو لێم جیانابێتەوە)

– (ئێستا ئەو نەفرەت لێکراوەت لەگەڵە؟)

+ (نەخێر، لە دەرگای ژوورەکەدا وەستاوە و ناتوانێت بێتە ژوورەوە)

– (چەند وشەیەکت بۆ دەنووسم، لە ماڵەوە لەبەریدەکەی، بەیانیان و ئێواران و شەوان کاتی نوستن دەیخوێنی، کاریگەری مانای ئەو نووسینە پەردەیەک لە نێوان ئەو و تۆدا دروست دەکات، گەر هاتەوە بۆ لات قسەی لەگەڵ مەکە و گوێ بۆ پاڕانەوەکانی مەگرە)

+ (مامۆستا، وانازانم بە چەند وشەیەک ئەو شەیتانە لە من دوور بکەوێتەوە!)

– (ئەو وشانە تەنها وشە نین، ئەوە وشەی زانستێکی تیرە تۆ نایزانیت، ئەوانە وشەی باوی ناو ئەم جیهانەی ئێمە نین، وشەگەلێکن لە مەلەکووتەوە وەرگیراون، بەڵام لە کەم وڕەیی تۆ لە بەردەم ئەو شەیتانەدا دەترسم نەک لە کاریگەریی وشەکان)

+ (ئەو بەسەر منداڵ بووە، هەست بە لاوازی خۆم دەکەم لە بەردەمیدا)

– (من چارەسەرم پێداوی، بەکارهێنانی بە ویست و بڕیاری تۆیە)

+ (مامۆستا من زۆر دەترسم، ئەو دەسەلاتی هەیە)

– (مەترسە، ئەو لاوازە ئەگەر تۆ بەهێز بیت)

قسەکەی داپیرەم هاتەوە یاد و ویستم بزانم مامۆستای "کیمیا" ئەو کەسەیە چیرۆکی پیاوانی "پیر خدر" م بۆ دەگێڕێتەوە، بۆیە پرسیم + (مامۆستا تۆ ئەو کەسەی چیرۆکی پیاوانی "پیر خدر "م بۆ دەگێڕیتەوە؟)

–(نا، من ئەو کەسە نیم، ئارام بگرە، لە بەڵێنەکەی داپیرەت دوو دڵ مەبە، هەرچەند زووتر بڕیاری جیابوونەوە لەو شەیتانە بدەیت زووتر بە خزمەتی ئەو کەسە دەگەیت)

من سەرم سوڕدەما چۆن مامۆستای "کیمیا" داپیرەی من دەناسێت کە لە مێژە مردووە!

بەڵێ، ماموّستا نووسینەکەی پێدام و منیش لە حەوشەی قوتابخانەکەدا کردمەوە و ویستم بیخوێنمـەوە " مـۆرا " هـات و وتـی – (ئـەو نووسـینە مەخوێنـەوە، ئەگـەر بیخوێنیتەوە تێك دەچیت)

وتم + (بە قسەت ناکەم و دەیخوێنمەوە)

لەگەڵ دەستم بە خوێندنەوەی کرد "مۆرا" دەستی بە گریان و هاوار کرد و هەندێك لێم دوورکەوتەوە، بیرم لە گەورەیی نهێنی ئەو کەلیماتانە دەکردەوە، دەبێت ئەم پیت و وشانە چ تیر و شمشێرێکیان لە خۆیان بەستبێت کەوا لەم شەیتانە دەکات لـە دەستم هەڵبێ و لێم دوور بکەوێتەوە، جۆرێك لە متمانـەم بـە وشـەکان لا دروسـت بـوو، هەستم بە بەهێزیی خۆم دەکرد...

لـە دوای قوتابخانـە " مـۆرا " دوور و نزیـك شـوێنم کـەوت و لەگـەڵم بـۆ ماڵـەوە گەڕایەوە، لە ماڵەوە دەستم بە لەبـەرکردنی نووسینەکە کرد کـە هەندێك کـەلیمات بـوو زۆر کەم لێیان تێدەگەیشتم، دەمزانی وشەکان سەنگ و قورساییان بە قـەدەر چیایەکی مەزنە ، بەڵام لە هەمووی حاڵی نەدەبووم، ئەوەندە دەزانم وشەکان وێنەیان لە لای مرۆڤ بەرجەسـتە دەکـرد، وێنـەی مـەزنیی، وێنـەی هێـز، وێنـەی قـەڵا و چیا و سوارچاك و کەرەستەی جەنگ، "مـۆرا " هـەر دەگریـا و هـاواری دەکرد و دەپارایـەوە و لـە دوورەوە قسـەی لەگـەڵ دەکـردم و دەیـوت – (گـەر مـن لـە دەرگـای خـۆت دەربکـەی کـێ وەڵامـی پرسیاری تاقیکردنەوەکانت بۆ دەداتـەوە؟ تـۆ دەبیت بـە قوتابییـەکی تەمبـەڵ و هـەموو هاوڕێکانت گاڵتەت پێ دەکەن، تۆ ناتوانی پلەیەکی بـەرز بەدەست بهێنی و مرۆڤێکـی هەژار و بێدەسەڵاتت لێ دەردەچێت)

بـــەڵێ، ڕۆژانـــە و شـــەوانە دەهـــات و لـــە دوورەوە دەوەســـتا و قســـەی دەکـــرد و دەپارایـەوە، بـەڵام نەیدەتوانی لـێم نزیـك بکەوێتـەوە، دەگریـا و دەیـوت – (ئەگـەر تـۆم لەدەست بچێت هۆزەکەم دەمکوژن، "میر"ی مامم فـەرمانی لـە سێدارەدانم دەردەکات، تکایە بەزەیت بە مندا بێتەوە)

لـە سـەرجەم تاقیکردنـەوەکانی ئـەو مانگـەدا زۆر خـراپ بـووم، زۆربـەی وانـەکان لـە سەد "بیست " و " سی"م هێنا بوو، زۆر خەمم پێ دەخوارد، "مۆرا"ش ڕۆژانە دەهات و دەیـوت – (دەبـینی چـیت بەسـەر هـاتووە؟ دەی بـا مامۆسـتای "کیمیـا" بێـت و

نمرەکانت بۆ بکات بە سەد، "قاسم" بە گوێم بکە ئەو نووسینە بسوتێنە و با ببمەوە بە هاوەمەکەی جارانت، شەو بێمە ناو باوەشتەوە و بە ڕۆژدا یارمەتیت بدەم)

من خۆ ڕاگر بووم و خۆم تەسلیم بە داواکانی نەکرد، " مۆرا " گریان و پاڕانەوەی واز لێهێنا و کەوتە ئازاردانی ئەندامانی خێزانەکەم، ڕۆژانە چەندین گۆبەند و گرفتی بۆ دروست دەکردین، لە سێ گەڕەک بەهۆی گۆبەندەکانی "مۆرا" وە دەرکراین، شەوان لە ماڵی ئێمەوە بەردبارانی جیرانەکانی دەکرد، ئەوانیش دەهاتنە سەرمان و دەستیان بە جنێو و پەلاماردانمان دەکرد و بابم ناچار دەبوو بۆ گەڕەکێکی تر بگوێزێتەوە، خێزانەکەم نهێنی ئەو گشتە گرفتانەیان نەدەزانی، بەڵام لای من ڕوون و ئاشکرا بوو، چەند جارێك من و بابم ڕەوانەی بەندیخانە کراین، بابم وا گومانی دەبرد منم شەوانە جیرانەکان بەردباران دەکەم، بۆیە چەند شەوێك تا بەیانی ئێشکی بەدیار منەوە گرت، بەڵام بۆی دەرکەوت ئەو کارانە ڕوودەدەن و منیش لە ژوورەکەی خۆمدام و نەچوومەتە دەرەوە، خوشکە منداڵەکەم باری دەروونی شێوا و چەندین مانگ باوك و دایکم بەڕێی خەستەخانە و شێخ و شەخسەوە بوون، بەڵێ وامان لێهات ئاواتمان بە مەرگی خۆمان دەخواست، خواردنێك نەدەهاتە سەر سفرە پڕ نەبێت لە موو، بابم زۆر بێزی لە موو دەکردەوە، کە دەیبینی خواردنەکەی مووی تێدایە دەستی لە خواردنەکە دەکێشایەوە و زۆرجار دەبوو بە بەزم و هەرا و سفرەمان لێ دەبوو بە زەهری مار، چەند مانگێك بەو گشتە گرفت و گۆبەندەوە ژیانمان بەسەر برد، ئەوەندە گەڕەکە و گەڕەکمان کرد بوو خەڵکی دەیناسین و خانوویان بە کرێ پێ نەدەداین، مانگێ یەك دوو کۆچمان دەکرد، بە تەواوی لە ژیان وەڕس و بێهیوا بووین، " مۆرا " هاتەوە و پێی وتم – (ئێستا ئەو نووسینە دەسوتێنی یان سەد ئەوەندەی ترتان بەسەردا بهێنم؟)

وتم + (تکایە بڕۆ و واز لە خۆم و خێزانەکەم بهێنە)

–(جێبەجێ کردنی ئەو داوایەی تۆ بۆ من مانای مەرگ و تیاچوونە، من ناتوانم واز لە تۆ بهێنم، بڕۆ نووسینەکە بسوتێنە و با ئاشتمان ببێتەوە، بەڵێن بێت کارێك دەکەم ژیانی خۆت و خێزانەکەت خۆش ببێت)

من زۆر بەزەییم بە خێزانەکەمدا دەهاتەوە، لە قوتابخانەش بەهۆی ئەو گشتە نمرە نزمانەوە بوو بوومە جێگەی گاڵتە پێکردنی هاوەڵەکانم، بۆیە لەوە زیاتر لە بەردەمی "مۆرا" دا خۆم پێ نەگیرا و نووسینەکەم هێنا و لە حەوشەکەدا و لەبەردەمی "مۆرا"

دا سووتاندم، لەگەڵ سووتاندنی وشەکان نالّە و زرمە گوێی پڕ کردم، هاژە هاژێك پەیدا بوو دەتوت لە لوتکەی چیایەکەوە گابەردی زەبەلاح بۆ دۆڵێکی بێ بن شۆڕ دەبێتەوە، قەلاّیەکم دەهاتە پێش چاوان دیوارەکانی دەڕمان و خۆڵ و پردووەکانی بۆ خوارەوە بەردەبوویەوە، خوێنی جەستەی وشەکانم دەبینی، پیتەکان خەڵتانی خوێن بووبوون و لێشاوی خوێن ڕای دەمالّین، ئاگام لە هاوار و سکالاّی بڕگە بە بڕگەی ئەو وشانە بوو، دەتوت قەسابێك جەستەیان بە قولاپێکدا هەڵدەواسێ و بە قەممە پارچە پارچەیان دەکات، بۆنی سووتانی وشەکان دەگەیشتە لووتم، دەتوت گۆشتی مرۆڤ دەبرژێنم، لەو کاتە پڕ لە حوزنەی مندا بوو "مۆرا " دەستی بە قاقا و پێکەنین کرد و پەلی گرتم و بردمی بۆ ژوورەکەی خۆم و ئاوێزانم بوو، یەك هەفتە نەیهێلاّ لەو ژوورە بێمە دەرەوە و بچم بۆ قوتابخانە، ئەو زۆر تامەزرۆی من بوو، منیشی وەك خۆی لێ کردبوو، ڕۆژێك پێی وتم – (ئەو ڕۆژەی هاتمە لات و هەڕەشەم لێ کردی گوایە گەر ئەو نووسینە نەسووتێنی سەد ئەوەندەی تر مەینەتی بەسەر خۆت و خێزانەکەتدا دادەبارێنم، درۆم لەگەڵ کردی، لە ڕاستیدا گەر ئەو ڕۆژە نووسینەکەت نەسووتاندبایە من لە سێدارە دەدرام، چونکە "میر" پێی وتبووم: "تەنها ئەمڕۆت لەبەردەمدایە، یان ئەو مرۆڤە دەگێڕیتەوە، یان هەر ئەمڕۆ لە ملت دەدرێت"، من بێ هیوا بوو بووم، بەلاّم تۆ فریام کەوتی و ژیانت پێ بەخشیمەوە، ئیتر ڕێگە نادەم کەس تۆ لە من بکات، تۆ هاوسەری منی، لەم ماوەدا ئاهەنگی زەماوەندەکەمان بۆ ڕێك دەخەن)

پاش هەفتەیەك چوومەوە بۆ قوتابخانە، لە وانەی "کیمیا" دا نەمدەوێرا سەیری دەموچاوی مامۆستا بکەم، یەك دوو جار بە زۆر چاوم هەڵدەبڕی و سەرنجێکی قورسی مامۆستام دەدا، بەلاّم ئەو منی لە بیری خۆی بردبوەوە و باکێکی بە من نەما بوو، لە دوای تەواوبوونی وانەکە شوێنی کەوتم و بە مەبەستی قسە لەگەڵ کردنی وتم + (مامۆستا..) ئەویش ئاوڕێکی دایەوە و وتی (هەموو شتێك تەواو بوو، شوێنم مەکەوە و قسەم لەگەڵ مەکە)

لەو ڕۆژەوە مامۆستا پشتی تێکردم و بە یەکجاری دەستی لێبەردام...

شەوەکەی " مۆرا " لە ژوورەکەمدا ئارامیی لێ بڕا بوو، ترس هەموو گیانی داگیر کرد بوو، دەڕۆی و دەهات، ئۆقرەی نەدەگرت، پرسیم + (چیتە؟! بۆ وات بەسەر هاتووە؟!)

وتی – ("پیر خدر" چەند پیاوێکی ناردووە بۆ ئازاردانم، ئەوان بەڕێوەن. من زۆر دەترسم)

دڵم خۆش بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت: بەڵکو ئەو پیاوانە بەسەر "مۆرا" دا سەربکەون و لە کۆڵمی بکەنەوە و دواتر یەکێکیان بێت و چیرۆکی پیاوانی "پیر خدر" م بۆ باس بکا، من ئاواتم بوو بە بیستنی ئەو چیرۆکە لە دەستی ئەم شەیتانە قوتارم ببێت، تەنها هیوایەك بۆ ڕزگاری لە لای من بیستنی چیرۆکی پیاوانی "پیر خدر" بوو، ڕووم لە "مۆرا" کرد و بۆ گاڵتە پێ کردنی وتم + (لە دەستیان هەڵبێ، بچۆرەوە بۆ ناو کەسوکارت، با ئەوان بەرگریت لێ بکەن)

– (ئەوانە زۆر بەهێزن، من سنوورەکانی ئەوانم بەزاندووە، کەس ناتوانێت بەرگری لە من بکات)

+ (خۆت بەرگری لە خۆت بکە، هێزی خۆت بەکار بهێنە)

– (هیچم پێناکرێت، ئەو پیاوانە زۆر بەهێزن)

لەو قسانەدا بووین دەنگێك لە دەرەوە بانگی "مۆرا"ی کرد و ئەویش بە پەلە لە ژوورەکە چووە دەرەوە، زۆری نەبرد گەڕایەوە، بینیم هەموو جەستە و دەموچاوی شین هەڵگەڕاوە، پرسیم + (بۆ وات لێهاتووە؟ چییان بەسەر هێناوی؟!)

وتی – (پیاوانی "پیر خدر" ئازاریان دام، کوشتمیان، ئەوانە زۆر دڵڕەقن، بەزەییان پیامدا نەدەهاتەوە، هەرچی دار و بەردە بەسەر منداییان بارند، هەمووی خەتای ئەو مامۆستا سوورە زۆرزانەیە، ئەو سکاڵای لە دەستم کردووە و بەهۆی داواکەی ئەوەوە ئەم شەو ئەوانەی بەرداوەتە گیانم)

منیش لێی نزیك بوومەوە و وتم + (با دەست و لاقەکانت بشێلم)

وتی – (لە ئێستادا دەستم لێ مەدە و نزیکم مەکەوە، چونکە زیانت بەر دەکەوێت، تەنها لێم بگەڕێ با لێرەدا ڕابکشێم، تۆ لە جێگەی خۆت بە، ئەم شەو بە تەنها بخەوە)

بەیانی هەستام بینیم " مۆرا " وەك خۆی لێهاتبووەوە و هیچ برین و پەڵەیەك بە دەست و لاق و ڕوخساریەوە دیار نەما بوو، وتم + (چەند زوو چاك بوویتەوە!)

وتی – (زوو چاك دەبینەوە، بەلاّم هەزار ئەوەندەی ئێوە ئازار دەچێژین)

+ (ئەوانەی ئەم شەو هاتن ئیتر نایەنەوە بۆ گیانت؟!)

– (نا، تەنها ئەو کاتانە دێن کە مەرزی ئەوان پێشێل دەکەم و سنووری ئەوان دەبەزێنم)

+ (کام مەرزی ئەوانت پێشێل کردووە؟ تۆ چیت کردووە؟!)

– (من هەوڵمدا کار لەو مامۆستایە بشێوێنم، ئەویش سکالاّی بۆ لای"پیر خدر" بەرز کردبووەوە و دوێنێ شەو "سێ" لە پیاوەکانی بۆ ئازاردانم ڕەوانە کرد)

زەماوەندی من و "مۆرا"

ڕۆژێك "مۆرا " وتی – (سبەی شەو "میر" زەماوەندی من و تۆ دەگێڕێت، دەبێت خۆت ئامادە بکەیت)

وتم + (چی بکەم ؟ چۆن خۆم ئامادە بکەم؟)

وتی – (خۆت جوان بکە، بەڵام موو لە لاشەت نەکەیتەوە، بۆنی خۆش لە خۆت نەدەی، سبەی دوای عەسر بچۆ بۆ ناو دارستانەکەی ڕۆژئاوای شار، کەس لەگەڵ خۆت نەبەی، بە کەسیش نەڵێی بۆ ئەو جێگەیە دەچیت)

+ (بۆ مەگەر تۆ لەگەڵم نایەیت؟!)

– (نا، من لە ئێستاوە دەبێ بچمەوە بۆ ناو هۆزەکەم، دەبێ ئەوان من ئامادەم بکەن)

+ (ئامادە کردنی تۆ چییە و چۆنە؟!)

– (دەبێ "میر" لەبەر "میری میران" و"پادشای هەموان" بپارێتەوە تاکو سبەی شەو ئامادەیی بە من ببەخشێ لە کاتی "ئامێزگرتن" دا تۆ لە خۆمدا نوقم بکەم)

+ (یانی من لە تۆدا گوم دەبم؟!)

– ("ئاوێزان" بوون مەراسیمێکە "میر" بۆ من و تۆ پێی هەڵدەستێت، سبەی شەو دەیبینی)

+ (کێ من دەهێنێت بۆ لای تۆ؟)

– ("میر" بۆخۆی نەفەر لە دووت دەنێرێت)

+ (مۆرا، من زۆر دەترسم)

– (مەترسە، ئەوان ئازارت نادەن، ڕێزت لێدەگرن، من لە ئێستاوە دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ناو هۆزەکەم، لەوێ چاوەڕوانی تۆم)

"مۆرا " ئەو قسانەی کرد و ڕۆیشت، من کەوتمە بیرکردنەوە لەو ڕووداوە سەیر و سەمەرەی سبەی بەسەر منـدا تێدەپەڕێت، ئەندێشەم بە ئەندازەیەک فراوان بوو خۆم لێگۆڕا بوو بە بوونەوەرێکی خەیاڵی، وام نەدەزانی مرۆڤم و لەسەر زەوی ژیان بەسەر دەبەم، بەڵکو کائینێکی ترم و لە هەسارەیەکی ترەوە ڕووم لەم زەوییە کردووە، لەگەڵ خێزانەکەم هەستم بە نامۆبوون دەکرد، ئەو ڕۆژە و شەوەکەشی هیچم پێ نەخورا، لێوم باری گرت بوو، لە ئاوێنەدا ڕوخساری خۆمم بینی زەرد هەڵگەڕا بوو، لاشەم لەو شەو و ڕۆژەدا بوو بە چڵوچێو و تەختەیەکی ڕەق و تەق، مرۆڤی مردوو لە گۆڕیشدا شەو و ڕۆژێک ئەوەندە کێشی کەم ناکات، شەوەکەی خەو نەچووە چاوانم، ڕۆژەکەی هەندێک خەوتم، لە خەوندا "مۆرا" م لێ جیانەدەبوویەوە، بانگی دەکردم، بەڵام بانگەکەی زۆر ترسناک بـوو، عەسـر هـات و بـەرە و دارستانی باشـووری شـار بەڕێکـەوتم، پـێش خۆرئاوابوون گەیشتمە بەرەوە، دارستانێکی چڕی ترسناک، من پێشتر ئەو دارستانەم بەو شێوەیە نەبینی بوو، ناوەوەی دارستانەکە بە هۆی نەبوونی هەتاوەوە بە تەواوی تاریـک بـوو، نەمـدەوێرا بچـمە نـاو قـوواڵایی دارسـتانەکە، لـە قەراغـەوە و لـە پـەنای درەختێکدا لێی دانیشتم، چونکە لەوە زیاتر لاقەکانم منی پێڕاگیر نەدەکرا، تاسێک هـات بەسـەرمدا و موچڕکەیەک لـە تـەوقی سـەرمەوە دەسـتی پێکـرد و لـە پەنجـەکانی پێمـەوە سـەری کـرد، خـەو داگیری کـردم و چـەند جارێک ئاگـام لێبـوو خـەو دەچـووە چاوەکانم و دواتر ڕادەپـەڕیم، خـەو زۆری بۆ هێنـام، هێـزی بـەرگری کـردنم بۆ شاڵاوی خـەو کـەم بوویـەوە، لاقـەکانم ڕاکێشـا و سـەرم نـا بـە بـنی درەختەکـەوە، بـە تـەواوی خـامۆش بـووم، یـەک دوو جـار بـە پرخـەی خـۆم بـە ئاگـا دەهـاتم و خـەوم لێدەکەوتـەوە، بایـەکی تـا ڕادەیـەک بـەهێز بەسـەر دارسـتانەکەدا گـوزەری دەکـرد و هـاژە هـاژێکی لـە شەپۆلی گەڵای درەختەکان دروست کرد بوو، خشە خشی گـەڵا وەریوەکان زەندەقی مرۆڤی دەبرد، دەنگەدەنگێک لە باکووری دارستانەکەوە دروست بوو، وردە وردە لێم نزیـک دەبوویـە، بـیرم کـردەوە بچـمە سـەر یـەکێک لـە درەختـەکان، دەسـتم هەڵخسـت بـە درەختێکدا و وێستم سەر بکەوم، لەناکاو کەسێک لە دواوە دەستی لەسەر شانم دانا،

لام کردەوە چوار کەسم بینی و هاتم بە چۆکدا، ئەوان سێ پیاو و ئافرەتێک بوون. وتیان (تۆ "قاسم" یت، وەرە لەگەڵمان، ئێمە لە دووی تۆ نێردراوین)

منیش بە دونیایەک ترسەوە هەستامە سەر پێ، بە ئەستەم لاقەکانم زەوییان دەگرت، ئەوان بەڕێکەوتن و منیش لە دوویان، یەکێکیان دەیوت (دەبێ ڕێگە نەدەین "خرێلە" لەم مرۆڤە بدات، ئەو زۆر ڕقی لێیەتی، چونکە "مۆرا"ی لێ داگیر کردووە، "خرێلە" دەیویست هەردوو خوشکەکە "مۆرا" و " دێرۆ" بۆخۆی بێت)

یەکێکی تریان (بڵێی بتوانێت لە کووڕەی ئاگرەکە نزیک ببێتەوە؟!)

ئافرەتەکەیان (بۆ ناتوانێت ؟! جوانی "مۆرا" ئەوە دەهێنێت خۆی بهاوێتە ناو ئەو کووڕەیەوە)

دانەیەکی تریان کە لە ئەوان درێژتر و کەتەتر بوو (هەر شتێکمان بە گوێ نەکات، من و "خرێلە" بە فەرمانی "میر" بەردەبینە گیانی و ئەوەندە ئازاری دەدەین مەرگی خۆی بە ئاوات بخوازێت)

من هەموو ئەو قسانەم بیست، ویستم لە دەستیان هەڵبێم، بەڵام هەر زوو بە بیرکردنەوەکەمیان زانی و ئابڵۆقەیان دام و دامیانەوە بەر، بە قوواڵایی دارستانەکەدا شۆڕبوونەوە، یەک دوو کاتژمێر ڕێگەمان بڕی، یەکێکیان وتی (زۆر دەرەنگە، ئاوا بڕوات ناگەین، "میر" سزامان دەدا)

ئافرەتەکەیان وتی (هەڵیبگرن)

فەرمانیان پێکردم چاوەکانم لێکنا و هەستم کرد پێیەکانم لە زەوی بڕاون، پاش ماوەیەک لە فڕین پێیەکانم دایەوە لە زەوی و وتیان چاوەکانت بکەرەوە، کە چاوم کردەوە بینیم هەزاران هەزار ژن و پیاو و منداڵ تێکەڵ بە یەکتر بوون و خەریکی سەما و گۆرانی و زەماوەندن، دەنگ و زەڵەیان دونیای پڕ کرد بوو، کاتێ منیان بینی بە هەزاران بۆ سەیرکردنم خڕبوونەوە و هەریەکێک بەجۆرێک لێم نزیک دەبوویەوە و سەرنجی دەدام، ئەو چوار کەسەی منیان هێنا وەک پاسەوان چواردەوری منیان گرتبوو، تاکو دەستم لێنەدەن و نەبم بە ژێر دەستوپێیانەوە، لەناو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا یەکێک تەورداسێکی بە دەستەوە گرتبوو، هەڕەشەی دەکرد و بەرەو لای من لە ناو حەشاماتی خەڵکەکەوە تەکانی دەدا و دەیقیراند، یەکێک هاواری کرد "خرێلە" هات،

دەستی بگرن، ئەگینا ئەم مرۆڤە سەردەبڕێت، کۆمەڵێك دەورەیان دا و گرتیان، دیاربوو "خرێلە"ی ئاوەڵزاوام بە زەماوەندەکەی من و "مۆرا" ڕازی نەبوو، ئەو دەیویست هەردوو خوشکەکە بۆخۆی ببات، منی بە داگیرکار دەزانی بە تایبەت لەبەر ئەوەی "مۆرا" شای جوانان بوو، چوار کەسەکە منیان بەرە و مەیدانێکی بەرین برد و هەموو خەڵکەکە بە چەپڵە و گۆرانی شوێنمان کەوتن، لە بەرزاییەکەوە کە تەخت و کورسی تێدا ئامادە کرابوو، "میر" تاجێکی لەسەر نابوو، بە پێوە وەستا بوو، دیاربوو چاوەڕوانی هاتنی من بوو، ئافرەتێکی جوانی بێوێنە لە تەنیشتی "میر"ەوە بە جلوبەرگێکی ئەفسووناوییەوە وەستا بوو، یەکەمجار وام زانی ژنی "میر"ە، بەڵام کە لێی نزیك بوومەوە بینیم " مۆرا " یە و جلی بوکێنییان لەبەر کردووە، منیان برد و لە تەنیشتی " مۆرا" وە دایاننام و "میر" خۆشهاتنی لێکردم، چاوم بە "مۆرا" کەوت هەندێك لە ترسەکەم ڕەوییەوە و بە دەنگێکی نزم پێم وت + (ئەوە تۆ لە کوێی؟ بۆچی خۆت لە دووم نەهاتی؟!)

"مۆرا" بە چپە پێی وتم – (بێدەنگ بە، هەتا "میر" قسە نەکات نابێت من و تۆ قسە بکەین)

هەموو خەڵکەکە بێدەنگ بوون و "میر" هاتە قسەکردن و وتی (شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمەی بەرەی "جینن" کە سالانە دەست بەسەر چەندین مرۆڤدا دەگرین و دەیانکەین بە بەشێك لە خۆمان، کچەکانی خۆمانیان پێ دەدەین، یان دەیانکەین بە هاوسەری کوڕەکانمان، نەوە دەخەنەوە و نەوەکانیان بۆ ئێمەیە و دیسانەوە لە ڕێگەی ئەو نەوانەوە بە ئاسانی دەتوانین پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤدا ببەستینەوە و دەست بەسەر کۆمەڵێکی تردا بگرین، ئێمە خەلاتی گەورە بە "مۆرا" دەدەین کە توانیویەتی لە منداڵییەوە پەیوەندی بەم مرۆڤەوە بکات و ڕەنجی لەگەڵ بکێشێت، تا دەستەمۆی کرد و بوو بە بەشێك لە ئێمە، مرۆڤەکان بە چەندین ڕێگە دوژمنایەتی ئێمە دەکەن، یەکێك لەو ڕێگایانە ڕێگەی پیاوانی "پیر خدر" ە، ئێمە خۆمان لە شەڕی ئەو دەستەیە – دەستەی پیاوانی "پیر خدر" – لادەدەین و ڕووبەڕوویان نابینەوە، چونکە هێزی ئەوانە لە هێزی ئێمە گەورەترە، بەڵام پیاوانی "پیر خدر" زۆر کەمن، ناتوانن ئێمە قڕ بکەن و بەر لە تەواوی کارەکانمان بگرن، ئێمە کۆمەڵێ مرۆڤی ترمان دەستەمۆ کردووە کە پەنا بۆ ئێمە دەبەن و لێمان دەپاڕێنەوە تاکو زانیارییان پێ بدەین، ئەوانیش بە

زانیارییەکان مرۆڤ دەخەڵەتێنن و پارە و پووڵێکی زۆری پێ پەیدا دەکەن. ئەوانەی بۆ زانیاری پەنامان بۆ دەبەن کۆیلە و بەندەی ئێمەن و هەرچییەکمان بوێت پێیان ئەنجام دەدەین، ئێستاش مرۆڤێکی ترمان هێناوە و دەمانەوێت شاجوانی هۆزەکەی خۆمانی پێ بدەین، سەرەتا با شایی و زەماوەند دەست پێ بکەین...)

لەگەڵ "مـیر" ئـەوەی وت بـە هـەزاران ژن و پیـاو دەسـتیان گـرت و سـەما و هەڵپـەڕکێیان دەست پێکرد، دەیان و سەدان ڕیز لە هەڵپەڕکێکەر دەستی گرتبوو، گۆرانیبێژێك و شمشاڵژەنێکیان هێنا بوو، دەنگی گۆرانی و شمشاڵیان دەشت ودەری پڕ کرد بوو، سەرنجی ئەو دوو کەسەم دا و وام هەست کرد دەیانناسم، شمشاڵژەنەکە "ماڵەی شمشاڵژەن" بوو، گۆرانیبێژەکەش "مینەی دێوانە" بوو، لە "مۆرا"م پرسی + (ئەو دوو کەسە چۆن گەیشتوونەتە ئێرە؟!)

وتی – (ئەوانیش لە خۆمانن، بۆ هـەموو زەماوەندێك بانگیان دەکەین، "میر" ئەوانی زۆر خۆش دەوێت)

دوای چەند کاتژمێرێك لە شایی و سەما، نان خواردن دەستی پێکرد و بە دەیان جۆر خواردنیان ڕازاندەوە، سفرەیەکیان بۆ من و "مۆرا " هێنا خواردنی سەروپێی لەسەر دانرا بوو، "مۆرا" وتی: باشترین خواردنی "میر" سەروپێ یە، من هیچم پێ نـەدەخورا، ئێڵـنجم دەهـات، بـەزۆر چـەند پاروویـەکیان دەرخـواردام، دواتـر "مـیر" هەسـتایە سـەرپێ و وتـی ("خرێلـە" بهێـنن و دوو سـەد گۆپـاڵی لـێ بـدەن، چـونکە فـەرمانی "مـیر" ی شکاندووە و پـەلاماری ئـەم مرۆڤـە دۆسـتەمانی داوە)، دەسـتەیەك پـەلاماری "خرێلـە" یـان دا و زنجیریـان کـرد و لەبـەردەمی "میر"دا دوو سـەد گۆپاڵیـان لێدا، دواتـر "میر" وتـی (ئێستا کاتی ئـەوە هـاتووە "مـۆرا" و "قاسـم" ی هاوسـەری "ئاوێزان"ی یەکتری بکەین)

بە جارێك خەڵکەکە دایانە فیکە و هاوار و چەپڵە لێدان، "میر" هاتـە بـەردەمی مـن و "مـۆرا"، دەسـتی هـەردووکمانی گـرت و "ئـاوێزان"ی یـەکتری کـردین، لاشـەی مـن و "مۆرا" بوو بە یـەك جەستە و لـە گڕ و دووکەڵـدا نـوقم بـووین، مـن "قاسـم" نـەبووم گڕ بووم، هەناسەم دووکەڵ بوو، دڵم پشکۆ بوو، دەست و لاقەکانم بڵێسەی ئەو ئاگرە بوو، چـاوەکانم نـووری گڕییـان لێـوە هەڵـدەقوڵ و پـەخش دەبوویـەوە، سـەرم دەتـوت

چڵۆسکێکە و لـە نـاو کووڕەیـەک نـراوە و "دەمانـە"یـەک بـە بـەردەوامی کووڕەکـە دەدەمێنێ...

نـازانم چـەندە گـڕ و دووکـەڵ بـووین! دواتـر جەسـتەمان لـە یـەکتر جیابوویـەوە و بووینەوە بە دوو کەس، کە چاوم کردەوە کووڕەیەکی ئاگرینان ئامادە کرد بوو، "میر" وتی (دواین کاری ئەم شەومان تاقیکردنەوەی ئەم مرۆڤەیە، ئەو دەبێت خـۆی بهاوێتـە ناو ئەم کووڕە بەجۆشەوە تاکو ترس لە گیانی خۆی دەربکات)

من ڕووم کردە "مۆرا" و بە دەنگێکی نزم وتم + (من ناتوانم خۆم بهاومە نـاو ئـەو کووڕە ئاگرینەوە)

مۆرا وتی – (مەترسە، تۆ ناسوتێیت، کاتێك من و تۆ "ئاوێزان"ی یەکتری بووین سروشتی جەستەی تۆ بووە بە سروشتی ئاگر، واتە تۆ بوویت بە ئاگر)

وتم + (ئەی ئەگەر نەموێرا ئەو کارە بکەم چیم لێ دەکەن؟)

مۆرا (ئازارت دەدەن، "خرێلە" منت لێ داگیر دەکات، تـۆ دەبێت ئازایـەتی خـۆت نیشان بدەی، هەستە سەرپێ و بە ڕاکردن بەرەو کووڕەکە بڕۆ و خۆتی تێبهاوە)

کـە ئـەو قسـانەم لـە "مـۆرا" بیسـت هەسـتامە سـەرپێ و بـەرەو کـووڕە ئاگرینەکـە ڕۆیشتم و بە بێ وەستان و دوودڵی خـۆم هاوێشتە ناویـەوە، هـەموو دەسـتیان کـرد بـە چەپڵەلێدان و جۆش و خرۆش، سەیر لەوەدا بوو کووڕە ئاگرینەکە منی نەدەسووتاند، پـاش ماوەیـەك دوو کـەس هـاتن و منیـان لـە کووڕەکـە دەرهێنـا و هـەڵیان کێشـام لـە ئاوێکی لێڵ و دەریان هێنامەوە و بردمیانەوە بۆ لای "مۆرا"، ئەویش هەستایە سەرپێ و لە ئامێزی گـرتم، ئەوەندە شەکەت و ماندوو بووم لـە باوەشـی "مـۆرا" دا چاوەکانم لێکنـا و خـەوم لێکـەوت، کـە چـاوم کـردەوە لـە نـاو دارسـتانەکە و لـە بـن ئـەو درەختـەدا بـووم کـە پـێش خۆرئـاوابوون هاتمـە پـاڵی و خـەو بردمیـەوە و ئاگـام لـە خـۆم بـڕا، نـەمزانی ئـەوەی بینیبـووم ڕاسـتی بـوو، یـان خـەونێکی دوور و درێـژ بـوو، بـەڵام لـەوە گەیشتم ڕۆژێکی نوێ یە و لەو جێگەدا شەوێکم بەسەردا تێپەڕیوە...

بـە پەلـە هەسـتام و بـۆ مااڵـەوە گەڕامـەوە و چـووم بـۆ ژووڕەکـەی خـۆم، دایکـم و خوشکەکانم پرسـییان (ئـەم شـەو لـە کـوێ بـووی؟! بـۆ دۆزینـەوەت هـەموو شـارمان چێوماڵ کرد، تۆ نابێت لە ڕۆیشتنت بەم لاو بەو لادا ئاگادارمان بکەیتەوە؟!)

وتم + (قسەم لەگەڵ مەکەن، زۆر شەکەت و ماندووم)

لە بەیانییەوە هەتا نیوەڕۆیەکی درەنگ نوستم، کە بە ئاگا هاتم بینیم "مۆرا " لە تەنیشتمەوە ڕاکشاوە، پێکەنینێکی بۆ کرد و وتی – (زەماوەندێکی زۆر خۆش بوو!)

وتم + (بەڕاست پێم بڵێ من لەو دارستانەدا خەوم لێکەوتبوو، یان هەموو ئەوانەی بینیم ڕاستیی بوون؟!)

مۆرا – (ئەوەی بینیت ڕاستیی بوو، بە خەولێکەوتن بوونی تۆ گۆڕا بۆ دۆخێکی تر، کەوتیتە ناو جیهانی ئێمەوە، یاساکانی ئێمەت بە سەردا سەپا بۆئەوەی بتوانی لەگەڵ دونیای ئێمەدا پەیوەندی ببەستیت، بەڵام ئێستا کە من لە لای تۆم ئەوە منم خۆم گۆڕیوە بۆ جیهانی ئێوە، بۆیە تۆ بە ئاسانی دەتوانی بمبینی و پەیوەندی بە منەوە بکەیت، بەڵام دوێنێ شەو تۆ بوویت بۆ دونیای ئێمە گۆڕابووی، کەم کەس هەیە لە مرۆڤەکان بتوانێت خۆی بگۆڕێت بۆ سروشتی ئێمە و سەر بکوتێتە ناو جیهانی ئێمەوە، لە ئەمڕۆ بەدواوە من هاوسەری تۆم و پێویستە لە یەکتر نزیك ببینەوە، دەبێ پێکەوە بخەوین بۆئەوەی منداڵمان ببێت)

ئەو شەوە لەگەل "مۆرا" خەوتم و لێی نزیك بوومەوە..

لە دوای ئەو شەوە – مەبەستم شەوی زەماوەندەکەیە – و خەوتنم لەگەڵ "مۆرا"من بووم بە مرۆڤێکی تر، قسە و گفتوگۆم زۆر کەم بوویەوە، تەنانەت نەمدەتوانی وەڵامی پرسیارەکانی دایك و باوك و خوشکەکانم بدەمەوە، وازم لە قوتابخانە هێنا، هەرچەند مامۆستاکان هاتن و لەگەڵم خەریك بوون و وتیان: " تۆ قوتابییەکی زیرەکی و داهاتوویەکی باش چاوەڕوانت دەکات، واز لە خوێندنەکەت مەهێنە "، بەڵام من نەمتوانی داواکەیان قبوڵ بکەم و بچمەوە بۆ قوتابخانە...

گۆبەندەکانی "مۆرا"

"مـۆرا" بـۆ گەشـت و پیاسـه کـردن دەیبردمـه دەرەوە و هـەموو بـازاڕی پـێ تـەی دەکردم، جارێك بردمی بۆ چێشتخانەیەك و وتی (چی بخۆین؟)

وتم (کولەکە دەخۆین)

- (ئێمە ڕقمان لە کولەکە دەبێتەوە)

+ (باشە بامێ دەخۆین)

- (من حەزم لە سەروپێیە)

+ (بەڵام ئێرە سەروپێخانە نییە، تەنها چێشتخانەیە)

من لەگەڵ "مۆرا" خەریکی ئەم گفتوگۆیە بووم بێ ئاگام بووم لەوەی شاگردەکە لەسەرم وەستاوە و چەند جارێك پرسیویەتی "چی دەخۆی"؟)

وتم + (دوو بامێمان بۆ بهێنە)

گەنجە شاگردەکە بەسەرسوڕمانەوە (بۆ کەسی ترت لەگەڵە؟! دوو بامێکە بۆ کێ و کێیە؟)

هۆشم هاتەوە بەرخۆم و وتم + (بەڕاستی سەرم لێتێکچووە، کاکە ببورە بامێیەکم بۆ بهێنە)، لەو کاتەدا "مۆرا" بە من پێدەکەنی و شاگردەکەش هەستێکی نامۆی لەلا دروست بوو بوو، بۆیە هەڵیدایە و وتی (کاکە -لات گران نەبێت -تۆ حاڵت باشە؟! مەبەستم ئەوەیە بڵێم: نەخۆشنیت؟)

وتم (بەڵێ، بەڵێ باشم، هیچم نییە)

شاگردەکە نان و کەوچکی دانا و سەرێکی بادا و بە چەندین پرسیارەوە پرۆیشت، "مۆرا" وتی – (ئێستا بەزمێکی بۆ دروست دەکەم)

وتم + (بهێڵە با بە بێ گۆبەند پارووپە نان بخۆم، گرفتم بۆ دروست مەکە)

شاگردەکە گەڕایەوە و لۆبیایەکی لەبەردەمی من دانا، منیش سەرنجم دا و وتم (کاکە من داوای بامێم کردووە)، شاگردەکە سەرێکی بادا و وتی (ببورە، لە بیرم چوو) لۆبیاکەی هەڵگرتەوە و بردی بۆ سەر مێزێکی تر و لەو کاتەی ویستی بۆ نەفەرەکەی دابنێت "مۆرا" دەستێکی خستە ژێر قاپەکان و خواردنەکەی بەسەر نەفەرەکە و مێزەکەدا قڵپ کردەوە، نەفەرەکە گەنجێکی نائارامی تووڕە بوو، هەستایە سەر پێ و بە هەموو هێزی خۆی زللەیەکی لە شاگردەکە دا، خاوەن چێشتخانەکە هات و زۆر داوای لێبوردنی لە نەفەرەکە کرد و لە شاگردەکە تووڕە بوو، من زۆر بەزەییم بە شاگردەکەدا دەهاتەوە و لەو کارەی "مۆرا " بێزم دەکردەوە، پاش ماوەیەک ون بوون لە مەتبەخی چێشتخانەکەدا شاگردەکە سینییەک خواردنی بۆ سەر مێزێک هێنا و بەرلەوەی بیگەیەنێتە سەر مێزەکە لاقەکانی هاتن بە یەکدا و دای بە زەویدا،لە ناو چێشتخانەکەدا سینی یە خواردنەکەی بەسەردا بەربوویەوە، باش بوو ئەم جارە خواردنەکە بەسەر کەسدا نەڕژا و تەنها خۆی لە شلە هەڵژەنی، من وێستم هەستم و لە چێشتخانەکە بچمە دەرەوە، بەڵام "مۆرا" وتی (جارێ دابنیشە و مەڕۆ دەرەوە)

وتم (بەسە، ئەو شاگردە هەژارەت ڕیسوا کرد)

وتی (شایستەیە)

دانیشتمەوە و دەستم کردەوە بە تەواوکردنی خواردنەکە، زۆری نەبرد شاگردەکە – دوای گۆڕینی جلوبەرگەکانی – بۆ لای من گەڕایەوە و وتی (کاکە دەتوانی هەستی بڕۆیت؟!)

وتم + (خەریکم خواردن دەخۆم، بۆ دەبێ بڕۆم؟!)

وتی – (تکایە هەستە بڕۆ و پارەی خواردنەکەشت لەسەر من)

+ (ئاخر بۆ؟!)

– (لەو کاتەوەی تۆ سەرت کێشاوەتە ئەم چێشتخانەیە من تێکچووم، هەست بە شڵەژان و نائارامیی دەکەم)

+ (باشە، دەڕۆم، بەڵام من چ پەیوەندییەکم بە تێکچوونی تۆوە هەیە؟!)

– (ئەگەر بڕۆیت پیاوەتیم لەگەڵ دەکەیت، پارەش مەدە، دەعوەتی منی)

هەستامە سەر پێ و وتم+ (نا، زۆر سوپاس، پارەی خۆم دەدەم)

کاتێـک بـەرەو دەرگـای چێشـتخانەکە بەڕێکـەوتم، "مـۆرا" دەسـتێکی بەسـەر شاگردەکەدا هێنا و ئەویش لە جێگەی خۆی بەربوویەوە، شاگردەکان و نەفەرەکان لەسەری کۆبوونەوە، دیار بوو لە هۆشی خۆی چوو بوو، بە دوو سێ کەس هەڵیان گرت و سواری ئۆتۆمبێلێکیان کرد و ڕەوانەی خەستەخانە کرا، منیش دوای دانی پارەی خواردنەکە بە پەلە لە چێشتخانەکە هاتمە دەرەوە و سواری پاسێك بووم و بەرە و ماڵەوە گەڕامەوە، لە پاسەکەدا "مۆرا" بە نەفەرێکەوە گرتبووی، نەفەرەکە لە تەنیشتی منەوە سوار بوو بوو کە دەکەوتە لای پەنجەرەی پاسەکەوە، پیاوێکی تەمەن چل – پەنجا سااڵن بوو، ڕێز و ویقار لە سەروسیمایدا دەخوێنرایەوە، لە ڕیزی پێشەوە و ڕاست لە بەردەم پیاوەکەی تەنیشتی منەوە ئافرەتێکی گەنج سوار بوو بوو، بینیم "مۆرا" لەبەردەم پیاوەکەوە دەستی بە پرچ و شانی ئافرەتەکەدا دەهێنا، ئافرەتەکە چەند جارێك ئاوڕی دایەوە و سەرنجی پیاوەکەی دا، دیاربوو وایدەزانی ئەو پیاوەیە دەستی درێژکردووە و بە سەر و شانیدا دەیخشێنێت، بەڵام پیاوە بەڕێزەکە ئاگای لە هیچ نەبوو، "مۆرا" جارێکی تر دەستی درێژکردەوە و هێنایەوە بە سەریدا، ئافرەتەکە هەستایە سەر پێ و دەستی کرد بە جنێودان بە پیاوە بەڕێزەکە و لە پاسەکە دابەزی، پیاوەکەش ئەبڵەق بوو بوو، نەیدەزانی چی بڵێت، یەکەمجار هەندێ سەیری دەوروبەری خۆی کرد وایدەزانی لەگەڵ کەسێکی تریەتی، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت جنێوەکانی بە ئەو داوە، نەفەرەکان سەریان سوڕمابوو، هەندێکیان پیاوە بەڕێزەکەیان دەناسی و دڵنیابوون لەوەی ئەو جۆرە ڕەفتارانە لە ئەو ناوەشێتەوە، هەندێکیش نەیاندەناسی و گومانی خراپیان بۆ دروست بوو بوو، منیش لە ناو پاسەکەدا هەستامە سەرپێ و وتم (خەڵکینە، ئەم پیاوە بەڕێزە لە تەنیشتی منەوەیە، سوێند بێ بە خودا هیچ جووڵە و ڕەفتارێکی خراپم لەم کابرایە نەبینیوە)

پیاوه بەڕێزەکە هاتە قسە و وتی (کوڕم، دابنیشە پێویست بە قسە ناکات، خەڵکی من دەناسن، ئەو خوشکە یان تێکچووە یان بە هەڵە ئەو هەستەی لە لا دروست بووە)

دیار بوو قسەکەی من پاکانەیەکی باش بوو بۆ پیاوە بەڕێزەکە و هەندێك لە نەفەرەکان هاتنە دەنگ و یەکێکیان وتی (بەم چاوانەی خۆم دەستی ئەو پیاوە ببینم بۆ ئەو ئافرەتەی درێژ بکات، چاوی خۆم بەدرۆ دەخەوە و دەڵێم وانییە)، یەکێکی تر (خوا پووی زەمانە پەش بکات، هەتا ئەم پیاوە سەیارەی تایبەت بەخۆی هەبوو نیوەی خەڵکی بە کەر و ولاخ دەڕۆیشتن، ئێستا وای لێهاتووە دەبێت سواری پاس بێت و پاسیش ئەو جۆرە مرۆڤانەی تێدایە)، ئافرەتێك – لەبەرخۆیەوە – دیار بوو پیاوە بەڕێزەکەی دەناسی (کەس نە کاك عەبدولا! لە ئاوی شەو پارێز دەکات)

گەیشتمە ماڵەوە و ڕۆیشتم بۆ ژوورەکەی خۆم، لە "مۆرا" زۆر بەداخ بووم، لە ژوورەکەدا پەلامارم دا و پرچی سەریم گرت و بە ناو ژوورەکەدا ڕامکێشا، "مۆرا" دەستی بە گریان کرد و وتی (لەوە زیاتر ئازارم مەدە، چونکە دەستت لێدەکەمەوە)

وتم (لە داخی تۆ من خۆم دەکوژم، لە شاخێك خۆم بەردەدەمەوە، خۆم دەکەم بە ژێر سەیارەیەکدا، تۆ بۆ وادەکەی؟!)

"مۆرا" گریانەکەی بڕی و وتی (ئەو شاگردە دوێنێ شەو منداڵی هۆزەکەی ئێمەی کوشتووە، هەندێك منداڵمان بۆ کۆکردنەوەی خواردن بۆ ئەو چێشتخانەیە هاتبوون، ئەو ڕۆنی قرچاوی بەسەر یەکێکیاندا کردووە و گیانی لە دەستداوە)

+ (ئەوجا چ گوناهێکی هەیە؟! نەیبینیوە، ئێوە خەتابارن، خۆتان دەکەن بە چێشتخانەدا و خواردن دەدزن)

– (خواردنی ئێمە لەسەر ئەو پاشەڕۆیانەیە، ئەی چی بخۆین؟!)

+ (با منداڵی هۆزەکەی ئێوەشی کوشتبێت، تۆ بۆ تۆڵە دەکەیتەوە؟! با کەسێکی تر ئەو کارە بکات، خۆ خوشك و برای تۆی نەکوشتووە؟!)

– ("میر" فەرمانی پێکردبووم، من ناتوانم فەرمانی "میر" بشکێنم)

+ (ئەدی ئەو پیاوە بەڕێزە گوناهی چی بوو لە ناو پاسەکەدا ئەو گشتە شەرمەزارییەت بەسەردا هێنا؟!)

– (ئەو پیاوە گەرەکێکی لە ئێمە داگیر کردووە و شەوان کەسمان ناتوانێت بەو دەوروبەرەدا گوزەر بکات ئەو گڕی تێبەردەدا)

+ (بۆ ئەو پیاوە چییە؟!)

– (ئەو پیاوە دیاری کراوە لە داهاتوودا بکرێت بە یەکێک لە پیاوانی "پیر خدر"، بەڵام تا ئێستا بەخۆی نەزانیوە و ئاگادار نییە لەوەی لە داهاتوودا دەچێتە ناو حکومەتەکەی "پیر خدر " ە وە..)

دیسان ناو هێنانی "پیاوانی پیر خدر" گفتەکەی داپیرەی هێنایەوە بەریادم و ئاواتم دەخواست ئەو پیاوە بەڕێزە لە داهاتوودا ببێت بە یەکێک لەوان و بێت و باسی "پیاوانی پیر خدر" و جیهانی خۆیانم بۆ بکات، دواتر وتم + (کۆی ئەم قسە و ڕەفتارانە ئەوە دەگەیەنێ هۆزەکەت لە ڕێگەی تۆوە تۆڵەی خۆیان لە مرۆڤ دەکەنەوە)

– (بەڵێ، لە ڕێگەی من و هەزارانی وەک منەوە ئەو کارە دەکەین)

منیش لەبەرخۆمەوە + (بەڕاستی باش گیرۆدە بووم!)

ئەویش وتی – (منیش بەتۆوە گیرۆدە بووم، خۆشم دەوێی، ناتوانم بەجێتبهێڵم، بیر لە هەموو شتێک بکەرەوە بیر لە دابڕان لە من مەکەرەوە، تۆ لێم جیا ببیتەوە یان بمری منیش دەسوتێم وکۆتاییم پێدێت)

+ (بەڵێنم پێ دەدەی جارێکی تر ئەو ڕەفتارانەت لێنەوەشێتەوە؟)

– (پێم وتی، ئەگەر "میر" فەرمانم پێ بکات ناتوانم لە فەرمانی دەربچم، لەخۆمەوە هیچ شتێک ناکەم)

چەند هەفتەیەک بەسەر ئەو دوو ڕووداوە ناخۆشەدا تێپەڕی، عەسرێک هات و وتی – (ئەم شەو داخوازیکەری خوشکە گەورەکەت دێت، حەز دەکەی مێرد بکات؟)

+ (زۆر حەز دەکەم ئەو دووانەیان بەمێرد بدرێن)

شەو زەنگی دەرگا لێدرا و دوو ئافرەت و سێ پیاو هاتنە ژوورەوە، بۆ ژووری میوان فەرموویان لێکرا، یەکێک لە پیاوەکان ئەو گەنجە بوو بۆ داوای دەستی

خوشکەکەم هاتبوو، دوو ئافرەتەکەش دایك و خوشکی بوون و دوو پیاوەکەش مامی بوون...

ئافرەتە گەنجەکە –واتە خوشکی گەنجەکە– زۆر لە من ورد دەبوویەوە و سەرنجی دەدام، بەلأم سەرنجێکی پڕ لە شەرم و بێ گوناهانە، "مۆرا" بە سەرنج و وردبوونەوەکانی ئافرەتەکە بۆ من قەلس و تووڕە بوو، وتی – (هەستە بچینەوە بۆ ژوورەکەی خۆمان)

وتم + (شورەییە ئەم میوانانە بەجێبهێلم، ناتوانم، تۆ دەتوانی بچیت)

دەمزانی "مۆرا" بۆ ڕێك نەکەوتنی کاری داخوازییەکە بەزمێك دروست دەکات، دڵم لە مشتمدا بوو، یەکێك لە پیاوەکان ڕووی کردە باوکم و وتی (خاڵە "مەجید" ئێمە هاتووین بۆ داخوازی دەستی ئەم کچەتان بۆ ئەم کوڕەمان، هەردووڵامان یەکتری دەناسین و کچ و کوڕەکەش یەکتریان بینیوە و ئافرەتانیش لەگەڵ یەکتر قسەیان کردووە،ماوەتەوە بڕیاری بەڕێزتان)

نازانم چی بوو، ئەو ئێوارەیە بابم زۆر قەلس و وەڕس دیار بوو، بۆ وەلأمی پیاوەکە وتی (بەخێربێن سەرچاومان، لە ڕاستیدا ئێمە عادەتمان نییە لەبەردەمی کچ و کوڕی داخوازیەکەردا قسەی خۆمان بکەین، ئەم ژن و کوڕ و منداڵانە با بچنە ئەو دیو، خۆم قسە لەگەڵ ئەم دووانەتاندا دەکەم)

ژنەکان و من و کوڕە داخوازیکارەکە چووین بۆ ژوورێکی تر و بابم و دوو مامەی گەنجەکەمان لە ژوورەکەدا بەجێهێلاً، "مۆرا" لەگەڵیان مایەوە و لەگەڵ ئێمە نەهات، یەك دوو جار ئیشارەتم بۆ کرد ئەویش لەگەڵمان هەستێ، بەلأم سوودی نەبوو، پاش نیو کاتژمێر گاڵە و هەرا لە ژووری میوان پەیدا بوو، بە پەلە چوومە لایان و بینیم بابم و یەکێك لە پیاوەکان دەمیان تێگیراوە و دەستە و یەخەبوون و چەندین قسەی ڕەق و بێتام بەرانبەر بە یەکتر لە دەمیان دەردەچێت، دوو پیاوەکە هەستان و ئافرەتەکانیان بانگ کرد و بە تووڕەیی ماڵی ئێمەیان بەجێهێلاً، من زانیم دەستی "مۆرا"ی تێدایە، بەلأم کە چوومە ژووری میوان "مۆرا"م لەوێ نەبینی، دایکم لە بابمی پرسی (چی ڕوویداوە؟! ئەو کارەتان بۆچی ئاوا تێکدا؟! خەتای کامتان بوو؟)

بـابم زۆر زوو هێـور دەبوویـەوە، وتـی (شـەیتان بـە نەعلـەت بیـت، باشـە بـۆ مـن ئەوەندە بێ مرۆئەت بووم لە مالّی خۆمدا چووم بە گژ ئەو پیاوانەدا؟!)

دایکم: (تۆ لە عەسرەوە تەواو نیت و تووڕە و وەڕس دیاری)

بابم: (تازە لە دەستم دەرچـوو، ئـەویش هـەروەکو مـن تـووڕە و قـەڵس بـوو، کـاتی خۆی بنەمالّەکەی ئێمە ئافرەتێکمان لەم بنەمالّەیە داوا کرد، بەلاّم پێیان نەداین، من ئەوەم هێنانەوە یادیان و پێم وتن: من لەگەڵ ئێوە ئـەوە ناخوێنمـەوە، کەچـی ئەو دانەیان دەلّێ: گەر ئەو پیاوەی ئێوە شایەنی ئافرەتەکەی ئێمە بووایە پێمـان دەدا، منیش چەند قسەیەکی تووند و خراپم بەرانبەری لە دەم دەرچوو)

دایکم: (پیاوەکە بۆچی کای کۆن بە با دەکەیت؟ ئێمە چیمانە لە سی سالّ لەمە و بەر؟! کچ و کوڕەکە بە یەکتر ڕازین و خێزانەکەیان چاك و پاکن..)

بابم: (خەم مەخۆ چاکی دەکەمەوە و تەگبیری دەکەم)

مـن لـە "مـۆرا" زۆر بـەداخ بـووم، لـە حەوشـەکەدا داریٚکـم دۆزییـەوە و بـردم بـۆ ژوورەکەی خۆم تـاکو ئـەوەی نەشـیاو بێـت بـە "مـۆرا"ی بکـەم، کـە چـووم لـە ژوورەکـەم نەبوو، زۆر چاوەڕوان بووم ئەو شەوە نەگەڕایەوە، سبەی تا نیوەڕۆ دیار نەبوو، منـیش نەگبـەتی گرتبـوومی وەك مرۆڤێکـی هاوسـەردار بـۆی بێتاقـەت بـووم، خـەم و دڵـەڕاوکێ ڕووی تێکردم، دوای نیوەڕۆ دەرگای ژوورەکەی کردەوە و هاتە ژوورەوە، پرسیم + (لـە کوێ بووی؟!)

وتی – (زانیم لێم زویری و دەتەوێ لێم بدەی، خۆم ون کرد)

+ (دوێنێ شەو بۆ ئەو کارەت کرد؟!)

– (لە داخی ئەو کچە)

+ (کام کچ؟!)

– (ئەو کچەی لەگەڵیان هاتبوو)

+ (بۆ ئەو کچە چی بوو؟!)

– (زۆر سەرنجی تۆی دەدا، بیری لەوە دەکردەوە لە ڕێگەی خوشکەکانتەوە پەیوەندی لەگەڵ تۆ ببەستێت)

+ (جا چییە ئەگەر پەیوەندیم لەگەڵ ببەستێت، یان بچمە داخوازی و بیکەم بە هاوسەرم؟!)

"مۆرا" زۆر تووڕە بوو، وتی – (من ئەو کچە دەکوژم، بەلایەکی بەسەر دەهێنم)

زانیم "مۆرا" چ چەرمەسەرییەك تووشی ئەو کچە هەژارە دەکات، بۆیە وتم + (من بەڵێن بە تۆ دەدەم لە هەموو تەمەنمدا لەو کچە نزیك نەبمەوە، تەنها تۆ وازی لێبهێنە و دەردیسەری بۆ دروست مەکە..)

"مۆرا" تووڕەییەکەی دامرکایەوە و وتی – (تۆ تەنها هی منی، ڕێگە نادەم کەسی تر مێردت پێبکا و لێت نزیك ببێتەوە، تەنها دەمەوێ ژن نەهێنی، چیتر دەکەی بیکە)

وتم + (ئێستا تۆ کاری مێردکردنی ئەو خوشکە هەژارەی منت تێکداوە، بچۆ چاکی بکەرەوە)

– (ناتوانم)

+ (دەتوانی تێکی بدەیت، بەڵام ناتوانی پێکیبهێنیتەوە؟!)

– (تێکدان بەشێکە لە سروشتی ئێمە، بەڵام چاککردنەوە ویستی خێری دەوێت کە ئێمە تیاماندا نییە)

لەو قسەی "مۆرا" ە وە بۆم دەرکەوت تووشی چ بەڵایەك هاتووم، خۆم کردووە بە هاوسەر و هاودەمی مەخلوقێك زەڕەیەك ئیرادەی خێری لە لا نییە...

بەیانییەك "مۆرا" وتی – (دەمەوێت سەرێك لە دایکم بدەم، کەسوکاری دەیانەوێت ببینن بۆ لای یەکێك لە پیاوانی "پیر خدر" تاکو چاك ببێتەوە، دەچم بۆئەوەی نەهێڵم ئەو کارە بکەن)

لە بیری خۆمدا وتم: باشە ئەم پیاوانەی "پیر خدر" دەبێ چی بن؟! دیارە ئەمانە هێزن، دەسەڵاتن، بۆیە ئەم تاقمە یاخییە ئەوەندە لێیان دەترسن، باشە بۆ بەڵێنەکەی

دایرە تاکو ئێستا بەدی نەهاتووە؟! دەبێ کەی ئەو پیاوە سەردانم بکا و چیرۆکەکەم بۆ بگێڕێتەوە، دواتر لە ناو بیری خۆمدا هاتمە دەرەوە و پرسیم + (زۆرت پێدەچێت؟)

وتی – (تەنها ئەمڕۆ، ئێوارە دەگەڕێمەوە)

ئەو ڕۆیشت و منیش بە فورسەتم زانی سەرێک لە بازاڕ بدەم، چونکە ئەوم لەگەڵ نییە تاکو گۆبەندم بۆ بنێتەوە، لە بازاڕ یەکێک لە دواوە دەستی خستە سەر شانم، ئاوڕمدایەوە و بینیم گۆرانیبێژەکەی ئەو شەوەیە "مینەی دێوانە" کە بۆ زەماوەندەکەم بانگهێشت کرا بوو، مەرحەبای کردم و وتی – (ئەو هەموو گۆرانییەمان وت کەچی شاباشیش نەکراین!)

پێکەنین گرتمی و وتم + (تۆ هەموجارێک "میر" شاباشت دەکات)

(بە گیانی تۆ شاباشی ئەو جارەی "میر" سکەیەکی زیو بوو، بردمە لای زەرەنگەرێک دەیوت: شتێکی وا ناکات، مەگەر تەنها لەبەرئەوەی سکەیەکی کۆنە شتێکت پێ بدەم)

+ ("مالەی شمشاڵژەن" لە کوێ یە؟)

– (ئەویش لەم شارەدایە، ئەو سکەی زێڕی لە شاباشدا وەرگرتووە)

+ (پێم بڵێ ئێوە نەفەری ئەوانتان لەگەڵە، مەبەستم ئەوەیە هاوسەرتان لەوان گرتووە؟)

(نەخێر، ئێمە تەنها بانگمان دەکەن بۆ شایی و گۆرانی، ژنەکانمان وەکو خۆمان مرۆڤن، بەڕاست، چۆنی لەگەڵ ئەو ژنە جنۆکەیەت؟)

+ (خراپ نیم، بەڵام گۆبەند و گرفتم بۆ ساز دەکات)

(ئێمە چەند جارێک "میر" داوای لێمان کردووە بۆئەوەی ژنمان پێ بدات، بەڵام نەمانویستووە)

+ (بۆچی نەتانویست؟!)

– (لەبەر ئەو گشتە گۆبەند و گرفتەی بۆ پیاوی دروست دەکەن)

+ (ئەی من چی بکەم ڕزگارم دەبێت لە دەستی؟!)

– (ڕزگاربوون ئەستەمە، بەڵام پرسیٚکت بە "مالەی شمشاڵژەن" بۆ دەکەم، ئەو زۆر شت دەزانیٚت)

+ (کەی بتبینمەوە؟)

– (خۆم سەرت لیٚدەدەم)

+ (بەڵام دەبیٚ کاتیٚک یەکتری ببینین "مۆرا" ی هاوسەرم لەگەڵم نەبیٚت)

– (مەترسە دەزانم کەی لەگەڵتە و کەی بەجیٚتدەهیٚلیٚت)

خواحافیزیم لە "مینە"ی گۆرانیبیٚژ کرد و عەسریٚکی درەنگ بۆ ماڵەوە گەڕامەوە..

درەنگانیٚکی شەو "مۆرا" گەڕایەوە پەست و ماندوو دیار بوو، پرسیم (بۆ درەنگ گەڕایتەوە، خۆ بڕیار بوو زووتر بگەڕیٚیتەوە؟!)

وتی – (دایکمیان بەزۆر ڕەوانەی لای ئەو پیاوە کرد، من و باوکم زۆر هەوڵماندا نەهیٚلین، بەڵام هیٚزی ئەو پیاوە بۆ ڕاکیٚشانی دایکم بە من و بابم پەرچ نەدەدرایەوە، دایکم زۆر گریا و هاواری کرد، ئەوانەی دەیان برد دەتوت قوڕقوشمیان لە گوێ کراوە و باکیٚکیان بەو شیوەن و خۆڕنینەی دایکم نەبوو)

+ (ئەو پیاوە چی بۆ دایکت کرد؟!)

– (باوکمی لە دایکم دوورخستەوە، ئیٚستا کەسمان – نە من و نە بابم و نە "دیٚرۆ" ی خوشکم – ناتوانین لە دایکم نزیك ببینەوە، ئەو هۆشی هاتۆتەوە بەر خۆی، زۆر شتی دەربارەی ئیٚمە بەو پیاوە وتووە)

+ (بۆ پیٚت ناخۆشە دایکت چاك ببیٚتەوە؟!)

– (ئەگەر دایکم چاك ببیٚتەوە ئیتر دایکی من نییە)

+ (ئەو پیاوە لە کوێ یە و ناوی چییە؟)

– (نازانم)

دیاربوو "مۆرا" درۆی دەکرد، نەیدەویست ناونیشانی ئەو پیاوە بزانم نەبادا بچمە لای وبەهۆیەوە خۆم لە دەستی ئەو قوتار بکەم..

"مۆرا" بیرکردنەوەی منی دەخوێندەوە، بۆیە وتی – (ئەگەر پێتخۆشە ناوەکەت بۆ پەیدا دەکەم؟)

وتم + (تەنها پێمخۆشە بزانم ئەو پیاوە کێیە)

لـە ژوورەکـە چـووە دەرەوە و پـاش کـەمێك گەڕایـەوە و وتـی – (نـاوی مـەلا "شێرۆ"یە)

من ناوی "مەلا شێرۆ"م بیستبوو، دەمزانی کابرایەکە بە هەندێ فێڵ و جادوو خەڵکی هەژاری دەخەڵەتاند و پارەی پەیدا دەکرد، بۆیـە دڵنیابووم لـەوەی "مۆرا" دیسان درۆی لەگەڵ کردم و نەیویست ناوی ئەو کەسەم لا ئاشکرا بکات..

بۆیە وتم + (مەلا شێرۆ! بەڕاستی مەلایەکی کەم وێنەیە!) مەبەستم ئەوە بوو بڵێم لە درۆ و پارە پەیداکردندا کەم وێنەیە..

مۆرا لێی پرسیم– (ئەمڕۆ لە کوێ بووی؟ کێت بینی؟)

وتم + (لە بازاڕ بووم)

– (لە بازاڕ کێت بینی؟)

وام هەسـت کـرد "مـۆرا" ئاگـاداره بـەوەی مـن "مینـەی گۆرانیبێژ"م بینیـوە، بۆیـە نەمویست درۆ بکەم و وتم + ("مینەی گۆرانیبێژ"م بینی)

– ("مینەی دێوانە"!چیتان باس کرد؟)

+ (باسی شایی و زەماوەندەکەمان کرد)

– (باسی چیتر؟!)

+ (بۆ ئەوەندە پرسیار دەکەی؟ منیش وەکو تۆ هەندێك پرسیار وەڵام نادەمەوە)

– ("قاسم" تۆ ناتوانی لـە دەسـەڵاتی زاڵـی مـن خـۆت قوتـار بکـەیت، بیر لـە هـیچ مەکەرەوە، تۆ بەشی منی، مامۆستاکەت نـەیتوانی ڕزگـارت بکـات، کێـی تـر هەیـە بتوانێت تۆ لە چنگی من دەربهێنێت؟!)

"مـۆرا" دەیویسـت مـن لـە هـەموو هـەوڵێك بـۆ خـۆ ڕزگـارکردن لـە دەسـتی بـێ هیـوا بکات، پرسیم + (چۆن بەو قسانەی نێوان من و "مینەی گۆرانیبێژ"ت زانیوە؟!)

– (ئـەو دوو کەسـە – مەبەسـتم گۆرانیبێژەکـە و شمشـاڵژەنەکەیە – وادەزانـن هـەروا بـەرەڵامان کـردوون؟! ئەوانـە هەریەکـەیان لـەلای "میر"ەوە چـوار نەفـەریان بەسـەرەوە دانراوە، چاودێرییان دەکـەن و لەگـەڵیان دەژین، بـەڵام ئـەو دوو کەسـە بـەخۆیان نـازانن، چـونکە چـاودێرەکان خۆیـان ئاشـکرا ناکـەن، ئـەوان هـەموو قسەکانی نێوان تۆ و "مینەی گۆرانیبێژ" یان بۆ من گێڕایەوە)

کـە ئـەو قسانەی کرد بـۆم دەرکـەوت مـن کەوتوومەتـە نـاو گێـژاوی چ دەریایەکـەوە، پاش ماوەیـەک بێدەنگی وتم + ("مینـە" دەیـوت "میـر" دوای هـەموو ئاهـەنگێک سکەی زیو و زێڕمان پێدەدا، ئەی بۆچی تۆ هەندێک بۆ من ناهێنیت؟)

– (جێگەت نیشـان دەدەم زێڕ و زیـوی تێدایـە، بـەڵام دەبێـت بـەو جـۆرە خـەرجی بکەیت کە من پێت دەڵێم، نەک بەو شێوازەی کە تۆ دەتەوێت)

"مـۆرا" سـەردانێکی تـری بـۆ لای کـەس و کـاری کـرد و هـەر ئـەو ڕۆژە "مینـەی گۆرانیبێژ" پەیدا بوو، بانگی کردمە دەرەوە و بردمی بۆ پیاسـەیەکی ئـەو دەرودەشتە، سەرەتا وتی – ("ماڵەی شمشاڵژەن" سەلامی لێت دەکرد، دەیوت: چارەسەری "قاسم" تەنها بە پیاوەکانی "پیر خدر" دەکرێت و هیچ کەسێکی تـر ناتوانێت"مـۆرا" لـە کـۆڵی "قاسم" بکاتەوە جگە لەو پیاوانە)

وتم + ("مۆرا" دەیـوت دایکمیـان بردووە بـۆ لای پیاوێـک بـە نـاوی "مـەلا شێـرۆ" گوایە ئەو ناوبراوە دایکی لە دەستی ئەوان ڕزگار کردووە، بڵێی بتوانێت منیش ڕزگار بکات لە دەستیان؟!)

– (ئـەو درۆی لەگـەڵ کـردووی "مـەلا شـێرۆ" سـەر بـە ئەوانـە و ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە "میر"ەکەیانـەوە هەیـە، ئـەو کەسـەی باوکـە جنۆکەکـەی لـە دایکـی دوور خستۆتەوە یەکێکە لە پیاوە گەورەکانی "پیر خدر"، نەک "مەلا شێرۆ")

+ (ناوی ئەو پیاوە نازانیت؟)

– (ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، "ماڵە" دەیوت: ناوی "سەعید" ە)

+ (شوێن و جێگەی لە کوێ یە؟)

– (کەسێکی گەڕۆکە، بینینەوەی زۆر زەحمەتە)

+ (ئەی ئەوانە چۆنیان بینیوەتەوە و دایکی "مۆرا" یان بۆ لای بردووە؟!)

– (پێدەچێ "سەعید" بۆخۆی داوای هێنانی ئەو ئافرەتەی کرد بێت، تاکو کاری لەسەر بکات، ئەوانە کە دەیانەوێت کەسێك لە دەستی هۆزەکەی "مۆرا" قوتار بکەن خۆیان دەچن بۆ لای)

+ (کاك "مینە" ئێوەش چاودێرتان بەسەرەوە دانراوە، بەخۆتان زانیوە؟!)

– (کێ وتی چاودێریان بۆ داناوین؟!)

+ (هەموو ئەو قسانەی ئەو ڕۆژە لە بازاڕ پێکەوە کردمان "مۆرا" پێی ئاگادار بوو، دەیوت: بەسەر "مالە" و "مینە" ە وە بۆ هەرکێکیان چوار چاودێرمان داناوە و خۆیان ئاشکرا ناکەن)

– (ئەی نەعلەتی خوداتان لێبێت، هەستمان کرد بوو قسە و گفتوگۆکانمان بە "میر"ەکەیان دەگاتەوە، بەلاّم دلّنیا نەبووین لە دانانی چاودێر)

"مینە" ئەوەی وت و بە پەلە بۆ مالّی خۆیان گەڕایەوە، بەدەم ڕێوە وتی (دەبێ من بچم "مالە" ئاگادار بکەم، بزانم ئەو چی دەلّێ!)

فەرمانەکانی "مۆرا"

بیرم کردەوە ئەو زێڕ و زیوە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونم و ڕزگاربوونی خێزانەکەم لە هەژاری، بەڵام دەترسام لەو قسەیەی "مۆرا" کە دەیوت دەبێ ئەو پارەیە بەو جۆرە خەرج بکەم ئەو دەیەوێت، بۆیە ڕۆژێك لێم پرسی + (تۆ دەڵێی من ئەو زێڕ و زیوە چۆن خەرج بکەم؟!)

– (کەی هاتە بەردەستت پێت دەڵێم)

ئەو شەیتان بوو من ئەوم پێ نەدەخەڵەتا، حەزیشم لە پارە و زێڕ و زیو بوو، بۆیە وتم +(کەی ئەو جێگەم نیشان دەدەی کە زێڕ و زیوەکەی لێیە؟)

– (سبەی بەرەو گردۆڵکەکانی باکووری شار پێکەوە دەردەچین، ئێستا دەچمەوە بۆ لای کەسوکارم و سبەینێ دێمەوە بۆ لات)

من ئەو شەوە لە خۆشی زێڕ و زیو خەوم لێ نەدەکەوت، بەیانی دەوروبەری چێشتەنگاو "مۆرا" گەڕایەوە و وتی – (با بچین)

هەردوو بەرەو باکووری شار بەڕێکەوتین، لە شار دوورکەوتینەوە و بەسەر چەندین گردۆڵکەدا سەرکەوتین و شۆڕبوونەوە، تا دواینجار گەیشتینە شوێنێك وتی – (ئێرەیە)

+ (لە کام جێگەدا؟!)

– (ئەو چەند بەردە بەرز بکەرەوە و هەندێك لە خۆڵەکەی ژێر بەردەکان لابدە، زێڕەکە دەبینییەوە)

منیش به پەله بەردەکانم دوور خستەوە و دەستم بەلادانی خۆڵەکەی ژێریان کرد کە دەتوت بەدەست داکراوە، لە خۆشی و ترسی هاتنی کەسێك بەسەرمدا دەستەکانم دەلەرزین و جاربەجارێك سەیری دەوروبەری خۆمم دەکرد، دوای کەمێك خۆڵ لادان کۆمەڵێك "سکە"ی کۆن بە قەبارەی گەورە و بچووك بەدەرکەوتن، لە ڕاستیدا گەورەیی سکەکان لە ڕادەبەدەر بوو، دانەیەکیان لە ناو لەپی دەستدا جێگەی نەدەبوویەوە، سکەکان پەنجا تا شەست دانە دەبوون، کێشییان لەچاو قەبارەیان زیاتر بوو، بە پەلە کردمە ناو ئەو تۆپشەبەرەی بەیانی لەگەڵ دەستم هێنا بووم، پاش کەمێکی تر گەڕان "مۆرا"وتی – (هەرئەوەندەیە، لەوە زیاتر مەگەڕێ، هەستە بابچینەوە، هەرکاتێك ئەوەت تەواو کرد تەگبیری ترت بۆ دەکەم)

هەستام و زۆر بە پەلە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە، خۆم خزاندە ناو ژوورەکەم و دەرگا و پەنجەرەم لەسەر خۆم کلۆم کرد، کەوتمە سەرنجدانی سکەکان، "مۆرا" سەیری دەکردم و پێم پێدەکەنی، بیرم کردەوە چۆن ئەم گشتە سکەیە ساغ بکەمەوە، ئەو شەوە تا بەیانی من لە میحرابی سکەکاندا کڕنووشم دەبرد و خەو نەدەچووە چاوەکانم، من ئەو شەوە بەندەی "مۆرا" و زێڕ و زیو بووم، بۆ سبەینێ دانەیەکیانم نایە گیرفانم و بردم نیشانی زەڕەنگەرێکم دا، زەڕەنگەرەکە وتی (ئەم سکەیەت لە کوێ هێناوە؟!)

وتم + (دۆزیومەتەوە)

– (زۆرە یان هەر ئەم دانەیە ؟)

"مۆرا" پێی وتم: "سکەکەی لەدەست وەربگرە و لە دوکانەکە بچۆ دەرەوە"، منیش لێم وەرگرتەوە و وتم + (کاکە، تۆ ئەم گشتە پرسیارە چییە لە منی دەکەی؟! من هەر بە تۆی نافرۆشم)

لە دوکانەکە هاتمە دەرەوە و بابای زەڕەنگەر تا دەم دەرگای دوکانەکەی شوێنم کەوت و زۆر هەوڵیدا نەڕۆم و بەوی بفرۆشم، بەڵام گوێم بۆ نەگرت و لام لێ نەکردەوە، لای زەڕەنگەرێکی تری دوور لەوەی یەکەم سکەکەم خستە ڕوو، ئەویش دوای ماوەیەك لێ وردبوونەوە، وتی (ئەم سکەیە زێڕە و خەوش وخاڵەکەی لێ دەربکەی نزیکەی پازدە مسقاڵە، ئەگەر دەیفرۆشی با لێت بکڕم؟)

وتم + (دەیفرۆشم)

ئەویش بە نرخی پۆژ بۆی شکاندمەوە و بە پارەیەکی زۆرەوە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە. بڕم کردەوە چی لەم گشتە پارەیە بکەم، "مۆرا" هاتە دەنگ و وتی – (ئەو پارەیە من بێت دەڵێم چی لێ دەکەیت، سەرەتا دەچین بۆ پایتەخت و یەک دوو هەفتە لەوێ کەیف حکەین و پادەبوێرین)

وتم + (با هەندێکی لێ بدەم بە بابم تاکو بۆ خێزانەکەی سەرف بکات)

– (بابت؟! شتی وا نابێت، ئەو پارەیە تەنها بۆ تۆیە و کەسی تر بۆی نییە بەکاری بهێنێت)

+ (بۆچی بۆی نییە؟!)

– (ئەوە فەرمانی "میر"ە و کەسمان – نە تۆ نە من – بۆمان نییە گوێڕایەڵی نەبین)

سکەکانم لە ژوورەکەدا شاردەوە و سبەینێ زوو پارەکەم هەڵگرت و لەگەڵ "مۆرا" بەرەو گەراج بەڕێکەوتم، لە گەراج ویستم سواری پاس ببم "مۆرا" وتی – (بە تەکسی دەچین)

چووم بۆ شوێنی وەستانی تەکسییەکان و ویستم سواری تەکسییەک ببم کە تەنها دوو نەفەری مابوو، "مۆرا" وتی – (تەکسییەک بەتایبەت بگرە)

من وەک کۆیلەم لێهاتبوو تەنها گوێڕایەڵیم لەسەر بوو، پارەکە "مۆرا" خاوەنی بوو نەک من، بۆیە تەکسییەکم بە تایبەت گرت و بەرە و پایتەخت بەڕێکەوتین، لەسەر هێڵی گشتی و دوور لە شار – لە دوورەوە – ئافرەتێک دەستی لە تەکسییەکەی ئێمە ڕاگرت و "مۆرا" وتی – (بە شۆفێرەکە بڵێ ئەو ئافرەتە سوار بکات، منیش داوام لە شۆفێرەکە کرد و ئەویش وەستا و سواری کرد، ئافرەتەکە ڕۆیشتە دواوە و منیش لە پێشەوە و "مۆرا"ش لە تەنیشتی ئافرەتەکەوە، دیاربوو ئافرەتەکە بۆ هەمان شار دەچوو کە ئێمە بۆی دەڕۆیشتین، من هەستم کرد کارێکی خراپ لەو تەکسییەدا دەقەومێت، دەمزانی "مۆرا" پیلانێکی بەدەستەوەیە و ئەو ئافرەتەش بەشێکە لە

پیلانەکە، پاش ماوەیەک لە ڕێگەبڕین ئافرەتەکە وتی بە شۆفێرەکە (بۆ گۆرانییەکی خۆشمان بۆ ناخەیتە سەر؟)

ئەویش کاسێتێکی شایی و هەڵپەڕکێ ی بۆ خستە سەر و ئافرەتەکە لە دواوە – بە پێی بەزمی گۆرانییەکە – دەستی کرد بە شانە و شان و لە جێگەی خۆوە سەما کردن، من زانیم هەموو ئەو بەزمە کاری "مۆرا" یە، چەند جارێك سەرنجی "مۆرا"م دا بە ئافرەتەکە پێدەکەنی و ئافرەتەکەش کە من ئاوڕم دەدایەوە ئەوەندەی تر گەرم دەبوو، چونکە ئەو "مۆرا"ی نەدەبینی و وایدەزانی بۆ ئەو ئاوڕ دەدەمەوە، شۆفێرەکە زۆر خۆی پێنەگیرا و ئەویش کەوتە شانە و شان و بە سوکانی ئۆتۆمبێلەکە چەپڵەلێدان ، ئافرەتەکە شەرمی لێبڕا و کەوتە وتنی قسەی شەرمەزارکەر و هەڵیت و پەڵیت، شۆفێرەکەش قسە قۆڕەکانی بۆ دەسەندەوە و قاقا پێکەوە پێدەکەنین، پاش کەمێك ئافرەتەکە دەستی بۆ سەر شانی شۆفێرەکە درێژ کرد و باسکی لە گەردنی ئالاند، لێتی ناشارمەوە لە ڕێگە چەند جارێك لاماندا و ئەوەی بۆ مرۆڤ شەرمەزارکەر بێت و خودا پێی ناخۆش بێت شۆفێرەکە لەگەڵ ئەو ئافرەتە ئەنجامی دا، "مۆرا" ش دەچووە ژوورسەریان و قاقا پێدەکەنی و فەرمانی بە منیش دەکرد بۆئەوەی لە پاڵیان بوەستم و تەماشایان بکەم، من هیچ چارێکم نەبوو جگە لە سەرداخستن و شەرمەزاری و ڕیسوایی...

کابرای شۆفێر داوای لە من دەکرد بەو کارە خراپە هەڵبستم، بەڵام بە گوێم نەکرد، ئافرەتەکە شەیتان چووبووە بندەستی و دانەدەمرکایەوە، قسە و ڕەفتارەکانی لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا قەڵای باوەڕ و ئەخلاقی دەڕووخاند، گەیشتینە بەرەوە و ئافرەتەکە دەیویست لەگەڵ من بێت بۆ میوانخانەیەك، هەرچۆنێ بوو خۆم لێدزییەوە و ڕزگارم بوو لە دەستی، ویستم ڕوو لە ئوتێلێکی هەرزان بکەم، بەڵام "مۆرا" فەرمانی کرد دەبێ بچین بۆ میوانخانەیەکی زۆر تایبەت و گران، بەڵێ تەکسییەکم گرت و داوام لێ کرد بمبات بۆ گرانترین ئوتێل، ئەویش لەبەردەم ئوتێل "ئاڤرست" دا دایبەزاندین و وتی: لەم شارەدا لەمە بالاتر وگرانتری تێدا نییە، ژوورێکم لە نهۆمی سێیەم گرت و چووم سەرەوە، "مۆرا" م لەگەڵ بوو، لە ژوورەکەدا وتم بە "مۆرا" + (ئەو ئافرەتە بێشەرمە چی بوو ئەمڕۆ بەرۆکی ئێمەی گرتبوو؟!)

"مۆرا" بزەیەك گرتی و وتی – (ئەویش لە خۆمانە)

وتم + (لەخۆمانە مانای چییە؟! تۆ بۆت ڕێکخست بوو تاکو لەگەڵ ئێمە بێت بۆ ئەم شارە؟!)

– (بەڵێ، بەڵام ئەو بەخۆی نەدەزانی، ئێمەبووین گومانمان لە مێردەکەی لە دڵ و دەروونیدا ڕووانـد و خێزانەکەیمان کرد بە ئاژاوە و لەگەڵ مێردەکەی بەشەڕ هاتن و لە ماڵەوە هێنامانە دەرەوە، من بووم هانم دەدا بۆ تۆڵە سەندنەوە لە مێردەکەی بەو کارەی ئەمڕۆی هەڵبستێت)

+ (تۆ چ قازانجێك لەو کارە خراپانە دەکەیت؟!)

– (لە بیرت چۆتەوە من جننیم و لە بەرەی شەیتانم، من فەرمانم پێکراوە بەو کارانە هەڵبستم!)

+(ئێستا ئێمە لەم ئوتێلەدا چی بکەین؟!)

– (با شەو بێت پێتدەڵێم چی بکەی)

+ (شەو چی ڕوودەدا؟!)

– (نهۆمی ژێر زەمینی ئەم فندقە جێگەی ئاهەنگ و خواردنەوە و ڕابواردنە، ئێمەش دەچین وەك ئەو خەڵکە ڕادەبوێرین)

+ (بەڵام من هەرگیز ئەو کارانەم نەکردووە و سەریشم نەبردۆتە ئەو جۆرە جێگانە!)

+ (لێرە بەدواوە تۆ دەبێت کەیفی خۆت بکەیت، تۆ ڕابوێرە و پارەش لەسەر من)

شەو هات و "مۆرا" وتی – (هەستە با بچین)

من تەنها کۆیلەیەکی زنجیرکراو بووم، خۆم دایە دەستی "مۆرا" و ڕۆیشتین بۆ نهۆمی ژێر زەمینی، بینیم ئاهەنگ و گۆرانی و سەمایە، سەقفی ئەو جێگەیە بە دوکەڵ تەنراوە و ڕوناکییەکی کزی ڕەنگاوڕەنگ شوێنەکەی ڕۆشن کردۆتەوە، ڕووم لە مێزێکی بەتاڵ کرد و لێی دانیشتم و بە سەرسامییەوە کەوتمە سەرنجدانی دەوروبەرم، ئەوەی لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بینی بووم زۆر کەمتر بوو لەو تابلۆ و دیمەنانەی لەو

جێگەدا بە زیندوویی نمایش دەکران، ئافرەتێکی نیوەڕووت هات و وتی (دەتوانم لەگەڵت دابنیشم)

من حەپەسام و بەرلەوەی "بەڵێ" یان "نەخێر" بکەم لێی دانیشت و جگەرەیەکی پێکرد و لاقە ڕووتەکانی نایە سەر یەکتر و کەوتە پرسیار و نازونووک کردن، بیرم دەکردەوە من بۆ گەیشتوومەتە ئەم جێگەیە، دەتوت خەون دەبینم، لە خۆم دەپرسی "باشە ئەمڕۆ لە تەکسییەکەدا من خۆم لەو ئافرەتە پاراست کەچی ئێستا خەریکم لەگەڵ ئافرەتێکی تردا دەست تێکەڵ دەکەم، وێنەی کارە شەرمەزارکەرەکەی شۆفێری تەکسییەکە و ئافرەتەکەم دەهاتەوە پێش چاو، هەموو گیانم پڕ بوو لە ئارەزوو، چاوم بڕیبووە لاقە ڕووتەکانی ئافرەتەکە و ئەویش زۆرتر و زیاتر شوێنە پیاو بزوێن و هروژێنەرەکانی دەردەخست، دواتر شاگردێك هات و پرسی (چیتان بۆ بانگ بکەم؟)، لە ڕاستیدا من نەمدەزانی چی داوا بکەم، "مۆرا" وتی: " بڵێ هەرچی زۆر زۆر گرانە بۆمان بهێنە، لە خزمەتکردنمان مەوەستە"، منیش بە شاگردەکەم وت و ئەویش بە هەندێ سەرسوڕمانەوە ڕۆیشت و دواتر گەڕایەوە و مێزێکی لە خواردنەوەی هەمە چەشن بۆ ڕازاندینەوە، ئافرەتەکە وایدەزانی کەسێکی زۆر دەوڵەمەند و چەوری دەستکەوتووە، کەوتە پرسیار کردن دەربارەی کار و فەرمان و کومپانیاکانم، "مۆرا" دەیوت: " درۆی بۆ بکە با دڵخۆش ببێت"، منیش کەوتمە فشە و فیشاڵ و لە ئافرەتی سۆزانی خۆم کرد بە کەسایەتییەکی زۆر مەزن، من فێری خواردنەوە نەبووم، بەڵام " مۆرا " فەرمانی پێکردم بخۆمەوە، منیش چارم نەبوو دەستم بەخواردنەوە کرد و ئەوەندەم خواردەوە تا بە تەواوی ئاگام لە خۆم بڕا، بەیانی کە بە ئاگا هاتم لە ژوورەکەی خۆمدا بووم، نەمزانی چۆن منیان گەیاندۆتەوە ناو ژووری ئوتێلەکە کە لە قاتی سێ بوو، سەیرێکی خۆمم کرد بانتۆڵ و شۆرتەکەم لە بەر داکەنرا بوو، چاوێکم بە دەوروبەرمدا گێڕا "مۆرا" دیار نەبوو، تەماشای پارەی ناو گیرفانەکەم کرد، تەنها کەمێکی زۆر کەم پارەی تێدا مابوو، دیاربوو ئافرەتەکەی ئەو شەوە پارەکەی لە گیرفانم دەرهێنابوو، هەستام بە پەلە خۆم پێچایەوە و بۆ شارەکەی خۆم گەڕامەوە..

خێزانەکەمان زۆر پەرێشانی ونبوونی من بووبوون، کە گەڕامەوە دایك و بابم تەرزەکوتێکی باشیان کردم و پرسییان (لە کوێ بووی؟!)

وتم (له مانّی برادەرێکم)، من وام لێهات بوو سڵم له درۆکردن نەدەکردەوە. چۆنم بۆ بگونجابایە بەو شێوەیە درۆم دروست دەکرد، سەرکەوتم بۆ ژوورەکەی خۆم و یەکسەر چوومە سەر سکە زێڕینەکانم و بینیم دەستی لێ نەدراوە و لە جێگەی خۆی ماوە. بەڵام "مۆرا" لەوێ نەبوو، من زۆر ماندووبووم، چەند کاتژمێرێك لێی خەوتم کە بەئاگا هاتم "مۆرا" گەڕابوویەوە، پرسیم + (تۆ چیت لێهات ؟! ئەو پەندە چی بوو بە منت دا؟)

مۆرا – (من کاری ترم هەبوو، دەبوا لەو شارە جێبەجێم بکردبایە)

+ (ئەو ئافرەتە داوێن پیسە هەموو پارەکەی دزیم و لێیدا و پۆیشت)

– (خەمی پارەت نەبێ، ئەویش ئەوەندەی دەکەوێت، هەژارە، بێ کەسە!)

من دەمزانی بەزەیی لە "مۆرا" ناوەشێتەوە، بۆیە وتم + (ناشێ ئەویش سەر بە ئێوە بێت؟!)

– (لە ژێر دەسەلاّتی ئێمەدایە و کار بۆ ئێمە دەکات)

+ (ئێوە ئەم گشتە ئەندام و دۆست و لایەنگرەتان لە کوێ بوو؟! چۆن توانیوتانە دەسەلاّت بەسەریاندا پەیدا بکەن؟!)

– (چۆن تۆمان ڕام کردووە ئەوانیش بەو شێوەیە، هەریەکە و بە ڕێگایەك، بەڕاست، ئەو شەوە چۆن شەوێك بوو؟ بە دڵت بوو؟ هەزار شەوی تری پڕ لە کەیف و سەما و خواردنەوەت بۆ ساز دەکەم!)

+ (شەوێکی خۆش بوو، بەڵام هەست بە گوناە دەکەم)

– (گوناە؟! تۆ دەبێت وشەی "گوناە" لەبیری خۆت ببەیتەوە، کەیف بکە، بخۆرەوە، ڕابوێرە، ئەوانەی هەستی گوناهیان لە لایە لەم ژیانەدا مرۆڤی شکست خواردوون، خۆت لەو هەستە خاڵی بکەرەوە و سەرکەوتن لە ژیاندا بەدەست بهێنە)

+ (باشە من سەرم لە پرسیارێك دەرناچێت: ئەو شەوە هاتن بۆ داوای خوشکەکەم کاتێك ئەو کچە هەژارە لەمن وردەبوویەوە زۆرت پێناخۆش بوو، دەتوت هەستە و با بچینەوە بۆ ژوورەکەی خۆمان، کەچی دوێنێ شەو ئەو ئافرەتە سۆزانییەت هێنا و لەگەڵ من خەواندت؟!)

– (ئەو کچە دەیویست لە داهاتوودا تۆ بچیتە داوای و مێردت پێ بکات، ئەو نەیدەویست بەو ڕێگەیەی ئێمە دەمانەوێت بە تۆ بگات، ئەو کارەش من هەرگیز ڕێگەی پێ نادەم، بڕۆ کەیف بکە و ڕابوێرە، بەڵام نابێت ژن بهێنی)

+ (ئێستا تێگەیشتم کە تۆ هەرچی ڕێگەی خێر و چاکەیە لە منت بەستووە و بەرە و ڕێگایەکم دەبەی پڕە لە گوناهو تاوان)

– (پێم وتیت وشەی "گوناه" لە بیری خۆت ببەرەوە، هەتا گوێڕایەڵم بیت بەختەوەری، هەرکە دەستت کرد بە لادان لە فەرمانەکانم ژیانت لێ دەگۆڕم بە دۆزەخ، سبەی بچۆ خواردنەوە بهێنە با لەم ژوورەدا بخۆینەوە)

+ (خودا نەناس، دایك و بابم لە خوارەوە نوێژ دەکەن و شەوان لەسەر بەرمالّن، خوشکەکانم قورئان دەخوێنن، چۆن دەبێ لێرە ئارەق بخۆینەوە!)

– (ئەوە فەرمانە و ناتوانی لێی لابدەی)

من هیچم پێ نەوترا، چونکە دەسەلاّتێکم لە بەردەمیدا شك نەدەبرد پەنای بۆ ببەم، بۆیە بە تەواوی کەوتبوومە ژێر ڕکێفی فەرمانەکانییەوە، بەڵێ سەرت نەئێشێنم شەیتانەکەم ئالوودەی مەی خواردنەوەی کردم، لە ماوەیەکی کەمدا هەموو سکە زێڕینەکانی بە سەفەر و ڕابواردن و خواردنەوە پێ بەفیڕۆدام، بابم ئاتاجی دینارێك بوو کەچی نەیدەهێلاّ لایەکیان لێ بکەمەوە، زۆر کەم دەهاتمەوە بۆ مالّی خۆمان، خێزانەکەم دەستیان لێشۆری بووم، هەر هەفتە و لە شارێك و لە فندقێکی چەند ئەستێرە کەیفم دەکرد و تەمەنم بە فیڕۆ دەدا..

کار بە کەیف و ڕابواردنەوە نەوەستا، ڕۆژێ لە یەکێك لە ئوتێلەکاندا لەگەڵ پیاوێکی تەمەن نزیك سی سالاّن کەوتمە گفتوگۆ، دیاربوو ئەویش عەودالّی کەیف و خۆشی بوو، کەسەکە ناوی "سەنگەر" بوو، چەند شەو و ڕۆژێك لەو میوانخانەیە پێکەوە بووین، پێکەوە دەردەچووین و پیاسەمان دەکرد، دەمانخوارد و دەمانخواردەوە، بۆ نوستن و کەیف و ڕابواردن دەهاتینەوە بۆ ئوتێلەکە، ئەو ڕۆژانە زۆر زوو تێپەڕین! نازانم بۆ زەمەنی گوناهکردن ئەوەندە بە تامە و ئەوەندەش زوو بەسەر مرۆڤدا گوزەر دەکات؟! برادەرەکەم سەیارەی خۆی هەبوو، شەوێك لە

ژوورەکەی ئەو دوو بە دوو دانیشتبووین، باسی پارە و دەوڵەمەندیمان دەکرد. هاتە قسە کردن و وتی – (دەڵێی چی پێکەوە کاسبییەك بکەین و پارە پەیدا بکەین؟)

وتم + (چ کاسبییەك؟!)

– (کاسبییەك ماندوبوونی تێدا نەبێ و پارەی مۆڵ بێتە ناو دەستمان)

+ (ئەوە چ کاسبییەکە کەس پێی نەزانیوە؟! پارەی مۆڵی بێ ماندووبوون!)

– (مەواد فرۆشتن)

+ (مەواد چی یە؟!)

– (مەوادی بێهۆشکەر)

+ (مەبەستت تلیاکە؟!)

– (بەڵێ)

من خەریك بوو لە برادەرەکەم تووڕە ببم و هەستم ژوورەکەی بەجێبهێڵم، کەچی "مـۆرا" فـەرمانی دا بـە کردنـی ئـەو کـارە و نـەیهێڵاڵ بچـمە دەرەوە، پـاش کـەمێك لـە بێدەنگی وتی – (ها، دەڵێی چی؟)

+ (وەلاڵ... چی بڵێم! جا ناگیرێین؟!)

– (بۆ دەگیرێین؟! ئێمە کارەکە بە خـەڵکانی تر ئـەنجام دەدەیـن، خۆمـان تـەنها لـە دوورەوە چاودێرییان دەکەین)

+ (باشە، بەلاّم لە کوێوە دەست پێ بکەین؟)

– (تۆ پارە بهێنە و مامەڵە لەسەر من)

منـیش سـکە زێڕینـەکانم کردبـوو بـە پـارە، بەشـێکی زۆری پارەکـەم هێنـا و دامـە دەستی برادەرەکەم، لە ڕاستیدا هەموو ئەو کارانە بە فەرمانی "مۆرا" بوو، ئەگینا کەی مرۆڤـی ئاقـڵ پـارەی خـۆی دەنێتـە مسـتی بابەیـەکی نەناسـراوی بـێ ویـژدان؟! "سەنگەر"ی برادەرم چەند کەسێکی تری لە دەرەوەی ئوتێلەکە دەبینی کە وەك پیاوی ئەو وابوون، کاتێ ئەو بۆ قسەکردن لەگەڵیان دادەبەزی من لە ناو سەیارەکەوە سەرنجم دەدان، لێم پرسی + (ئەمانە کێن؟!)

وتی – (ئەو کەسانەن مامەڵەکەمان بۆ ئەنجام دەدەن)

+ (چۆن دڵنیابین لەوەی پارەکەمان ناخۆن؟)

– (خەمی ئەوەت نەبێت، ئەوانە لەژێر کۆنترۆڵی خۆمدان، ناتوانن دەگگەم لێ بدەن)

+ ("سەنگەر" من تاقەتی گۆبەند و پۆلیس و ئاسایشم نییە، ها، دوایی نەڵێی..)

– (ئەوەندە ترسنۆک مەبە، هەر شتێك ڕووبدات خۆمان هەڵدێین و ئەوانە دەگیرێن، ئەوپەڕی پارەکەمان تیا دەچێت، ئەو کاتە تەنها تۆ زەرەر ناکەیت، هەردووکمان لە زەرەردا شەریکین)

+ (یانی بۆی هەیە پارەکەمان تیا بچێت؟!)

– (هیچ مامەڵەیەك سەد لە سەد سەرکەوتوو نابێت، ئەم ڕێگەیەش زەرەر و قازانجی تێدایە، ئێمە بە زەرەرێك نابێت کۆڵ بدەین)

پاش دوو ڕۆژ لەو یەکتر بینینە ئێوارەیەك لە ئوتێلەکە یەکێك لە نەفەرەکان هات بۆ لای "سەنگەر"، هەندێ چپەیان پێکەوە کرد و دواتر منیان بانگ کرد، هەر سێکمان سواری ئۆتۆمبێلەکەی "سەنگەر" بووین، بەرە و دەرەوەی شار بەڕێکەوتین، زۆر لەشار دوور کەوتینەوە، من دەترسام، بەڵام "مۆرا" دڵنیای کردمەوە کە نەترسم، چەندجار پرسیارم کرد لە "سەنگەر" بۆ کوێ دەچین؟ ئەو لە وەڵامدا دەیوت: "با بگەینە بەرەوە پێت دەڵێم"، بە دەشتێکی چۆڵدا گوزەرمان کرد، گەیشتینە پاڵ چەند گردۆڵکەیەك و لە پەنای یەکێك لەو گردانەدا سەیارەیەك و دوو نەفەری تر وەستا بوون، ئێمە بۆ لایان دابەزین و "سەنگەر" وتی (ئەو هەتیوە خائینە لە کوێ یە؟)

وتیان (دەممان بەستووە و لە سندوقی سەیارەکەدایە)

سەنگەر (بیهێننە دەرەوە و دەمی بکەنەوە)

ئەوانیش هێنایانە دەرەوە، کەسەکە گەنجێکی بیست ساڵان بوو، قۆڵی بەسترابوو، لەزگەیەکیان لە دەمی دابوو، "سەنگەر" لێی پرسی (پارەکەت تەسلیم بە دەستی کێ کرد؟!)

گەنجەکەش دەگریا و دەپارایەوە و دەیوت (بەخودا هەر ئەو کەسە بوو کە ئێوە ناونیشانەکەتان پێدام بۆ ئەوەی پارەکەی تەسلیم بکەم)

سەنگەر وتی (درۆ دەکەیت بە کەسێکی ترت داوە و لەگەڵی ڕێکەوتووی، ئێستا یانِ ناویمان پێ دەڵێیت یان چەند گوللەیەك بە قوربانت دەکەم)

گەنجەکە ڕاستی دەکرد، ئەو پارەکەی بەو کەسە دابوو کە ئەوان دەیان ویست، زۆر هەوڵمدا "سەنگەر" هێور بکەمەوە، بەڵام گەرمتر و تووڕەتر دەبوو، ئەو کەسەی پارەکەی درابوویە دەست لە پێڕەکەی "سەنگەر" خۆی بوو، دیار بوو گەنجەکە فریودرا بوو، هەموو ئەو کارانە سیناریۆی "سەنگەر" بوو، بۆیە ئەو بەستەزمانە نەیدەزانی چی بڵێ، لەبەرچاوی منداا "سەنگەر" فەرمانی بە یەکێکیان کرد تەقەی لێ بکات، من خۆم دا بەسەر گەنجەکەدا و وتم: بەرلە کوشتنی ئەم گەنجە دەبێ من بکوژن، پارەکە پارەی منە و من لێی خۆش دەبم، دووانیان پەلی منیان گرت و بەزۆر دووریان خستمەوە، گەنجەکەیان لە ژێر دەستم دەرهێنا و چەند گوللەیەکیان دا لە تەپڵی سەری، هەر لەو جێگەدا چاڵێکیان بۆ هەڵکەند و شاردیانەوە، من حەپەسابووم، هیچم پێ نەدەوترا، دەترسام منیش بکوژن، ئاواتم بوو بگەمەوە ئوتێلەکە و خۆم لەو کابرا دڕندەیە قوتار بکەم، گەڕاینەوە و "سەنگەر" وتی (ئەو هەتیوە پیسە پارەکەی تیابردین، شایەنی کوشتن بوو، لە داخی تیاچوونی پارەکەی تۆ کوشتم، ئەگینا هەرگیز دەستم نەچۆتە خوێنی کەس)

من دەمزانی تەواوی ئەو کارە سیناریۆیەکە "سەنگەر" ڕێکی خستووە و قوربانیی ئەو سیناریۆیەش پارەکەی من و گیانی ئەو گەنجە هەژارە فریودراوە بوو، من لە ئوتێلەکە پێم وت + (پارەکەی خۆمم دەوێتەوە، ئەگینا پۆلیستان لێ ئاگادار دەکەمەوە)

سەنگەر وتی – (ناوی پۆلیس مەهێنە، چونکە تۆش مامەڵەت بە تلیاك کردووە، لە بیرت چووە من و تۆ شەریکین؟!)

ویستم هەندێك غیرەت بنوێنم و وانیشان بدەم کەسێکی بەهێز و دەست ڕۆیشتووم، بۆیە لە وەڵامیدا وتم + (من ترسم لە پۆلیس نییە)

– (وەعدی شەرەف بێت لە هەفتەیەکدا پارەکەت بۆ پەیدا دەەکەمەوە، تۆ ئێستا بڕێك پارەی تر بهێنە، چونکە مەوادەکە هاتووە و چاوەڕوانی پارەی ئێمەن)

+ (جگە لەو بڕە پارەیە هیچ پارەیەکی ترم نییە)

– (بەڵام تۆ کەسێکی دەوڵەمەندی، خەڵکی متمانەت پێ دەکەن، دەتوانی لە کەسێکی وەربگری، باوەڕم پێ بکە لە کەمترین ماوەدا بۆتی دەگێڕمەوە)

ئەوەندە فشە و فیشاڵم لای "سەنگەر" کرد بوو منی بە کەسێکی زۆر دەوڵەمەند دەزانی، بەڵام بە دەوڵەمەندێکی تازەپیاکەوتووی کەم تەجروبە و گێڵی تەماشا دەکردم، ئەو دەیویست بۆ جاری دووەم بڕێکی تر پارەم لێوەربگرێ ئەوجا وەکو ئەو گەنجە هەژارە سەرم بنێتە چاڵ و نهێنی پارەکە و کوشتنی گەنجەکە بشارێتەوە، پاش کەمێك لە بێدەنگی هەڵمدایە و وتم + (ناتوانم قەرز بکەم)

– (بەڵام ئەوانە وەجبەیەکیان هێناوە، ئەگەر نەچین بە دەمییانەوە و مامەڵەکە نەکەین ڕووبەڕووی مەترسی دەبینەوە)

+ (چ مەترسییەك؟!)

– (چۆن چ مەترسییەك؟ ئەوانە سەدان کیلۆمەتریان بڕیوە تا ئەم وەجبەیان گەیاندۆتە ئێرە، ئێستا بڵێین نامانەوێت ژیانمان دەکەوێتە بەرمەترسی پیاوەکانی ئەوانەوە، ئەوان زۆر بەدەسەلاتن، باندی مافیان، بەرپرسی گەورەیان لەگەڵە)

من دەمزانی هەموو ئەو قسانەی "سەنگەر " بۆ ترساندنی منە و هیچ مەترسییەك جگە لە مەترسی "سەنگەر" خۆی لەگۆڕێدا نییە، دەمزانی گەر سووربم لەسەر ئەو قسەیەی "پارەم نییە و ناتوانم پارەتان بۆ پەیدا بکەم " سەنگەر بەڵایەکم بەسەردادەهێنێت، بەڵام دوای ئەوەی بیهیوا دەبێت لە دەستکەوتنی بڕێکی تر پارە لە منەوە، بۆیە وەستم بە فێڵێك خۆم قوتار بکەم، وتم + (باشە، بڕێکی ترت بۆ پەیدا دەکەم، بەڵام لە ماوەی یەك هەفتەدا دەبێت هەموو پارەکەم بۆ بگێڕیتەوە، من پەیوەندیم بەو کار و بازرگانییەوە نییە کە تۆ پێیەوە خەریکی)

"سەنگەر" شاگەشکە بوو، سنگی هێنایە پێشەوە و وتی –(بەڵێن بێت لە یەک هەفتەدا بۆتی بگێڕمەوە، بەڕاستی تۆ زۆر پیاوی! بەڵام کەی بۆمان پەیدا دەکەیت؟)

وتم + (دەبێ یەک دوو ڕۆژ مۆڵەتم بدەن، تاکو بۆتان قەرز بکەم)

(لە کوێ بۆمان قەرز دەکەیت؟)

+ (لێرە برادەرێکم هەیە دەچمە لای، داوای لێدەکەم بۆم جۆر بکات، ئەو متمانەی بە منە، منیش پیاوەتیم بۆی هەبووە)

– (منیش لەگەڵت دێم)

+ (تۆ بۆ دێیت؟!)

– (ئەی نابێت بە ئۆتۆمبێلەکە بتگەیەنم!)

+ (پێویست ناکات، تەکسییەک دەگرم)

– (کەیفی خۆتە، بەڵام خۆ سەیارەکە هەیە، بۆ تەکسی دەگریت؟!)

+ (من حەزناکەم ئەو برادەرەم دوور و نزیک لەگەڵ ئێوە بمبینێت)

– (باشە، تەنها نزیکت دەکەمەوە)

+ (نازانم تۆ بۆ ئەوەندە لەسەر گەیاندنی من سووریت؟!)

– (باشە کاکە، بۆخۆت بڕۆ، من تەنها پێم خۆش بوو بتگەیەنم)

+ (زۆر سوپاس، پێویست ناکات، من ئێستا دەچم بۆ ژوورەکەی خۆم و هەندێک دەنووم، سبەینێ تەگبیری دەکەین)

– (منیش بە سەیارەکە پیاسەیەکی دەرەوە دەکەم و زوو دەگەڕێمەوە)

من دەمزانی "سەنگەر" دەچێت بۆ لای باندەکەی، ئامادەیان دەکات و دەیانهێنێت بۆ چاودێری کردنی من، تاکو لە چنگیان قوتارم نەبێت، من هەستام و بەرەو ئاسانسوارەکە چووم، ئەویش لە ئوتێلەکە بە پەلە چووە دەرەوە، چوومە ناو ئاسانسوارەکە و پاش کەمێک چاوەڕوانی دابەزیمەوە تاکو بزانم "سەنگەر" بە سەیارەکەی ڕۆیشتووە یان نە، ئاگام لێبوو سەیارەکەی خستە ئیش و بە پەلە لە

مەیدانی ئۆتۆمبێلەکانی ئوتێلەکە ڕۆیشتە دەرەوە، منیش چووم بۆ ژوورەکەی خۆم، جانتاکەم کۆکردەوە و هاتمە خوارەوە، کلیلی ژوورەکەم گێڕایەوە بۆ پرسگەی ئوتێلەکە، پارەی چەند شەوێکم لەلا بوو پێمدان و بە پەلە لە فندقەکە چوومە دەرەوە، تەکسییەکم بۆ گەراج گرت و لەوێشەوە سواری سەیارەیەکی تایبەت بووم و بۆ شارەکەی خۆم گەڕامەوە..

من لەگەڵ "سەنگەر" تێوەتلا بووم، هاوەڵی کوشتنی ئەو گەنجە هەژارە بووم، پێکەوە دەمان ویست بازرگانی بە تلیاك بکەین، بۆیە نەمدەتوانی لای پۆلیس و ئاسایش شکاتی لێ بکەم، چونکە هەرچییەکم بوتبایە دەیوت: "ئەویشم لەگەڵە"، دڵنیابووم تەمەنی درێژی من دوو سێ ڕۆژی مابوو، چونکە باندەکەی "سەنگەر" دەیانکوشتم و تاوانەکانی خۆیانیان پێ دەشاردەوە، بیرم کردەوە لەوانەیە ناونیشانم بدۆزنەوە و دەستبەردارم نەبن و شوێنپێم هەڵبگرن، بۆیە مااڵی بابم لەو گەڕەکە گوێزایەوە و چووین بۆ گەڕەکێك تیایدا کەس نەمان ناسێت، بە خێزانەکەشم وت بۆماوەیەك تێکەڵ بە کەس نەبن و ناونیشانی خۆیان لای کەس باس نەکەن، ئەوان لەو کارانەی من سەریان سوڕدەما، بەاڵم ئەوەندە لەوان دوور کەوتبوومەوە و گۆڕانم بەسەردا هاتبوو توانای پرسیار و گفتوگۆیان لەگەڵم نەمابوو، تەنها پرسیان (بۆچی بۆ گەڕەکێکی تر بگوێزینەوە؟!)

وتم + (خانوویەکی باشترم بۆ گرتوون)

لەڕاستیدا خانووەکە هیچی لەوەی پێشوو زیاتر نەبوو، تەنها گەڕەکەکەی تۆزێك کەنار و بێدەنگتر بوو..

بەدرێژایی ئەو ماوەیە "مۆرا" خۆی ون کرد بوو، دیاربوو منی دابوویە دەست شەیتانێکی لە خۆی خراپتر کە "سەنگەر" بوو، بۆیە پێویستی بە تەگبیر و پیلانەکانی خۆی نەدەکرد..

دزی

ماوەیەك بوو "مۆرا"م نەبینی بوو، لە گەڕەکە نوێیەکەش بەدەر نەدەکەوت، دڵم خۆش بوو لە بیری خۆمدا دەموت: بەڵکو ئەم ماڵە نوێیەمان نەدۆزێتەوە و لەدەستی ڕزگارم بوو بێت، شەوێك لە ژوورەکەی خۆم لەسەر پشت پاڵ کەوتبووم، بیرم لەو گشتە ڕووداوانە دەکردەوە بەسەرمدا لەو ماوەیەدا گوزەری کرد، بە جێڕەی دەرگاکە هۆشم هاتەوە بۆ ناو ژوورەکە، دەرگاکە کرایەوە و بینیم "مۆرا" یە، لە جێگەکەم ڕاستبوومەوە و وتم + (چۆن ئێرەت دۆزییەوە؟!)

مۆرا –(دیارە هێشتا ئێمەت نەناسیوە، نازانی هێز و دەسەلاتی ئێمە لە چ ئاستێکدایە؟!)

+ ("مۆرا" من بە تەواوی بێزارم لە دەستت، تۆ ئەو هەمووە مرۆڤە ناپاکانە چییە لە منی نزیك دەکەیتەوە؟!)

– (دیارە خۆت زۆر بە پاك ڕادەگری؟! تۆش هەروەکو ئەوان وای، بۆ دەتەوێ کێت لێ نزیك بکەمەوە؟! پیاوانی "پیر خدر"؟! فریشتەی ئاسمان؟!)

لە دڵی خۆمدا: "ئای پیاوانی "پیر خدر" ئێوە لە کوێن؟! بۆ نایەن بەڵێنەکەی داپیرەم بۆ بەدی بهێنن، وەرن خۆتانم پێ بناسێنن، وەرن لە دەستی ئەم شەیتانە چەپەڵە قوتارم بکەن" پاشان دەنگم هەڵبڕی و وتم + (تۆ ڕاست دەکەیت منیش شەیتانێکم وەکو ئێوە و ئەوانەی بوومەتە هاوڕەمیان)

– (بیر لەو شتانە مەکەرەوە، تۆ کەیف بکە و ژیانی خۆت پڕ بکە لە خۆشی، ئەو بیرکردنەوانە ژیانت لێ دەکات بە دۆزەخ، هەستکردن بە گوناە لە بیری خۆت ببەرەوە، هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە دەستم لەسەرت دەربکە)

+ (بەچی کەیف و خۆشی بکەم ؟ هەرچی پارەم هەبوو ئەو مرۆڤە پیاوکوژە لەدەستی دەرهێنام)

(خەمی پارەت نەبێت، تەگبیرت بۆ دەکەم چۆن پارە پەیدا بکەی)

+ (چ تەگبیرێك؟!)

– (سبەی بۆت باس دەکەم، ئێستا لە ئامێزم بگرە و تاسەی دووری ئەم ماوەیەم دابمرکێنەوە)

لە باوەشگرتنی ئەم جارەی "مۆرا" لەگەڵ جارەکانی تر جیاوازی هەبوو، پارچە ئاگرێك بوو لە جەستەم بەربوو، دەیویست وەك پڵۆپووش هەڵملوشێ و بمسوتێنێت، حەز و تاسەی منیش بێ سنوور بوو، هەموو جەستەم لە ئارەق هەڵژەنرا، دوای ئەو "ئاوێزان" بوونە لە ناخ و بیرمدا هەستم بە گۆڕانێك دەکرد، گیانی هەستکردنم بە گوناە زۆر کەم بووبوویەوە، بەزەیی و ویژدان لە ناخمدا وەکو پشکۆیەك خۆڵەمێشی لێنیشت بوو..

سبەینێ لێم پرسی + (تەگبیرەکەت چییە بۆم باس بکە؟)

مۆرا: (ماڵێکت پێ نیشان دەدەم، پارە و زێڕێکی باشیان لە ماڵەوە داناوە، خۆیان ئەم شەو بە سەردان دەردەچن، شەو لەگەڵت دێم و شوێنەکەت پێ نیشان دەدەم)

+ (یانی بچم ئەو پارە و زێڕانە بدزم؟! شتی واناکەم، مەبەستم ئەوەیە بڵێم شتی وا بە من ناکرێت)

– (ئەو قسانە بۆ من مەکە، من فەرمانت پێ دەکەم)

+ (ناتوانم، نایکەم)

– (ئەگەر ئەو کارە ئەنجام نەدەیت ئەوا "سەنگەر" و باندەکەی دێنم بۆ گیانت)

کە ئەوەی وت ترس دایگرتم، ماوەیەك بێدەنگ بووم، بیرم لەو سەرئەنجامە شوومە دەکردەوە گەر "سەنگەر" و باندەکەی بمدۆزنەوە، "مۆرا" زمانی خۆی گۆڕی و وتی –

ئاخر من نامەوێت تۆ بێ پارە بیت، دوور بیت لە کەیف و خۆشی، من حەز دەکەم تۆ هەمیشە ڕابوێری، لە کەیف و ڕابواردنی تۆ من چێژ وەردەگرم)

+ (جا کەس پێم نازانێت؟!)

– (هیچ کەس، خەمت نەبێت)

نزیك بانگی عیشا "مۆرا" وتی– (با بڕۆین، تا ئێمە دەگەینە لای ماڵیان ئەوان لە ماڵەوە دەردەچن)

پاش گرتنی تەکسییەك و نزیکی دە خولەك بە پێ ڕۆیشتن گەیشتینە بەردەم خانوویەکی گەورە و وتی: "بەو دیوارەدا سەرکەوە"، منیش سەرکەوتم و چوومە حەوشەکەیان کە تاردەیەك تاریك بوو، "مۆرا" وتی: "لە حەوشەی دواوەی خانووەکەیان پەنجەرەیەك کراوەیە، بڕۆ و لەوێوە وەرە ژوورەوە"، خۆی لە چاوتروکانێکدا بەرەو دەرگای ماڵەکەیان ڕۆیشت و لەبەرچاوم بزر بوو، منیش لە حەوشەی دواوە و لە پەنجەرە کراوەکەوە چوومە ژوورەوە، "مۆرا" م لە ژوورەوە بینی، ئەو بۆ شوێنی پارە و زێڕەکە ڕێنموونی کردم، منیش بە پەلە تاڵانم کرد و هاتمە دەرەوە، دوور لەو جێگەیە تەکسییەکم گرت و بە پەلە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە...

"مۆرا" وتی – (یەکەمجار پارەکە خەرج بکە، لە گۆڕینەوەی زێڕەکە بە پارە پەلە مەکە)، منیش بە عادەتی جارانم کەوتمە سەفەر کردن و ڕابواردن، بەڵام ئەم جارەیان خۆم لە شارەکەی "سەنگەر" دەبوارد نەبادا بمبینێتەوە و دیسانەوە گیرۆدەم بکات، سەفەرێکی "بەغدا"م کرد و لە فندق "ق" چەند شەوێك مامەوە و دەستم بە کەیف و ڕابواردن کرد، شاگردێکی فندقەکە گەنجێکی بیست ساڵان بوو، ناوی "حازم" بوو، خۆی لە من نزیك کردەوە، ئەو وەك برادەرێك ڕەفتاری لەگەڵ منداد دەکرد، دەیزانی پارەی باشم پێیە و بۆ کەیف کردن هاتووم، ڕۆژێك وتی – (من لای پوورم دەژیم، ئەو دوو کچی زۆر جوانی هەیە، بۆ نایەیت ئەم شەو میوانی ئێمە بیت؟!)

وتم + (جا کێ دەڵێ ئەو خێزانە بە چوونی من خۆش حاڵ دەبن؟!)

(پرسم بە پوورم کردووە، ئەو زۆر خۆشحاڵە، پوورم مێردی نییە، تەنها خۆی و ئەو دوو کچەن، منیش لەگەڵیان دەژیم)

+ (باشە دەچین، بەلآم شەو بۆ نوستن دێینەوە بۆ فندقەکە)

(زۆرباشە، هەرچۆنت پێخۆش بێت)

مەغریب "حازم "ی برادەرم هات و وتی – (پووڕم تەلەفونی بۆ کردم، دەیوت: لەگەڵ خۆتان کەبابمان بۆ بهێنن)

لە چێشتخانەی فندقەکە و لەسەر حیسابی من پێنج نەفەر کەباب و تەرتیباتمان کڕی و فندقەکەمان بەجێهێلاً و ڕۆیشتین بۆ مالّی پووری "حازم"، مالّەکەیان لە گەڕەکێکی هەژاردا بوو، پووری هات بە دەممانەوە، ئەو ئافرەتێکی قەڵەوی پۆشتە بوو، لەچکی بەسەردا دابوو، چووینە ژوورەوە و بەخێرهاتنی کردین، پاش کەمێك هەردوو کچەکەی هاتن و خۆش هاتنیان کردم، کچەکان داپۆشراو بوون و شەرم و حەیایان نیشان دەدا، زۆر لای من و "حازم" دانەنیشتن و چوونەوە بۆ ژوورەکەی ئەو دیو، دوای نانخواردن پووری هات بە باس کردنی خۆی و کچەکانی دا، چەندە داواکاریان زۆرە و چەندە بە حەیا و حورمەتن، ئەو دەیوت (من حەز دەکەم بە کەسێکی چاك و پاکیان بدەم و هەندێکیش دەوڵەمەند بێت، من کوردم زۆر خۆش دەوێ، ئەوان جوامێر و پیاوچاکن)، دوای کردنی ئەو قسانە هەستا و ڕۆیشتە ژوورەکەی تر بۆ لای کچەکانی، "حازم" دەمی لە گوێم نزیك کردەوە و وتی (دەڵێی چی یەکێك لە کچەکانی پوورمت بۆ داوا بکەم؟)

لە ڕاستیدا کچە گەورەکەیان زۆر جوان بوو، ئەقڵ و هۆشی لەبەر بڕیبووم، وتم + (جا پوورت پێم دەدا؟!)

حازم – (بۆ نایدا؟! گەر من تەکلیفی لێ بکەم و تەماع بنێینە بەر پووڕم، ئەوا پێت دەدا)

+ (قسەیەکی لەگەڵ بکە، خەمی پارەت نەبێت)

– (گەر خەمی پارەم نەبێت وابزانە ئیشەکە کراوە)

"حازم " هەستا و ڕۆیشت بۆ لای پووری و کچەکانی، پاش ماوەیەك گەڕایەوە و وتی – (ئێستا پوورم دێتەوە بۆ لامان بۆخۆت قسەی لەگەڵ بکە)

پـاش کـەمێك پـووری هـات و کەوتینـەوە قسـە و گفتوگـۆ، وتـی (کچـە گەورەکـەم مێردەکـەی مـردووە، دایکـی بمـرێ، تـەنها دوو مـانگ لای مێردەکـەی بـوو تەقینـەوە کوشتی، بەڵام خودا بـەوە ڕەحمـی کـرد منـدالّی نـەبوو، تـا ئـەو کچـە گـەورەش بـە مێـرد نەدەم کچە بچووکەکەم لەدەست نادەم)

لە ڕاستیدا من کچە گەورەکەیانم بەدڵ بوو، باکێکیشـم نـەبوو کـچ بێـت یـان بێـوەژن، بۆیە وتم + (من بە کچە گەورەکەت ڕازیم، گەر بە کوڕی خۆتان قبوڵم دەکەن؟)

وتی (پێڵاوت بەسەر چاوم، بەڵام دەبێت یەك دوو خاڵ بخەمە بەردەمت، ئەم کچە شـووبرایەکی هەیـە و داوای بیسـت هـەزار دینـار دەکـات، ئـەگینا ڕازی نابێـت بـە شووکردنی براژنەکەی و گرفتمـان بۆ دروسـت دەکـات، مـارەیـی کچـەکەش پـەنجا لیرەی حازر و پـەنجا لیرەی قەرزە، هیچی ئـەو پارەیـە بـۆ مـن نییـە، مـارەییـەکـە بـۆ خۆتانە، لە داهاتوودا دەتوانن بەو ئاڵتوونە خانوویەك بکڕن و تیایدا نیشتەجێ ببن)

من دوای ئەو دزییە حەزم نەدەکرد لە ماڵی خۆمان بمێنمەوە، دەترسام پێم بزانن و بکەومـە بەردەسـتی یاسـا، بۆیـە بـە مەرجەکانی ڕازی بـووم و وتم – (یـەك دوو ڕۆژێـك مۆڵەتم بدەن دگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم و دواتر دێمەوە بۆ لاتـان)، بـەڵێ ئـەو شـەوە ژنم دیاری کرد و لەگەڵ "حازم" گەڕامەوە بۆ فندقەکە، دوو سێ ڕۆژ بوو "مۆرا" خۆی ون کـرد بـوو، دەترسـام بگەڕێتـەوە و ژنهێنانەکـەم لێتێـك بـدا، چـونکە ئـەو دەیـووت: "هەرگیز ڕازی نابم ژن بهێنی.."

گەڕامەوە بۆ ماڵی خۆمان، ئەو ئاڵتوون و پارەیـەی شاردبوومـەوە دەرمهێنـا، بـەیانی زوو لە ماڵ دەرچـووم و بـەرەو گـەراجی "بەغدا" بەڕێکـەوتم، لـە گـەراج "مـۆرا" م بینی وتی– (دەچی ژن دەهێنی؟)

من تف لە قوڕگمدا وشك بوو، وتم (ئەو ئافرەتە زۆر جوانـە، مۆڵـەتم بدە ماوەیـەك لەگەڵی دەبم و دواتر تەلاقی دەدەم)

وتی – (مۆڵەتت پێ دەدەم، بەڵام دەبێ لـە داهـاتوودا هەرچیم پـێ وتـی بـە گـوێم بکەی)

+ (باشە، هەرچی تۆ داوای دەکەی)

"مۆرا" لەگەڵ من نەهات، پاش پێنج شەش کاتژمێر ڕێگە بڕین گەیشتمە "بەغدا" و چوومەوە بۆ هەمان ئوتێل..

بـۆ سـبەینێ "حـازم" م لەگـەڵ خـۆم دایەبـەر و بـردم بـۆ مـاڵی دەسـتگیرانەکەم، ئاڵتوونەکانمان بردە لای زەڕەنگەرێک و لەو پەنجا لیرە حازرەی ئەوان داوایان کرد بوو زۆری زیـاد بـوو، خەسـووم وتـی (دەبـێ ئـەم ئاڵتوونانـە بـە لـیرە بگۆڕینـەوە، بـەڵام زەڕەنگەرەکە داوای وەسڵی ئەم ئاڵتوونە دەکات، ئایا وەسڵت هێناوە؟)

وتم + (ئاڵتوونەکە هی دایکمە و وەسڵی نییە)

وتی (گرفت نییە، زەڕەنگەرێکی ناسراوی خۆم هەیە دەیبەینە لای ئەو، بـەڵام بـە هەندێک کەمتر لێمان وەردەگرێت)

وتم + (گرنگ ئەوەیە کارەکەمان پێک بێت)

بەڵێ، ئاڵتوونەکەمان کرد بە لیرە و ڕۆیشتین لە لای مەلایـەک ئافرەتەکـەم مـارەبڕی و زەماوەنـدمان کـرد و مـانگی هـەنگوینیمان بەخۆشـی بەسـەر بـرد، گەڕاینـەوە بـۆ مـاڵی خەسووم و چەند هەفتەیەکیش لەوێ بووین، تا ئەو کاتـە لـە مەحکەمـە بـە ڕەسمـی لـە یەکتر مارە نەکرابووین و گرێبەستی هاوسەرگیریمان دەرنەهێنا بوو، وتیان: بۆ ناچیت سەردانێکی دایک و باوکت بکەی، ئەوانیش بۆ ئێرە بهێنی بۆئەوەی یـەکتری بناسین، مـن نەمدەویسـت دایـک و بـاوکم بـەوان ئاشـنا بکـەم، تـەنها حـەزم بـە سـەردان و گەڕانەوەیـەک بـوو بـۆ شـارەکەی خۆمـان تـاکو بـزانم دەنـگ و بـاس چـییە، بۆیـە وتم (سـبەینێ دەگەڕێمـەوە و هـەوڵی خۆمیـان لەگـەڵ دەدەم، بـەڵکو لەگـەڵم بـێن بـۆ سەردانتان)

بۆ سبەی من گەڕامەوە و چەند ڕۆژێک لـە ماڵـەوە بـووم، گـوێم هەڵخسـت تـاکو بـزانم دەنگوباسی دزییەکە لە گۆڕێدا نییە، بەڵام خۆشبەختانە هیچ لـە ئـارادا نـەبوو، "مۆرا" هاتەوە بۆ گیانم و وتی– (تۆ بەڵێنت دا هـەموو شـتێکم بـە گـوێ بکـەی، ئێستا دایـک و باوکـت دێنـە سـەرەوە، ئـەوان دەیانـەوێت لـە کاروبـاری تـۆ بپرسـن، هیچـیان لـەلا نەدرکێنی، بەڵکو بە جنێو و هەڕەشە بیانکە دەرەوە)

لـەو قسـانەدا بـووین، فریانەکـەوتم وەلاّمـی "مـۆرا" بدەمـەوە دایـك و بـاوکم هاتنـە سەرەوە و پرسییان (باشە کوڕم، تۆ خەریٚکی چ کار و کاسـبییەکی؟ نـابیٚ ئیٚمـە وەك دایك و باوکت ئاگادار بین لە کار و کەسابەتت؟!)

وتم (پەیوەندی بە ئیٚوەوە نییە، من سەرقالّی کەسابەتی خۆمم و هیچم لە ئیٚوە ناویٚت)

باوکم: (کـوڕم خـەلّك دوعـا دەکـات خـودا کـوڕیٚکی پـیٚ بـدا کـار و کەسـابەتی بـۆ بکـات، ئـەی نـابیٚ لـەم کەسـابەتەی خـۆت مەسـروفیٚکی ئـەم مالّـە بکـەی؟ نـابیٚ یارمەتییەکمان بدەی؟)

دایکم: (بەخوا کوڕم، ئەگـەر ئـەو خانەنشینییەی بابت و خـەیاتی ئـەو دوو کچـە نەبوایە دەبوا تووڕەکەی سوالّیمان لە گەردن بکردبایە)

"مـۆرا" هانەهانـەی دەدام و دەیـوت: بچـۆ بـە گژیانـدا و بیانکـە دەرەوە، بۆیـە وتم +(تاقەتی گویٚگرتنم نییە بۆ قسەکانتان، هەستن بچنە دەرەوە)، کە ئەو قسەم کـرد بـابم زۆر تـووڕە بـوو، هەسـتایە سـەرپیٚ و پـەلاماری دام و منـیش کەوتمـە لیٚـدانیان و تـف و جنیٚو پیٚدانیان، هـەردوو بـە گریـان چوونە دەرەوە، "مـۆرا" قاقا پیٚدەکـەنی، منـیش بـە پـەلـە هەسـتام و لـە مـالٚ دەرچـووم و بـۆ "بەغـدا" گەڕامـەوە، تەکسـییەکم گـرت بـۆ گەڕەکەکەی مالّی خەسووم، تەقەم دا لە دەرگا، بـەلاّم کـەس نـەهات بـە دەممـەوە، چـەند جارێکی تر تەقەم لیٚدا دیسان دەنگ نەبوو، جیرانیٚکیان هاتـە دەرەوە و وتـی (تەقە لـیٚ مەدە، چونکە لیٚرە نەماون و سەفەریان کردووە)

وتم (بۆ کویٚ سەفەریان کردووە؟!)

وتی (بۆ ئوردەن، پیٚم وایە لەوێشەوە سەفەری ئەوروپا دەکەن)

بە پـەلە گەڕامەوە بۆ ئەو فندقەی "حازم"ی لیٚبوو، پرسیاری "حـازم"م کـرد، زانیم ئەویش لەگەلّیان سەفەری کرد بوو...

بەناو شێخی تەریقەت

لە "بەغدا" چەند ڕۆژێکی تر سوڕامەوە و هەواڵی زیاتری ئەو خێزانەم پرسی بەو هیوایەی درۆ بێت و ولاتیان بەجێنەهێلابێت، بەڵام سوودێکی نەبوو، بێ هیوایی ڕووی تێکردم، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پارەم ڕووی لە کەمی دەکرد، پاش هەفتەیەک پارەکەم کۆتایی پێهات و بۆ خەوتن ڕووم لە پارکەکان کرد، چاوەڕوانی گەڕانەوەی "مۆرا" بووم، چەند ڕۆژێك بوو خواردنێکی خۆشم نەخوارد بوو، جێگەی نوستنم نەبینی بوو، لە شەوی سێیەمدا زۆر بەگیر هاتم و هاوار و هانام بۆ لای "مۆرا" برد، دەستم کرد بە بانگ کردنی، دەرەنگانێکی شەو کەسێك لە پشتەوە دەستی هێنا بەسەرمدا و ڕاپەڕیم، بینیم "مۆرا" یە، وتم + (خودا نەناس تۆ بۆ وا بە من دەکەی، بۆ ئەو تەگبیرە ناباشانەم بۆ دەکەیت و دواتر دەستم لێبەردەدەی؟!)

مۆرا – بە بزەیەکی پڕ لە گاڵتەپێکردنەوە –(تۆ بۆ خۆت مرۆڤێکی نەزانیت، بۆ دەیکەیتە ملی من؟ لۆمەی خۆت بکە، بیر لە گێلێتییەکانی خۆت بکەرەوە)

+ (ڕاست دەکەی، من گێل و نەزانم، بە خودا ئەم شەو بۆ لام نەگەڕایتایەوە دەچووم بۆ مزگەوتی "گەیلانی" و هەتا بەیانی نوێژ و پاڕانەوەم دەکرد و لە دەستی تۆش ڕزگارم دەبوو)

کە ئەو قسەیەم کرد "مۆرا" کەوتە سەر و پام و زمانی زبری لەگەڵ گۆڕیم بە زمانی سۆز و خۆشەویستی و خەمخۆری و وتی–(ئاخر گیانەکەم، تۆ وادەزانی من دەستم لێبەرداوی، من چۆن دەست لە خۆشەوستی خۆم بەردەدەم؟! چۆن دێڵم بێ پارە ببیت؟! ئێستا تەگبیرێکت بۆ دەکەم ئەوەندە پارەت دەست بکەوێ وەك پادشا ژیان بەسەربەریت)

+ (ئادەی بزانم چ تەگبیرێکی تازەت لە لایە؟)

– (بچۆ بۆ لای "مەروان" ئەو شێخی تەریقەتە و موریـد و مەنسوبێکی زۆری لە خۆی کۆ کردۆتەوە، تۆ بچۆ بۆ ئەو جێگەیە خۆم دێمە لات و تەگبیرت بۆ دەکەم)

منیش هەستام تەکسییەکم گرت و چووم بۆ تەکییـەی "مەروانیی"، شـەو درەنگی کرد بوو، لە پارکەکەی بەردەم مالّیاندا لەگەلّ دەستەیەکی تردا کە بۆ زیارەتی شێخ هاتبوون لێی ڕاکشام، هەندێکیان باسی ئەوەیان دەکرد کە پالّکەوتن و خۆبەستنەوە لـەم بـەردەرگای مـالّی شـێخدا خێـری لـە عیبـادەتی حـەفتا سـالّ زیـاترە، یـەکێکی تـر دەیـوت: لـە خەونـدا فـەرمانم پێکـراوە خـۆم لـەم دەرگـا موبارەکـەی مـالّی شـێخدا ببەستمەوە، دانەیەکی تر دەیوت: خەڵکی نازانێت ئەو بەرەکەتەی لێرە دادەبارێ لە ژوورەوە دانابارێـت، کابرایـەکی ڕەقـەکاریان سـوێندی خـوارد لـەم پارکـەدا نووریـان بینیوە هەڵقوڵاوە، بەڵێ ئەوەندە بە شان و باڵی ئەو پارکە پڕ لە زبڵەی بەردەرگای مالّی شێخدا خوێندیان وام هەست دەکرد لە فندقی "شیراتۆن"م..

منـیش دەمـم سـووتا و وتم: بڵـێ ی ئـەم قسـانە هەڵبەسـتراو نـەبن؟! لـەو کاتـەدا و لەگەلّ کردنی پرسیارەکەی منـدا "مۆرا" دەستەکانی لە دەرەختێکی نزیك ئێمـە ئالاّنـد و بە هەموو هێزی خۆی دەرەختەکەی ڕاوەشاند، موریدەکان هەستانە سەر پێ و دەستیان کـرد بـە تـەکبیر لێـدان و هـاوارکردن، ئـەوان "مـۆرا"یـان نـەدەبینی تـەنها هـەژانی دەرەختەکەیان هەست پێکرد، دواتر گەڕانەوە بۆ سەر من و وتیان: "خۆ بە چاوی خۆت بینیت! ئەی بێباوەڕی کەم متمانە، تۆ چۆن دەتوانی ئینکاری شێخی ئێمە بکەیت، ئەو لە ژوورەوە ئاگای لە قسـەکانی ئێمـە بـوو، بۆیـە هیممـەتی کـرد لـەو دەرەختـە و هێنایـە لـەرزە"، یـەکێکی تریـان دەیـوت: "هیممـەتی چـی؟! بـەڕ و بـەحر لـە ژێـر دەسـەلاّتی ئـەو دایە و بۆی موسـەخخەرە، دەرەختەکـە بـۆ خـۆی ئاگـای لـە گفتوگۆکـەی ئێمـە بـوو، چـۆن ڕێگە دەدات ئینکاری شێخ بکرێت؟!"

من ئەو قسانەم دەبیست و بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ ژمارەی ئەو کەسانە چەند بن حەقیقەتیان لێشاراوەتەوە و مێشکیان بەم بالۆرانە پڕکراوە؟! دەبێ "مۆرا" و دەستە و دائیرەکـەی چـەند هـەزار مرۆڤیـان سـەرگەردان کردبـێ و بـە وەهـم و خەیاڵـەوە ڕێگـەی ڕاستیان لێ بزرکردبن؟!

بۆ بـەیانی هـەموو ئـەو کەسـانە – بـەر لـە هەسـتانی مـن – شـوێنە موبارەکەکـەیان بەجێهێڵاّ بوو، من وام دەزانی – بۆ بەدەست هێنانی ئەو شەرەفانەی شەو باسیان لێوە

کرد – هیچ نەبێ مانگێك لەو جێگەدا دەمێننەوە، کەچی لەگەڵ سەحەردا پارکە پیرۆزەکەیان بەجێهێڵاڵ، هەموو چوویەنە ژوورەوە، بۆ ژەمی بەیانی نیسکێنە ئامادە کرابوو، سەر و قاپمان وەرگرت و هەریەکە و لە سووچێکەوە دەستمان بە خواردنی کرد، چاوم بۆ هاوڵەکانی شەوم دەگێڕا، یەك دووانێکیانم بینییەوە تیکەیان دەگلاند و لە ژێرەوە سەرنجی منیان دەدا، ئەوان – بە بینینی من – بیریان لەو گشتە درۆی شەو دەکردەوە و لە شەرمەزاریدا رووییان وەردەگێڕا و لایان تێ دەکردم، چرپاندم بە گوێی دانەیەکیاندا کە نزیکبوو لێمەوە "ژوورەوەش موبارەکە بەتایبەت بۆ نسکێنە خواردن" مۆڕەیەکی لێ کردم و بە تەواوی پشتی تێکردم...

لە "مۆرا" م پرسی + (چی بکەم؟)

وتی (ماوەیەك لێرە بمێنەرەوە پاشان تەگبیرت بۆ دەکەم)

لە تەکیەدا بە ناچاری و لەبەر ئەوەی دەرم نەکەن نوێژێکی دووڕووانەم ئەنجام دەدا، هەندێ جار لە بیرم دەچوو دەست نوێژ بگرم، هەر ئەوەندە خەڵکی هەڵدەستانەوە منیش قنج دەبوومەوە، لە ژێر لێوەوە و بە لووت هەندێ منگە منگم دەکرد، گوایە سورەتی "فاتیحە و قورئان" دەخوێنم..

بە درێژایی ئەو ماوەیە باسی ئەو کەراماتە بوو کە بە هیممەتی شێخ لە پارکەکەدا رووییدا بوو، خۆی چەندە بوو دە ئەوەندەی بۆ زیادکرا، هەر ئەو ئێوارەیە یەکێك دەیوت: لەگەڵ هەژان و لەرزە لەرز دا درەختەکە "سبحان الله" ی کردووە، پۆژی دواتر وترا: درەختەکە چەند هەنگاوێك هاتۆتە پێشەوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ جێگەکەی خۆی، لە پۆژی سێیەمدا وتیان: کاتێك درەختەکە دەهەژا نوور بەدەوروبەریدا پەخش دەبوویەوە، لە پۆژی چوارەمدا یەکێك سێ بە سێ تەلاقی خوارد " گوێم لێبوو درەختەکە هاواری لە شێخ دەکرد"، لە پۆژی پێنجەمدا ئافرەتێك هات و وتی: پێیان وتوم زیارەتی ئەو دارە بۆ هەرچی نەخۆشییە شیفایە، پۆژەکانی تر ئەوەندە خرایە سەری باسی هەژان و لەرزینی درەختەکە بزر بوو، دیار بوو هەموو حەزمان لە درۆ بوو، درۆکان لە جۆرێکی تایبەت بوون، وەهمی "خۆ بە حەق زانین"ی لە لای مرۆڤ دەخولقاند، بۆ دەبێ من لۆمەی ئەو هەژارانە بکەم؟!ئاخر وەهمی "خۆ بە حەق بینین"ئاسوودەیی بە دەروونی مرۆڤ دەبەخشێت، مرۆڤ کاتێ دەزانێت ئەوەی لەسەری بووە ناڕاستە و دووڕە لە حەقیقەتەوە گەورەترین داڕووخان ڕووی تێدەکات، مەزنترین

ئازار لە ناخیدا سەر هەڵدەدات، بەڵام ئازار و گل و ژانێك هەنگاو بە مرۆڤ هەڵدەگرێت بەرەو حەقیقەت، بەرەو دۆزینەوەی خۆ، بەرەو لادانی پەردەی وەهمەکان و تەم و مژی خەیاڵپلاوییی...

لە پاڵ ئەوانەی شەو لەگەڵ من لە پارکەکەدا بوون ئەو گشتە درۆ ئەنجام دەدرا کەچی "سبحان الله" و " ما شاء الله " یان دەکرد، هەر دەستەیەك کە بۆ زیارەت دەهاتن بەشی خۆیان لە درۆ دەخستە سەر ڕووداوەکە و لەگەڵ درۆکانی تردا دەیانبردەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان، پارکەکە خاوێن کرایەوە و چواردەوری دارە موبارەکەکە دیوارێك بە دەوریدا کرا و بوو بە جێگەی زیارەت کردن، خەڵکی کە دەچوونە ژوورەوە بۆ لای دارەکە دوای ماچکردن و موتفەڕك لێ کردنەوە پاشەوپاش دەهاتنە دواوە تاکو پشت لە دارەکە هەڵنەکەن..

موریدێکی شێخ کە قسەی جێگەی ڕێز و گوێ بۆ گرتن بوو پێشنیاری بۆ شێخ و پیاوانی شێخ کرد: کە هەموو ئەو کەراماتانە کۆ بکرێنەوە، دواتر بکرێنە نامیلکەیەك و لەسەر گیرفانی ئەو لە چاپ بدرێ و بە ولاتدا بلاو بکرێتەوە، بیرم دەکردەوە بۆچی مرۆڤ ئەوەندە تامەزرۆی وەهم و خەیاڵاتە؟! بۆچی حەقیقەت تاڵ و وەرنەگیراوە، کەچی مرۆڤەکان بە عیشقەوە بەرەو پیریی خورافات دەڕۆن؟!

ڕۆژێك یەکێك لەو کەسانەم بینی کە شەوی هەژانی دارەکە لەگەڵمان بوو، من ئەوم بە پیاوێکی ژیر دەزانی، پەلم گرت و هێنامە پەنایەکەوە و پێم وت + (شەوی هەژانی دارەکە تۆمان لەگەڵ نەبوو؟)

وتی – (با)

+ (تۆ گوێت لێ بوو ئەو دارە "سبحان الله" بکات یان هاواری شێخ بکا؟!)

– (من گوێم لێ نەبوو)

+ (دارەکەت بینی لە شوێنی خۆی بجوڵێت یان نوور پەخش بکاتەوە؟!)

– (نەمبینی، بەڵام باشە تۆ ئەم پرسیارانە بۆ دەکەیت؟!)

+ (تۆ ئاگاداری چەندە درۆ بەو ڕووداوەوە نراوە؟!)

کـه ئـەو قسـەیەم کـرد کـابرا ڕەنگێکـی بـرد و ڕەنگێکـی هێنـا، دەسـتی بەسـەری خۆیدا گرت و وتی – (بەسە بۆ خاتری خودا، ئەم بینایە دەڕوخێ بەسەرماندا. شێخ ئێستا ئاگای لەم گفتوگۆیەی نێوانمانە، گەر دڵی بڕەنجێ تووشی هەزار بەڵا و موسیبەتمان دەکات)

وتم + (تۆ بۆخۆت یەکێک بوویت لەوانەی ئەو شەوە لە پارکەکە لەگەڵمان بووی، گەر تۆ ئەمە قسە و بیرکردنەوەت بێت دەبێ ئەو خەڵکەی لەوێ ئامادە نەبوون چی بڵێن و چەند بخەنە سەری؟!)

پیاوەکە لەوە زیاتر بەرگەی قسە تاڵەکانی منی نەگرت و بە پەلە هەستا و منی بەجێهێڵاڵ، ئاگام لێ بوو ڕۆیشت بۆ ژووری پیاوە گەورەکانی شێخ و لەگەڵ دوو نەفەریاندا ماوەیەک دانیشت و هەندێ چپەچپیان کرد، یەکێک لە نەفەرەکان دەستی بە نووسینی نامەیەک کـرد، دوای تـەواوبوونی خستییە نـاو زەرفێکـەوە و زەرفەکـەی داخست و دای بە هەمان ئەو کەسەی من قسەکانم بۆ کرد، ئەویش نامەکەی گرت بە دەستەوە و بردی بۆ ئەو پیاوەی وەک پرسگەی شێخ وابوو، بۆئەوەی بیگەیەنێت بە دەستی شێخ، من دڵنیا بووم نامەکە لەسەر من نووسرا بوو، زۆری نەخایاند پیاوی پرسگەی شێخ هات بەدوای ئەو پیاوەدا نامەکەی نووسی بوو، دوای نیو کاتژمێر مانەوە لە لای شێخ کەسەکە هاتە دەرەوە و یەکێکی نارد لە دووم و بردمی بۆ ژوورێک کە تەنها من و ئەوی تێدا بوو، پاش نیشاندانی بڕێک لەهەیبەت و ویقار وتی – (کاکە تۆ لە کەیەوە هاتووی بۆ ماڵی شێخ ؟)

وتم + (دوو سێ مانگە)

– (ئەی کارێ کاسبییەکت نییە تاکو بچی بەلایەوە؟!)

+ (جا ناشوکری خودا نەبێ کاسبی ماوە؟! درۆ و چاوچنۆکی خەڵک ڕزق و ڕۆزیی هەژارانیشی بڕیوە)

– (شێخ مۆڵەتی داوی بگەڕێیتەوە بۆ شارەکەی خۆت و لێرە نەمێنیتەوە)

+ (کورە کاکە مۆڵەتی چی؟! کار لە مۆڵەتدا نییە، من شوێنێکم نییە بۆی بچم، نەچوونەوەم بە هۆی مۆڵەت نەدانی شێخەوە نییە، بەڵکو بەهۆی بێ دەرەتانی خۆمەوەیە، خۆ دەبوا شێخ ئەوەی بزانیبایە)

– (لێرە جێگەی کەسێک نابێتەوە نانی تەکیە بخوا و ئینکاری کەراماتی شێخ بکات)

+ (کێ دەڵێ من ئینکاری کەراماتی شێخم کردووە؟! من ئینکاری درۆ و دەلەسەم کردووە..)

– (هەر ئەم قسەیەت بەڵگەی ئینکاری کەراماتی ئەو زاتەیە)

+ (ئەوە قسەی تۆیە نەک بۆچوونی من)

– (ئەمڕۆ لێرە نامێنی و بارگە و بنەت دەپێچییەوە)

+ (بە فەرمانی کێ؟!)

– (بە فەرمانی من)

+ (تۆش هەروەکو من شۆڕباخۆری، من تا نەچمە خزمەتی شێخ لەم جێگەیە ناڕۆم)

پیاوە بە هەیبەتەکە بەرگی تەقوا و ویقاری دڕا و وتی – (بە شەق و بڵتە دەڕۆی)

کە ئەوەی وت هەستامە سەر پێ و بە هاوارکردن بەرە و ژووری شێخ ڕۆیشتم، خەڵکەکە هەموو سەیریان دەکردم، یەک دوو کەس ویستیان بمگرن، بەڵام ئەوەندەی تر دەنگم هەڵبڕی و بانگی شێخم کرد، دیار بوو شێخ گوێی لە هاوار و بانگەکەی من بوو، یەکێکی نارده دەرەوە تاکو بزانێت چی قەوماوە، ئەویش هات و منی بینی، وتم (بمگەیەنە لای شێخ، ئەگینا بە هاوار و گریان دونیا پر دەکەم)، کابرای بە ویقاری شەقوەشێن ویستی لێم بدا، بەڵام دەستیان گرت و ناچار بۆخۆی چوو بۆ لای شێخ، دوای زانینی مەسەلەکە شێخ وتبووی بیهێنن بۆ ژوورە تایبەتەکەی خۆم، ئەوانیش منیان برد بۆ ژوورە تایبەتەکەی شێخ، کە چووم شێخ تەنها خۆی بوو، یەکێک لە پیاوەکان ویستی دابنیشێت، شێخ فەرمانی پێدا بچێتە دەرەوە و دەرگاکە لە دوای دەستییەوە دابخات..

کە تەنها کەوتین لەگەڵ یەکتر دەستمان کرد بە گفتوگۆ، سەرەتا شێخ زۆر بە ئارامی و وەک کەسێکی زۆر بە ویقار وتی – (کوڕم، چ گرفتێکت هەیە؟!)

وتم + (قوربان هیچ گرفتێکم نییە، تەنها وتوومە درۆ مەکەن و شتی زیادە بە ڕووداوی لەرزینی درەختەکەوە مەنێن)

– (تۆ چۆن دەزانی درۆی پێوە نراوە؟!)

+ (قوربان من ئەو شەوە بۆخۆم یەکێک بووم لەوانەی لە پارکەکەدا بووم. درەختەکە هەژا و هاتە لەرزە، بەڵام هیچ یەکێک لەو شتانەی ئێستا باسی لێوە دەکەن نەبووە و ڕووینەداوە، تەنانەت هەژانی درەختەکەش کەراماتی بەڕێزتان نەبوو، شتی تر بوو)

– (ئەو شتە چی بوو؟!)

+ (قوربان من نازانم چی بۆ تۆ باس بکەم، دەترسم باوەڕم پێ نەکەیت)

– (هەموو شتێکم بۆ باس بکە، باوەڕت پێ دەکەم)

لەو کاتەدا بوو "مۆرا" دەرکەوت و وتی هەموو شتێکی بۆ باس بکە و بەڵێنی کارکردنی لەگەڵ بدە، من زۆر شتت بۆ دەکەم، بۆیە زۆر بە بوێرییەوە وتم+ (قوربان من جنۆکەیەکم لەگەڵە ناوی "مۆرا" یە، ئەو بوو درەختەکەی هەژان و بە دوایدا ئەو گشتە درۆ و دەلەسەیە سەری هەڵدا)

شێخ کە ئەوەی بیست ڕەنگێکی برد و ڕەنگێکی هێنا و پاش ماوەیەک لە بیرکردنەوەی قوولْ وتی – (چۆن بزانم درۆ ناکەیت؟)

+ (تاقیمبکەرەوە)

– (باشە، بە جنۆکەکەت بڵێ: ئەم شەو من مەوعیدم لەگەڵ کێ هەیە؟!)

"مۆرا" وتی: پێی بڵێ لەگەڵ ئەفسەرێکدا مەوعیدت هەیە کە پارەی لە دەزگایەکی نهێنی حکومەتەوە بۆ هێناوی، منیش وتم +(مەوعیدت لەگەڵ ئەفسەرێکی سوپادا هەیە، پارەت بۆ دەهێنێ)، لەراستیدا نەموێرا بڵێم "لە دەزگایەکی نهێنییەوە"

شێخ کە ئەو قسەیەی بیست ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و وتی – (دیارە تۆ بۆخۆت یەکێکی لە دەزگای هەواڵگری و بۆ چاودێری منیان ناردوویت، ئەگینا تۆ پیاوی ئەوە نیت جنۆکەت بۆ موسەخخەر ببێت)

وتم + (به شتێکی تر تاقیمبکەرەوە)

– (شتێکم پێ بڵێ تەنها نهێنی نێوان من و کەسێکی تر بێت)

"مـۆرا" وتـی: پێـی بڵـێ حـەزت لـه "مینـا" خاتوونـه و ئەمـەش لـه نێوانتانـدا زۆر نهێنییـه، منـیش پێم وت و شێخ بـه تـەواوی سەرسام بـوو، وتـی – (پێم بڵێ چی لـەم باخەڵەی لای چەپمدایە)

"مـۆرا" وتـی: بڵـێ بیسـت دانـه وەرەقـەی سـەد دۆلاری، کـه ئـەوەم بـه شـێخ وت هەستایە سەرپێ و خۆی خست بەسەر دەست و پێمدا و وتی – (کارم لێ تێك مەدە بە قوربـانی پێلاوەکانـت بم، مـن و تـۆ دەتـوانین زۆر کـار بـه یەکـەوە بکـەین و خۆمـان بـه تەواوی دەوڵەمەند بکەین)

وتم + (باشە، پێکەوە کار دەکەین، نیوە بە نیوە، ئۆکەی؟)

– (ئۆکەی، بەسەر چاو، من لە خزمەتی تۆدام)

شێخ موریدێکی زۆر نزیك لە خۆی بانگ کرد کە وەك پاریزەری نهێنییەکانی ئەو وابوو، پێی وت (برۆ بە پیاوانی گەورەی تەکیە بڵێ: ئەم پیاوە کە ناوی "قاسم"ە یەکێکە لە وەلییەکانی خودا و ئەهلی کەشف و کەراماتە)

موریدەکە پەلاماری دەستی دام بۆ ئەوەی ماچی بکات، بەڵام دەستم لادا و نەمهێڵا ئەو کارەم لەگەڵ بکات، پیاوەکە هەستا و پاشەوپاش لە ژوورەکە چووە دەرەوە، شێخ وتـی (لێـرە بـەدواوە دەبـێ رێگـە بدەی دەسـتت ماچ بکـەن، تـۆ خـەڵك ناناسیت، هـەتا تـەوازوع نیشان بدەی بـه کـەم تەماشات دەکـەن، هەرکـە خـۆت لـێ گـەورە کـردن وەکـو سەگ لە بەردەمت کلکەلەقێ دەکەن)، زۆری نەخایاند پێنج لە پیاوە گـەورەکانی شێخ هاتن بۆ ژوورەکەی شێخ و بەرلەوەی دەستی شێخ ماچ بکەن دەستی منیان ماچ کرد، یەکێك لەو پیاوانە ئەو پیاوە بوو لەگەڵم دانیشت و دواتر ویستی لێمبدات، شێخ وتی: ئەم پیاوەتان پێدەناسێنم کە یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانی خودا و کەشف و کەراماتی لێدەوەشـێتەوە، مـن خـۆم لـەم ژوورەدا سـێ جـار تـاقیمکردەوە لـه هەرسـێکیاندا سەرکەوتوو بوو، هاتنی ئەم پیاوە بۆ لای ئێمە کەراماتێکی تری ئێمە و ئەم تەکیە پیرۆزەیە، ئێستا ئێوەش دەتوانن تاقیبکەنەوە، ئەوەیان کە لەگەڵم بەشەڕ هات وتی

هەر کەسێك شێخ تاقیکردبێتەوە پێویست بە تاقیکردنەوەی ئێمە ناکات. ئێمە گەلەمان بە شێخی خۆمان هەیە)

یەکێکی تریان (با لەبەرچاوی ئێمەدا شێخ بۆخۆی تاقیبکاتەوە)

شێخ ڕووی کردە من و بە پەنجە ئاماژەی بۆ یەکێك لە پیاوەکانی کرد و وتی: مێنییەکی ژیانی ئەو پیاوەمان بۆ باس بکە، "مۆرا" وتی: پێی بڵێ تۆ بە گەنجێتی لەدواوێکی گەورەت لە دەست قەوماوە و تاکو ئێستا کەس پێی نەزانیوی و لای کەسیش باست نەکردووە، منیش قسەکەی "مۆرا" م بە پیاوەکە وت، ئەویش دەستی بە گریان کرد و وتی (بەڵێ وایە، بەڵام بە خودا گوناهی من نەبوو)

پیاوەکانی تر نەیانوێرا داوای تاقیکردنەوەی زیاتر بکەن، نەبادا نهێنییەکانی ژیانیان ئاشکرا بکەم، هەموویان هەستان و خۆیاندا بەسەر دەست و پێمدا..

بەڵێ لە ماوەیەکی کەمدا ناوی من کەوتە سەر زمانی هەموو موریدەکانی شێخ و لە گەورترین شارەوە "پێنج" کۆستەر و "دە" کۆستەر موراید بۆ زیارەتی شێخ دەهاتن و منیان ماچ باران دەکرد و داوای دوعای خێریان لێ دەکردم، ئەوان دەیانوت شێخ کەرامەتێکی بۆ لای خۆی کەمەندکێش کردووە کە خودا عیلمی بەڕ و بەحری پێداوە، هێناگابوون لەو شەیتانە نەفرەتییەی شەو و ڕۆژ لێم جیانەدەبوویەوە..

لە ڕۆژدا شێخ لەسەر دۆشەکەیەکی نەرمی بەرز دادەنیشت و من لە پشتەوەی شێخ بووم، ئەو منی وەك نووسەری خۆی بە دەوروبەر ناساند بوو، لە بەردەرگای ژوورەکەی شێخدا کەسێك دانرابوو، یەك یەك و دوو دوو کەسەکانی بۆ لای شێخ دەکردە ژوورەوە، شێخیش پارچە کاغەز و قەڵەمی لە بەردەمدا دانرابوو، هەرکە کەسەکەی دەبینی لە پارچە کاغەزێکی دەنووسی چی دەربارەی ئەم کەسە دەزانی؟ منیش پارچە کاغەزێکی ترم دەهێنا و ئەوەی "مۆرا" لەسەر ئەو کەسە بە منی دەوت دەمنووسی و دەمدایە دەستی شێخ، ئەویش شتەکەی بە کەسەکە دەوت و کەسەکەش بە وتنی ئەو نهێنییە سەرسام دەبوو، ئەوەندەی تر متمانەی لە لا دەخولقا و خۆی بە شێخ تەسلیم دەکرد و کۆڵێ پارەی دادەنا..

شێخ ئەوەندە نووسی بووی چی دەربارەی ئەم کەسە دەزانی، پاش ماوەیەك بە شۆخی چەندین وشەی بێمانای لەسەر پارچە کاغەزەکە بۆ دەناردم، بۆ نموونە

دەینووسی: چی دەربارەی ئەم لووت زۆرنایە دەزانی؟ ئەم چاو خێلەت چۆن دێتە پێش چاو؟ قەد و بالای ئەم خاتوونەت بە دڵە؟ ئەمەیانت پێ چۆنە کە دەڵێی کۆلارەیە؟ ئەم کابرایە لە وشتر دەچێت، تۆش وا نایبینیت؟ ئەمەیان دەڵێی نەعامەیە، وانییە؟ ئەم سوێسکەیەت بە دڵە؟ بەڵێ شێخ شتی وای دەنووسی سەر بە قۆڕی دەهێنایە پێکەنین، هەندێك جار خۆم پێ نەدەگیرا و پێکەنین دەکەوتە سەر لێوەکانم، ناچار ژوورەکەی شێخم بەجێدەهێڵا و دەچووم بۆ ژوورەکەی پشتەوە، بە تەنها تێر پێدەکەنیم، ئەوجا دەگەڕامەوە و جەولەیەکی تری قسەی قۆڕ دەستی پێدەکردەوە..

"مۆرا" زۆر شتی لەسەر ئەو کەسانە بە من دەوت، من زۆر کەمیم بۆ شێخ دەنووسی، شێخ قوتابی شاگردەکەی شەیتان بوو، من شاگردی "مۆرا" بووم، شێخیش قوتابی من بوو، خەڵکیش موریدی ئەو شێخە بوون..

ئەو گشتە هەواڵە نهێنییە کە شێخ دەیدا بە خەڵکی بوو بوون بە کەرامات و دەماودەمی دەکرد، هەر موریدە و بە پێی حەزی خۆی دەیڕازاندەوە و بڕێکی دەخستە سەری و دەیگێڕایەوە..

شەوان لە ژووڕە تایبەتەکەی شێخدا پارەکەمان دەژمارد و وەکو برا بەشمان دەکرد، خوا هەڵناگرێ شێخ لە دابەشکردنەکەدا کەسێکی دادپەروەر و یەکسانخواز بوو، غەدری لێ نەدەکردم..

ڕۆژێك یەکێك لە موریدەکانی شێخ کە لە جێگەیەکی دوورەوە هاتبوو، هاتە ژوورەوە، ئەو پیاوێکی بە تەمەن بوو، من کە بینیم ترس دایگرتم، "مۆرا" یەکسەر مەجلیسەکەی بەجێهێڵا، پیاوەکە کە چاوی بە شێخ کەوت جەزبە گرتی و دەستی بە هاوار کرد و دەیوت: شەیتان چی دەکات لە پشتی شێخەوە؟! من بە پەلە پارچە کاغەزێکم بۆ شێخ نووسی و پێم وت: ئەو کابرایە بکە دەرەوە، چونکە کارەکەمان کەشف دەکات، ئەویش بە دوو کەسی وت: "ئەو پیاوە ببەنە ژوورێکی تایبەت و خزمەتی بکەن، تا جەزبەکەی تەواو دەبێت و هۆش دەکاتەوە، ئێستا ئاگای لە خۆی نییە و سەکران بووە، هەندێ شەتەحاتی لێدەوەشێتەوەکە بە دەستی خۆی نییە، مەجزوب لە حاڵەتی سەکردا شەیتان دەست دەخاتە ناو قسەکانییەوە"، کابراش هاواری دەکرد و دەیوت: " بۆچی شەیتان تەگبیر بۆ شێخ دەکات، ئەو شەیتان لە پشتەوەی دانیشتووە، شێخی بەڕێزم کەی بابت وابوو؟ کەی باپیرت وا بوو؟ ئەوان

چەمبەر پشتیوانیان بوو کەچی تۆ شەیتان بووەتە هاودەمت! " دیار بوو پیاوەکە چاوی دڵ و دەروونی زۆر ڕۆشن بوو، من و "مۆرا"ی دەبینی خۆمان خزاندۆتە پشتی ئێخەوە و هەڵیدەسوڕێنین..

پیاوە دڵ ڕۆشنەکە موریدی باب و باپیری ئەو شێخە فریودراوە بوو، ئەو باب و باپیری لە شێخانی ڕاستەقینە بوون، موریدانی مەزنیان پێگەیاند بوو، ئەو پیاوە چەرەش یەکێك بوو لەو مەزنانە، خودا بۆ پلەیەکی بالاّ ئەوی بەرز کردبوەوە، تا ئاستی مەئموورییەت و بوون بە یەکێك لە پیاوانی "پیر خدر"، ئەو بە پیلانەکەی من و "مۆرا" و شێخی زانی بوو، تەنها بۆ ئەوە هاتبوو بە دەوروبەر بڵێ: شێخەکەتان لایداوە و هەر ڕەوگەی شەریعەت و تەریقەتی باب و باپیری نەماوە..

"مۆرا" دیار نەما و موریدەکانی شێخیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بوون، شێخ نەیدەزانی "مۆرا" منی بەجێهێلاّوە، بە عادەتی جارانی هەرکەس دەهاتە ژوورەوە پارچە کاغەزێکی دەنووسی و دەیپرسی چی پێ بڵێم؟ منیش لەخۆمەوە شتێکم بۆ شێخ دەنووسی و شێخیش بە کەسەکەی دەوت، شێخ – بەهۆی قسە بێسەر و بەرەکانی منەوە – ئەوەندە هەڵیت و پەڵیتی بە موریدەکانی وت خەڵکەکە لێیکەوتنە گومانەوە و بە چەند ڕێگەیەك قسە ناڕاستەکانی شێخ بە خودی شێخ گەیشتەوە، ڕۆژێك بانگی کردم و دوو بە دوو لێی پرسیم – (چییە دەڵێی ماوەیەکە هەواڵ و قسەی ناڕاست بە من دەگەیەنیت؟!)

ترس و دڵەڕاوکێم بۆ دروست بوو، وتم + ("مۆرا" هەرچیم پێ بڵێ منیش بە تۆی دەگەیەنم)

– (درۆ دەکەیت، من نەفەری خۆم هێنایە ژوورەوە و پرسم بە تۆ کرد، کەچی هەموو ئەو شتانەی لەسەر کەسەکە وتت ناڕاست دەرچوو)

بە ناچاری وتم + (تۆ ڕاست دەکەیت، ماوەیەکە "مۆرا" بەجێی هێلاّوم)

– (هەتیو بۆ زووتر قسەت نەکرد، تاکو ئەو گشتە هەڵیتوپەڵیتە بە موریدەکانم نەڵێم؟!)

+ (وەلاّ بڵێم چی؟! وتم بەڵکو "مۆرا" زوو بگەڕێتەوە بۆ لامان و بە دیارنەمانی "مۆرا" دڵەڕاوکێ بۆ تۆ دروست نەکەم، ئێستاش تا "مۆرا" دەگەڕێتەوە ئەم

یارییـه ڕابگـره، بیانوویـەک بـدۆزەرەوه، بـۆ نموونـه خەڵوەتکێشـان، سـەفەر نەخۆشی..)

– (مانّی منت کاول کردووه، حورمەتت بۆ نەهێڵاوم)

منیش بە هەندێك تووڕەییەوە + (ئێ، ئەی بۆ باسی ئەو گشتە پارە و پووڵە ناکەیت بە هۆی منەوە بەدەستت هێناوە؟! ئەم هەموو موریدە گێل و گەوجەش دەورەی تۆیان داوە!)

– (ئیتر بەسە، سەگی سەگباب، خۆم تەگبیری دەکەم، هەرکاتێك ئەو شەیتانە نەعلەتییە هاتەوە ئاگادارم بکە، تووخوا ئەمە کەسابەتە ئێمە پێیەوە سەرقاڵین؟ ئاتاجی دەرگای شەیتانێك بووین؟!)

شێخ بەناوی نەخۆشییەوە ماوەیەك خۆی لە موریدەکانی جیاکردەوە، لەو ماوەیەدا تەنها من و یەك موریدی تر دەمانتوانی ببینین، موریدان هەر کەسە و قسەیەکی دەکرد، یەکێك دەیوت: ئەو نەخۆشییە نەخۆشی بەرز بوونەوەی مەقامی شێخە، لە دوای نەخۆشییەکەی ئەو بۆ مەقامی "قوتب" بەرز دەکرێتەوە، یەکێکی تر خەونی بینی بوو گوایە شێخ نازناوی "قوتبولئەقتاب"ی پێدراوە، دانەیەکی تریان دەیوت: لەم ماوەیەدا تەواوی عیبادەتەکانی لە "کابە" ئەنجامداوە، پیاوێك سوێندی خواردە حەزرەتی "خدر" ی بینیوە، لێی پرسیوە بۆ کوێ دەچی؟ "خدر" لە وەلاّمیدا وتویەتی: دەچم بۆ لای شێخ "د"، ئەو مەرتەبەی گەورە کراوە، بەڵێ هەر کەسە دەهات درۆیەکی زەبەلاحی لە تەکیەدا فڕێ دەدا و بیست– سی درۆی دەپێچایەوە و بۆ ماڵەوە بە دیاری دەیبردەوە..

دوو مانگ تێپەڕی و "مۆرا" دیار نەبوو، هەموو ڕۆژێك شێخ هەواڵی "مۆرا"ی دەپرسی و منیش دەموت: "نەگەڕاوەتەوە"، شەوێك شێخ بۆ ناو باخەکەی ماڵەوەیان بانگی کردم و کە چووم بینیم دوو مرۆڤی کەتەی زەبەلاح لە پشتی شێخەوە وەستاون، شێخ خۆی لادا و دوو کەسەکە لەزگەیان دا لە دەمم و تووڕەکەیەکیان کرد بە سەرمدا و لە دیواری پشتەوەی باخەکەوە سەریان خستم و لەو دیوەوە کەسێك گرتمیەوە و سواری ئۆتۆمبێلێکیان کردم و بردمیان، پاش نیو سەعات بردمیانە خانوویەك کە بێدەنگ و چۆڵ دیار بوو، تووڕەکەیان لەسەر لادام و دەمیان

کردمەوە و منیش کەوتمە قسە کردن لەگەڵیان، هەرچی ڕاستی هەبوو دەربارەی شێخ بۆم باس کردن، تەماعم نایە بەریان و وتم + (لە باخەکەی شێخدا پارەیەکی زۆرم حەشار داوە، ئەگەر بەرم بدەن ئەوا ئەو پارەیەتان پێ دەدەم)

ئەوان وتیان – (ئێمە پارەمان لە شێخ وەرگرتووە بۆ ئەوەی بتکوژین، گوایە تۆ کەسێکی بێباوەڕی)

وتم + (شێخ چەندی پێداون؟)

– (بیست و پێنج هەزار دینار)

+ (من چل هەزار بە ئێوە دەدەم، لەم شارەشدا نامێنم و ناگەڕێمەوە بۆ لای شێخ، تاکو ئەو بە کارەکەی ئێوە نەزانێت)

دوای هەندێ ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکتردا وتیان – (باشە، بەڵام دەبێ ئێستا بمانبەیت پارەکەمان پێ بدەی)

+ (بەسەرچاو، بمبەن بۆ ناو باخەکەی ماڵی شێخ، لەوێ پێتان دەدەم)

سواری سەیارەکەیان کردمەوە، لە پشتی باخەکەوە و بە دزییەوە چوونەوە ژوورەوە، لە ژوورە بچووکەکەی ناو باخەکەدا پارەکەی خۆمم دەرهێنا و چل هەزارم دا بەوان و هاتمە گەڕاج و سەیارەیەکم بە تایبەت گرت و بۆ شارەکەم گەڕامەوە..

"فەجە"ی فاڵچی

گەڕامەوە بـۆ ماڵـەوە و خـۆم خزانـدەوە ژوورەکـەم، چـاوەڕوانی هاتنـەوەی "مـۆرا" بووم، تاکو تەگبیرێکی دۆزەخیانەی تـرم بـۆ بکات، جـاران ئـاواتم دەخواست لـێم دوور بکەوێتەوە، کەچی وام لێهات بوو چاوەڕوانی ئەو نەفرەتییە ببم و حـەز بـە گەڕانـەوەی بکەم، شەیتانەکەم گەڕایەوە و هەموو شتێکم بۆ باس کـرد، ئـەویش بـە بزەیـەکی گاڵتـە ئامێزەوە وتی – (خەمی لێ مەخۆ، تەگبیری ترت بۆ دەکەم)

وتم + (ئەم جارەیان چی؟!)

– (مزگەوتێکت پێ نیشان دەدەم، فەرشێکی زۆر گرانبەهای تێدایە، تەمەنی ئەو فەرشە لە دوو سەد ساڵ زیاترە، شەو بچۆ دەریبهێنە و بیبە بۆ "فەجەی فاڵچی" پارەیەکی باشت پێ دەدا)

هەستی گوناە لە منـدا مردبوو، ئەو ڕۆژەی پـەلاماری بـابم و دایکـم دا لـە نـاوەوە وام هەست دەکرد هەناوم پڕبووە لـە وردە ئاسن، هەرچی وێژدان و بەزەییـە لـە منـدا نـەما بوو، پێشەکی چووم "فەجـەی فاڵچـی"م دۆزییـەوە و پـێم وت + (گـەر ئـەو فەرشـەت بـۆ بهێنم چەندم پێ دەدەی؟)

وتی– (هەرچەندت بوێت پێت دەدەم)

شـەوێك چـووم فەرشـەکەم دزی و بـردم بـۆ مـاڵی " فەجـەی فاڵچـی "، ئـەو زۆر خۆشحاڵ بوو، سەفتەیەك پارەی سەد دۆلاری پێدام و وتـی: "هـەر کات پێویستت بە پارە بوو وەرە بۆ لای خۆم، من و تۆ دەتوانین خزمەت بە یەکتر بکەین "، پارەکـەم ژمارد شەست وەرەقـە بـوو، نـازانم بـۆ "فەجـە" ئـەو گشـتە پارەیـەی کـردە چنگی منـەوە، لـە راسـتیدا نرخـی ئـەو فەرشـە نەدەگەیشـتە ئـەو بـڕە پارەیـە ! پـێم وابـوو بـەو پارەیـە

دەیویست من بکڕێت و کاری لەگەڵدا بکەم، دیاربوو تەگبیری "مۆرا"بوو بۆ "فەجە"ی کـرد بـوو، بـە باخـەڵی پـڕەوە "فەجـە"م بـەجێهێڵاڵ و لـە کـاتی خواحافیزیـدا وتم + (دەتبینمەوە، من بە ناسینت خۆشحاڵم بووم)

بیرم کردەوە ئەم جارە بۆ ڕابواردن ڕوو لە کوێ بکـەم، "مـۆرا" پێـی وتم – (بچۆ بۆ ئێران، لە ئێران باشترین کەیفت دەست دەکەوێت)

پسوولەیەکی چوونە ئێرانم بەدەستهێنا و بەرەو "تاران" بەڕێکەوتم، خۆم گەیاندە ئوتێلێکی سێ ئەستێرە، بیرم کردەوە لەوەی یەکێك بدۆزمەوە، تاکو ببێتە چاوساغم و لە ڕێگەی ئەوەوە کەیفەکانی خۆم ئەنجام بدەم، دوای یـەك دوو ڕۆژ گەڕان و سوڕانەوە لـە "تـاران" بێهیـوا بـووم لـەوەی شـوێنی کـەیفم دەسـت بکـەوێت، شـەو لـە ژوورەکەمـدا "مـۆرا" پەیـدا بـوو، وتم + (بێهیـوا بـووم لـەوەی لـەم شـارە گـەورەدا شـوێنی کـەیفی تێدابێت)

وتی – (خـەم مـەخۆ، سبەی سـەعات نـۆ بچـۆ مـەوقفی پاسـی پـاڵ ئـەو پارکـەی ئـەمڕۆ لێـی دانیشـتبووی، شـۆفێری تەکسـییەك دێـت و پێـت دەڵـێ: تەکسـیت دەوێ؟ لەگەڵی سواربە و داوای شوێنی کەیف و ڕابواردنی لێ بکە..

بـەیانی سـەعات نـۆ خـۆم گەیانـدە مـەوقفی پاسـەکە و پـاش دە خولـەك شـۆفێری تەکسـییەك بانگی کـردم و وتـی "تەکسـییت دەوێ ؟"، منـیش بـێ سـێ و دوو لەگەڵی سوار بووم و کەوتمە گفتوگۆ، هەندێك خۆم دا بـە دەمییـەوە و – نـیوە فارسـی و نـیوە کوردی – پرسیاری شـوێنی ڕابواردنم لـێ کرد، دیـار بـوو ئـەویش لـەو دونیایـەدا قـاڵ بوو بوو، پرسیارەکەی منی زۆر بە ئاسایی وەرگرت و وتی – (پووڵ بدە و کەیف بکە)

وتم + (گرفتی پارەم نییە)

– (ئێستا دەتبـەم بۆ جێگەیەك بە ئارەزووی خـۆت خـانم هەڵبـژێرە، لەگـەڵ یـەکتر ڕێك بکەون و لای "حاجی ئاغا" بە شێوەیەکی کاتی مارەی بکە)

+ (مەبەستت زەواجی موتعەیە؟)

– (بەڵێ، بەڵێ، لای ئێمە کارێکی حەلاڵە و مەزهەبمان ڕێگەمان پێ دەدا، تۆ بـەو کارە لای خودا ئەجر وەردەگری و سوننەتێکی مردوو زیندوو دەکەیتەوە)

لە بیری خۆمدا دەموت: "بە ڕاستی دونیایەکی بەتامە، کەیف بکەی و ئەجرت بۆ بنوسرێ!"، شۆفێری تەکسییەکە بردمی بۆ ماڵێك وادەردەکەوت خانەوادەی خۆی بێت، دوو سێ خانمی بانگ کرد و منیش ئاماژەم بۆ یەکێکیان کرد، سواری تەکسییەکە بووین و چووینە لای "حاجی ئاغا" و بە شێوەیەکی کاتی ڕێکەوتین. پرسیم لە شۆفێرەکە + (شوێن و جێگەمان لە کوێ دەبێ؟ تۆ دەبێ ژووری یان شوقەیەکمان بۆ پەیدا بکەی)

– (ئەوەیان لێگەڕێ بۆ خۆم، شوێن و جێگەمان هەیە)

شۆفێری تەکسییەکە بردینی بۆ بەردەم بینایەکی گەورە و لە قاتی چوارەمدا دەرگای شوقەیەکی کردەوەو وتی:"لێرە بمێننەوە، بەڵام پێشەکی کرێکەی دەدرێت "، شۆفێرەکە کرێی مانگێکی لێوەرگرتم و وتی (مارەیی ئەو خانمەش هەر ئێستا بدە، چونکە ناتوانی لەگەڵی بمێنیتەوە تا مارەییەکەی پێ نەدەی)، ئەو بڕە پارەیەشم دا بە خانمەکە و دوای هەفتەیەك مانەوە لەگەڵی، ڕۆژێك زەنگی شوقەکە لێدرا و ئافرەتەکە دەرگای سەرەکی کردەوە و دواتر دەرگای شوقەکەی بۆ کردنەوە و چەند کەسێك هاتنە ژوورەوە، بینیم شۆفێرەکە و دوو پیاوی ترن کە جانتایەکی ڕەشی گەورە بەدەست یەکێکیانەوە بوو، شۆفێرەکە منی بۆ یەکێك لە ژوورەکان پەلکێش کرد و وتی – (وەرە، ئێمە حەیا و شەرەفمان لە دەستچووە)

وتم + (چی قەوماوە؟!)

– (ئەو دوو پیاوە دەبینی؟!)

+ (بەڵێ)

– (ئەوانە فیلمی شوێنی خەوی ئێوەیان هەڵگرتووە)

+ (ئەو قسەیە یانی چی؟!)

– (یانی ئەوان کاتی خەوتن و کەیفی ئێوەیان بە ڤیدیۆ گرتووە، ئێستا داوای پارە دەکەن و دەڵێن پارەمان پێ نەدەن بڵاوی دەکەینەوە و دەتانەوێ بە پۆلیس، ئەو ئافرەتە کچی منە، ڕەحمێ بە خۆت و بە منیش بکە، با شەرەفمان لەکەدار نەبێت)

+ (داوای چەند دەکەن؟)

– (پێنج ملیۆن تمەن)

+ (چۆن بزانم ڕاست دەکەن و وێنەیان گرتووە)

– (برۆ خۆت بیبینە)

دوو کەسەکە چەند لەقتەیەکی فیلمەکەیان بۆ لێدام و ئەوەی ئێمە لە ژووری نوستنماندا ئەنجاممان دابوو ئەوان گرتبوویان، دیاربوو کامێرەیان لە ژوورەکەدا دامەزراند بوو، خۆیان لە شوقەیەکی تردا فیلمیان لەو کارەی ئێمە هەڵگرت بوو، بە ناچاری پێنج ملیۆنەکەم پێدان و ئەوانیش "سی دی"یەکیان دایە دەستم و شۆفێرەکە کچەکەی خۆی سواری تەکسییەکە کرد و ڕۆیشتن، من دڵنیابووم هەموویان پێکەوە بوون، ئەو کارە کاری شۆفێری تەکسییەکە و ئافرەتەکە و دوو کەسەکە بوو، چونکە هەرکاتێك من دەمویست لەو ئافرەتە نزیك ببمەوە ئەو دەیبردم بۆ ژووری نوستنەکە، بەو گشتە پارەوە هاتمە "تاران"و بە تەنها "سی دی"یەکەوە لە تاران گەڕامەوە، لە ماڵەوە "سی دی"ەکەم تاقیکردەوە بینیم بۆشە و هیچ وێنەیەکی تێدا نییە و لە کاتی پێدانم دا "سی دی" کی بۆشیان دابووە دەستم، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە هەموویان باندێکن و بەو ڕێگەیە پارە پەیدا دەکەن..

پارەم تەواو بوو، کێچ کەوتە کەوڵم و ئۆقرەم لێبڕا، من تازە بەرگەی ژیانی هەژاریم نەدەگرت، دەبوا بە لێشاو پارەم سەرف بکردبایە، چوومەوە بۆ لای "فەجەی فاڵچی" و وتم + (پارەم لێبڕاوە)

وتی – (ئەوەندە کارمان پێکەوە هەیە پارەت دەست بکەوێت، وەرە با پێت بڵێم)

"فەجە" دەستی گرتم و بردمییە ژوورەوە، کەوتە تەگبیر بۆ کردنم، دوای باس کردنی گەورەیی کەسابەتەکەی خۆی وتی – (ڕۆژانە وەرە بۆ ئێرە کارێکم بۆت دۆزیوەتەوە، من لەم ژووڕە دادەنیشم و تۆش دەچیتە ئەو ژووڕە تاریکەی دەرگاکەی لەسەر ئەم ژوورەیە)

+ (دەبێ چی بکەم لەو ژوورەدا ؟!)

– (من کەسەکە ڕەوانەی ناو ژوورەکە دەکەم و تۆش خشە خش و جموجوڵ لە ژوورەکەدا پەیدا دەکەی، دواتر یەکێك لەو نوشتانەی من پێمداوی دەیدەیتە دەستی کەسەکە)

+ (ئەو نوشتانە چین؟!)

– (من بە کەسەکە دەڵێم نوشتەت لێکراوە و ئێستا فەرمان بە جنۆکەکان دەکەم نوشتەی سیحرەکەت بۆ بهێننەوە، تۆش لەو ژوورەدا نوشتەکەی دەدەیتە دەست، بەڵام دەبێ بەیانیان زوو بەر لەوەی خەڵکی بەئاگا بێن تۆ بگەیتە لای من)

پرسیم + (چۆن بوو متمانەت بە من کرد؟!)

(کەسێك بتوانێ فەرشی مزگەوت بدزێت بۆ ئەم کارەی من زۆر شیاوە، ئەوجا بشزانە من بۆشی تۆم وەرگرتووە، تۆ دزیت، هەرکاتێك لە فەرمانم لا بدەی یان بتەوێ کارەکەم بۆ خەڵکی دەربخەی دەتدەم بە دەستی پۆلیسەوە)

+ (باشە "فەجە"، تۆ ئەو فەرشەت بۆچییە؟!)

– (ئەو فەرشە کۆنە و زۆر بە نرخە، دەڵێن تان و پۆی لە ئاوی زێڕ هەڵژەنراوە، بەڵام کەس بەو ڕاستییەی نەزانیوە، ماوەیەك لەمەوبەر پەنام بردە بەر شەیتان و لەبەری پارامەوە کارێك هەبوو بۆم ڕێك بخات، شەو هاتە خەونم و وتی ئێمە ئەو کارەت بۆ دەکەین بە مەرجێ تۆش کار بکەی بۆ دزینی فەرشی مزگەوتەکە)

بەڵێ ڕۆژانە بەیانی زوو بەرلەوەی خەڵك بەسەر "فەجە"دا دابارێت خۆم دەگەیاندە ماڵی "فەجە" و قاتێ پۆشاکی ترسناکم لەبەردەکرد و دەمامکێکم بە ڕوومدا دەدا، لە ژوورە تاریکەکەدا خۆم سنك دەکرد و چاوەڕوانی هاتنی هەموو ئەو مرۆڤە سادە و فریودراوانە بووم کە دەهاتنە لای "فەجە" و ڕەوانەی لای منی دەکردن، کەسەکە لەگەڵ دەهاتە ناو ژوورەکە دەرگاکە بۆخۆی لە دوایەوەی دادەخرا، چونکە ئیسپرینگی لێ بەسترا بوو، منیش بە هەموو ئەو شتومەکانەی هێنابوومە ناو ژوورەکە دەنگوسەدا و خشەخشێکم دروست دەکرد کەسەکە وەخت دەبوو ڕۆحی دەربچێت، زۆرجار دەرگاکەی بە پەلە دەکردەوە و ڕایدەکردەوە بۆ ناو ژوورەکەی "فەجە" و دەیوت: "ناتوانم لەو ژوورەدا بمێنمەوە"، ئەویش دەیوت: "بۆخۆم دەچم لە دەستی جنۆکەکان

وەریـدەگرم"، دەهاتـه نـاو ژووڕەکـه و نوشـتەیەکی لـه دەسـت وەردەگـرتم و دەچـووە دەرەوە و دەیدایە دەستی کەسەکە، بەم جۆرە لە ڕۆژێکدا دەیانمان فریو دەدا و پارەی مۆڵمان لێ دەکێشانەوە، لە دەرەوە زۆر کەس دەربارەی ئەو ژووڕە تاریک و ترسناکەی "فەجە" شتی سەیر و سەمەرەیان دەوت، نازانم ئەو قسانە چەندە لـە ڕاسـتییەوە نزیـک بوون؟! پێم وایە هەندێک لەو کارە سەیروسەمەرانە – لە پەنهانەوە و بە بێ ئاگایی من – دەستی "مۆرا"ی تێدا بوو..

ڕۆژێـک "فەجـە" پێـی وتم (ئـەمڕۆ ئـافرەتێکی زۆر جـوان دێتـە لامـان، ئـەو منـداڵی نابێـت، مـن بـۆ ئـەمڕۆ مـەوعیـدم پێـداوە، تـاکو بێـت و ئـەو سیحرە بـەتاڵ بکەمـەوە کـە ناهێڵێت منداڵی ببێت)

وتم + (ئێ !)

– (من زۆر حـەزم لـەم ئافرەتـەیە و ئـەویش بـەتـەواوی خـۆی تـەسلیم بـە مـن کـردووە، داواکـەی مـن لـە شـەیتان و دزیـنی فـەرشـەکـە بـۆ سـازبـوون و تـەسلیم بـوونی ئـەم ئافرەتـە بـوو بـە مـن، ئـەمڕۆ دەیهێنم بـۆ ژووڕە تاریکەکـە و تـۆش وەک جنۆکەیـەک پێی دەڵێی: "جنۆکەیـەک زۆر حـەزی لـە تۆیـە، ئـەو ناهێڵێت منـداڵت ببێـت، گـەر دەتـەوێ نوشتەی سیحرەکەت بدەمـەوە دەسـت ئـەوا "فەجـە" دەسـتی بـۆ هـەرکـوێت بـرد بێـدەنگ بـە و هـیچ مـەڵێ، چونکـە "فەجـە" کـاری ئـەو جنۆکەیـە دەکـات کـە زۆر حـەزی لـە تۆیـە" پێـی بڵـێ: "گـەر خـۆت تـەسلیم بـە "فەجـە" نـەکـەی ئـەوا جنۆکەکـە دەچێتـە گیانت و شێتت دەکات")

+ (ئەی ساختەچی فێڵباز!)

– (چی بکەم! زۆر حـەزم لێیـەتی، یـەکێکیش بـۆ تـۆ سـاز دەکـەم)

دەوروبـەری چێشـتـەنگاو ئافرەتێـک هاتـە ژووڕەوە و "فەجـە" بـە وتـنی: "خانمەکـەم هـاتی؟" کـە وشـەی نهـێنی نێـوان مـن و "فەجـە" بـوو ئاگـاداری کردمـەوە، لـە درزی دەرگاکـەوە سـەرنجم دا ئـافرەتێکی جـوانی شـۆخ و شـەنگ بـوو ،"فەجـە" دەرگـای ژووڕەکەی خۆی قەپات کرد و کەوتە هەڵڕشتنی درۆ سیحراوییەکانی، دواتر فـەرمانی بە ئافرەتەکە کرد پێکەوە بێنە ناو ژووڕە تاریکەکە، هەردوو هەسـتان و هاتنـە ژووڕەوە و منیش بە دەنگێکی ترسناک هـەموو ئـەوەی "فەجـە" پێـی وتبـوم بـە ئافرەتەکـەم وت،

"فەجـە" دەسـتی بـۆ ئافرەتەکـە دریـژکرد، ئـەویش قیژانـدی و لـە ژووره تاریکەکـە رایکرده دەرەوه، "فەجه" نوشتەیەکی لێوەرگرتم و پڕۆیشتەوه بۆ ناو ژوورەکەی خۆی. نوشتەکەی دایه دەستی ئافرەتەکه، ئەویش زۆر به ساردییەوه له دەستی وەرگرت. لە ترزی دەرگاکـەوه سـەرنجم دا ئافرەتەکـە زۆر تێکچـوو بـوو، دوای نیـوەڕۆ کـە کـاتی پشـوودانی مـن و "فەجه" بـوو زەنگـی دەرگا لێدرا و "فەجـە" وتـی تـۆ بچـۆ بـۆ ژووره تاریکەکه و منیش دەچم بەدەم دەرگاکەوه، من گەیشتمه ناو ژووره تاریکەکه ئاگام لێبوو "فەجه" دەرگای حەوشەکەی کردەوه و به دوایدا چوار پێنج فیشەك تەقی، من ماوەیەك خۆم له ژوورەکەدا مات کرد، تاکو بزانم چی قەوماوه، ئاگام لێبـوو هاوار و شین و گریان بەرز بوویەوه، ژن و منداڵەکانی "فەجه" کـه لـه دەستەیەك خانووی تـردا بـوون بەسـەریدا دابـارین، خـەڵکی گـەڕەك کۆبوونـەوه و هاتنـە ژوورەوه و دەسـتیان بەگـەڕان کـرد، منیـان لـه ژوورەکـه هێنایـه دەرەوه و وتیـان: ئـەم کەسـه "فەجـە" ی کوشـتووه، هەرچـی هـاوارم کـرد سـوودی نـەبوو، چـونکه تەنانـەت ژن و منداڵـەکانی "فەجه" ئاگادارنەبوون بەوەی من له لای ئەو کاردەکەم و پۆژانه لەو ژووره تاریکەدا خۆم حەشار دەدەم، خەڵکەکه کردمیانه ژوورێکەوه و پۆلیسیان ئاگادار کردەوه، دواتر بـه قۆڵبەسـتراوی ڕەوانـەی بەندیخانـەیان کـردم، مـن هەرچـی هەوڵمـدا بەرائـەتی خـۆم بسەلمێنم سوودی نەبوو، چونکه ژن و منداڵەکانی دەیانوت ئێمه ئەم پیـاوه ناناسین و لـه لای "فەجـه" نـەمان بینییـوه، ئـەو "فەجـە"ی کوشـتووه، بـۆ دزیـنی پارەکـانی ڕۆیشتۆته ژوورەوه و فریا نەکەوت هەڵبێت خەڵکەکه قۆڵبەستیان کرد، له دادگا بیست و پێـنج سـاڵ درا بـه کۆڵمـدا و کەوتمـه نـاو مەینـەتی بەندیخانـەوه، لـەو ڕۆژەوەی چووبوومه لای "فەجه" من "مۆرا"م نەبینی بوو، چونکه شەیتان شەرمی دەکرد له کار و کردەوەکـانی "فەجـه"، ئـەو مامۆسـتای شـەیتان بـوو، بـەڵکو شـەیتان جار جار بـۆ کارەکانی پرس و ڕای بەو دەکرد..

بەندیخانە و گۆڕان

سەختترین کات بۆ مرۆڤ ئەو ساتەیە پرسیار رووبەڕووی خۆی دەکاتەوە، لێرەوەیە تاقیکردنەوەکانی خوێندن گران و دژوار بەسەر قوتابیدا گوزەر دەکەن، چونکە لە تاقیکردنەوەدا مرۆڤ دەبێ پرسیار رووبەرووی خۆی بکاتەوە، دەبێ ناخی خۆی بۆ پرسیار بپشکنێت، خۆی هەڵبکۆڵێت تاکو وەڵامێك بۆ پرسیارەکە ببینێتەوە، من لە بەندیخانە چەندین پرسیارم رووبەرووی خۆم کردەوە، من خەریکی چ یارییەکم ؟ هەڵەکانی ژیانم کامانەن ؟ من بۆخۆم مرۆڤێکی شەڕەنگێزم، یاخود کۆمەڵگە و پێویستییەکانی ژیانە هەڵەم پێ ئەنجام دەدەن ؟ تاکەی ئەم ڕێگە هەڵانە بگرمە بەر، ناکرێت گۆڕانێك لە خۆمدا بەرهەم بهێنم ؟ ئایا ڕێگەی گەڕانەوەم لێ دانەخراوە ؟

لە بەندیخانە تێکەڵ بە کۆمەڵێك مرۆڤی باش بووم، لەوانەیە پێتان سەیر بێت دەڵێم: لە بەندیخانەدا مرۆڤی باش هەیە، بەندیخانە قوتابخانەیەکی مەزنە بۆ پەروەردەی مرۆڤ، هەندێ جار کەسانێکی بێتاوانیش ڕاپێچی ئەو جێگەیە دەکرێن و مۆری تاوانباریان پێدادا دەنرێت، من بەو کۆمەڵە مرۆڤە کاریگەر بووم و بیری گەڕانەوە و تەوبەکردن کەوتە سەرم، ئاواتم بوو "مۆرا" دەستبەردارم بووبێت، تاکو منیش لەگەڵ ئەو خەڵکە باشانەدا ڕێگەیەکی دروست بگرمە بەر، چەند مانگێك بەگەرمی خەریکی نوێژ و ڕۆژو و قورئان خوێندن بووم، شەوێك بەئاگا هاتم بینیم "مۆرا" لە تەنیشتمەوە ڕاکشاوە، وتم + (بۆ کۆڵم لێ نادەی؟! من تەوبەم کردووە و نامەوێت بگەڕێمەوە سەر کارە خراپەکانی پێشووم)

– (گەر دەتەوێت لە بەندیخانە ڕزگارت ببێت دەبێ واز لەو برادەرانەت بهێنی و چیم پێ وتی بەگوێم بکەی)

+ (من نامەوێ لە بەندیخانە ڕزگارم ببێت، ڕاستە من "فەجە" م نەکوشتووە، بەڵام دەستم بە چەندین تاوان و گوناهی تر ڕەش بووە، لێرە بەدواوە هیچت بەگوێ ناکەم)

– (تۆ ناتوانی لە دەستی ئێمە خۆت قوتار بکەی)

+ (چیتان لەدەست دێت بیکەن، من بڕیاری خۆمم داوە)

– (ئاخر شێت دەبیت)

+ (شێت بوونم لەم گشتە گوناە و تاوانە پێ خۆشترە، من کە بەو کارانە هەستام و بەگوێی تۆم کرد کەسێکی شێت بووم، چونکە مرۆڤی ساغ ئەو کارانە ئەنجام نادات)

– (من دەچم، بەڵام سبەی شەو خۆت دەبینییەوە)

بەیانی برادەرەکانم پێیان وتم ("قاسم" ئەو گشتە وڕێنەیە چییە شەوانە بەدەم خەوەوە دەیکەیت؟!)

وتم + (خەفەتم هەیە)

بۆ سبەی شەو ئەو خودا نەناسە – مەبەستم "مۆرا"یە یەک پۆل یاخیبووی لەگەڵ خۆی هێنا بوو، یەکێک لەوانە "خرێلە"ی ئاوەڵزاوام بوو کە زۆر لێم بەداخ بوو، هاتنە گیانم و ئەوەی ئازار و ئەشکەنجە بێت بەسەر مندا دایانبارادن، دەیانوت (دەگەڕێیتەوە یان ئازارت بۆ زیاد بکەین؟)

دەموت (ناگەڕێمەوە و چیتان لەدەست دێت ئەنجامی بدەن)

ئەو شەوە تا ڕۆژ بوویەوە ئەوانە ئازاری ڕۆح و جەستەی منیان دا، بە ڕۆژەکەیدا کەمێک خەوتم، بەڵام دەهاتنەوە گیانم و لە ترسان ڕادەپەڕیم، برادەرەکانم بە حاڵی پەرێشانی منیان زانی بوو، بەڵام نەیاندەزانی نهێنی هۆکارەکەی چییە، تەنها بە یەکێکی قورئان خوێنیانم وت: "قورئانم بەسەردا بخوێنە" ئەویش چەند سورەتێک قورئانی بەسەردا خوێندم، تا ڕادەیەک ئارامی پێ دەبەخشیم و ئەو یاخییانەی لێ دوور دەخستمەوە، بەڵێ بە درێژایی شەش مانگ ئەوانە خەریکی ئازاردانی من بوون، داوای پەشیمان بوونەوەیان لێ دەکردم و من هەر لەسەر باوەڕی خۆم سوور بووم،

هەندێ لە هاوەڵە بەندییەکانم بۆ بەندیخانەی تر گواستنەوە و خۆشم بۆ شوێنێکی تر هەڵ کرام، هەستم بە ساردبوونەوە دەکرد لە باوەڕمدا، وەکو جاران لەگەڵ نوێژ و ڕۆژو گەرم نەبووم، تووشی کۆمەڵێك برادەر هاتم – ڕاستە کوڕی چاك بوون – بەڵام هەروسەکوتیان زۆر بە ئاینی نەدەخوارد و هەمیشە خەریکی گاڵتە و دۆمینە و تاوڵە و شەترەنج بوون، لەو ماوەدا "مۆرا" کەوتە تکا و ڕجا لێ کردنم و پێدانی بەڵێن بە ڕزگارکردنم لە بەندیخانە، من پێم وت + (گەر ڕاست دەکەی بەرم بدە، ئەوجا منیش هەگەڵت ئاشت دەبمەوە)

وتی – (هەوڵدەدەم)

لەو سەر و بەندەدا بوو دایکم بۆ سەردانم هات بۆ بەندیخانە و وتی (ڕۆژێك پیاوێکی بە تەمەنی ڕەقەکار تەقەی لە دەرگا دا و چووم بەدەمییەوە و فەرمووم لێ کرد، وتی: نایەمە ژوورەوە، هاتووم پێت بڵێم بچیت بە "قاسم" بڵێی:" ئارام بگرە خودا دەرگات لێ دەکاتەوە و لە بەندیخانە ڕزگارت دەبێ، ئەم هەواڵەش وەك موژدەیەك پێی بدە"، لێم پرسی جەنابت کێیت؟ وتی: ناوم "سەعید" ە، من یەکێکم لە پیاوانی "پیر خدر"، پێی بڵێ "سەعید" دەیوت یەکتری دەبینین و چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕمەوە")

من بەو هەواڵە زۆر دڵخۆش بووم و دەستی دایکم ماچ کرد و وتم (ئیشەڵاّ بەردەبم...)

دوای دوو سێ هەفتە لە بەڵێنەکەی "مۆرا" بە بەردانم بەندییەکی تازە هاتە لامان، لێمان پرسی (لەسەر چی گیراوی؟)

وتی (من سەرتاشم، ڕۆژێك پیاوێ هەژاری چڵکن هاتە دوکانەکەم و داوای کرد سەری بتاشم، منیش لەبەر مشتەرییەکانم ویستم بیکەمە دەرەوە کەچی لێم سوورببوویەوە و وتی: "ناچم"، ویستم بە پاڵ بیکەمە دەرەوە، ئاگام لە خۆم نەبوو مەقەستەکەی دەستم چوو بە سەر دڵیدا و بەهۆیەوە ڕەوانەی ئێرە کرام..)

شەوێك باسی سیحر و فاڵ و جادوو کرا، بەندییە تازەکە وتی: "من پیاوێك دەناسم گەورەترین فاڵچی ئەم ولاّتەی کوشتووە، جنۆکەکانی فاڵچییەکەش نەیانتوانی بەرگری لە خاوەنەکەیان بکەن، تەنانەت نەیانتوانی پیاوکوژەکە بدۆزنەوە و بیدەنە دەستی یاسا"، من قسەکەم لای خۆم هەڵگرت و شەو و ڕۆژ

ڕۆیشتمه بندەستی و خۆم کرد به برادەری گیانی بە گیانی ئەو، شەوێك پرسیاری ئەو کەسەم لێ کرد و ئەویش ناوی کەسەکەی لا درکاندم، لێم پرسی (ئەو کابرایە بۆچی "فەجە"ی کوشت؟!)

وتی (ژنەکەی منداڵی نەدەبوو، چووبووە لای ئەو فاڵچییە نوشتەی بۆ بکات تاکو منداڵی ببێت، کەچی ئەو بێناموسە دەستی بۆ درێژ کرد بوو، ژنەکە گەڕابوویەوە و لای مێردەکەی ڕووداوەکەی باس کرد بوو، ئەویش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە دەچێتە سەر "فەجە" ی فاڵچی و چەند گوللەیەك دەکات بە قوربانی)

لە دوای وەرگرتنی ناونیشانی کەسەکە لە برادەرەکەم پارێزەرێکم لە مەسەلەکە ئاگادار کردەوە، تاکو بکەوێتە دوای فایلەکە و بەڵگە لەسەر ئەو پیاوە کۆبکاتەوە، دوای دەستکەوتنی چەند بەڵگەیەکی بەهێز لە سەری پۆلیس - بۆ گرتنی - کردییە سەری و قۆڵبەستیان کرد، بەڵام ئەو ڕۆژەی بۆ دادگا برا بە ڕێگەیەکی سەیر لە دەستی پۆلیس هەڵهات و خۆی گەیاندە هەندەران، هەڵهاتنەکەی لە بەندیخانە تاوانەکەی لەسەر ساغ کردەوە و بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی حوکمی بەندکردنەکەی من، هاتمە دەرەوە و لە بەندیخانە ڕزگارم بوو..

"مۆرا" هاتەوە و وتی - (من بەڵێنەکەی خۆم بردە سەر و بەرمدای، ئێستا بگەڕێرەوە بۆ لای ئێمە و واز لە هەموو ئەو شتانە بهێنە لە بەندیخانە فێریان کردی)

وتم + (پیاوانی " پیر خدر " بوونەتە هۆی بەردانم، نەك تۆی شەیتان)

کە ئەوەم وت "مۆرا" زۆر تووڕە بوو وەك کڵپەی گڕێك هاشاوڵی بۆ سەر و چاوم هێنا و منیش پەنام گرت بە خودا لە شەڕی ئەو شەیتانە، جارێکی تر هەڵیکوتایەوە سەرم و ویستی وەك تەنێکی ڕەش خۆی بەسەرمدا بدات، دیسان پەنام گرت و خۆم لەبەری لادا، ئەو بەجێیهێڵام و منیش بەسەرکەوتنم زۆر دڵخۆش بووم...

سێ ساڵ ژیانی زیندان منی کۆت کرد بوو، لە جاران کەمتر حەزم بە گەڕان و چوونە دەرەوە بوو، زۆربەی کاتەکان لە ژوورەکەی خۆم دادەنیشتم و بیرم لەو گشتە هەڵە و گوناهانە دەکردەوە ئەنجامم دابوو، بەیانییەکیان زەنگی حەوشەکەمان لێدا و دایکم چوو بە دەمییەوە و گەڕایەوە و وتی (پیاوێکی ڕیش سپییە "قاسم"ی دەوێت، منیش

چووم و مەرحەبام کرد و فەرمووم لێ کرد، هاتە ناو حەوشەکە و وتی (بمبە بۆ تووڕەکەی خۆت)، منیش فەرمووم لێ کرد بۆ سەرەوە و هاتە ژوورەکەم و لەسەر کورسییە دارینەکەی ناو ژوورەکەم دانیشت، دەستی کرد بە قسە و وتی – ("قاسم" ئێمە ئاگادرین تۆ چیت بەسەر هاتووە، دەزانین ئەو هێزە لە خودا یاخییە چەندە زیانی داوی، هەموو ئەو گوناهانەی ئەنجامت داوە، هەموو ئەو گرفت و گۆبەندانەی بۆیان دروست کردووی، ئێمە بە وردی شوێن پێی تۆمان هەڵگرتووە و لێت بەئاگا بووین)

وتم + (ئێوە کێن؟!)

وتی – (ئێمە پیاوانی "پیر خدر"ین)

دڵم خۆش بوو وام دەزانی ئەم پیرەمێردە ئەو کەسەیە بەڵێنی داوە چیرۆکی پیاوانی "پیر خدر" م بۆ بگێڕێتەوە، بۆیە هەستام دەستی ماچ بکەم، رایوەستانم و وتی – پێویست ناکات، لە شوێنی خۆت دابنیشە و گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانم بگرە)

+ (فەرموو، گەورەی من)

دەستێکی بە ڕیشە سپییەکەیدا هێنا و وتی – (ئەمەی پێت دەڵێم فەرمانی "پیر خدر" ە، تۆ ماوەی چەندین ساڵە لەگەڵ ئەو تاقمە یاخییەدا دەژیت، تێکەڵیی و ناشنایت لەگەڵیان پەیدا کردووە، ژنت لێهێناون، ئێمە زۆر پێویستمان بە تۆیە لەناو ئەوانەدا بیت)

وتم + (چ پێویستییەک؟!)

– (کوڕم، تەنها گوێ بگرە و قسەکەم پێ مەبڕە، تۆ دەبێت لەو ئافرەتەی ئەوان نەوە بخەیتەوە، ئەوکاتە ئێمە ناهێڵین ئەوان دەست بەسەر نەوەکانی تۆدا بگرن و دژ بەو هێزە یاخییە بەکاریان دەهێنینەوە..)

هەندێ دەنگم بەرز کردەوە و وتم (ئەی خۆم چی؟! خۆم لە پێناوی کاری ئێوەدا تیا بچم؟!)

– (ئێمە دەست لە تۆ بەرنادەین و هەموو هێزێکمان بۆ پاراستنت دەخەینە کار)

+ (خەوتنی من لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا نیشانەی زاڵ بوونی ئەوە بەسەر منداا!)

– (نا، وانییە، ئەم جارەیان ئێمەت لەگەڵە)

+ (یانی ئێوە دەستم لێ بەرنادەن؟!)

– (هەرگیز، ئێستا من دەبێ بڕۆم، ئەرك و كارم زۆرە، تۆش فەرمانەكەی "پیر خدر" وەك خۆی جێبەجێ بكە)

+ (ئەی چیرۆكی پیاوانی "پیر خدر" م بۆ ناگێڕیتەوە؟!)

– (بۆ جارێكی تر)

پیرە پیاوەكە لە ژووركەم چووە دەرەوە و تا دەرگای حەوشەكە لەگەڵی چووم و بەڕێم كرد، كاتێك لەسەر كۆڵانەكە خەریك بوو ئاوا دەبوو بوو بە دوكەڵێكی رەش و بزر بوو، بۆ ژووركەی خۆم گەڕامەوە، كەوتمە بیركردنەوە لەو پیاوە پیرە و داوایەكەی (بڵێی ئەم پیاوە ڕاست بكات؟! بۆ داوای بەڵگە و نیشانەیەكم لێ نەكرد؟! سەروسیمای زۆر نوورانی بوو، پێناچێ كەسێكی خراپ بێت، ئەوان بەهێزن و ئەمجارە لە شەڕی "مۆرا" و داروودەستەكەی دەمپارێزن، ئەم جارەیان لەگەڵ پێشوو جیاوازی هەیە، ئەی بۆ لە كاتی ونبوونیدا بوو بە دوكەڵێكی رەش ؟!)، لەو خەیاڵ و بیركردنەوانەدا بووم، "مۆرا" دەرگای ژووركەی پاڵ پێوەنا و هاتە ژوورەوە، زوو هاتنی "مۆرا"بەدوای ئەو پیرەمێردەدا ترس و دڵەڕاوكێی لە لا دروست كردم، "مۆرا" زۆر خۆی جوان كرد بوو، ئەوەندە شۆخ و قەشەنگ بوو هەزار دڵی بۆ حەیران دەبوو، بە زمانێكی شیرین وتی – ("قاسم" گیان ئەو ماوەیە زۆر ئازارمان دای، تۆ دەبێ من ببووری، ئاخر نازانیت من چەندە تۆم خۆش دەوێت! نازانیت من بەبێ تۆ ژیانم لێ تاڵ دەبێت، ئێستا من زۆر تامەزرۆی تۆم، ڕێگەم دەدەی دەست لە ملانت بم؟)

منیش وەك ئەو تامەزرۆ بووم، فەرمانی پیاوە پیرەكەش دەبوا جێبەجێ بكرابایە، بۆیە وتم + (وەرە، وەرە لە ئامێزم بگرە و هەرچی خەم و پەژارەی ئەو چەند ساڵەیە لە بیرم ببەرەوە)

كە ئەوەم وت "مۆرا" وەك ڕەشمارێكی عاشق خۆی تێئاڵاندم و ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە لە قەد و باڵم جیانەبوویەوە، شەو كەوتینە گفتوگۆ و "مۆرا" وتی – (ئەم جارە ئیتر نە ڕێگەت دەدەم لە دەستم دەربچی، نە هیچ كەسێكیش دەتوانێ تۆ لە ژێر دەستم

دەربهێنێت)، من گاڵتەم به قسەکەی لێ دەهات، چونکه به هێز و توانای پیاوانی "پیر خدر " هوه دەنازیم، وتم + (هەرکاتێك بمەوێت دەتوانم خۆم له دەستت ڕزگار بکەم)

– ("قاسم" به چیدا دەنازیت؟! پێت وایه ئەو پیاوه ڕیش سپییەی ئەم بەیانییه کێ بوو؟!)

وتم + (یەکێك بوو له پیاوانی "پیر خدر")

"مۆرا" دایه قاقای پێکەنین و وتی – (خاکت به دامان، ئەو پیاوه ڕیش سپییه "میر"ی گەورەی ئێمه بوو، ئەو ئێمەی کۆت و بەند کرد بوو، ئازاری دەداین، ئێمەش وتمان (دەتوانی خۆت بچی و بیگێڕیتەوه، ئەویش ئەم بەیانییه هات و تۆی بۆ باوەشم گێڕایەوه)

که ئەو قسەیەی کرد تووڕەیی گرتمی و بەرچاوم لێڵ بوو، پەلاماری "مۆرا" م دا، ئەویش به دەستێکی پاڵێکی پێوەنام و کێشامی به دیوارەکەدا و وتی – (ئیتر بەسه)

له ژوورەکەمدا دەستم کرد به هاوار (هۆ خودایه، تۆ له کوێیت؟ بۆچی نایەیت بەدەم مەزڵومان و لێقەوماوانەوه؟! هۆ هەرچی فریشته و پێغەمبەران و پیاوچاکانه بۆ دەستتان له من بەرداوه، هۆ "پیر خدر" تۆ دەتوانی چی بکەیت؟ بۆ ئەوەنده بێ هێزی ڕێگه دەدەیت ئەم شەیتانانه خۆیان بگۆڕن به پیاوانی تۆ؟، ئەمانه به ئارەزووی خۆیان یاریم پێ دەکەن، ئێوه له کوێن؟ بەهانامەوه وەرن، بگەنه فریام)، لەگەڵ گریانێکی به کوڵدا (بگەنه فریام) به دەنگێکی نزمتر و به گریانەوه (بگەنه فریام) که ئەو هاوار و دوعا و سکالاٚیەم لێ بەرز بوویەوه "مۆرا" دەستی به چاوەکانی خۆی گرت و پاشەو پاش ڕۆیشته دواوه و بوو به گڕ و دووکەڵ و له ژوورەکەمدا بزر بوو، بزربوونی "مۆرا" بەو شێوەیه نیشانەی کۆتاهاتن و ڕوبەڕووبوونەوەی بوو لەگەڵ مەرگدا..

بەشی دووەم

بینینی "سەعید"

چەند شەوێك بە ئارامی نوستم، سەرلە بەیانییەك چوومە دەرەوە و سەرێکم لە مزگەوتی گەورە دا، دەستنوێژم هەڵگرت و دوو ڕکات نوێژم کرد، لە پەنایەکەوە کز و خەمبار لێی دانیشتم، وەنەوز و خەوەنوسکێ ڕووی تێکردم و چاوەکانم چوونە خەو، بینیم لە شارێکی ترم، کەوتوومەتە ناو بازاڕێکی جەنجاڵ، هەرکەسە و لە ئاوازێك دەخوێنێت، من دەمزانی وێڵ بووم و ڕێگەم بزر کردووە، بە سەرسامییەوە دەسوڕامەوە، لەو دونیا جەنجاڵەدا پیاوێکی ڕەقەکاری ڕیش ماش و برنج دەستی خستە سەر شانم و وتی: "قاسم" لێرە چی دەکەیت ؟!

وتم: نازانم، وێڵ بووم، ڕێگەم ون کردووە .

وتی: ئێستا دەست دەخەمە سەر سەرت، چاوت ڕۆشن دەبێتەوە و ڕێگەکەی خۆت دەدۆزیتەوە .

دەستی موبارەکی خستە سەر سەرم و لە خەوەکەم بە ئاگا هاتم، بینیم هەمان پیاو کە هەندێك پیرتر دیار بوو دەستی لەسەر سەرم داناوە، بزەیەکی شیرین کەوتە سەر لێوەکانی و وتی – (مەترسە، ئەم جارەیان شەیتان نییە، ئەم جارەیان پیاوێکی ڕاستەقینەی "پیر خدر"ە).

منیش دەستم بە گریانێکی بە کوڵ کرد، بە دڵ گریام، ئەویش بە ئارامی دانیشتبوو سەرنجی منی دەدا، پاشان وتی (ئەگەر ئایەتیان بۆ خوێندیەوە و وتیان ئەمە ئایەتی قورئانە و خودا فەرمانت پێ دەدا بچیت تێکەڵ بەو شەیتانانە ببیت بە گوێی مەکە، چونکە خودا فەرمان بە خراپە ناکات، تۆ دەبێ زانست فێربیت، کەمی زانست مرۆڤ تووشی هەڵە و تێکەوتن دەکات، کەسانی چاك و پاك ببینەوە و تێکەڵیان

بیه، بۆئەوەی لەو یاخییانە دوور بکەویتەوە، مرۆڤ چەندە لەگەڵ چاکاندا بێت ئەوەندە لە کۆڕی شەیاتین دوور دەکەوێتەوە، ماف بگێڕەوە بۆ ئەوانەی مافت خواردوون و هەتوانیت بۆیان بگێڕیتەوە، خودا دەرگات لێ دەکاتەوە، دەوڵەمەند دەبیت، بەڵام هەژاران لە یاد مەکە)

وتم + (زۆر دەترسم "مۆرا" و هاوکارەکانی بێنەوە گیانم)

وتی – (مەترسە – گەر تۆ ڕاست بکەیت – ئەوانە کۆتاییان پێهاتووە و جارێکی تر نایەنەوە بۆ لات)

پرسیم + (تۆ کێیت؟!)

– (من "سەعید"م، یەکێك لە پیاوانی "پیر خدر"م)

+ (تۆ ئەو کەسەی چیرۆکی پیاوانی "پیر خدر" بۆ من دەگێڕیتەوە؟)

– (بەڵێ)

+ (یانی تۆ بەڵێنەکەی داپیرەی منی؟!)

– (دیسان بەڵێ)

+ (تووخودا مام "سەعید" حەقیقەتی پیاوانی "پیر خدر"م بۆ باس بکە، "مۆرا" و هۆزەکەی زۆر لە ئێوە دەترسن، پێم بڵێ ئەوانە چین و کێن؟!)

کە ئەو تکایەم کرد "سەعید" وتی – (هەستە با بچینە گۆشەیەکی ئەم مزگەوتە و هەندێ شتت لەمەڕ پیاوانی"پیر خدر" بۆ باس بکەم، تاکو داوا لە خودا بکەیت نەتگێڕێ بە یەکێك لەو پیاوانە و نەتخانە ناو ئەو دەستەیەوە)

پرسیم + (بۆچی "هەندێ شت"؟! ئەی بۆ هەموو شتێکم بۆ باس ناکەی؟!)

– (من بۆخۆم زۆر شت لەمەڕ ئەو دەستەیە نازانم، خۆم لە خۆم سەراسیمە بووم)

+ (ئەی بۆ دوعا بکەم خودا نەمخاتە ریزی ئەوانەوە ؟!)

– (چونکە هەرچی ئازار و مەینەتی ئەم دونیایە بەسەرتدا دادەبارێت)

هەردوو هەستاین و چووینە گۆشەیەکەوە و "سەعید" هەندێك لە بەسەرهاتی خۆی و پیاوانی "پیر خدر"ی بۆ من گێڕایەوە و وتی- (مرۆڤ پێناسە ناکرێت، ژیانیش تابلۆیەکی ئەفسوون ئامێزە، سەرەتا دەبێ ئەوەت پێ بڵێم: پرسیار مەکە و لەگەڵم ئارام بگرە، چونکە گەر کەوتیتە پرسیار کردن من ناچار دەبم بوەستم و کۆتایی بە قسەکانم بهێنم)

+ (بەڵێنت پێ دەدەم هەتا کۆتایی قسەکان پرسیارت لێ نەکەم)

- (پێم باشە لە سەرەتاوە هەندێك لە ژیانی منداڵیی خۆم و بنەچە و ڕیشەی بنەماڵەکەمانت بۆ باس بکەم، ئەوجا بچمە سەر باسی "پیاوانی پیر خدر")

+ (زۆرم پێ خۆشە)

- (منداڵێکی چاوگەشی خوێن شیرین بە ناوی " سەعید " - کە منم - لە ئامێزی گەرمی دایك و باوکیدا گەورە بوو، "سەعید" خوشك و برایەکی لە خۆی گەورەتری هەبوو، بەڵام لە سەردەمی منداڵیدا بە نەخۆشی سورێژە هەردوو سەریان نایەوە، باوکی "سەعید" ناوی "مستەفا ئەحمەدی کوڕی حاجی عەبدولڕەحمان" بوو، دایکیشی "فەریدە خاتوونی کچی مەلا حەبیبی کوڕی سەید جەمیل" بوو، "سەعید" دەریاچەیەك بوو تیایدا دوو ڕوبار لە یەکتریان دەدا، ڕوباری یەکەمیان لە بابیەوە بوو کە بنەماڵەیەکی مام ناوەند لە پلەی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام بەرز و شکۆمەند لە ڕێگەی عیرفان و ئایینداری ڕاستەقینەدا، "مستەفا "ی بابی "سەعید" بە نموونەی کەسابەتی پاك و چاك دەهێنرایەوە و دەیانوت: نەبیستراوە پارووێك حەرامی خواردبێت، یان درۆیەکی لە مامەڵەدا کردبێت، ئەو هەموو جارێك دەیوت: گەر بمانەوێت منداڵەکانمان لە پاکان و چاکان بن پێویستە لە پاروی حەرام بیانپارێزین، دایکم ئافرەتێکی خۆپارێز بوو، دەڵێن: دەستنوێژی هەڵدەگرت ئەوجا نانی دەکرد و شیری بە منداڵەکەی دەدا...

عیرفان بۆ ئەو ژن و میردە خۆپارێزە مانای ژیانی دەگەیاند، شەوانی مانگی "مستەفا" شەوانێکی مەلەکووتی بوو، ماڵەکەیان بە ئارامی لێوان لێو بوو، زمانیان بە یادی خودا تەڕو پاراو بوو، دڵیان گەرم و گەش و گەورە بوو، ئەوان خۆیان وەك ماسی

دەهاتە پێش چاوان و یادی خودایان بە ئاوێکی سازگار دەبینی، ئەو ساتانەی خەرێ بوون بە ڕێکخستنی کاروباری دونیاوە هەستیان بە تینوێتی و وشکبوونەوەی گەرووی دڵیان دەکرد، بۆیە بە زووی تەم و مژی بێ ئاگاییان لە سینەیاندا دەڕەواندەوە و لە مەملەکەتی بێ سەر و بنی یادی خودادا دەکەوتنە باڵە تەپێ...

"سەعید" لە منداڵییەوە عەودالّی قسە و باسەکانی باوک و دایکی بوو، ئەوان کە دوو بە دوو دادەنیشتن و باسی دونیای پڕ سەیر و سەمەرەی عیرفانیان دەکرد "سەعید" دەچووە نێوانیانەوە و بە وردی گوێی بۆ قسەکانیان ڕادەگرت، "مستەفا و فەریدە" ئەوەی لە شەودا دەیانبینی بەیانی بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە، "مستەفا " لە لێکدانەوەی خەوندا دەستێکی بالاّی هەبوو، زۆرجار پێش هاتنی ڕووداوەکان دەکەوتن، ئاگاداریی تەواویان لە کارەسات و ڕووداوەکانی دەوروبەریان بە دەست دەگەیشت، بەلاّم ژن و پیاوێک بوون دەتوت قاسەیەکی قوفڵ کراون، هیچ قسەو باسێکی دونیای عیرفانیان بۆ دەرەوەی خۆیان لێ دەرنەدەچوو، ئەوان دەیانزانی باسکردن و گێڕانەوەی ئەو هەوالّ و نهێنیانە کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، خوداش بۆ تاقیکردنەوەی ئەو ژن و پیاوە هەندێک لە هەوالّەکانی داهاتوویان پێدەگەیەنێت، بۆیە گەر ئەو نهێنییانە ئاشکرا بکەن لەوانەیە بەر خەشم و قینی خودا بکەون و هەوساریان بداتە دەستی حەز و ئارەزووەکانی خۆیان..

"سەعید" گوێی بۆ هەموو ئەو قسە و باسانە ڕادەگرت، بە وردی سەرنجی قسەکانی دەدان و دواتر چاوەڕوان دەبوو تاکو بزانێت ئەو هەوالاّنەی داهاتوو کە دایک و باوکی قسەیان لەبارەوە کرد بوو ڕوودەدەن یان نە؟ ئەوەی " سەعید" ی مەست و سەراسیمە کرد بوو هاتنی پێشهاتەکان بوو بەو جۆرەی دایک و باوکی هەوالّیان لەبارەوە دەدا..

بەیانییەک گوێی لە دایک و باوکی گرت بوو باسی ئاوسێ ماڵەکەی خۆیانیان دەکرد، ئەوان خێزانێکی هەژار بوون، دایکی وتی: ئەو پیاوە بەم نزیکانە هاوسەرەکەی دەمرێت، بەلاّم ژنێکی تر دەهێنێت و بەهۆیەوە زۆر دەوڵەمەند دەبێت، "مستەفا" ش وتی: بەلاّم ئاسوودەیی و ئارامییان بەم ئافرەتەوەیە کە ئێستا هاوسەریەتی، هەرکە کۆچی دوایی کرد و بەجێی هێلاّن ژیانیان لێ دەبێت بە دۆزەخ...

"سەعید" ورد گوێی گرت بوو، دەیزانی باسی کێ دەکەن، بە بەرائەت و نەزانی منداڵییەوە هەر ئەو پرۆژە "سەعید" چوو بۆ لای ئاوسێ ماڵەکەیان کە لەسەر سووچی کۆڵانەکەدا دوکانێکی بچووکی دانا بوو، پێی وت: ژنەکەت دەمرێت و ژنێکی تر دەهێنی، بە هۆیەوە زۆر دەوڵەمەند دەبیت...

کابرای خاوەن دوکان پرسیاری لێ دەکات: ئەو قسانەت لە کێ بیستووە؟ ئەویش بەرەو ماڵەوە هەڵدێت و خاوەن دوکانەکەش شوێنی دەکەوێت، "سەعید" بە هەناسە بڕکێ خۆی دەکات بە ژووردا و دایکی بە دەمیەوە دێت و لێی دەپرسێت چی بووە؟ بۆ ڕادەکەیت؟ ئەویش دەڵێت: کاك "غەفوور" ی دوکاندار ڕاوم دەنێت...

لەو کاتەدا بوو "غەفوور" تەقەی لە دەرگای حەوشەکەدا و " فەریدە " خاتوون چوو بە دەمیەوە و فەرمووی لێ کرد، غەفوور وتی (" فەریدە " خاتوون ئێوە ئەو قسانەتان فێری "سەعید" کردووە تاکو بە منی بڵێت؟!)

فەریدە خاتوون (کاك غەفوور قسەی چی؟!)

+ ("سەعید " بە من دەڵێت: تۆ ژنەکەت دەمرێت، ژنێکی تر دەهێنیت و بە هۆیەوە دەوڵەمەند دەبیت!)

– (کاك " غەفوور" گیان ،"سەعید" منداڵە، لەخۆیەوە قسان دەکات، بمانبەخشە، داوای لێبوردنت لێ دەکەم)

+ (بەڵام گەر ئێوە قسەی لەو جۆرەتان نەکرد بێت چۆن ئەو منداڵە لە خۆیەوە قسەی وا دەکات؟!)

– (منداڵی ئەم سەردەمە عەجول و زۆرزانن، هەموو قسەیەك بە دەمیاندا دێت، هیچ خەم مەخۆ و گوێ بە قسەکەی مەدە)

+ (" فەریدە " خاتوون من متمانەم بە تۆ و "مستەفا " ی مێردت هەیە، دەترسم ئێوە لە نێوان خۆتاندا قسە و باسی لەو جۆرەتان کرد بێت و ئەم منداڵەش گوێی لە قسەکانتان بوو بێ؟!)

– (کاك "غەفوور " هەموو شتێك لە لای خودایە و بە دەستی خودایە، قسەی من و "مستەفا " هیچ لە بڕیارەکانی خودا ناگۆڕێت، ئێوە بەندەی خودان و مردن و

ژیانتان بە دەستی ئەوە، ئیتر قسەی من و "مستەفا " چ مانایەکی هەیە؟! ئێمە گەر بمانتوانییایە مردنمان لەسەر خۆمان هەڵدەگرت، کە ناتوانین ئەو کارە بکەین، واتە بەندەیەکی بێدەسەلاّت و هیچ لێ نەهاتووین، تکایە دڵ گران مەبە و خۆت تەسلیمی خودا بکە)

+ (باشە " فەریدە " خاتوون قسەکانتم قوبووڵە، هەرچەندە دڵم بە تەواوی ئاوی نەخواردۆتەوە، من دەڕۆم خودا حافیز)

– (خودات لەگەڵ بێت کاك " غەفوور " گیان)

"غەفوور " ڕۆیشت و "فەریدە " خاتوون ئێوارە " مستەفا " ی هاوسەری لە ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە، هەردوو بڕیاریان دا جارێکی تر بە ئامادەبوونی "سەعید" هیچ قسە و باسێکی لەو جۆرە نەدرکێنن، لە دوای چەند مانگێك هاوسەرەکەی "غەفوور " کۆچی دوایی کرد، دوای هەشت مانگ بەسەر مردنی هاوسەرەکەیدا ئافرەتێکی تری هێنا، پاش ماوەیەك بابی ئافرەتەکە کۆچی دوایی کرد و میراتێکی زۆری بۆ ئەو ژنە و دوو خوشکی تری بەجێهێڵاّ...

هەموو جارێك " غەفوور " گلەیی لە " مستەفا و فەریدە " خاتوون دەکرد و دەیوت: ئێوە دەتانزانی من وام بەسەر دێت، دەبوا ئاگادارتان بکردمایە، "مستەفا " دەیوت: کاك " غەفوور " ئاگادار کردنەوە هیچ لە بڕیاری خودا ناگۆڕێت، من و تۆ دڵنیاین دەمرین، لەگەڵ ئەوەشدا هیچمان بۆ ئەو مردنە پێ ناکرێت، ئەگەر چارەسەرێك بۆ مەرگ هەبوایە من و تۆ بۆخۆمان و لەبەر خۆمان ئەنجاممان دەدا، دەرگا بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوانە مەکەرەوە و خۆت بدە دەستی خودا...

" سەعید " نرایە بەرخوێندن و قۆناغی شەشی سەرەتایی بە سەرکەوتووی لە لادێکەیاندا کۆتا پێهێنا، ئێوارانیش بۆ لای مەلای مزگەوتەکە دەنێردرا و قورئانی دەخوێند، ئەو منداڵێکی زیرەك بوو، حەزی بە خوێندنەوە و موتاڵای کتێبە زانستی و ئەدەبییەکان بوو، ئەوەندە عەوداڵی کتێب بوو ڕووی لە هەرجێگەیەك بکردبایە چەند کتێبێکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە، کتێبخانەیەکی لە ماڵەوە پێك هێنا بوو، هەموو جارێك دەیوت: مرۆڤ کە دەمرێت، مالّ و دارایی بۆ میراتگرانی بەجێ دەهێڵێت کەچی هیچ کەس ڕەحمەتێکی بۆ نانێرێت، بەڵاّم کە کتێب بە میرات بەجێ دەهێڵیت وەك ئەوە

وایە خۆت زیندوو بیت و لە ناویاندا بژی، ئەوانەی دوای خۆشت بە مەزن تەماشات دەكەن...

" سەعید" لاوێكی شازدە سالآن بوو كاتێ " فەریدە" خاتوونی دایكی كۆچی دوایی كرد و "سەعید" ی كوڕی و " مستەفا " ی هاوسەری بێ بنەوان بەجێهێلآ، مەرگی "فەریدە"ی هاوسەری دڵی "مستەفا " ی لە گوندەكەیان هەڵكەند و بڕیاری دا "سەعید"ی كوڕی هەڵبگرێت و ڕوو لە شار بكات، لەوێ دوكانێكی سەوزەفرۆشیی دانا، سەردەمێك لەگەڵ "سەعید"ی كوڕی دوكانەكەیان گێڕا، پاشان ژنی بۆ "سەعید" داواكرد و دوای چەند سالێك لە ژیانی هاوسەری "سەعید" مستەفا كۆچی دوایی كرد، ئەویش تەرمەكەی بردەوە بۆ لادێكەی خۆیان و لە تەنیشتی " فەریدە" خاتوونی دایكییەوە ئەسپەردەی خاك كرا..

"سەعید" تەمەنێكی لە كاری دوكانداری و سەوزەفرۆشیدا بەسەر برد، لەگەڵ "فاتمە" خانی هاوسەری بوون بە خاوەنی دوو كوڕ و كچێك، كوڕەكان – بە ناوی " شاهۆ و ئاكۆ " – ژنیان هێنا و لە باوك و دایكیان جیا بوونەوە، "سەعید و فاتمە" و تەنها كچەكەیان بە ناوی "شادی" پێكەوە لە ماڵێكدا ژیانێكی ئارامیان بەڕێ دەكرد، ئێستا هەنگاوێك لە باسی پیاوانی "پیر خدر" نزیك بووینەتەوە و لێرە بە دواوە وردە وردە هەنگاو بۆ ناو دەریای باسەكە هەڵدەگرین)

+ (مام "سەعید" گوێم لێگرتووی، هەموو گیانم قسە دەبیستێ، بەردەوام بە لە باسەكەت)

– (خۆم و هاوسەرەكەم و تەنها كچێك لە خانوویەكی داری سادەدا ژیانمان بەسەر دەبرد، دوو كوڕەكەم دوای ژنهێنان ماڵیان لە ئێمە جیاكردەوە و بۆخۆیان دەژیان، كچەكەم قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوو، "فاتمە" ی هاوسەرم ئافرەتێكی دڵگوشادی میهرەبان بوو، ڕێزی زۆری لە میوان و جیران و خزم و ناسراوان دەگرت، هەركات خواردنێكی خۆشمان هەبووایە دەبوا كاسەدراوسێی بۆ جیرانەكان ببردبایە، ئەو ناوی ئافرەت بوو ئەگینا فریشتەیەك بوو بەسەر زەویدا دەسوڕایەوە، كەسێك بوو ماف پیاوەكەی بە جوانترین شێوە جێبەجێ دەكرد، لە یادیشی نەدەچوو ئەو بەندەی خودایە و دەبێت یادی بكا و ملكەچیی بۆ بنوێنێت، شەوان بە ئاگا دەهاتم و دەمبینی لەسەر بەرماڵە و لەگەڵ خودای

خۆیـدا موناجـات دەکـات، مەگـەر شـەوانێك نوێـژی لەسـەر نـەبووبێت. ئـەگینا شەوێك نەبووە ئەو تیایدا بەئاگا نەهاتبێت..

ژیان و گوزەرانمان لەسەر دوکانداری بوو، لـە بـازاڕی سـەوزە فرۆشـەکان دوکانێکی بچـووکم هـەبوو، بـەیانیان زوو هەڵدەسـتام و ڕێگـەی عەلوەکـەم بـە ئۆتۆمبێلـە مۆدێـل کۆنەکـەم دەگرتەبـەر و چـەند سـندوقێك میـوە و تـەرە و سـەوزەم بـار دەکـرد و بـۆ دوکانەکـەم دەهێنایـەوە، گـەر بـەیانیان میزاجـی ئۆتۆمبێلەکـەم خـۆش و لـەبار بووایـە دەکەوتـە ئـیش و لەگـەڵم دەهاتـە عەلوەکـە، ئەگەرنـە، دەبـوا تەکسـییەك بگـرم و لـە عەلوەکەوە شتەکانی پێ بهێنمەوە، بۆ بیست و هەشت سالٌ دەچوو من خـەریکی ئـەو کارە بووم، مەعمیل و ناسراوی تایبەت بە خـۆم هـەبوو، ڕۆژانە ئـەوەی دەمهێنـا هیچـی لـێ نەدەمایـەوە و خێرێکیشـی بـۆ مـن دەهێلاێـەوە، کارەکـەم بـاش بـوو – بـە تێـر و تەسـەلی – ژیانی خۆم و هاوسەرەکەم و تاقە کچەکەمی دەردەهێنا...

خۆشـترین کـاتم ئـەو سـاتانە بـوو دوکانەکـەم دادەخسـت و چـەند عەلاگەیـەك شـتی بـازاڕم بـە دەسـتەوە دەگـرت و بـەرەو ماڵـەوە دەگەڕامـەوە، لەگـەڵ گەڕانـەوەم کچـەکە و دایکـی بەخێرهاتنـەوەیان دەکـردم و بـە دەورمـدا هەڵـدەهاتن، ماندووێتی ئـەو ڕۆژەیـان دەردەکـردم، منـیش ئـەوەی لـەو ڕۆژەدا جێگـەی بـاس و خـواس بوایـە بـۆ ئـەوانم دەگێڕایەوە، هەندێك جار دەمهێنانە گریان و هەندێ جاریش پێکەنین...

ئێستا دەچمە سەر ئەو باسەی تۆ بۆی عەودالّی: شەوێك خەونێکی سامناکم بینی، لـەو خەونـەدا لـە ژێـر چیایەکی زۆر بـەرز و مەزنـدا بـووم، دەبـوا بەسـەر ئـەو چیایەدا سـەربکەوتمایە و بگەیشـتمایەتە لوتکەکـەی، بـەڵام لاقـەکانم بـە گوێیـان نـەدەکردم، مانـەوەم لـەو جێگـەدا ترسـناك بـوو، پێویسـت بـوو بـەخێرایی خـۆم قوتـار بکردبایـە، کەوتمە هەوڵی سەرکەوتن بەسەر چیایەکەدا، بەڵام سەرکەوتن پیایدا گەلێك سـەخت و دژوار بوو، لە پڕ ژن و پیاوێك پەیدا بوون، ڕوویان لـە مـن کـرد و سـەلامیان لـێ کـردم، ژنەکـە دەم و چـاوی بـەدەرەوە نـەبوو، چـونکە پەچـەی دادا بوویـەوە، وەڵامـی سەلامەکەیانم دایەوە، پاشان پرسیان (دەتەوێت چی بکەیت؟!)

وتم (دەمەوێت بۆ سەر ئەم چیایە سەر بکەوم...)

وتیان (دەی بۆ سەر ناکەویت؟!)

وتم (سەرکەوتن زۆر گران و دژوارە...)

کە ئەوەم وت پیاوەکە دەستی نا بە پشتمەوە و ژنەکەش دەستی بە پشتی ئەو پیاوەوە نا، هەردوو بە پاڵ منیان بۆسەر چیاکە سەرخست، لوتکەی چیاکە مەملەکەتێکی تر بوو، ولاتێك بوو پێشتر نەمبینی بوو، هەر سێ ڕوومان لە سێبەری چەند داریٚك کرد، کە نزیك بووینەوە بینیم جەنازەیەك لە تابوتێکدا دانراوە، بە گەیشتنی ئێمە چەند کەسێك جەنازەکەیان هەڵگرت و بەرەو ئاسۆیەکی سپی بەڕێیان کرد، پاش ماوەیەك لە پشوو پیاوەکە ڕووی لە من کرد و وتی (لەم مەملەکەتەدا چەند کەسێکی تر هەن گەرەکە تۆ بیاندۆزیتەوە)

وتم (بۆچی بیاندۆزمەوە، کارم چی یە لەگەڵیان؟!)

+ (دواتر دەزانیت)

– (ئەو کەسانە کێن؟!)

+ (ئەندامانی دەستەی چل کەسەکەن)

– (دەستەی "چل" کەسەکە؟! ئەوانە چین و کێن؟)

+ (کە بە دونیای ئەوان تێکەڵ بوویت، پێیان ئاشنا دەبی)

ویستم پرسیاری تر بکەم، بەڵام پیاوەکە داوای لێ کردم ئەوەندە پرسیار نەکەم...

بە ئاگا هاتم نوێژی بەیانی بوو، نوێژەکەم خوێند و دوای خواردنی ژەمی بەیانی بە عادەتی جارانم ڕووم لە کارەکەم کردەوە، من ئەو بەیانییە نەمویست خەونەکەم بۆ ژنەکەم و تەنها کچەکەم بگێڕمەوە، چونکە ترس و سامی ئەو خەونە هێشتا لە گیانم دەرنەچوو بوو، سامناکی ئەو خەونە منی کەڕ و لاڵ کرد بوو...

چەند مانگێك بەسەر خەونەکەمدا تێپەڕی، من خەونەکەم لە یاد چوو بوو، نیوەڕۆیەك دەرگای دوکانەکەم دادایەوە و بۆ خوێندنی نوێژی نیوەڕۆ ڕووم لە مزگەوتە بچکۆلەکەی " سەید تەها " کرد، نوێژی نیوەڕۆم ئەنجام دا و هاتمەوە بۆ دوکانەکە، کۆتایی وەرزی بەهار بوو، بە هۆی گەرمای نیوەڕۆوە کەم کەس لە بازاڕدا دەبینرا، سەوزە فرۆشەکانیش – ئەوانەی ماڵیان نزیکی بازاڕ بوو – بۆ پشوو ڕوویان لە ماڵەوە کرد بوو، لەسەر کورسییە دارینەکە دانیشتبووم، بیرم لە تەمەنی منداڵی و لاوێتی خۆم

حکردەوە، ئەو کاتانەم هاتەوە بەریاد لە گوندەکەی خۆمانەوە بۆ خوێندن ڕوومان لە گوندەکەی ئەو دیو چیاکە دەکرد، من پۆلی شەشەمی سەرەتایم تەواوکرد و لە قوتابخانە دەریانهێنام، بەڵام زۆر حەزم بە خوێندنەوە بوو، بە درێژایی تەمەنم وازم لە خوێندنەوە نەهێنا بوو، لە ماڵەوە کتێبخانەیەکم بۆخۆم پێکەوە نابوو، بیرکردنەوە لە قوتابخانە سیمای هەموو ئەو مامۆستایانەی هێنایەوە پێش چاوم کە ئێستا هەندێکیان مردوون و هەندێکی تریان پیری پشتی چەماندوون، پارچە ئاوێنەیەک لەسەر سندووقە تەماتەکانی بەرانبەرم کەوتە بەرچاوم، هەستام پارچە ئاوێنەکەم داگرت و هەندێك لە سەر و سیمای خۆم ورد بوومەوە، لە مێژبوو سەیری ئاوێنەم نەکرد بوو، پیری لە سەر و سیمامدا دەخوێنرایەوە، هەندێك بەزەیم بەخۆمدا هاتەوە، چەند فرمێسکێك بەری چاوی گرتم، هەستام پەرداخێك ئاوم لە تەرمۆزەکە داکرد و قومێکم لێدا، زۆر سارد بوو، لە سەر تەرمۆزەکە دامنایەوە تاکو هەندێك لە ساردییەکەی کەم ببێتەوە، جارێکی تر هاتمەوە بۆ ناو یادەوەرییەکانم، ئەم جارەیان بیرم لە یەکەمین ناسینی "فاتمە"ی هاوسەرم کردەوە، لەگەڵ بابم سەردانی ماڵی بابی ئەومان کرد، بابی ئەو دۆستێکی گیانی بە گیانی بابم بوو، دوای خواردنی ژەمی ئێوارە و بەرلە کاتی خەوتن " میرزا عارف " سەیرێکی بابمی کرد و وتی: "مستەفا" کچێکم هەیە لە گیانم زیاتر خۆشم دەوێت، با لەگەڵ کوڕەکەت چاویان بە یەکتر بکەوێت، گەر بە یەکتر ڕازی بن ئەوا موبارەکیان بێت، ئەو قسەیە خۆشییەکی بێ ئەندازەی بە من بەخشی، چونکە بیستبووم "میرزا عارف" کچێکی بێوێنەی هەیە، بۆ بەیانی لەگەڵ " فاتمە" یەکترمان بینی و من و باوکم دەستی "میرزا عارف" مان ماچ کرد و بابم پێی وت: گەر کچەکە ڕازی بوو ئەوا ئاگادارم بکەرەوە، ئەگەر نە، لای منەوە وا دەزانم کچت بە من داوە و هەتا مردن ئەو هەڵوێستەی تۆ لە یاد ناکەم با بە نسیبی یەکتریش نەبووبن...

لە ناو ئەو یاد و بیرەوەرییانەدا بە تەپەی پێی کەسێك بە ئاگا هاتمەوە، پیاوێکی بالاڵ بەرزی کاملّی سورکاری ڕیش ماش و برنج، بە جل و بەرگەکەیدا هەژاری پێوە دیار بوو، لە بەردەم دوکانەکەدا وەستا و سەلامێکی لێ کردم، منیش وەلاّمم دایەوە، سەیرێکی ناوەوەی دوکانەکەی کرد و وتی (دەتوانم هەندێك لەگەڵت دابنیشم؟)

منیش پێم وت (بەڵێ، فەرموو دوکانی خۆتە)

پیاوەکە هاتە ژوورەوە، منیش لە سەر کورسییەکە هەستام و فەرمووم بۆ جێگەکەی خۆم لێ کرد، بەڵام لەسەر کورسییەکە دانەنیشت، بلۆکێك لە ناو دوکانەکەدا بوو بۆ دانیشتن لەسەری مقەبایەکم بەسەریدا دابوو، لەسەر بلۆکەکە دانیشت و فەرمووی لە من کرد تاکو لە جێگەکەی خۆم دابنیشمەوە، دەستێکی بۆ مقەباکەی سەر بلۆکەکەی ژێری برد و پارچەیەکی لێ دڕاند و گرتی بە دەستییەوە، وام دەزانی دەیەوێت باوەشێنی خۆی پێ بکات کەچی پاش کەمێك پارچە مقەباکەی فڕێدایە بەردەمی من. دوای کەمێك بێدەنگی ڕووی لە من کرد و وتی (تۆ ناوت "سەعید"ە؟)

– (بەڵێ)

+ (بابت ناوی "مستەفا" یە؟)

– (بەڵێ، وایە)

+ (باپیرت ناوی " ئەحمەد"ە؟)

– (دیسان بەڵێ)

+ (باوکی باپیرت ناوی "حاجی عەبدولڕەحمان"ە؟)

– (بەو جۆرەیە کە فەرموت)

+ (باپیری باپیرت ناوی "سەید عارف"ە؟)

– (ئەمەیان نازانم!)

+ (با، بیزانە و گەر لە دووی بچیت ئەو ڕاستییەت بەرچنگ دەکەوێت)

– (مەبەستت ئەوەیە بنەماڵەکەی ئێمە سەیدن؟)

+ (بەڵێ ئێوە سەیدن، بەڵام شەجەرەتان بزر کردووە)

– (تۆ کێیت؟! ناوت چی یە؟! لە کوێوە هاتوویت؟!)

+ (زۆر پرسیار نەکەیت باشە)

کـه ئـەو قسـەیەی کـرد ڕاسـتەوخۆ خەونەکـەم کەوتـەوە بـەریاد و جـارێکی تـر لـه ـیاوەکـه وردبوومـەوە، بینـیم هـەمان پیـاوی نـاو خەونەکەیـه، سەرسـامی و شـلەژانێك ـووی تێکردم و وتم (خۆتی؟!)

وتی (بەڵێ)

– (حەقیقەتی خۆتم پێ بڵێ، تۆ مرۆڤی یان فریشتە؟! جنۆکەی یان خەیاڵ؟!)

+ (من مرۆڤم، بەڵام باشتر وایە کەم پرسیار بکەیت)

– (بۆ هاتووی بۆ لای من؟! چیت لە من دەوێت؟!)

+ (تۆ هەڵبژێردراوی)

– (بۆ چ شتێك هەڵبژێردراوم؟!)

+ (بۆ ئەو کارەی پێشتر لە خەونەکەدا پێم وتیت)

– (دۆزینەوەی دەستەی چل کەسەکە؟)

+ (بەڵێ دۆزینەوە و ناسینی بەشێك لەو کەسانە)

– (چۆن بیاندۆزمەوە؟!)

+ (لە کاتی خۆیدا پێت دەوترێت)

– (مەبەستت چی یە بە " هەڵبژاردن "؟!)

+ (کەسێك لە ئێمە مردووە و پێویستە یەکێك لە جێگەی دابنرێت)

– (یانی من ئەو کەسەم لە جێگەی مردووەکە دانراوم؟!)

+ (ئەی لە خەونەکەدا نەتبینی بە هاتنی تۆ جەنازەیەك بەڕێ کرا؟!)

– (با)

+ (هیچ کەس لە ئێمە نانێژرێت تا کەسێك نەخرێتە جێگەی)

– (بەڵام بۆ من؟! بۆچی کەسێکی تر نە؟!)

+ (ئەم پرسیارە وەڵام نادرێتەوە، باشترە لەوە زیاتر پرسیار نەکەیت)

– (بەڵام من پێم خۆش نی یە ئەو کارە بکەم و تێکەڵ بە دونیای ئێوە ببم)

+ (بۆ مەگەر بە ئارەزووی تۆ دونیا وەردەچەرخێت ؟!)

– (نالێم بە ئارەزووی من دونیا دەسوڕێت، بەڵکو دەمەوێت بڵێم بە ویستی خۆم نامەوێت سەر بکوتمە ئەو دونیایەی ئێوە تیایدا دەژین)

+ (ئەگەر دەتوانی مەیکە)

– (بۆچی ناتوانم؟!)

+ (ناتوانیت، هەموومان لە ژێر دەسەڵاتێکداین کەس لە فەلەکی ئەو هێزە قوتاری نابێت)

– (ئەی بۆ ئەو گشتە خەڵکە خراپە و بێ باوەڕی هەڵدەبژێرن و لەبەریشیان دەڕوات؟!)

+ (تۆ جیایت، خەڵك هەیە خودا هەڵنابژێرێت، هەشە خودا دەبێتە خولیای، دەستەیەکیش هەیە خودا ئەوان هەڵدەبژێرێت، ئەم دەستەیە ویست و حەزی خۆیان وەلا دەنێن و وەکو ئاو بە ئاسانی – لەگەڵ قەدەرەکانی خودا دا – جاریی دەبن، تۆ دەبێت جاریی ببیت، لە جاریی بوونیشدا ڕێگەت لە زەوی پاك و پیس دەکەوێت، بەڵام دەبێ خۆت بە پاك بهێڵیتەوە..)

کە ئەو قسەی کرد هەستایە سەر پێ و وتی (من دەچم)

– (بۆ کوێ دەچیت؟! با ئەم ئێوارەیە لە خزمەتتدا بم)

+ (ناتوانم، دەبێ بڕۆم)

(من چۆن تۆ ببینمەوە؟!)

+ (ئەوەیان نازانم)

ئەو لە دوکانەکە چووە دەرەوە و منیش لەسەر کورسییەکە بە ئاگا هاتم، تەماشایەکی بەر دوکانەکەم کرد، بەڵام کەسم نەبینی، لەگەڵ خۆمدا کەوتمە گفتوگۆ (بڵێی خەونم بینی بێت؟! یان خەیاڵم فراوان بوو بێ ؟!) سەیرێکی پەرداخە ئاوەکەی سەر تەرموزەکەم کرد ئاوی تیا نەما بوو، لە کاتێکدا من تەنها یەك قومم لێ خواردەوە،

ڕاندنی مقەباکەم بە بیر هاتەوە و سەیری بەردەمی خۆم کرد بینیم پارچە دڕاوەکە لە بەردەمم دا دانراوە، گومانم نەما لەوەی ئەو کەسە ڕاستەقینەیە و کەسێکی خەیاڵی نەبووە و خەونیشم نەبینیوە...

ئەو نیوەڕۆیە هەتا ئێوارە ئاگام لە خۆم نەبوو، بە بەردەوامی بیرم لەو کابرا سەیر و سەمەرە و خەونەکەی چەند مانگ لەوەوبەرم دەکردەوە...

ئێوارە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە و هاوسەرەکەم بە عادەتی جارانی کەوتە سەروپام و خزمەت کردنم، من بێدەنگی و ماتییەکم پێوە دیار بوو، پرسیاری لێ کردم (دەڵێی ئەمڕۆ لە پۆژانی دی زیاتر ماندوو بوویت؟!)

وتم (ئەمڕۆ بۆ من پۆژێکی ماندووکەر بوو)

خێزانم پرسیاری زیاتری نەکرد و ڕووی لە "شادی" کرد و وتی (کچم هەستە پشتییەك بۆ بابت بهێنە)

شەو لە کاتی نوستندا پێم باش بوو ڕووداوەکە بۆ هاوسەرەکەم بگێڕمەوە، بەڵام دواتر بڕیاری خۆم گۆڕی و هیچم نەوت...

هەر ئەوەندە سەرم لەسەر سەرین کرد کەوتمە جیهانێکی ترەوە: بینیم پۆشاکی سەربازیم لەبەردایە و ئەستێرە لەسەر شانم دانراوە و کۆمەڵێك پاسەوان بە دوامەوەن، منیش دەفتەرێکم بە دەستەوەیە و ناوی کۆمەڵێك خەڵکی ئەو شارەی تێدایە، داوام لێ کراوە کوچە بە کوچە و ماڵ بە ماڵ لە دوویان بگەڕێم و بیاندۆزمەوە...

سەرەتا بە خیبانێکدا تێپەڕین و ڕێگەمان لە بازاڕێکی قەرەباڵغ کەوت، یەکێك لە داواکراوەکانمان لەو بازارە قەرەباڵغەدا بەردەست کەوت و لەگەڵ خۆمان بردمان، کەوتینە گەڕان و تەقەدان لە دەرگاکان و پرسینەوە لەخەڵکی بۆ دۆزینەوەی کەسەکانی تر، لە گەرمەی گەڕان و سەرقاڵبووندا هاوسەرەکەم بۆ نوێژی بەیانی بانگی کردم و بە ئاگا هاتم...

سەیر لەوەدا بوو "فاتمە"ی هاوسەرم پرسی (کەسەکانت بینییەوە؟)

منیش بەسەرسوڕمانەوە وتم (تۆ چۆن دەزانی من خەونم بینییەوە؟!)

وتی (وڕێنەت دەکرد)

ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە چاوەڕوانی هاتنی ئەو کەسە بووم کە شەو نیشانیان دام و لەگەڵ خۆمان بردمان، بەڵام نەکەوتە بەرچاوم...

چەند مانگێکی بە سەردا تێپەڕی کەس دیار نەبوو، ئێوارەیەک بازاڕ تاق و تەرا خەڵکی تیادا مابوو، منیش هەندێك درەنگ کەوتبووم، دوای پێچانەوەی دوکانەکە و لە کاتی دادانەوەی دەڕابەکەیدا کەسێك لە پشتمەوە سەلامی کرد، لام کردەوە و بینیم ئەو پیاوەیە پێشتر سەردانی کردم و لە دوکانەکەدا پێکەوە دانیشتین، هەستامە سەرپێ و وەڵامی سەلامەکەیم دایەوە و وتم (ئەوە تۆ لە کوێیت؟! خۆ من تۆم لێ بوو بە خەیاڵ و باوەڕم نەدەکرد تۆ ڕاستەقینە بیت!)

ئەویش بزەیەك کەوتە سەر ڕوخساری و بە شۆخییەوە و وتی (دیارە هەندێك کەم باوەڕی!)

منیش وتم (ئێستاش زۆر باوەڕ ناکەم تۆ مرۆڤێکی ڕاستەقینە بیت، دەتوانم دەستێك لە دەستەکانت بدەم؟) پیاوەکە دەستی درێژ کرد و وتی (فەرموو دەستێك لە دەستم بدە) منیش دەستم لە دەستی دا، دەست و پەنجەی وەکو لۆکە وا بوون، نەرم و بێ ئێسك بوون...

پرسیارم لە ناو و نیشان و شوێن و جێگەی کرد، وتی ناوم: " پیر خدر"ە...

پاشان داوام لێ کرد بچینەوە بۆ ماڵی ئێمە و شەو لە لام بمێنێتەوە، وتی (ناتوانم، تەنها هاتووم پێت بڵێم لەم ڕۆژانەدا کەسی ژمارە " دوو " دەبینییەوە و بە دیداری شاد دەبیت، تۆ گەرەکە خۆت لە جیهانی خاموشی بنێیت، عەوداڵی ناوبانگ و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر لە بیری خۆت ببەرەوە، ئەوەندە بە شتە ڕواڵەتییەکانەوە خۆت مەبەستەرەوە، دڵخۆش مەبە بەوەی خەڵکی بە پیاوی باشت تەماشا دەکەن، هەر ئەو خەڵکە – بە بێ بینینی هیچ شتێك – تۆیان لێ دەگۆڕێ بە پیاوخراپ و ناپاك)

دوای ئەو چەند قسەیە بە بێ خواحافیزی پشتی لە من کرد و ڕۆیشت، کە گەیشتە سەر کۆڵانەکە و پێچی کردەوە پرسیارێکم بە بیردا هات، لە دووی ڕامکرد و خۆم گەیاندە سەر کۆڵانەکە، بەڵام کەسم نەبینی و لەبەر چاوان ون بوو...

بە پەلە خۆم گەیاندە ماڵەوە، ئەو شەوە تا بەرەبەیان خەو نەچووە چاوەکانم و بە بەردەوامی بیرم لەو ڕووداوە نامۆیانە دەکردەوە...

پیاوی ژمارە دوو

دوو ڕۆژ تێپەڕی من هەر چاوەڕوان بووم، لە خۆمم دەپرسی: "دەبێت ئەو کەسە چۆن مرۆڤێك بێت؟! بۆچی دەبێت من بیدۆزمەوە؟ کاری من لەگەڵ ئەودا چییە؟!"

شەوی سێیەم "پیر خدر" هاتە خەونم و پێی وتم: سبەینێ لەسەر پردەکەی ناو شار کەسی ژمارە " دوو " چاوەڕوانت دەکات...

بەیانی دوای هێنانی شتومەك لە عەلوەکە دوکانەکەم کردەوە و تا چێشتەنگاو لەسەری دانیشتم و پاشان بە " مام حەسەن " ی ئاوسێ دوکانم وت: "چاوێکت لە دوکانەکەم بێت، هەندێك ئیشم هەیە و بە زووبی دەگەڕێمەوە..."

ڕۆیشتم بۆ سەر پردەکە، تاوێك بە سەیرکردنی ئەو شتە وردانەی منداڵان بە نیازی فرۆشتن لەسەر شۆستەی سەر پردەکە دایان نابوو خۆمم خەریك کرد، بە وردی چاوم بە دەوروبەرمدا دەگێڕا، من بۆ ئەو کەسە دەگەڕام لە خەونەکەمدا بینی بووم، لە بەری دووەمی پردەکەوە پیاوێك لە تەنیشتی منداڵەکاندا دەستمالێکی بۆ سواڵکردن ڕاخست بوو، زۆر شێوەی بەو کەسە دەچوو لە خەونەکەمدا بینی بووم، بەڵام من چاوەڕوانی کەسێکی خاوەن ڕیش و هەیبەت بووم، نەك دەرۆزەکەرێك، زۆر چاوەڕوان بووم کەسێکم نەبینی بەو کەسەی بزانم بە دوایدا عەوداڵ بووم، کابرای سواڵکەریش دەم بە دەم هاواری دەکرد و بۆ وەرگرتنی پارە لە خەڵکی دەپاڕایەوە، وەستانەکەم بۆ بەری دووەمی پردەکە گواستەوە و خۆم لە بابای سواڵکەر نزیك کردەوە، دەستم برد شتێك پارەم لەسەر دەستمالەکەی دانا و وتم (دوعامان بۆ بکە)

سواڵکەرەکە سەری هەڵبڕی و وتی (خودایە بیدۆزێتەوە)

كه ئەو دوعایەی كرد دانەویمەوه، دەستم ماچ كرد و وتم (لە مێژە لە دووت دەگەڕێم)

ئەویش وتی (گەر بە ڕاستی ئەوت بدۆزیبایەتەوه هەموومانت دەبینییەوه)

– (ئەو كێ یە؟)

+ (ئەو كەسەی هەموومانی پێكەوه گرێداوه)

– (بۆچی سواڵ دەكەیت ؟!)

+ (وەزیفەمە)، پاش كەمێك بێدەنگی درێژەی پێدا و وتی (دیارە تۆ خۆت بۆ شتی گەورە داناوە!)

– (هەرچی خودا بۆ من بە باشی بزانێت لام پەسەندە)

+ (دوعا بكە خودا بە كاری سەخت تاقیتنەكاتەوه)

– (كاری سەخت وەكو چی؟!)

+ (ببیت بە پاسەوانی دەرگای تیاترۆخانەیەك)

– (ئیشەڵا خودا بەندەی گوێڕایەڵی خۆی بەوه تاقیناكاتەوه)

+ (ئەم مەیدانەی ئێمە ئەو مەیدانە نی یە تۆ بیری لێ دەكەیتەوه، ئێرە بۆ بزر كردنی خۆت و ون كردنی شوناست گەرەكە هەرچی كاری خراپە بە ڕواڵەت بچیتە ژێریەوه، نابێ لە گوناهیشەوه بگلێیت، تۆ وەك بەفر وای دەبێت بچیتە ناو كووڕەوه لەگەڵ ئەوەشدا نەتوێیتەوه، تۆ خامی سپیت دەتبەن بۆ خومخانە و دەبێ بە سپێتی بمێنیتەوه)

– (مەبەستت چی یە لە "بەڕووالەت چوونە ژێربارى كارى خراپەوە"؟!)

+ (من هیچ پێویستم بە سواڵكردن نی یە، بەاڵم دەبێت سواڵ بكەم، ئەم كارەی من ئاسانترین كارێكە پیاوانی ئەم مەیدانە ئەنجامی دەدەن)

– (ئەو كەسە كێ یە كار بۆ ئێوە دیاری دەكات؟!)

+ (مەڵێ " كار بۆ ئێوە " بەڵكو بڵێ " كار بۆ ئێمە")

– (بەڵام من بڕیارم نەداوە یەکێک بم لە ئێوە !)

+ (بۆ بە دەستی خۆتە؟!)

– (ئەی بە زۆرە؟!)

+ (بەڵێ بە زۆرە..)

– (دەی من ناچمە ژێر فەرمانی لەو جۆرەوە)

+ (ناچیت! هەردوو چاوت بە پەنجە دەردەهێنن)، پاشان لەبەرخۆیەوە وتی (من پێم وتن ئەو کابرا منجرە پیاوی ئەم مەیدانە نی یە، بەڵام ئەوان داکۆکیان لێ دەکرد)

من نەمزانی ئەوانە کێ بوون داکۆکییان لە بەردەم ئەم کابرایەدا لە من کردووە، هەڵمدایە و وتم – (بە هەرحاڵ، وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە، ئەو کەسە کێ یە ئیشوکارەکان دیاری دەکات؟!)

+ (ئەو کەسەی هاتە دوکانەکەت)، پاشان بە تووڕەییەوە (ئیتر بەس بڕێسە، ماشەڵاڵ زۆر قسان دەکەی، سااڵێکە بە قەدەر ئەمڕۆ وەڵامی پرسیارم نەداوەتەوە)

– (کاری من لەگەڵ تۆدا چی یە؟! بۆ دەبێت من تۆ بناسم؟!)

+ (کاری من و تۆ پرسیار کردن و فڕەڕێسی یە، وا نی یە؟! بڕۆ ملت بشکێنە خۆم سەرت لێ دەدەم)

منیش بە دونیایەک پرسیار و خەجاڵەتییەوە بۆ دوکانەکەم گەڕامەوە، ئەو وەک ئەفسەرێک بەسەر منداڵ دەیخوڕی، کە لەگەڵ منداڵ قسەی دەکرد سوااڵکەر نەبوو جەنەرااڵ بوو، کە من بەجێمهێڵاڵ کەوتەوە داوا و پاڕانەوەی خۆی لە مەردوومان...

دوو سێ ڕۆژ دوای بینینی "دەرۆزەکەرەکە" چێشتەنگاوێک لە بەردەم دوکانەکەمدا پەیدا بوو، بە بێ سەلام و پێشەکی پرسیاری کرد (دەتەوێت پێت بڵێم کاری من و تۆ لەگەڵ یەکتریدا چی یە؟)

– (بەڵێ، پێم خۆشە بزانم)

+ (قوڵەنگێکم بۆ پەیدا بکە)

– (مەبەستت پاچە؟)

+ (بەڵێ، لەسەر قوڵەنگیش دەست بە پرسیار و ڕێسان مەکە)

منیش چووم لای دوکانداریك پاچێکم بۆ پەیدا کرد، بۆم هێنا و دامە دەستی، ئەویش پاچەکەی لەسەر شانی دانا، داوای لێ کردم دوکانەکە دابخەم و لەگەڵی بڕۆم، منیش دوکانەکەم داخست، دوور و نزیك شوێنی کەوتم، کۆڵانی سەوزە فرۆشەکانمان بڕی و ڕۆیشتین بۆ ناو جەرگەی بازاڕ، لە جێگەیەك ڕاوەستا تاکو من بگەمە تەنیشتی، کە گەیشتمە لای وتی (دەزانی بۆ کوێ دەچین؟)

– (گۆڕ هەڵدەکەنین؟!)

+ (نەخێر)

– (پارەیەك، خەزنەیەك، شتێکی لەو جۆرەت شاردۆتەوە؟!)

+ (نەخێر، دونیا پەرست، دەزانم حەزت لە پارەیە)

– (ئەی بۆ کوێ دەچین؟!)

+ زۆر بە ساردییەوە (دەچین ئەو کابینەی لە فولکەکە بۆ مرووڕەکان دانراوە بە قوڵنگ تێك و پێکی دەدەین)

– (بۆچی تێکی دەدەی؟! ئەی ئەو مرووڕانە لە کوێ کاروبارەکانیان ئەنجام بدەن؟! لە کوێ پشوویەك وەربگرن؟!)

+ (ئەوەندە خەمخۆری مروور نیت، تۆ ئەو پیاوە نیت، خۆتم لێ مەگۆڕە)

– (ئاخر دەمانگرن)

+ (ئاوا بڵێ، بڵێ: ترسنۆکم)

– (بابە من ترسنۆکم و ناوێرم ئەو کارە بکەم)

+ (بۆ بە ئارەزووی خۆتە؟!)

– (من لێرە دەوەستم تۆ بچۆ بیڕوخێنە)

+ (باشە تۆ لێرە بوەستە و مەڕۆ، سەیری من بکە چی لێ دەکەم)

سوالکەر بە پاچێکەوە لە شەقامەکە پەرییەوە و هەر ئەوەندە دەستی گەیشتە کابینەی مرورر پاچ بارانی کرد، سەیر لەوەدا بوو لووتی پاچەکەی دەتوت دەمی شۆفلە ،– تا پۆلیس گەیشتە سەری – کابینەکەی بە کەمترین ماوە لەبەریەکتر هەلوەشاند، پۆلیس هات و پەلیان گرت و هەموو خەلکی بازاڕ لێی کۆبوونەوە، منیش بەرانبەری وەستاوم و سەیری دەکەم، ئەفسەرەکە لێی هاتە پێشەوە و پرسیاری لێ کرد (بۆ ئەو کابینەیە دەشکێنیت؟!)

سوالکەرەکە بێ سێ و دوو وتی (قوربان پێیان وتم ئەو کارە بکەم)

ئەفسەرەکە (کێ پێی وتی ئەو کارە نایاساییە ئەنجام بدەیت؟!)

من وام دەزانی دەلێ خودا پێی وتوم، یاخود کەسێکی نادیار هاتووە و پێی وتوم، کەچی ئامازەی بۆ من کرد و وتی (ئا ئەو کابرایەم لەگەلدایە)

منیش ویستم هەلبێم، بەلام دەمزانی لە دوکانەکەی خۆشم بێت دەمدۆزنەوە، بۆیە وام بە چاك زانی لە جێگەی خۆم نەبزوێم، سوالکەر پەلی پۆلیسەکانی گرت و هێنانی بۆ سەرم و وتی (ئەم کابرا نەگبەتە پاچەکەی بۆ پەیدا کردم)

خەلکی بازاڕ لە من کۆبوویەوە، هەریەکێك بە جۆرێك پرووداوەکەی لێکدەدایەوە، منیش هاوارم کردو وتم (قوربان، باوەڕ بکە من دەستم لەپرووخانی ئەو کابینەدا نی یە)

بابای سوالکەریش پرووی لە من کرد و وتی (ئەدی کێ بوو پاچەکەی بۆ من پەیدا کرد؟!)

منیش وتم (قوربان، ئەم کابرایە وتی پاچێکم بۆ پەیدا بکە، منیش لای دوکاندارێك پاچێکم بۆ هێنا و دامە دەستی)

بابای سوالکەر پەلاماری دام و پۆلیسەکان لە دواوە گرتیان – بە تووڕەییەوە – وتی (ئەی من و تۆ پێکەوە بۆ ئەنجامدانی کارێك بۆ ئێرە نەهاتین؟!)

وتم (با، بەلام کەی بۆ کابینە پرووخاندن هاتین؟!)

ئەفسەرەکە (ئەی بۆچی هاتن ؟ بۆ ئەوەی ئەم کابرا شێتە قولەنگێك بەسەری دوژمنەکەی تۆدا بکێشێت، پاشان خەلکی بلێت شێتێك پیاوێکی لە بازاڕدا کوشتووە؟!)

لـەو گفتوگۆیـەدا یـەکێك لـەناو خەڵکەکـەوە هاتـە پێشـەوە و شـایەتی دا و بـە ئەفسەرەکەی وت (بەڕێزم، ئەم کابرایە شێتە و هیچی لەسەر نی یە)

ئەفسەرەکە (ئەم پیاوە شێتە ناوی چی یە؟!)

شـایەتەکە (خـەڵکی پێـی دەڵـێن " وەهـاب " ماوەیـەکی کەمـە پووی لـەم شـارە کردووە، ئەمە ئەقڵی تەواو نییە)

یەکێك لە پۆلیسەکان پووی لە من کرد و وتـی (هێـی خـوا نـەناس! تـۆ دەتـەوێت ئەم شێتە غەریبە بۆ مەرامی خۆت بەکار بهێنیت)

" وەهاب " ی سوالکەر خۆی لە شێتی دا و پووی لە خەڵکەکە کرد و وتـی (دەڕۆن یـان میزتـان پێدا بکـەم؟)، پاشـان پووی لـە ئەفسـەرەکە کرد و وتـی (بـە قوربـانی ئـەو ئەستێرەی سەر شانت بم نانی نیوەڕۆم بۆ بکرە)

خەڵکەکـە دەسـتیان بـە پێکـەنین و فیکەلێـدان کـرد، ئەفسـەرەکە پووی لـە یـەکێك لـە پۆلیسەکان کرد و وتی (ئەم شێتە ببە بۆ ئەو چێشتخانەیە و لەسەر من نانی بۆ بکرە، منیش ئەم خودانەناسە دەبەم بۆ بەندیخانە و لێی دەپێچمەوە)

پۆلیسـەکان کەلەپچـەیان کـردم، خسـتمیانە نـاو ئۆتۆمبێلێـك و بـەرەو مەرکـەزیان فڕانـدم، پۆلیسـێکیش دەسـتی کـابرای سـوالکەری گـرت و بـردی بـۆ چێشـتخانەکە بـۆ ئەوەی نانی بۆ بکڕێت...

یەکـەمین جـار بـوو شـتی لـەو جـۆرەم بەسـەر هـات بێـت، هـەموو گیـانم لـە تـەریقی و شـەرمەزاریدا دەلـەرزی، لـە بنکـەی پـۆلیس دایـانگرتم، فڕێیـان دامـە نـاو ژوورێکـەوە، دەتوت خەون دەبینم، باوەڕم نەدەکرد ئەم کەسـەی نـاو بەندیخانەکـە مـن بێـت، زۆر ڕقـم لەو سوالکەرە هەستا بوو، بڕیارم دا گەر لـەو سجنە ڕزگـارم بێـت تێـر و پـڕی لـێ بـدەم، ژوورەکە تەنها منی تێدا بوو، زۆر دڵم بۆخۆم تەنگ بوو، چەند فرمێسـکێکم هەڵوەرانـد، هەندێ لەبەر خـوا پاڕامـەوە بـۆ ئـەوەی تـەگبیرێکی حـاڵم بکـات، زۆر شـەکەت و ماندوو بووم، لە ژوورەکەدا پاڵ کەوتم و " پیر خدر " م بینی، ئـەو پیـاوەی یەکـەم جـار چـاوم پێیکەوت، پێی وتم: خەم مەخۆ، هەر ئێستا ڕزگارت دەبێت..

بـه تەپـەی پێـی پۆلیسـەکان بـه ئاگـا هـاتم و دەرگاکـەیان کـردەوه و منیـان هێنایـه دەرەوه، بینـیم هـەموو دوکانـدارەکان و خـەڵکی بـازاڕ بـه مەبەسـتی بـەردانی مـن بـۆ مەرکەزەکـه هـاتوون، بردمیانـه لای ئەفسـەری مەرکەزەکـه و پرسـیاری ڕووداوەکـەی لـێ کردم، منیش وتم (قوربان من نەمزانی ئەم کابرایه شێتە، ئەو هات و داوای پاچێکی لـه من کرد، منیش پاچێکم لای "حاجی مەلا" بۆ هێنا و دامـه دەسـتی، ئەویش خستییه سەر شانی و بەرەو ناوجەرگەی بازاڕ بەڕێ کەوت)، لێرەدا درۆیـەکم کرد و وتم (ترسم لێنیشت کارێکی خراپی پێ بکات، بۆیـه دوکانەکـەم دادایـەوه و شـوێنی کـەوتم، بینـیم کابینەی مروورەکانی پێ تێك دەدا)

ئەفسەرەکه پرسیاری له پۆلیسێك کرد و وتـی (لـەو کاتـەدا مروورەکان لـه کـوێ بوون؟!)

پۆلیسـەکه (قوربـان لـه بـازاڕ دوو ئۆتۆمبێـل لـه یـەکتریان دابـوو، چـووبوونه سـەر ڕووداوەکه، ئەو دەمه کابینەکه کەسی تێدا نەبوو)

ئەفسـەرەکه ڕووی لـه مـن کـرد و وتـی – (خـەڵکی بـازاڕ و دوکانـدارەکان هـەموو شایەتی خێر و چاکەت بۆ دەدەن، بۆیه پـێ ناچێت تۆ کابرایەکی خراپەکار بیت، ئێستا دەتوانیت بڕۆیت)

منیش وتم + (جەنابی ئەفسەر، لەبەرچی ئەو پیاوەتان نەهێنا بۆ مەرکەز؟!)

– (لەبەرئەوەی شێتە)

+ (بێ ئەدەبی نییه پرسیارێك بکەم؟!)

– (بفەرموو)

+ (له دیدی یاساوه قسه و شایەتی له شێت وەردەگیرێت؟!)

– (نەخێر)

+ (ئەی بۆ لەسەر قسەی ئەو پیاوه منتان بۆ ئێرە هێناوه؟!)

– (بەڵام تۆ خۆت وتت من پاچم بۆ پەیدا کردووه! ئێستا ئێمه داوای لێبوردن لـه تۆ دەکەین و فەرموو بڕۆ بە لای کاری خۆتەوه)

له بنکەی پۆلیس هاتمه دەرەوه و زۆر مەمنونی خۆم بۆ خەڵکەکه دەربڕی و بەرەو ماڵەوه گەڕامەوه، به شەکەتی گەیشتمه ماڵەوه و داوام له هاوسەرەکەم کرد جێگەیەکم بۆ ڕا بخات، چونکه زۆر شەکەت و ماندوو بووم، خێزانم پرسیاری لێ کردم و منیش وتم: هیچم لێ مەپرسن، چونکه توانای قسەکردن و وەڵام دانەوەم نی یه...

دوو ڕۆژ لـه ماڵـەوه بـووم و نـەمتوانی بچـم بـۆ دوکـان، بـۆ سـێیەم ڕۆژ ورەم دایـه بەرخۆم و ڕۆیشتمەوه بۆ سەر کارەکەم...

مرووڕەکان بـه مەبەسـتی چاك کردنـەوه کابینەکـەیان چـۆڵ کـرد بـوو، دوو کرێکـار لەسەری ڕێکیان دەخستەوه، له ناکاو گەڵابەیەك له دەست شـۆفێرەکەی دەردەچێت و دێـت بەسـەر کابینەکـەدا و تـەختی زەوی دەکـات، کرێکارەکـان زوو فریـای خۆیـان دەکەون و نابن به ژێرەوه، کـه هەواڵەکـەم بیست ئەوجا بـۆم ڕوون بوویـەوه بۆچی ئەو پیاوه سواڵکەرە هێرشی کرده سەر کابینەی مرووڕەکان؟! گەر کابینەکه نەشکابایه ئەو ڕۆژە مرووڕەکـان لێیـان دەبـوو بـه ژێـرەوه، چـونکه هەمیشـه یـەك دوانێکیـان لـه نـاو کابینەکەدا بوون، بەڵام خۆشبەختانه – به هۆی تێکدانی ئەو کابینەوه – هیچ کام لەو مرووڕانه زیانیان بەرنەکەوت..

مرووڕەکان کـه ئـەو ڕووداوەیـان بـینی بـه دوای بابـای سـواڵکەردا گـەڕان تـاکو لێی بپرسن بۆ چ مەبەسـتێك ئـەو کـارەی ئـەنجام دا، بـەڵام هەرچـەندە گـەڕان نەیانبینییـەوه، هاتنه لای من و پرسیاری سواڵکەرەکەیان کرد منیش پێم وتن (وەکـو ئێـوه دەیناسم و شوێن و جێگەی نازانم...)

کەسی ژمارە شەش

ماوەیەك بەسەر ئەو ڕووداوەدا گوزەری کرد، وشکە ساڵی هەموو ولاتی گرتبوەوە، جوتیارەکان لە بارینی باران ڕەشبین بوو بوون، کەم بارانی مرۆڤی لە خۆی و خاك و خەڵك وەڕس کرد بوو، دونیای بەرین لە مرۆڤ گۆڕا بوو بە بەندیخانە، هەموو شتێك ڕەنگی مردووی لێ نیشت بوو، ئاژەڵان و گیانداران بێ ئاو بوو بوون، گیاندارە کێوییەکانی چیا و دەشتەکان لە تینوێتیدا ترسیان لە مرۆڤ نەما بوو، شەوان بۆ ئاو خواردنەوە خۆیان لە گوندەکان نزیك دەکردەوە، باڵندارەکان بەشێکی زۆریان کۆچیان بۆ مەملەکەتێ دەکرد کە ئاوی تیا دەست بکەوێت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرانی ولاتی دادەگرتەوە، بەزەیی کەم دەبوویەوە، گیانی چاکە وپیاوەتی لاواز دەبوو، دەستگرۆیی و یارمەتی لە گیانەڵادا بوو، مەلای مزگەوتەکان لەڕۆژانی هەینیدا کەوتنە نزا و پاڕانەوە، چەند سەیدێکیان بە بەرگ و پۆشاکەوە لە ئاو هەڵژەند تاکو بەزەیی خودا بۆ مرۆڤەکان بجوڵێت، خەڵکی شار و لادێ بۆ نوێژەبارانە دەچوونە دەرەوە کەچی – ویستی خودا وابوو – هیچی لێوە سەوز نەبێت...

من بۆ خۆم زۆر بێزار بووم، هەستم بە تەنگەتاوی و گۆڕانی دڵ و دەروونم دەکرد، هەرگیز وام نەزانی بوو نەبارینی باران ئەو کاریگەرییە قوواڵە لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵ بەجێ دەهێڵێت، زۆر لەبەر خودا پاڕامەوە بەزەییەکی بە بەندەکانی خۆیدا بێتەوە و بارانمان بۆ ببارێنێت...

شەوێك تەقە لە دەرگامان درا، پێ نەدەچوو میوان بێت، چونکە کاتەکەی زۆر درەنگ بوو، بە حەوشە دوور و درێژەکەدا ڕۆیشتم بە دەم تەقەکەوە و دەرگای حەوشەکەم کردەوە، بینیم " پیرخدر" ی هاوڕێمە، فەرمووم لێ کرد نەهاتە ژوورەوە، وتم (فەرمانت بە چی یە؟!)

وتی (تۆ داوا و پێویستیت چی یە؟)

– (هیچ پێویستییەکم نی یە)

+ (بەلاّم بە من وتراوە سەردانت بکەم، چونکە تۆ پێویستیت هەیە)

– (گەر پێویستییەکم هەبێت پەیوەندی بەم بێ بارانییەوە هەیە، زۆر لەبەر خودا دەپارێینەوە و بارانمان بۆ ناباریّنێت)

+ (لەم ڕۆژانەدا کەسێک سەردانت دەکات، نیشانەکەی ئەوەیە پرسیاری داوا و پێویستییەکانت لێ دەکات، تۆش داوایەکەی خۆتی پێ بڵێ)

ئەو قسەیەی کرد و ویستی بڕوات زوو هەڵمدایە– (پیاوی ژمارە "دوو"م بینییەوە)

لای کردەوە و وتی + (چی لەگەڵ کردی؟)

– (چی لەگەڵ کردم؟! کردمی بە پەندی ئەو بازارە، بە گرتنی دام و خەڵکی بازار فریام نەکەوتبانایە چەند مانگێک دەکرامە ژوورەوە)

+ (دڵگران مەبە ئەو هەر وایە، زۆر دوعات بۆ دەکات)

ئەو قسەیەی کرد و دیسان بە گەڕکەوتەوە و دوای چەند هەنگاوێک هەڵوێستەیەکی کرد و وتی (ئەمەی کە دەیبینی پیاوی ژمارە" شەش "ە)

تـرس و خـەم دایگـرتم: بڵێـی ئەمـەش بـە دەردی پیـاوی ژمـارە " دوو "م ببـات و بەلاّیەکم بەسەر بهێنێت؟! لـە سەرێکیشـەوە دەمـوت: بـە خـوا "ئیمـامی ڕەببـانی" داوام لـێ بکـات لەگـەڵی نـاڕۆم و لـەو دوکانـە ناچـمە دەرەوە، هەرچـیم بەسـەر دێـت بـا لـە دوکانەکەی خۆمدا بێت...

چەند ڕۆژێک گوزەری کرد من هەر چاوەڕوان بووم، گـوێم بـۆ قسـەی یـەک بـە یـەکی کڕیارەکان شل دەکرد تاکو بزانم ئەو کەسەیە "پیر خدر" ئاماژەی پێدا یان نا، ڕۆژێک پیـاوێکی ناسـراوم بـە نـاوی "حەمـە ئـەمین " هەنـدێک شـتی لـێ کـڕیم و لـە کـاتی خواحافیزیدا وتی: من دەڕۆم کارێکت نی یە؟

منیش بە پەلە لە دوکانەکە بۆی دەرپەڕیم و وتم (با، مەڕۆ، دوعامان بۆ بکە با خوا بارانمان بۆ ببارێنێت..)

+ (من دوعا بکەم؟!)

- (بەڵێ تۆ)

+ (کاك "سەعید" دیارە ئەم شەو باش نەنوستووی، من هەموو شەوێك بتڵێ ئارەق دەخۆمەوە، مـاڵی "حـەزرەتی غـەوس"م بێتـە بەردەسـت حەپەلووشـی دەکەم، بڕۆ دەرگای شێخێك، سۆفییەك، مەلایەك بگـرە، چیت داوە لـە کابرایـەکی پیسی وەکو من؟!)

منـیش خـۆم تـەریق نـەکردەوە و وتم- (بـرام خـوا بەنـدەی خـۆی باشـتر دەناسـێت، لەوانەیە تۆ لەوانەی ناوت هێنا لە لای خوا بەڕێزتر و گەورەتر بیت)

دیار بوو ئەو چەند قسەیە زۆر کاری تێکرد، عەلاگـەکانی هەڵگرتـەوە و بـە کـزی و لارەملییەوە وتی (خوا ڕەحم بە هەموومان بکات...)

"حەمە ئەمین" ئەو کەسـە نـەبوو مـن بـە دوایـدا دەگـەڕام، مـن بـە هەڵـەدا چـوو بـووم، بەڵام خوا وای کرد بەو قسەیەی من ئەو لە کاری خراپە بگەڕێتەوە...

ڕۆژێك بەسەر ئەو گفتوگۆیەی من و " حەمەئەمین " دا تێپەڕی، ئێوارەکەی بازاڕ قـەرەباڵغ بـوو، کڕیارەکـانی لای منـیش ئـەو ڕۆژە زۆر بـووون، پیاوێـك قـاتێکی تـازەی گرانبـەهای لەبـەردا بـوو، دووپاسـەوانی لـە دوای خـۆی خستبوو، سەروسـەکوتی وای نیشـان دەدا بەڕپرسێکی گـەورە بێـت، هەنـدێك میـوەی لـە دوکانەکـەی لای ڕاسـتی مـن کڕی، ئەو مامەڵەی شتەکانی نەدەکرد، تەنها بە پەنجەیەك و زۆر بە فیزەوە ئاماژەی بۆ جۆری میوەکە دەکرد و دەیوت: پێنج کیلۆ لەوە، چوار کیلۆ لەمەیان، سێ کیلۆ لـەوەی تریان...

لە ناوەوە زۆرم ڕق لێی بوو، بە خۆمم دەوت: پارەکـەی بەلاشـە، دەبـێ ڕۆزیـی چـەند کەسی بڕی بێ و نانی چەند هەژاری خوارد بێت؟! ئەمانە ولاتیان فرۆشت و خستیانە گیرفانیانەوە، قوڕتـان بەسـەر خـوا تۆڵـەتان لـێ دەکاتـەوە، بەشـێکی ڕقم لـەو کابرایـە وا دەزانم ئـەوە بـوو کـە شـتەکانی لـە مـن نـەکڕی و بەسـەر منـدا ڕۆیشـت بـۆ ئاوسـێ دوکانەکەم، ڕقی من خەمی هەژاران نەبوو، بەڵکو خەمی گیرفانی خۆم بوو...

شـتەكانى كـرِى و دايـه دەسـتى دوو پاسـەوانەكە و پێـى وتـن: بيبـەن بـۆ نـاو ئۆتۆمبێلەكە، سەرنجم دا پاسەوانەكان شتەكانيان برد بۆ ناو ئۆتۆمبێلێكى گەورەى مۆدێل بەرز، بە بينينى ئۆتۆمبێلەكە ئەوەندەى تر رِقمى زياد كرد، كابراى بەرپرس پارەكەى دا بە دوكاندارەكە، پاشان بەرەو دوكانەكەى من هات و وتى: شتێكمان لەم پياوە بەرێزە نەكرِى..!

هەندێك وردبووبەوە و وتى (هەڵوژە بە چەندە؟)

– (هەرزانە)

+ (دوو كيلۆم بۆ بكێشە)

پاشان وتى + (سێ كيلۆ خەياريشم بۆ بكێشە)

منيش بە دەم كێشانى شتەكانەوە و هەندێك بە تەوسەوە پێم وت (ئاهەنگ دەگێڕن وا ئەم هەموو شتە دەكڕن و دەيبەنەوە؟!)

پياوەكە هەڵيدايە + (هەموو رِۆژێ بۆ من ئاهەنگە)

– (بەڵێ دەزانم، ژيانى ئێوە و ئێمە فرە جياوازى هەيە)

+ (ژيان هەرچييەك بێت دەبێ بزانى چى تيادا دەچێنى)

– (ديارە، ئێمە مەينەتى و ئێوەش خۆشى و شادى)

+ (بەشى خودايە، هەردوولا لە تاقيكردنەوەدان)

شتەكانم بۆ كێشا و گفتوگۆكەشمان كۆتايى پێ هێنا، دوو عەلاگەكەى لە دەست گرتم و وتى (من دەڕۆم ئيشى؟ كارى؟ داوايە؟ گەر بە من جێ بەجێ بكرێت بۆت جێبەجێ دەكەم..)

لە خەيالّى خۆمدا وام دەزانى باسى ئيش و كارى حكومەت و دائيرە دەكات، بۆيە وتم (بە لوتفى خوا كارمان بە دامەزراندن نەماوە و نامەوێت سەرقالّى ئيش و كارى دائيرە ببم، مەمنونتم)

پياوەكە هەڵيدايە + (خۆ هيچت لە بير نەچووە؟!)

پرسیارەکەی سەیر بوو، هەندێك چاوم بە دوکانەکەدا گێڕا نەبادا عەلاگەیەکم لە بیر چووبێت بیدەمە دەستی، دواجار لە وەلأمیدا وتم (تۆ شتێکت لە بیر نەچووە؟!)

+ (نەخێر قوربان، گەر ئیشێکت نەبێت من دەڕۆم)

– (خوات لەگەلْ بێت)

چەند هەنگاوێك ڕۆیشت و وتی (لەگەلْ بیْ بارانیدا چۆنن؟!)

که ئەوەی وت چووم بۆ لای و ئەم لاو ئەولام ماچ کرد، زۆر داوای لێبوردنم لیْ کرد، پاشان داوام لیْ کرد دوعا بۆ بارینی باران بکات، ئەویش وتی (باشە، بەلأم تۆش تەم و مژی گومانەکانی ناوەوەت بە مەردوومان بڕەوێنەوە)

منیش وتم (بەڵێن بێت، بەلأم تۆش دوعام بۆ بکە، ماشەلأ ئەم خوایەش دۆستانی خۆی بە جۆرێك دەشارێتەوە تاکو کەس نەیانبینێتەوە کەڵکێکیان لێوەربگرێت!)

+ (گەر خودا ئەو ڕەحمە بە بەندەکانی خۆی نەکات بەهۆی دەوروبەرەوە زیانیان لیْ هەراسان دەبێت)

– (بیْ ئەدەبی نەبێت دەتوانم ناوت بزانم؟)

+ ("جەوهەر" م ناوە بە "جەوهەر بەگ" مەشهورم)

– (باشە ئەم گشتە میوەت بۆ چی یە؟!)

+ (گەر باوەڕ دەکەیت میوەی ئەم سالْم نەخواردووە، هەموو ئەوەی کڕیومە بۆ خێزانە هەژارەکانە، هەڵبەت بەشی منداڵەکانی خۆشمی تێدایە، ئەو دوو پاسەوانە کوڕی خۆمن)

دوای ئەو قسانە "جەوهەر بەگ" خواحافیزی کرد، سواری ئۆتۆمبێلە مۆدێل بەرزەکەی بوویەوە و دەستێکی بۆ بەرز کردمەوە و ڕۆیشت...

من بۆ حالّی "جەوهەر بەگ" چەند فرمێسکێکم هەڵوەراند، بیرم لەوە دەکردەوە چ خۆگرییەکە خوا بەو بەندەی خۆی بەخشیوە دەوڵەمەندبیت و خۆت لە حەزە مرۆییەکانت بەدوور بگری !

بۆ شەوی دواتر هەور بەری دونیای گرت و باران دایکرد، نزیکەی سێ پۆژ باران بارین بە تاوی جۆربەجۆر بەردەوام بوو، " حەمەئەمین " ی ناسراوم هات و وتی (هەر ئەو پۆژە دوای داوایەکەی تۆ لە من بۆ باران بارین، گەیشتمە ماڵەوە و پۆیشتمە حەمام و پۆشاکەکانی بەرم گۆڕی و بڕیاری تەوبە و گەڕانەوەم بۆ لای خودا دا، بەرماڵێکم ڕاخست و تێر لەبەر خودا بۆ بارینی باران پاڕامەوە، سوپاس بۆ خودا نا ئومێدی نەکردین و وا بارانمان بۆ دەبارێنێت...)

منیش زۆر دەستخۆشیم لێ کرد و پێم وت (ئەم بارانی ڕەحمەتە بە داوای چەند کەسێکی وەکو تۆیە کە خوا ڕێزی لێناون..)

ئەویش وتی (کاك "سەعید" ئەو پۆژە کە ئەو داوایەت لە من کرد لە بەردەم خودادا زۆر خۆم بە خەجاڵەت دەزانی، هەتا ماڵەوە من گریام، دەموت خودایە من چەندە گوناهبارم و تۆش چەندە میهرەبانیت، بڕیار بێت ئیتر دەست لە هەموو خراپەیەك بکێشمەوە...)

من گومانم نەبوو لەوەی نەبارینی باران بۆ " حەمەئەمین "ی ناسراوی من ڕەحمەتێکی زۆر گەورە بوو، بارینیشی بوو بە هۆی دامەزراندنی متمانە و باوەڕی ئەو بە خوای خۆی...

دۆزینەوەی کەسی ژمارە سێ و ژمارە دوازدە و ژمارە شازدە

دوای عەسرێك لە دوکانەکەم دانیشتبووم، لە ناکاو خامۆشییەك هات بە سەرمدا و خۆم لە شارێکی تر بینییەوە، پیاوێکی تەمەن نزیك پەنجا سالآن بوو بە هاوەڵم، هاتە بن دەستم و پێی وتم: بۆ نەچین هەندێك پارە لە قاسەی ئەو دوکاندارە دەربهێنین؟ منیش بێ سێودوو وتم: با بڕۆین...

ڕۆیشتینە بەردەم دوکانەکە، هاوەڵەکەم چووە ژوورەوە و لە کاتی خەریکبوونی دوکاندارەکەدا قاسەکەی کردەوە و هەندێ پارەی دەرهێنا و بە پەلە هاتە دەرەوە، خاوەن دوکانەکە پێی زانی و شوێنمان کەوت، ئێمەش دەستمان بە ڕاکردن کرد، لەگەڵ هاتنە دەرەوەی خاوەن دوکان لە دوکانەکەی سەقفی دوکانەکە بەربوویەوە و کەوتە سەر زەوی، خاوەن دوکان لای بە لای دوکانە ڕووخاوەکەیدا نەکردەوە و لە شوێنکەوتنمان بەردەوام بوو، لە کۆتاییدا هاوەڵە دزەکەمیان گرت و من ڕزگارم بوو، لەگەڵ ڕزگار بوونمدا هۆشم هاتەوە بەرخۆم و کەوتمە بیرکردنەوە :"خوایە ئەوە چی بوو نیشانت دام، خەون بوو یان ڕاستی؟! ئەو شارە چ شارێك بوو؟! چۆن بوو وا بە قسەی ئەو پیاوەم کرد و هەڵمان کوتایە سەر ئەو دوکانە؟!"

دوای ئەوە زیندە خەونە بە ماوەیەك کچێکی خوشکەزای خێزانم سەردانی کردین و باسی خێزانێکی گەڕەکەکەیانی بۆ کردم، ئەو وتی "خاڵە سەعید: خێزانەکەیان ژن و مێردێکی پیر و بوکێکی گەنج و تەنها منداڵێکن، کوڕی پیاوە پیرەکە لە مێژە بە دیل گیراوە، ئەوە هەشت ساڵە یەکێك نییە هەواڵی بزانێت، پیرەمێردەکە نەخۆشە و لە جێگەدا کەوتووە، کەسێك نی یە کار و کەسابەتیان بۆ بکات، خەڵکی گەڕەك و شار خێریان پێ دەکەن"

نایشارمەوە باسی ئەو خێزانە ئێش و گل و ژانێکی لە دەروونمدا خولقاند و زیاتر لە هەفتەیەك پێیەوە تەپاوتلم دەکرد، شەوێك پیاوی سێبەر "پیر خدر"م لە خەوندا بینی و پێی وتم: " برۆ بۆ شاری قەلاّ و لە "نەسرەدین" ناوێك بگەڕێ، داوای لێبکە ڕێگە و شوێنی بەردانی ئەو بەندییەت پێ بڵێ"، لە خەونەکەمدا پرسیارم لێ کرد: چۆن "نەسرەدین" ببینمەوە؟! وتی: "مەئموورانی ئەو شارە پێشوازیت لێ دەکەن..."

ئەو قسەیەیەی کرد و منیش لە خەونەکەم بە ئاگا هاتم...

بەیانی لەسەر سفرە لەگەلّ هاوسەرەکەم و "شادی" کچم ژەمی بەیانیمان دەخوارد. "فاتمە"ی هاوسەرم پرسیاری کرد + (خەونت نەبینیوە؟)

– (با..)

+ (ئەمڕۆ چی دەکەی؟)

– (دەچم بۆ دوکان)

+ (ئەی هیچت لێ داوا نەکراوە؟)

– (با)

+ (کەوابوو بچۆ بە دەم ئەو داوایەوە)

لە قسەکەی "فاتمە" سەرم سوڕما، لە خۆم دەپرسی:"ئەم ژنە چۆنی زانیوە من خەونم بینیوە؟! لەوانەیە ئەویش خەونەکەی منی بینی بێت"، سەرسوڕمانەکەم شاردەوە و لەو بارەیەوە پرسیارم لێ نەکرد...

بە ناچاری خۆم کۆکردەوە و پارەم هەڵگرت و بەرەو شاری قەلاّ بەڕێ کەوتم، هەتا گەیشتمە بەرەوە بیرم دەکردەوە و پرسیارم لە خۆم دەکرد: "فاتمە چۆنی زانی من خەونم بینییوە؟! چۆن زانی لە خەونەکەدا داوام لێ کراوە بچم بۆ شاری قەلاّ؟! لەوانەیە هاوسەرەکەی منیش لە ئەوان بێت، بۆ نە؟! چەندین کار و کردەوەی نامۆم پێود بینیوە..."

گەیشتمە بەرەوە و بڕیارم دا بچم بۆ مزگەوتی "سەید ئەبوبەکر"، دەستم لە تەکسییەك ڕاگرت و لەگەڵی سوار بووم، داوام لێ کرد بمبات بۆ مزگەوتی ناوبراو. شوفێری تەکسییەکە پرسیاری کرد+ (دەڵێی خەڵکی ئەم شارە نیت؟!)

– (نەخێر..)

+ (خێرە دەچیت بۆ مزگەوتی "سەید ئەبوبەکر"؟)

پرسیارەکەی بێجێ بوو، بۆیە هەندێك بە ساردییەوە وەڵامم دایەوە و وتم – (ئیشێکی ئەوێم هەیە)

+ (ئیشەکەت بڵێ با کارئاسانیت بۆ بکەم)

– (بە دوای کەسێکدا دەگەڕێم بە ناوی "نەسرەدین")

+ ("نەسرەدین"، من دەزانم تۆ پرسیاری کام "نەسرەدین" دەکەیت)

کە ئەو قسەی کرد بیری قسەکەی "پیر خدر"م کەوتەوە کە لە خەونەکەدا پێی وتم: "مەئموورانی ئەو شارە پێشوازیت لێ دەکەن"، تێگەیشتم شۆفێری تەکسییەکەش لە ئەوانە و تەنها بۆ پێشوازی من لەو جێگەیەدا ئامادە بووە، وتم– (چۆن دەزانی؟!)

وتی+ (با سەری یەکتر نەئێشێنین، تۆ بۆ لای "نەسرەدین" نەهاتووی؟)

– (با)

+ ("نەسرەدین" یەکێکە لە شێتەکانی ئەم بازارە، بەیانیان لەسەر شەقامەکان دەسوڕێتەوە و دوانیوەڕوان دەچێت بۆ مەعرەزەکان، ئێستا دەبێت بچین بۆ مەعرەزەکان)

زۆر سوپاسی خوام کرد بۆ ئەو کۆمەکی و دەرووەی بەهۆی ئەم شۆفێری تەکسییەوە لە منی کردەوە، گەیشتینە پێشەنگاکان و تەکسییەکەی لە لایەکەوە وەستان و هەردوو دابەزین و بە ناو پێشەنگاکاندا دەستمان بە گەڕان کرد، سەرئەنجام "نەسرەدین" مان دۆزییەوە...

کۆمەڵێك گەنج دەورەیان دابوو، سەریان دەخستە سەری و ئەویش لەسەر یەك پێ سەد جنێو لە دەمی دەردەچوو، ئەو جنێوی تەڕ و پاراو و مزری بە گەنجەکان دەدا و

ئەوانیش قاقا پێی پێ دەکەنین، جنێوەکانی ئێمەشی گرتەوە و دەیوت: "جنێوەکانم بۆ ئەوانەش لە دوورەوە گوێیان گرتووە، بۆ ئەوانەش خەڵکی ئێرە نین"، باش زانیم مەبەستی من و شۆفێری تەکسییەکە بوو، وەستاین هەتا گەنجەکانی بەجێهێڵاڵ و بەرلەوەی دەستەیەکی تر لە دەوری کۆ ببێتەوە من و هاوڕێکەم بە دەم ڕێوە لەگەڵی کەوتینە قسە کردن، ئێمە هێشتا هیچمان لەگەڵی باس نەکرد بوو، ڕووی تێکردم و وتی (ئیشەکە لە لای من نەماوە)

پرسیم (ئەی لە لای کێ یە؟!)

وتی (پیاوێکە ئێستا لە بەندیخانەدایە)

وتم (جا چۆن بیدۆزمەوە؟!)

وتی (چووزانم!)

شۆفێری تەکسییەکە هاتە قسە و وتی ("نەسرەدین" گیان ئەم پیاوە غەریبە و لە شارێکی ترەوە هاتووە، ناونیشانی تەواومان بدەرێ بۆ ئەوەی بیدۆزینەوە)

نەسرەدین وتی ("توانا" چەند جار پێم وتی دەست مەخەرە ناو کاروباری منەوە، کوڕە مستێکت لێ بدەم ونت دەکەم)، پاشان لەبەرخۆیەوە بە "توانا" (سەگی سەگ باب)

من تا ئەو کاتە نەمدەزانی شۆفێری تەکسییەکە ناوی " توانا "یە، ئەویش وەڵامی "نەسرەدین "ی دایەوە و وتی (منیش بۆکسێکت لێ بدەم بە هەموو تەمەنت سەر زەوی نابینی، بۆ هەر تۆ شێتی؟! منیش شێتم)

نەسرەدین دەستی بە پێکەنین کرد و وتی (وەڵا " توانا " دەتوانی وام لێ بکەی، بەڵام بۆچی خۆت شوێنی ئەو کەسەی پێ ناڵێیت؟!)

توانا (من نایزانم)

نەسرەدین (خوا خەجاڵەتت بکات، گەر نایزانی چۆن بۆ لای منت هێناوە؟!)

قسەکەی " نەسرەدین" ڕاست بوو " توانا " ش یەکێك بوو لە پیاوانی سێبەر. بەڵام یار بوو کارەکە لە لای "نەسرەدین" بوو، بۆیە "توانا" وتی (ئاخر بە غوڵامت بم ئیشەکە ئیشی من نی یە، ئیشی تۆیە)

نەسرەدین: (من سەگتۆپ کرام و ئیشەکە لای من نەماوە)

توانا: (تەنها ناوی کەسەکە و بەندیخانەکەمان پێ بڵێ)

نەسرەدین – بە تەوسەوە – (ناتانەوێت بۆ بەردانی ئەویش بێم لەگەڵتان؟)

توانا: (وەڵا خۆ گەر لەگەڵمان بێیت زۆرپش مەمنونین)

نەسرەدین بە ساردییەکەوە: (ناوی "بەکر" ە لە بەندیخانەی گەورەیە، بڕۆن سەرم مەیەشێنن، نەتانهێڵا چوار جنێو بدەم)

توانا: (ئەوا ئێمە ڕۆیشتین، تۆش هەر خەریکی جنێودانی خۆت بە)

نەسرەدین بە " توانا"ی وت (گێچەڵباز، هەرچی بەزمە لە ژێر سەری تۆدایە)

توانا دەستی بە پێکەنین کرد و پەلی منی گرت و هاتینەوە بۆ لای تەکسییەکە، سواری تەکسییەکە بووین و پرسیم – (بۆ کوێم دەبەیت؟!)

+ (دەچینەوە بۆ ماڵی ئێمە، ئێستا درەنگە و دەوام کۆتایی پێ هاتووە، دەبێ سبەینێ سەر لە بەندیخانە بدەین)

ئەو شەوە چوومەوە بۆ ماڵی "توانا"، خانەوادەیەکی بەڕێز و میوانپەزێر بوون، "توانا" دایك و باوکێکی پیری خۆی لە لا بوو، بە بەردەوامی بە دەوریاندا هەڵدەهات و خزمەتی دەکردن، هاوسەرەکەی ئافرەتێکی نەجیبی پێکەوتوو بوو، دوو منداڵی هەبوون دەتوت خۆڵی داکراون، خانەوادەیەکی پڕ لە ئارامی و لێوان لێو بە ڕێز و خۆشەویستی، ئەو شەوە "توانا" هەتا کاتی خەوتنان لە خزمەتی من و باوك و دایکی و خانەوادەکەیدا بوو، زمانێکی شیرین و ڕۆحێکی سووك...

شەو لە ژوورێك جێگەی بۆ من داخست و وتی (تۆ بنوو، چونکە ماندوویت)

ئەو شەوە پلە و پایەی توانایان نیشان دام، بۆم دەرکەوت لە ماڵی کەسێکی زۆر مەزندام، بەیانی لەگەڵ کردنەوەی دەوامدا چووین بۆ بەندیخانەی گەورەی شار،

هەواڵی ئەو بەندییەمان بە ناوی "بەکر" پرسی، ئەوانیش سەیری دەفتەریان کرد و وتیان (دوو "بەکر" مان لە لایە، "بەکر" ە کەی ئێوە ناوی باوکی چی یە؟)

وتمان (نازانین، بەڵام گەر دوو "بەکر" ە کەمان نیشان بدەن لەوانەیە کەسەکەی خۆمان بناسینەوە)

ئەوانیش هەردووکیان هێنا و ئێمەش لێیان ورد بوونەوە، یەکێك لەو دووانە بانگی لە پۆلیسەکان کرد و وتی (وەرن، ئەو کابرایەی ئێوە لە دووی دەگەڕێن ئەم پیاوەیە، ئەو کەسەی پێکەوە دزییەکەمان کرد)، پۆلیسەکان هاتن و ئابڵۆقەی منیان دا، ئەفسەرێك هات و وتی (ناوت "سەعید"ە؟)

– (بەڵێ ناوم "سەعید" ە)

+ (بابت "مستەفا " ئەحمەدە؟)

– (بەڵێ)

ئەفسەرەکە فەرمانی دا بە پۆلیسەکان بۆ ئەوەی قۆڵبەستم بکەن، منیش کەوتمە هاوار و پاڕانەوە و دەموت (بە خوا من دزیم نەکردووە، ئەوە یەکەمین جارە ئەم کابرایە دەبینم)

هەرچی هەوڵمدا قسەکانم نەیخوارد و کردمیانە ژوورەوە، پۆلیسەکان دەیانویست "توانا"ی شۆفێری تەکسیش لەگەڵ من بکەنە ژوورەوە، بەڵام پێم وتن (ئەو کابرایە شۆفێری تەکسییە و تەنها منی گەیاندووە)، بۆیە دەستبەرداری ئەو بوون و کردیانە دەرەوە و دەستیان بەسەر مندا گرت...

ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە کەس لێی نەپرسیم و منیش لە بیرکردنەوەدا ڕۆچووبووم، ئەو پیاوەی منی دا بە گرت ناموّ نەبوو لەبەرچاوم، بیرم دەکردەوە دەبێت لە کوێ بینیبێتم؟! لە ناکاو ڕووداوە سەیرەکەی ناو دوکانەکەم هاتەوە بەر یاد، ئەو خامۆشییەی بەسەرمدا هات و کەوتمە شارێکی تر و لەگەڵ کەسێکی تردا دەستمان بۆ قاسەی دوکانێك برد، "ئەم پیاوە هەر ئەو کەسە بوو منی هەڵنا بۆ دزییەکە، بەڵێ خۆیەتی..."

دەرگـای بەندیخانەکـەیان کـردەوە و پۆلیسـێك قـۆڵی گـرتم و بردمـی بـۆ لای نەفسەرێکی پۆلیس، تەماشام کرد "بەکر"یان هێناوە و لەوێ دانیشتووە...

ئەفسەرەکە ڕووی لە من کرد و وتی + (تۆ چ پەیوەندییەکت لەگەڵ " بەکر"ەدا هەیە؟!)

منیش وتم – (قوربان وەڵاهی من نازانم چی بڵێم! هەرچی بڵێم ئێوە باوەڕم پێ ناکەن، حەقیشتانە باوەڕ نەکەن، چونکە قسەکانی من لە ئەقڵەوە دوورن)

" بـەکر " هەڵیدایـە و وتـی (ئـەم قسـە بەلاشـانە چـی یـە دەیکـەیت؟! مـن و تـۆ پێکەوە قاسەی دوکانەکەمان نەبڕی؟)

منیش وتم (بەندەی خودا تۆ نابێت لە خوا بترسیت؟ من کەی و لە کوێ لەگەڵ تۆ بۆ دزی چووم؟!)

ئەفسـەرەکە (ئێستا وەڵامـی پرسـیارەکەمان بـدەرەوە و پێمـان بڵـێ تـۆ چ جـۆرە پەیوەندییەکت لەگەڵ "بەکر"دا هەیە؟)

منیش نەمدەزانی چی بڵێم، دەمم تەتەڵەی دەکرد (کاکە بە خوا من نازانم چۆن ئێوە تێ بگەیەنم، من....من خەونم بینیوە)

یەکێك لە پۆلیسەکان (هەرچی دز و جەردەی بازارە کە دێتە ئێرە خۆیمـان لـێ دەکات بـە ئـەولیای ڕەببـانی، پێمـان بڵـێ چـۆن دزیەکـەتان کـرد، باسـی خـەون و مەونمان بۆ مەکە)

منـیش بـە لارە ملـی و گـەردنی کەچـەوە (بـە قورئـان کاکـە مـن لـە خەونـدا ئـەم کابرایەم بینیوە، لە خەونمدا پیاوێکی چاك بوو، هاتووم دوعای خێرم بۆ بکات)

ئەفسەرەکە (ئەم گەڕەلاوژێ و قسەقۆڕانە چی یە دەستت داوەتێ؟! ئەو قسانە بۆ کەسێك بکە باوەڕت پێ بکات)

پۆلیسـەکە (ئـەو قسـانە هـەڵگرە بـۆ نـاو تەکیـە و خانـەقا، ئێـرە پۆلیسـخانەیە، ئێمەش بە گێل مەزانە و ناچارمان مەکە ڕێگای ترت لەگەڵدا بەکار بهێنین)

هەندێك دەنگم بەرزكردەوە و وتم (ئەی هاوار خەڵكینە، من نازانم بە چ زمانێك ئێوە تێبگەیەنم! وەلاّ من دز نیم، بیللا من دز نیم، تەللاّ من دز نیم، ئیتر نازانم چی بڵێم؟!)

بەكر: (تۆ دەتوانی سوێند بخۆیت لەگەڵ من نەبووی؟)

منیش لە وەلاّمیدا وتم (سوێند دەخۆم ئەو ڕۆژەی تۆ دزیت كردووە من لە شارەكەی خۆم لەسەر دوكان بووم) پاشان ڕووم لە ئەفسەرەكە كرد و وتم (بەڕێزم تۆ خاوەن دوكانە بڕاوەكە بانگ بكە و پرسیاری لێ بكە و بزانە ئەو ڕۆژە منی لەگەڵ ئەم پیاوەدا بینیوە یان نە؟)

ئەفسەرەكە (قسەیەكی باشە، هەرچەند "بەكر" ناوی تۆی داوە و دەڵێ: ئەویشم لەگەڵ بووە)، وتی بە یەكێك لە پۆلیسەكان (بڕۆ "حاجی" دوكاندارم بۆ بانگ بكە)

من و "بەكر" یان كردە ژوورێكەوە و ناردیان لە دووی خاوەن دوكانە بڕاوەكە...

"بەكر" ڕووی تێكردم و وتی (باشە من و تۆ پێكەوە نەچووین بۆ دزی؟! بۆچی درۆ دەكەیت؟)

وتم ("بەكر" گیان ئەوە من نەبووم، ڕۆحم بووە)

بەكر: (یانی ڕۆحت تۆ نیت؟!)

وتم (بەخوا نازانم منم یان من نیم)

بەكر: (ترسنۆك! كابینەی مرورەكانیشت پێ تێك نەدرا و لەگەڵ "وەهاب" ڕاستت نەكرد)

بیرم كردەوە ئەمە چ عالەمێكە! هەرچی جوولّە و كار و كردەوەمە كەوتۆتە ژێر كۆنترۆڵی ئەمانە، سەرم هەڵبڕی و وتم (بەندەی خودا، كەم تەشقەڵەم پێ بكە و وازم لێ بهێنە، من بۆ كارێكی تر بۆڵای تۆ نێردراوم)

بەكر: (ماشەلاّ، كەم وڕە و ترسنۆكی! ئەوە بۆ لای ئەو ئەفسەرە زمانت لاڵ بوو بوو؟!)

وتم (له ژیانمدا بەند نەکراوم، کەچی بەهۆی تۆ و برادەرەکانتەوە ئەمە دووجارە بە گرتنم دەدەن، ئێوە بۆ وا لە من دەکەن؟!)

بەکر: (بۆ ئەوەی ترسنۆکییەکەت نەمێنێت)

وتم ("بەکر" گیان، من بۆ شتێکی تر بۆ لای تۆ هاتووم، من "نەسرەدین" بۆ لای تۆی ڕەوانە کردووم)

بەکر: (گەر تۆی ترسنۆک چەند ڕۆژێک بەند بکرابای ئەو هەر ئەمڕۆ بەردەبوو، بەڵام تۆ زەندەقت چووە و پێ ناچێت بەرگەی زیندان بگریت! بۆیە تۆ ئەم شەو بەردەبیت و کاتێک گەڕایتەوە ئەویش بەردەبێت)

منیش دەستی "بەکر"م ماچ کرد و پێم ووت (ئەی تۆ کەی بەردەبیت؟)

بەکر (خەمی منت نەبێت، کاری من لە زیندانداید، من گەر دەریشم بکەن دەبێت کارێک بکەم بگەڕێمەوە بۆ زیندان)

دوای یەک کاتژمێر پۆلیسێک دەرگاکەی لێ کردینەوە و بردینییەوە بۆ ژووری ئەفسەرەکە و بینیم دوکاندارەکە لەوێ دانیشتووە...

ئەفسەرەکە ڕووی لە دوکاندارەکە کرد و پێی وت (حاجی! ڕۆژی دزییەکە ئەم کابرایە لەگەڵ "بەکر"دا بوو؟)

حاجی دوکاندار (نەخێر قوربان، ئەم کابرایەم نەبینیوە، "بەکر" تەنها خۆی بوو)

ئەفسەرەکە (ها "بەکر" تۆ چی دەڵێیت؟)

"بەکر" قسەکانی خۆی بەجۆرێک کرد ئەفسەرەکە بە درۆزنی بزانێت و وا تێبگات تۆمەت بۆ من دروست دەکات: (قوربان ئەو کاتە لەبەردەم دوکانەکەدا ئەم کابرایەی لەگەڵم بوو نادیار بوو)

ئەفسەرەکە (بۆچی نادیار بوو؟!)

بەکر: (چونکە شێوەی ئاوی بوو، غەیب بوو)

هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد و ئەفسەرەکە وتی ("بەکر" تۆ دەبێت دادگاییەکی تر بکرێیت، چونکە تۆمەتت بۆ کەسێکی بێتاوان دروست کردووە)

بەکر: (ئەم کابرایە بە پۆح لەگەڵم بوو)

"بـەکر" بۆیـە ئـەو قسـانەی دەکـرد تـاکو بـاوەڕی پـێ نەکـەن و مـن ڕزگـارم ببێـت، قسەکانیشی ڕاست بوو، حاجی دوکاندار وتی (وەڵاهی جەنابی ئەفسـەر من دەبوا ئـەم "بەکر"ە م خەڵات بکردبایە، چونکە کە پارەکـەی لـە قاسـەکە دەرکـرد و هـەڵهات منـیش بە دوایدا لە دوکانەکە هاتمە دەرەوە، لەگەڵ هاتنـە دەرەوەی مـن سـەقفی دوکانەکـە بـۆ خوارەوە بەربوویەوە، گەر من لەناو دوکانەکەدا بوومایە دەبووم بە ژێرەوە و گیـانم لـە دەست دەدا، دزیەکەی "بەکر" بوو بە هۆی سەندنەوەی ڕۆحی من)

ئەفسەرەکە: (حاجی لە چاوی یاساوە دزی هەر دزی یە و ئەو جۆرە ڕێکەوتانەی تیا ناخوێنرێتەوە)

"بەکر" ڕووی لە حاجی کرد و وتی (من سەقفەکەم بەردایەوە)

قسەکەی "بـەکر" جێگـەی بـاوەڕ نـەبوو، بۆیـە بـوو بـە مایـەی پێکـەنینی ئەوانـەی لـە ژوورەکەدا بوون...

لـە کۆتایـدا "بـەکر" یـان بـردەوە بـۆ بەندیخانـە و منیشـیان بـەرەڵا کـرد، کـە هاتمـە دەرەوە بینـیم "توانـا"ی شـۆفێری تەکسـی چـاوەڕوانم دەکـات، ئـەو شـەوەش لـە مـاڵی "توانـا" مامـەوە، بـەیانی زوو هەسـتام و خانـەخوێ بەڕێزەکـەم سـواری تەکسـییەکەی خۆی کردم و گەیاندمییە گەراج، هەر ئەو ڕۆژە گەیشتمە ماڵەوە و بـۆ سـبەینێ هـەواڵی بەربوونی بەندییەکەیان بۆ هێنام و منیش تێر سوپاسی خوام کرد...

چـەند شـەو دوای ئـەوە تێیـان گەیانـدم "نەسـرەدین" پیـاوی ژمـارە " سـێ"یـە و "توانا" ی شۆفێری تەکسی پیاوی ژمارە "دوازدە" و "بەکر" ی بەندیخانـەش پیـاوی ژمارە "شازدە"یە..

کەسی ژمارە بیست و حەوت

ژنەکەی " ئارام" ی برازای خێزانم بە سێ منداڵەوە باری دەروونی پۆژ لە دوای پۆژ بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆیشت، بۆ ساڵێك دەچوو زمانی بەسترا بوو، چەندین پزیشکی جەستەیی و دەروونی لەسەر ئەو ئافرەتە بەستەزمانە خۆی تاقیکردەوە و سوودێکی نەبوو، هەندێ کەس پێی وابوو جنۆکە دەستی لێوەشاندوە و گەرەکە ببرێت بۆ لای مەلای جنۆکە کوژ، بەڵێ ئەوانیش هەریەکەیان کۆڵێك پارەیان لە " ئارام" دەکێشایەوە، "ئارام"یش ژیان و گوزەرانی لەسەر کرێکاری بوو، نەبوون و دەست کورت بوو، بەهۆی نەخۆشی ژنەکەشییەوە نەیدەتوانی بۆ کار و کەسابەت بچێت...

من هەمیشە خەمی " ئارام" و ژنەکەی و منداڵەکانی داگیری کرد بووم، بە پێی توانای خۆم هەوڵمدەدا کۆمەکیان بکەم...

پۆژێك " ئارام" هات بۆ ماڵمان و دایە کورپەی گریان و هەناوم بۆ ئەو پیاوە بەستەزمانە گڕی گرت، وتی: "خاڵە سەعید، خودا بە بەلایەکی زۆر گەورە تاقیمدەکاتەوە، تووخودا دوعام بۆ بکە، تاکو بەرگەگربم و لە بەردەمیدا نەڕوخێم...

منیش هەندێك دڵنەواییم کرد و پێم وت: "ئەوە تەنها موسیبەتی تۆ نی یە، هەموومان لەگەڵت بەشدارین، هەرچیم پێ بکرێت بۆتی ئەنجام دەدەم.."

ئەو زیاتر بۆ ئەوە دڵگران بوو براکانی خۆی و براکانی ژنەکەی لێی ناپرسنەوە و تەنانەت هەواڵیشی ناپرسن...

منیش وتم: "کوڕی مامەی، لە ئەمڕۆدا بەزەیی و جوامێری و پیاوەتی زۆر کەم بۆتەوە، بۆیە هیوات تەنها بە خوا بێت و چاوەڕوانی دەستی ئەوانە مەبە"

" ئارام" ڕۆیشت و منیش باری قورسی ژیانی ئەو مرۆڤە هەژارە داگیری کردم و کەوتمە دوعا و پاڕانەوە، لە ناو گەرمەی دوعادا چاوەکانم کەوتە سەر پزیشکێك و ناو

و جێگەشـیان پـێ وتم، وتیـان نـاوی " کـەمال"ە و لـە نەخۆشـخانەی نەخۆشـە دەروونییەکان دەوام دەکات، هـەر لـەو جێگـەدا بینیم مرۆڤێـك زمـانی بـە بەنـدێك گـرێ دراوە، لێی چوومە پێشەوە و گرێیەکەم لە زمانی کردەوە و لەو ئازارە رزگاری بوو...

دواتر هـەواڵی ئـەو پزیشـکەم پرسـی تـاکو بـزانم کەسـێك بـەو نـاو و نیشانە بوونی هەیـە، وتیـان: "ئـەو کەسـە پزیشـکی دەروونییـە، تـازە بـۆ شـار هـاتووە و خـەڵکیش سوودیان لـێ بینیوە"، داوام لە "ئارام" کرد هاوسەرەکەی ببـەین بـۆ لای ئـەو پزیشـکە. "ئـارام" لـە بردنـی هاوسـەرەکەی زۆر گـەرم نـەبوو، دەمزانـی هۆیەکـەی بـێ پـارەیی و نەبوونییە، وتم: "کوڕم من پارەم پـێ یە و ئەمجارەیان من پـارەی عـەیادە و دەرمانـەکان دەدەم"

نەخۆشمان هەڵگرت و بردمان بۆ ئەو خەستەخانەی پزیشکی ناوبراو دەوامی تیادا دەکـرد، پزیشـکەکەمان دۆزییـەوە، بـەڵام هەڵسـوکەوتی پزیشـکەکە لـە شـێت دەچـوو. سـەرەتا داوای لـە "ئـارام" کـرد بچـێتە دەرەوە، منـیش وتم: "ئـەوە پیاوەکەیـەتی بـا نەچێت، من دەچمە دەرەوە"

پزیشکەکە وتی: "تۆ بمێنەرەوە، با پیاوەکەی بچێتە دەرەوە"، ئارام بـە ناچاری چووە دەرەوە و من لەگەڵ نەخۆشەکە مامەوە...

نەخۆشـەکەمان بـێ ئاگـا بـوو، لەسـەر قەرەوێڵەیـەك ڕامـان کێشـا بـوو، پزیشـکەکە سەیری منی کرد و وتی – (لەبەرچاوم غەریب نیت، دەڵێی لە جێگەیەك تۆم بینیوە؟!)

+ (وەڵا چووزانم، لەوانەیە...)

– (ئا، بیرم کەوتەوە پێشتر تۆ یەکێك بوویت لە شێتەکان، ئێستا باشی؟!)

+ (من؟! من هەرگیز شێت نەبووم...)

– (با، با، ئێستاش هەندێ ڕەگی شێتێتیت تیا ماوە...)

زەنگێکـی لێـدا و کارمەنـدێك هاتـە ژوورەوە و پێـی وت – (دوو پۆلیسـم بـۆ بـانگ بکە...)

منیش وتم (پۆلیست بۆچی یە؟!)

ئەو لەو کاتەدا لەسەر نەخۆشەکە بوو، بۆیە گوێی بە پرسیارەکەی من نەدا. زۆری نەبرد دوو پۆلیس خۆیان کرد بە ژووردا، پزیشکەکە پێی وتن – (ئەم کابرایە ببەن بۆ هۆڵی نەخۆشە دەروونییەکان، تاکو خۆم لێی دەپرسمەوە، مەهێڵن لە دەستتان هەڵبێت...)

منیش دەستم بە هاوار کرد و بە پۆلیسەکانم دەوت + (کاکە من لەگەڵ ئەو نەخۆشەدا هاتووم، من نەخۆش نیم، ئەم دکتۆرە خۆی تەواو نی یە، تکا دەکەم ئێوە بە هەڵەداچوون...)

لەو گاڵەگاڵەدا "ئارام" خۆی بە ژووردا کرد و بە سەرسامییەوە وتی (چی بووە؟! چی قەوماوە؟! ئەو پیاوە بۆ کوێ دەبەن؟!)

پۆلیسەکان گوێیان بەو هات و هاوارەی من و "ئارام"نەدا، دیار بوو ئەوەندە نەخۆشیان پەوانەی ئەو جێگەیە کرد بوو لەسەر بانگ و هاوار و کێشمەکێش ڕاهاتبوون، بردمیان و دەرگای هۆڵێکی زەبەلاحیان بە ڕوومدا کردەوە کە زیاتر لە سی چل قەرەوێڵەی تیا دانرا بوو، هەر قەرەوێڵە و نەخۆشێکی لەسەر بوو، چەند دانەیەکیان بە کەلەپچە دەستێکی بە قەرەوێڵکەوە بەسترابوویەوە، منیان برد لەسەر یەکێك لە قەرەوێڵە چۆڵەکان دایاننام و بۆخۆیان ڕۆیشتن و دەرگای هۆڵەکەیان قوفڵ کردەوە...

چاوێکم بە نەخۆشەکاندا گێڕا، هەموو لە ژێرەوە تەماشایان دەکردم، بەڵام زۆر بێ دەنگ و ئارام بوون، یەکێك لە نەخۆشەکان کە لە بەری دووەمی ڕیزی قەرەوێڵەکان دانیشت بوو هەستایە سەر پێ و ڕووی لە من کرد، ترسام پەلامارم بدات، هات و سەلامی کرد و زۆر بە ئارامی لەسەر سوچێکی قەرەوێڵەکەم دانیشت، زۆر بە ئارامی وتی – (ماوەیەکە چاوەڕوانم سەردانم بکەیت، بۆ درەنگ هاتی؟!)

+(تۆ کێی؟!)

– (نەخۆشێکم)

+ (بۆچی چاوەڕوانم بوویت؟!)

– (بـه هاتنـت نەخۆشـییەکەی مـن کۆتـایی پـێ هـات، مـن سـێ سـاڵە قسـەم نـەکردووە، بـه هاتنـه ژوورەوەی تـۆ زمـانم کەوتـەوە گـۆ کـردن، خـودا خێـرت بنووسێت)

+ (کێ ئەوەی بە تۆ وت کە بە هاتنی من کۆتایی بە نەخۆشییەکەی تۆ دێت؟!)

– (کاك دکتۆر بۆخۆی پێی وتم)

+ (جا چۆنت زانی من ئەو کەسەم؟!)

– (کاك دکتۆر وتی هەرکاتێك ئەو ببینی ڕاستەوخۆ زمانت دەکرێتەوە، ئەوەش نیشانەی چاك بوونەوەکەتە..)

ئەوەی وت و ڕۆیشتەوە بۆ سەر جێگەکەی خۆی، منیش سوپاسی خوام کرد و لـەوە تێگەیشتم بۆچی پزیشکەکە منی ڕەوانـەی ئـەم جێگەیـە کـردووە، زۆری نـەبرد دەرگای هۆڵەکە کرایەوە، دوو پۆلیسەکە هاتن و پەلی منیان گرت و بردمیانەوە بـۆ لای پزیشکەکە، سەیرێکی منی کرد و وتی – (ها، چاك بوویتەوە؟)

وتم + (تـەنها پـێم بڵـێ تـۆ و هاوشـێوەکانی تـۆ بـۆ ئەوەندە گێچـەڵبازن، بـۆ بـەم جۆرە مەرگ نیشانی مرۆڤ دەدەن، یـانی نـەدەبوو لـەم خەستەخانەیەدا بە شێتە دەرنەکەی و ڕەوانەی شێتخانەم نەکەیت؟!)

– (ئەوانە شێت نین، شێت ئەوانـەن بەسـەر شـەقامەکاندا پیاسـە دەکـەن و نـازانن مانای ژیان و مەرگ چی یە، ئەوانەی پەی بە نهێنییەکانی ئەم زەوی و گەردوونە نابەن شێتن، تۆ شێتی کە هێشتا شێتەکان ناناسیتەوە)

+ (نەخۆشەکەی ئێمەت چی لێ کرد؟)

– (زمانی کرایەوە و لەم ماوەیەدا نەخۆشییەکەی کۆتایی پێ دێت)

+ (ئـەدی پیاوەکـەی چـی بەسـەر هـات، خـۆ ئەویشـت ڕەوانـەی شـوێنێك نەکردووە؟!)

– بە پێکەنینەوە (لەگەڵ نەخۆشەکە گەڕایەوە)

+ (باشە، ئێستا پارە و حەقدەستی کارەکەت چەندە با پێت بدەم)

– (حەقدەســتەکەم ئەوەیــە دڵــت لــێم زوێــر نــەبێت، دەبــوا پەوانــەی هــۆڵی نەخۆشەکانت بکەم، چارێکم نەبوو)

لە کۆتایدا خواحافیزیمان لە یەکتری کرد و بۆ ماڵەوە گەڕامەوە...

هاوســەرەکەی "ئــارام" پۆژ لــە دوای پۆژ بــەرەو چــاکبوونەوە دەڕۆیشــت، تــا بــە تەواوی کۆتایی بە نەخۆشییەکەی هات...

گەیشتن بە کەسی ژمارە بیست ونۆ و ژمارە سی

یەك دوو مانگ زۆر بە ئارامی گوزەراندم، لەو ماوەیەدا دەولّەتێکی داگیرکار هەڕەشەی داگیرکردنی ئەم ولاّتەی دەکرد، سوپا و تۆپخانە و هێزی ئاسمانیی بەگەڕ خست بوو، بەیانییەکی زووی پۆژی هەینی تەقە لە دەرگا درا، کردمەوە و " پیر خدر"ی هاوڕێم بوو، فەرمووم لێ کرد و وتی – (نایەمە ژوورەوە، دەزانی بۆچی هاتووم؟)

+ (نەخێر)

– (تۆ دەبێ بڕۆیت بەر لەو سوپا داگیرکارە بگریت)

+ (بەر لە چی بگرم؟!)

– (بەر لەو سوپایە)

+ (بۆ تۆ من بەچی دەزانی، تەیارە، دەبابە، تۆپخانە؟!)

– (هێزی خودا لەوانە گەورەترە)

+ (دەی با خوا بەری لێ بگرێت، بەندەیەکی لاوازی وەکو من چییە و چی پێ دەکری؟!)

–(خۆت شێت مەکە، خودا بۆ ئەنجامدانی کارەکانی هۆکاری هەیە)

+(یانی کەسی دەست نەکەوت بیکات بە هۆکار بۆ وەستانی ئەو سوپایە من نەبی؟!)

– (دەستی دەکەوێ، بەلاّم ڕێزی لە تۆ ناوە تاکو شەرەفی قبولّ بوونی دوعات پێ ببەخشێت)

+ (كاكه پێم خۆشه ئەو ڕێزه له كەسێكی تر بنرێت)

– (خەریكی له خۆتی تێك دەدەی، ئاگادارىه چی دەڵێیت)

+(بۆچـی مـن؟! وەڵا ناچـم..) لەبەرخۆمـەوه (دەیـەوێ سـوپای وڵاتێـك بـه مـن بشكێنی، بۆ من چیم؟!)

– (ناچیت؟!)

+ (نـەخێر ناچـم، هـەر ڕۆژه و بـۆ شـوێنێكم دەنێـرن، لـەوێ دەمكـەن بـه پەنـد و ڕەوانەم دەكەنەوه)

– (ئەوا من به تۆم ڕاگەیاند، هەرچییەكت به هۆی ئەم ملپێچییەوه بەسەر هات خۆت گوناهباریت، نەك ئێمه)

+ (گرفتێك نی یه)

– (ئەوا من ڕۆیشتم، تۆش ئازابه مەڕۆ)

ئەو ڕۆیشت و منیش به كۆڵێك خەمەوه هاتمه ژوورەوه، ئەو شەوه له ترسان خەو نەچووه چاوانم، چونكه دەمزانی دەردم دەرخوارد دەدەن...

هـەر ئـەو بەیانییـه بـه هـۆی گـڕ تێبـەربوونی غـازەوه وەخـت بـوو ماڵەكـەمان بڵێسـه بسـێنێ و هیچـمان بـۆ دەرنەچـێت، كچـەكەمان لـه پـاڵ سـەماوەرەكەدا چـای بـۆ مـن و دایكی تـێ دەكـرد لـه خۆیـەوه سـەماوەر قڵـپ بوویـەوه، خـەریك بـوو كڵۆكـۆی ئـەو كچـه بەستەزمانه بـه ئـاوی كـوڵ بـه كـوڵ دابمركێتـەوه، عـەلاگەیـه جـل و بـەرگ بەربوویـەوه و دای بەسـەرمدا و بردمییـه شـەڕارەی مـەرگ، هـەر ئـەو بەیانییـه هەرچـی سـوڵفم لـه سـەیارەكه دا سـوڵفی نـەگێڕا، بـه پـێ بـەرەو دوكـان كەوتمـه سـەر جـادە، گەڵابەیـەك دەستی شكاندەوه سەرم و وەخت بوو لەت و پەتم بكات، ئەو ڕۆژه یەك دوو كڕیارێ قیرسیچمەم بوو به تووشەوه و یەكێكیان پەلاماری دام و گەر نەیانگرتبایه تێروپڕی - بـه بـێ هـیچ هۆیـەك – لـێ دەدام، هـەر ئـەو ڕۆژه تـەنها ڕۆژێـك بـوو كـه لـه هێنـان و فرۆشتنی سەوزه و میوەدا زەرەرم كرد، ئێواره سواری پاس بووم و ماوەیـەك ڕۆیشت و پاس لـه ئیش كـەوت، خـاوەن پاسـەكەش سـەری لـه پاسـەكه دەرنـەدەكرد و دەیوت "ئـەی هـاوار ئـەم پاسـه هـیچ ناتەواوییـەكی نییـه، ئـەی بـۆ وا دەكـات؟!" مـن دەمزانـی

هۆیەکـەی چـی یـه، هۆیەکـەی نەگبـەتی مـن بـوو، دابـەزیم و هەنـدێك لـه پاسـەکه و نەفـەرەکان دوور کەوتمـەوه، پـاس کەوتـەوه ئـیش و لێیانـدا ڕۆیشـتن و منیـان بـەجێ هێلاٚ...

ئەو ڕۆژه بۆ من ڕۆژێکی شووم بوو، شەوەکەی دیسان "پیر خدر" هاتـەوه و وتـی– (ها، ئێستا بڕیارت دا بچیت یان نه؟)

+(ئەگەر بڵێم ناچم چیتر دەبێت؟!)

– (ئـەوەی ئـەمڕۆ دەرخـواردت درا لـه چـاو ئـەوەی سـبەینێ بەسـەرت دێـت هەنگوینه)

+ (ئەوەی بەسەرم هات خوا هێناویەتی یان ئێوه؟)

– (خودا)

+ (هەرچی خوا بەسەرم بهێنێت پێم خۆشه)

– (بەڵاٚم خودا فەرمان و تاقیکردنەوەی بۆ مرۆڤ هەیه)

+(تـۆ دەتوانیـت بیسـەلمێنیت فەرمانـەکانت لـه خـواوه وەرگرتـووه و بـه مـنی دەگەیەنیت؟!)

– (بەڵێ)

+ (بۆم بسەلمێنه)

لەگەڵ کردنی ئەو پرسیارەدا هەموو دونیا لەبەرچاوم تاریك بوو، دەتوت کەوتومەته ناو گـەردەلوڵێك و خـول و لـولم دەدات، چـاوم کـردەوه لـه قـەراغ ڕوبارێـك دانیشـتووم و جل و بـەرگی ئافرەتانـەم لەبەردایـه، هەسـتم کـرد بـووم بـه ئـافرەت، سـەیر لـەوەدا بـوو سنگم مەمکی لەسەر ڕووا بوو، دەمزانی کاتی خۆی پیاو بووم و بۆ ئافرەت گـۆڕاوم، وام هەست دەکرد دەیـان سـاڵ لەمەوبـەر مـن پیـاو بـوو بم، بـه ئـافرەت بـوون ڕیشـەی لـه ناخمدا داکوتی بوو، هیچ شەرمێکم له ئافرەت بوونەکـەم نـەدەکردەوه، بـەڵاٚم غـەریبی " فاتمـەی هاوسـەرم و شـادی کچم " دەکـرد، نـەم دەپرسـی چـۆن ئـافرەتم و "فاتمـە"ی ئـافرەتیش هاوسـەری منـه! دەتـوت سـەردەمێکه دیـل کـراوم و سـاتێکی کەمـه لـه

بەندیخانە ئازاد کرآوم، بیری مالْ و منداڵم هەموو بوونی داگیر کردبووم، پیاوێك بە قەراغ ڕوبارەکەدا تێدەپەڕی، پرسیارم لێ کرد ئێرە کوێ یە؟!

وتی: لە کوێوە هاتووی؟!

وتم: بۆخۆشم نازانم..

وتی: پرسیار لە پیاوێك بکە لەوبەری ڕوبارەکەوەیە...

سەیری ئەوبەری ڕوبارەکەم کرد پیاوێکی ڕیش سپی بەرانبەر بە من وەستا بوو، بانگم لێ کرد و لەبەری پاڕامەوە بۆ ئەوەی تەگبیرێکم بکات، ئەویش لە دوورەوە ئاماژەی کرد بەوەی بێمە ناو ڕوبارەکە، منیش هاتمە ناو ڕوبارەکە و پاشان ئاماژەی کرد تاکو خۆم نوقمی ئاوەکە بکەم، خۆم نوقمی ناو ئاوەکە کرد و کە سەرم لە ئاوەکە دەرهێنا، لەبەردەرگاکەی خۆمان وەستا بووم، لە هەمان ئەو جێگەی لەگەڵ "پیر خدر" کەوتمە گفتوگۆ، بووبوومەوە بە پیاو، "پیر خدر" لەو جێگە نەما بوو، هاتمە ژوورەوە و پرسیارم لە "فاتمە و شادی" کرد (لە مێژە لە ماڵەوە چوومەتە دەرەوە؟!)

وتیان: هەر ئێستا چوویتە دەرەوە و بە خێرایی گەڕایتەوە ژوورەوە...

دڵنیا بووم لەوەی دەیان سالْ بوو ماڵی خۆمانم بەجێهێڵاڵ بوو، بەڵام کاتەکەی بە چەند ساتێکی کەم بەسەر هاوسەرەکەم و کچەکەمدا گوزەری کرد بوو...

دیسان بۆ دەرەوەی حەوشەکە گەڕامەوە و " پیر خدر " م بینی لە جێگەکەی خۆی وەستا بوو، یەکسەر وتم (باشە دەڕۆم، بەڵام سوپایەکی گەورە چۆن بە من ڕادەگیرێت؟!)

+ (تۆ تەنها ڕۆیشتنت لەسەرە)

– (ڕێگە شارەزا نیم)

+ (ڕوو لە چیای سەرکەش بکە، لەو ناوچەیە هاوڕێ و کۆمەکت بۆ پەیدا دەبێت)

– (دەڕۆم، بەڵام خوام بەو خوای گێچەڵێکم پێ بکرێت، یان شتێکم بەسەر بێت، بەو خوایە ئەو کەسە سەد دۆستی خوا بێت تێر و پڕی لێ دەدەم)

"پیر خدر " پێکەنینێکی بۆ کرد و وتی (جا ئەوانیش لە تۆ دەدەن)

ئەو ڕۆیشت و منیش بەیانی زوو لە ماڵەوە دەرچووم و دوای " دە – دوازدە " کاتژمێر ڕێگە بڕین بە ئۆتۆمبێل و بە پێیان لە دەوروبەری چیای سەرکەش نزیک بوومەوە، بانگی مەغریب گەیشتمە گوندێك و ڕووم لە مزگەوتەکەی کرد، نوێژی مەغریبم بە جەماعەت کرد، مەلای گوندەکە گەنجێکی موو ڕەش بوو، جل و بەرگی مەلایی لەبەردا بوو، بەڵام سەیر لەوەدا بوو چەند ئەستێرەکی پلە وپایەی سەربازی لەسەر جل و بەرگی مەلاییەکەیەوە بەست بوو، پلە و پایەی سەربازی و کاری مەلایی زۆر لە یەکترەوە دوور بوون، وام لێکدایەوە مامۆستا بۆ جەنگ دژی ئەو سوپایە جلی سەربازی لەبەر کردووە، دوای تەواوبوونی نوێژەکەمان لە پەنایەکەوە و بە ئەسپایی بە یەکێك لە نوێژخوێنەکانم وت – (ئەو ئەستێرانە چین بەسەر شانی مامۆستاوە؟!)

+ (کامە ئەستێرە؟!)

– (ئەوانەی لەسەر شانی مامۆستا دانراون)

+ دەستێکی بە چاوانیدا هێنا و وردتر سەیری مامۆستای کرد و پاشان وتی (کاکە تۆ تەواوی؟!)

– (تا هاتم بۆ ئەم گوندە تەواو بووم، بەڵام ئێستا نازانم تەواوم یان ناتەواو!)

+ (مامۆستا تەنها جل و بەرگی مەلایی لەبەردایە و هیچی بەسەر شانەوە نییە)

+ لەو گفتوگۆیەدا بووین مامۆستا هات و سەلامی کرد، ڕووی لە من کرد و وتی (برام خانەخوێت هەیە؟)

– (نەخێر قوربان، دەمەوێت لەم مزگەوتە بمێنمەوە)

+ (بۆ لە چۆڵەوانیدای؟! برام دەچینەوە بۆ ماڵی ئێمە، هەر لەو گفتوگۆیەدا "چوار – پێنج " کەسی تر هاتن و وەکو مامۆستای گوندەکە بە گەرمی خوڵکیان کردم، بەڵام مامۆستا پێیانی وت (ئەم پیاوە میوانی منە و بە هیچ کەسێکی نادەم)

ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵی مامۆستا و خۆی و خێزانی ڕێزێکی زۆریان لێ گرتم، شەوەکەی مامۆستا بە زەردەخەنەوە وتی + (ئەو پیاوەی قسەت لەگەڵ کرد چەند ڕۆژ لەمەوبەر باسی پلە و پایەی دۆستانی خودام بۆ کرد، کە پلە و پایەیان وەك پلەی

سەربازی وایە و ئەوانەی چاوی دڵیان کراوەتەوە دەیبینن، ئەویش وتی: مامۆستا ئەم قسانەی تۆ باوەڕپێکردنی زۆر گرانە، ئەوەبوو ئەم ئێوارەیە خودا تۆی بۆ نارد و لەو راستییە ئاگادارت کردەوە)

کە مامۆستا ئەو قسەیەی کرد، بۆم دەرکەوت ئەم مەلایەش لە کۆمەڵەکەی "پیر خدر" ە و بە هەموو شتێك ئاگادارە، پاشان وتی (تۆ دەبوا دوێنێ بهاتبایتایە، بۆچی دواکەوتیت؟!)

منیش بە شەرمەزارییەوە وتم – (دەمویست نەیەم، بەڵام "پیر خدر" بە زۆر ناچاری کردم سەفەرەکەم بکەم)

+ (لەگەڵت بە بەزەیی بووە)

– (چۆن و بۆ؟!)

+ (ئەم ڕێگەیەی ئێمە تەنها هەڵە و ملپێچییەك تیایدا بەسە بۆ ئەوەی هەڵبکەوی و ملت بشکێ)

– (من وەك ئێوە نیم، هێشتا هەر "سەعید"ە قەدیمەکەم)

+ (بە خودا کاك "سەعید " زۆرجار خۆزگە بەو پیرەژنە دەخوازم بە سادەیی و دڵسافی خودای خۆی دەپەرستێ و هیچ لە شتەکان نازانێت)

– (سبەینێ چی بکەم؟)

+ (با سبەینێمان لێ ببێتەوە خودا کەریمە، بزانین ئەم شەو ئەمرەکان چۆن دەگوزەرێن)

من ماندوو بووم، داوام لە مامۆستا کرد جێگەیەکم بۆ ڕابخەن بۆ ئەوەی بنووم، لە ژوورێکی سەربەخۆدا جێگەیان بۆ ڕاخستم و کەوتمە ناو خەوێکی قوڵەوە و بەیانی بە دەنگی مامۆستا بە ئاگا هاتم...

ژەمی بەیانیمان دەخوارد مامۆستا وتی + (ئێستا ئەویش دێت)

– (کێ دێت؟!)

+ ("عەزیز " ی باخەوان)

- (ئەویشمان لەگەڵە؟)

+ (بە بێ ئەو ئیشەکە ناکرێت)

زۆری نەبرد تەقە لە دەرگا درا و پیاوێك هاتە ژوورەوە "عەزیزی باخەوان" بوو. لەگەڵ ئێمە ژەمی بەیانی خوارد و پاشان هەر سێ هەستاین و ڕوومان لە چیای سەرکەش کرد، "سێ -چوار" کاتژمێر بە پێ ڕێگەمان بڕی و کەوتینە ناو سەنگەر و بەرەی جەنگەکەوە، چیایەکی سەختی هەزار بە هەزار بوو، لە ناکاو چەند فڕۆکەیەکی جەنگی هاتن و بۆمبەکانیان بەسەر ئەو چیایەدا بەردایەوە، دونیایان کرد بە گڕو ئاگر، ئێمە هەر دەچوویینە پێشەوە و لە جەنگەکە نزیك دەبووینەوە، گەیشتینە جێگەیەك مامۆستا وتی (دەست بە دوعا بکەن)

لەگەڵ دەست کردن بە دوعا تۆپباران دەستی پێکرد، لە یەك کاتدا بیست تۆپ دەکەوتە سەر زەوی و بیستی تر بە ئاسمانەوە بوو، ئێمە هەر بە پێوە وەستا بووین، تۆپەکان لە نزیکەوە دەکەوتن و نالّە و گرمەیان دونیای دەهەژاند، من لەوە زیاتر خۆم پێ نەگیرا و چووم خۆم لە پەنای بەردێك نا، بەلاّم "مامۆستا و عەزیزی باخەوان" بە پێوە لە پاڕانەوەدا بوون، من دوعام دەکرد و دەموت: خوایە لێرە نەمکوژیت، چونکە خەڵکی هەزار قسە و تۆمەتم بۆ هەڵدەبەستن، کەچی گوێم لێ بوو "مامۆستا و عەزیزی باخەوان " دەیانوت: خودایە شەهادەتمان بە نەسیب بکەی، ورەم دایەوە بەرخۆم و پەنای بەردەکەم بەجێهێلاّ و وتم منیش وەکو "مامۆستا و عەزیز" خۆم لە پەنای خوا دەنێم و خۆم ناشارمەوە، لە پڕ تۆپێك هات و لەو دیومانەوە دای بە زەویدا و بە پەلە گەڕامەوە و خۆم لە پەنای بەردەکە نایەوە، لە دڵی خۆمدا دەموت (ئەی خوایە من چەندە لاواز و کەم متمانەم بە تۆ!)

"مامۆستا و عەزیز" دوعا و پاڕانەوەیان تەواو کرد و بە بێ ئەوەی لۆمە و سەرزەنشتی خۆشارینەوەی من بکەن وتیان (با بڕۆین، بەڵێنمان پێ درا ئەو سوپایە بە شکستەوە بگەڕێتەوە)

لە دڵی خۆمدا دەموت (خۆزگە منیش خۆم نەشاردبایەتەوە، ئەوە نییە هەردووکیان ساغ و سەلامەتن، بڕیار بێت ئەم جارە ترسم نەبێ و خۆم حەشار نەدەم، لە ناکاو نالّەی تۆپێك هات و لە شوێنی خۆم وەستام و پشتم

چەماندەوە، بەڵام ئەوان لە ڕۆیشتنی خۆیان بەردەوام بوون و لایان بە لای منداا نەکردەوە و هیچیشیان نەوت...

"عەزیزی باخەوان" خەڵکی گوندێکی نزیک گوندەکەی "مامۆستا" بوو، لە ڕێگە بە مامۆستای وت (مامۆستا گەر مۆڵەت بدەیت ئەم شەو کاك "سەعید" میوانی من بێت، زۆرم پێخۆشە)

مامۆستا: (مەگەر میوانەکەم تەنها بە تۆ بدەم، ئەگینا ڕێگە نادەم کەسی تر لێم داگیر بکات)

بیرم دەکردەوە دەبێ خانەوادەی کاك "عەزیز" لە میوانپەزێریدا هیچی لە خانەوادەی مامۆستا کەمتر نەبێ، بۆیە دەڵێ: "میوانەکەم تەنها بە تۆ دەدەم"، لۆمەی خۆم دەکرد و دەموت: "ئەو هەموو ڕێزە چی یە ئەم دوو پیاوە لە کەسێکی ترسنۆکی وەکو منی دەنێن! کەی من شایستەی ئەو گشتە ڕێز و حورمەتەم؟!"

من و کاك عەزیز خواحافیزیمان لە مامۆستا کرد و بەرەو گوندەکەی "عەزیزی باخەوان" بەڕێکەوتین...

ئاوەدانییەك هاتە سەر ڕێگەمان و لێی نزیك بووینەوە، من وام دەزانی گوندەکەی کاك "عەزیز" ە، بەڵام گوندێکی تر بوو، لە قەراغ گوندەکە کەلاکی گوێدرێژێکی تازە تۆپیو کەوتبوو، کاك "عەزیز" چەقۆی لێدەرهێنا و هەردوو ڕانەکەی لە بندا بڕییەوە، ترسم لێنیشت و لە بیری خۆمدا دەموت: هەرچی ورد دەبمەوە ئەم کابرایە گۆشتی ئەم گوێدرێژە تۆپیوەم دەرخوارد دەدات، خۆی ڕانێکی گوێدرێژەکەی هەڵگرت و داوای لە من کرد ڕانەکەی تری بۆ هەڵبگرم، خۆم پێ نەگیرا و وتم – (گۆشتی ئەم کەرە تۆپیوەت بۆچییە؟!)

بزەیەك هاتە سەر لێوی و وتی + (خەمت نەبێت دەرخواردت نادەم)

بە قسەکەیدا دیار بوو ئاگاداری حاڵ و بیرکردنەوەی من بوو...

چیایەك هاتە سەر ڕێگەکەمان و پیایدا سەرکەوتین، کاك " عەزیز " وتی + (دەڵە گورگێکی کوێر لەگەڵ سێ بەچکەیدا لەم چیایەدایە و پێویستە ئەم گۆشتەیان بۆ ببەین)

وتم – (چۆن بیدۆزینەوە؟)

+ (شوێنەکەی دەزانم، چەند مانگێکە من خواردن و ئاویان بۆ دەبەم)

لە ڕێگە لامان داو بە لای چەپماندا بەرەو ڕۆژهەڵات بە چیاکەدا سەرکەوتین. نیو کاتژمێرێك ڕێگەمان بڕی و گەیشتینە بەرزییەك و کاك "عەزیز" وتی +(بوەستە)

سەیرم کرد لە کون و ڕەهۆڵێکی ژێر گابەردێکدا گورگێك و سێ بەچکە هاتنە دەرەوە، دە – پازدە مەترێك لە ئێمەوە دوور بوون، دیار بوو بە تەپەی پێی ئێمە هاتبوونە دەرەوە، بە بردنی خواردن بۆیان لەلایەن کاك "عەزیز"ە وە گورگەکان ڕاهاتبوون...

کاك عەزیز وتی+ (ڕانە گۆشتەکە دابنێ با دەست بە بەرد لێدانیان بکەین)

وتم – (بۆ؟! خۆ ئێمە خواردنمان بۆ هێناون!)

+ (چیت پێ دەڵێم ئەوە بکە)

منیش چەند بەردێکی بچووکم دۆزییەوە و هەڵمدا بۆ گورگەکە و بەچکەکانی، دووان لە بەچکەکان خۆیان کرد بە ژێر سکی دایکیاندا و لە بەرانبەر بەردبارانەکەی ئێمەدا دایکیان کرد بە قەڵغان، دانەیەکیان سەری لێ تێکچوو، چووە نێوان دوو تاشە بەرد و دەستی بە لەرزین و نووزە نووز کرد، دیار بوو زۆر دەترسا و لە تاو بەردبارانەکەی من و کاك "عەزیز" نەیدەتوانی بۆ لای دایکی بگەڕێتەوە، پاشان کاك عەزیز وتی + (با بەس بێت)

من تێگەیشتم مەبەستی کاك "عەزیز " لەو کارە چی بوو، ئەو بەردبارانە تۆپبارانەکەی ئەو ڕۆژە بوو، سێ بەچکە گورگەکەش من و مامۆستا و کاك عەزیز بووین، ئەوان خۆیاندایە پاڵ دایکی میهرەبان و زۆر ئارام بوون و من خۆم خستە پاڵ بەرد و دار و ئۆقرەم لێ هەڵگیرا بوو، بەڵام کاك "عەزیز" هیچ ئاماژەیەکی بە حیکمەتی ئەو بەردباران کردنە نەکرد...

دوو ڕانە گۆشتەکەمان هەڵگرت و دانەیەکمان خستە بەردەم گورگەکە و بەچکەکانی و دانەکەی ترمان فڕێ دایە ناو کونەکە و پاشان کاك "عەزیز" دوبەیەکی گەورەی لە بن بەردێکدا دەرهێنا، دیار بوو خۆی هێنابووی و لەو جێگەدا شارد بوویەوە، چوو لە

کانیاوێکی ئەو نزیکانە پڕی کرد لە ئاو و بۆی هەڵڕشتنە سەر چاڵە بەردێك و گورگەکانی تێر ئاو کرد، جارێکی تر چاڵە بەردەکەی بۆ لە ئاو پڕ کردنەوە و دووبەکەی شاردەوە و ڕووی لە من کرد و وتی + (با بڕۆین)

بە چیایەکەدا هاتینە خوارەوە و کەوتینەوە سەر ڕێگەی خۆمان و پرسیارم لە کاك "عەزیز " کرد– (چۆن بەم گورگانەت زانی؟!)

ئەویش وتی + (شەوێك ناونیشانی ئەم جێگەیان پێدام و وتیان فریای ئەو گورگانە بکەوە، بۆ بەیانی هاتم و زۆر گەڕام هیچ دیار نەبوو، تا نزیکی عەسر من هەر بەم چیایەدا دەسوڕامەوە، لە دۆزینەوەیان بێ هیوا بووم، بڕیاری گەڕانەوەم دا و لە دڵی خۆمدا وتم: سبەینێ بۆ لە دووگەڕانیان دێمەوە، لەو بیرکردنەوەیەدا بووم گەیشتمە ئەو جێگەیەی ئێستا گورگەکانی لێیە، لە پڕ دەڵە گورگەکە لە کونەکەی هاتە دەرەوە و دەستی بە نووزە نووز کرد، لەبەردەمم دا وەك پاڕانەوە پاڵ کەوت و دەستی بە کلکە لەقێ کرد، لە گورگەکە ورد بوومەوە دەبینم هەردوو چاوی کوێر بووە، سەیری کونەکەیم کرد سێ بەچکەی تێدا بوو کە لەسەرەمەرگدا بوون، چونکە دایکەکەیان بەهۆی نەبوونی خواردنەوە گوانەکانی شیری تیا نەما بوو، بە پەلە گەڕامەوە دووبەیەك و ڕانێك گۆشت و هەندێك شیرم بۆ هێنان، گۆشتەکەم دا بە دایکەکەیان، بەچکەکانم هێنایە دەرەوە و شیرم چۆڕاندە ناو دەمیانەوە و گیانیان بە بەردا هاتەوە، ئەوە دوو مانگە ڕۆژ نا ڕۆژێك من خواردنیان بۆ دەهێنم و پێیان دەدەم، بە نیازم کە بەچکەکان گەورەبوون و دایکیان بەجێهێڵ گورگە کوێرەکە بۆ ماڵەوە بهێنم و هەتا مردنی بەخێوی بکەم)

نزیك بە خۆرئاوا گەیشتینە گوندەکەی کاك "عەزیز" و دوای خوێندنی نوێژی مەغریب لە مزگەوتەکە بۆ ماڵی کاك " عەزیز " ڕۆیشتین، لەسەر ڕێگەی چوونمان بۆ ئەوێ پیاوێك بەردەمی من و کاك "عەزیز" ی گرت و وتی: "عەزیز" میوانەکەت بدە بە من و با لە ماڵی ئێمە بێت...

کاك عەزیز وتی: "میوانی خۆمە و بە کەسی نادەم..."

ئەویش وتی: "ئاخر بەزەییم بە میوانەکەدا دێتەوە..."

کاك "عەزیز " یش وتی: ئەویش وەکو من...

من لەو قسانە حاڵی نەبووم تا گەیشتمە ماڵی کاك "عەزیز"، هەر لە دەرگاکەوە ژنەکەی هاواری لە "عەزیز" کرد: "دەرگای حەوشەکە لە دوای خۆتەوە دابخە بە ملی شکاو و ئەستۆی ورد بێیتەوە، ئەوە چی یە دەڵێی میوانت لەگەڵ خۆت هێناوەتەوە؟! بەخوا جوانە! ڕێوی نەدەچوو بە کوندا هەژگی بەخۆیەوە دەبەست! جا چیت هەیە پێی بدەی؟! گەر ئەم کابرا ئاقڵ بوایە نەدەبوو بە میوانی لاتێکی وەکو تۆ، لەوانەیە ئەمیش هەروەکو خۆت لات و لووت بێت..."

ژنی چی؟! دەتوت پشکۆ لە دەمیدایە لەسەر پێیەك سەد قسەی ناشیرین لە دەمی دەردەچوو، ڕووی لە من کرد و وتی: "هۆ کابرا، تۆ سەرت لێ تێکچووە لاتداوەتە ماڵی ئێمە، ئەم شەو تا بەیانی دەبێت سکت قۆڕەی بێت، بەڕاستی کابرایەکی بێ تام و ڕەزا قورسی.."

لە هەموو تەمەنمدا سووکایەتی لەو جۆرەم بەخۆوە نەدی بوو، هەموو گیانم ئارەقەی کردەوە، سەیر لەوەدا بوو ژنەکەی ئەو گشتە سوکایەتییەی بە من کرد کەچی کاك "عەزیز" هیچی نەوت...

ماڵێکی هەژاری ڕەش و ڕووت، خانوویەکی داری نزم، کاك "عەزیز" ماوەیەك گەڕا ئەوجا لەبادێکی دەست کەوت تاکو بۆم ڕا بخات، خۆ ژنە نەدەجولاێیەوە و لە قسەکردنی خۆیشی نەدەکەوت، کاك "عەزیز" بەخێرهاتنی کردم و بۆخۆی هەستا جامێ ئاوی بۆ هێنام، ڕووی لە ژنەکەی – تۆ بڵێ بەڵاکەی – کرد و وتی + (ئافرەت شتێك هەیە بیخۆین؟)

ژنە هاتە وەڵام (زەهری مار، مەرگەمووش هەیە گەر حەزتان لێیەتی)

دەمم برد بۆ لای گوێی کاك "عەزیز" و وتم (ئەم ژنە تەواوە؟! ئەقڵی لە دەست نەداوە؟!)

نازانم ئەو ژنە بەڵایە چۆن قسەکەی منی گوێ لێ بوو! ڕووی لە من کرد و هاتە دەم (باوکت شێتە، دایکت بێ ئەقڵە، باپیرت ناتەواوە، تۆ و ئەو مێردە گێلەی من شێتن کە دینارێ لە باخەڵتاندا نی یە)

یەك دوو جار ویستم وەلآمی بدەمەوە و چەند جنێوێکی مزر ڕەوانەی باوك و دایکی بکەم، بەلآم کاك "عەزیز" دەستی دەگوشیم و وتی: "مەکە، مەی ئالۆزێنە، گەر ئاوابێت زۆر باشە، ئەم ئێوارەیە زەوقی هەیە ئاوا دەرچووە، ئەگینا لە تایم دەربچێت دۆ و دۆشاو تێکەلْ دەکات.."

کاك "عەزیز " زۆر میهرەبانانە داوایەکەی لە ژنەکەی دووبارە کردەوە و پێیوت: "خاتوون گیان توو گیانی ئەو برا جوانە مەرگەت گەر شتێك هەیە بۆمانی ساز بکە. لەبەر من نە، لەبەر ئەم کابرا غەریبە کە لە بەیانییەوە هیچی نەخواردووە..."

ژنەکە تۆزێ نەرم بوو، هەستایە سەر پێ و وتی: "هێلکە هەیە بۆتان دەکوڵێنم و مەرگەمووشی بکەن..."

دوای خواردنی نان و هێلکە و کردنی چایەك بەسەریدا کاك "عەزیز" دوو جێگەی لەسەر بانەکە بۆ خۆی و من ڕاخست و هەردوو سەرکەوتین و ڕوو بە ئاسمان لەسەر جێگەکەمان ڕاکشاین...

پرسیارم لێ کرد–(باشە برام، چۆن بەرگەی ئەم گشتە بەلآ و مەینەتی یە دەگریت؟!)

+ (کامە بەلآ و مەینەتی؟!)

– (ژنەکەت، هەژاری و نەبوونی...)

+ (کاك "سەعید" ئەوانە بەلآ نین، ئەوانە لە ڕوویەکەوە بۆ مرۆڤ ڕەحمەتن)

– (باشە ئەو ژنە بۆ تەلآق نادەیت و ژنێکی تر بهێنیت؟!)

+ (هەروا بە ئاسانی؟!)

– (ئەی چ گرانییەکی تێدایە؟! سێ بەردەکەی لە مست بنێ و بچێتەوە بۆ مالّی بابی)

+ (ئاخر کەسەکەم ئەو ژنە دایکی دوو کوڕەکەمە کە هەردوو ژنیان هێناوە و لە من جیا بوونەتەوە، باشە گەر من ئەو پیرەژنە تەلآق بدەم کێ ئەوەی دەوێت؟! من بەهاری گەنجێتی ئەوم خواردووە و ئێستا دەمەوێت لە پایزی تەمەنیدا دەستی

لێ بەربدەم، کاك "سەعید" گەر تەواوی ژیانی خۆمت بۆ باس بکەم هەندێك حەق بەو ئافرەتە دەدەیت)

– (پێم خۆشە بۆم باس بکەیت)

+ (کاك "سەعید" گیان، من پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندی ئەم گوندە بووم، خانوویەکی زۆر گەورەم هەبوو، پارەیەکی زۆرم لە دەستدا بوو، شەوێکی هاوین لەسەر بانی سەرەوە خەوتبووم، دوو کەس هاتن و بە ئاگایان هێنام، لەسەر جێگەکە ڕاست بوومەوە و وتم: ئێوە کێن و چیتان دەوێت؟!

وتیان: ئێمە بۆ لای تۆ نێردراوین...

وتم: کێ ئێوەی ناردووە؟!

وتیان: " پیر خدر..."

وتم: چیتان لە من دەوێت؟!

وتیان: لەگەڵمان وەرە با گەشتێکت پێ بکەین...

دوو کەسەکە پەلیان گرتم و پێیان وتم: چاوەکانت لێکبنێ، منیش چاوم لێکنا و لاقەکانم لە زەوی بڕا و بە خێراییەکی بێ وێنە لە ئاسماندا کەوتینە گەردەش و گەڕان، هەستم بە هەوای سارد دەکرد کاتێك لە دەم و چاوی دەدام، هەرچی هەوڵم دەدا چاوەکانم بکەمەوە نەمدەتوانی، لە جێگەیەك پێمان لە زەوی کەوت و چاوم کردەوە، بینیم لە سەر شەقامێکی شارێکی قەرەباڵغ دام، هەندێك پیاسە و گەڕانی ئەو شەقامەیان پێ کردم و بە هەمان دەستوور منیان گێڕایەوە بۆ سەر بانەکە و ناو جێگەکەم، پاشان ڕوویان تێکردم و وتیان: گوێ بگرە، ئەو پارە و مالّ و سامانەی کە تۆ خاوەنیتی دەیکەیت بە چوار بەشەوە، دوو بەشی بۆ دوو کوڕەکەت، بەشێکی دەبەخشی و بەشێکیشی لای خۆت دەهێڵیتەوە، ئەو خانووە گەورەش بۆ دوو کوڕەکەت بەجێ بهێڵە و بچۆ خانوویەکی بچووك بۆ خۆت و خێزانت دروست بکە، بە هاوسەرەکەت بڵێ: گەر من هەڵدەبژێری و بەم ژیانە پڕ هەژارییە ڕازی دەبیت، ئەوا پێکەوە دەمێنینەوە، ئەگەر نە، بەشی خۆتت لە مالّ و سامان پێ دەدەم و دەتوانیت بچیت بە لای ژیانێکی ترەوە، ئەم ئافرەتە من و ژیانی هەژاری هەڵبژارد و بەجێی

نەهێلاێم، لەبەر ئەوە منیش دەبێت بەرانبەری بەوەفا بم، بەرگەی قسە و ئازارەکانی بگرم، لە ژیانێکی پڕ لە خۆشی و دەوڵەمەندییەوە بۆ ئەم کولە مەرگییەی من تیاید دەژیم هەموو کەسێك بەرگەی ناگرێت، فەرمانیشیان پێ کردووم هیچ کۆمەك و یارمەتییەك لە کەس وەرنەگرم، تەنانەت لە کوڕەکانم و خزمە نزیکەکانم، چەندجار کوڕەکان شتیان بە دزییەوە هێناوە و من پێم نەزانیوە و دایکیان لەبەر من وەری نەگرتووە و ڕەوانەی کردۆتەوە، هەموو کەس کۆڵی قورسی هەژاری پێ هەڵناگیرێت...

من لەو کاتەوە خودا زۆرێك لە دەرگای خێر و بەرەکەتی لێ کردوومەتەوە، بەهۆی ئەو مژدانەوەیە ورە بەر خۆم دەدەم و لەسەر ئەم جۆرە ژیانە ئارام دەگرم، بەڵام خۆ ئەو ئافرەتە داماوە هیچی نەبینیوە و وەکو منیش ئازاری هەژاری دەچێژێت...

جێگەیەکیان لە باخەکەمدا نیشان داوم خەزنەیەکی گەورەی تێدایە، پێیان وتوم گەر پێویستت بوو لێی دەربهێنە، بەڵام تا ئێستا نزیکیشی نەکەوتووم، چونکە ئەوەش بە تاقیکردنەوەیەکی تر دەزانم...

بەیانی مۆڵەتم لە کاك "عەزیز" خواست و داوای گەردن ئازاییم لە هاوسەرەکەی کرد و بۆ شارەکەی خۆم گەڕامەوە، زۆر شت لە کاك "عەزیز"ەوە فێر بووم، هەستم کرد خوا زۆرێك لە بەهرەی بە من بەخشیوە و نەمتوانیوە سوپاسگوزاری ببم...

کەسی ژمارە چوار و کەسی ژمارە بیست وشەش

چەند هەفتەیەك بێ خەم بووم، "پیر خدر" دەنگی نەبوو، حەزم نەدەکرد بەدیار بکەوێت، چونکە هەموو هاتنێکی بۆ من ئەرك و مەینەتی بوو، ئەوەی بەسەرم هات بۆ خێزانم باس نەکرد، سەیر لەوەدا بوو ئەویش نەی دەپرسی چی دەکەیت؟ بۆ کوێ دەچی و ئەم سەفەرانەت لە پای چییە؟

شەوێك دەستەیەك گورگیان نیشان دام لە شاری قەلاّدا بوون، ئەو دەستەیە مەردووومانیان دەڕفاند و دەیانبردنە شوێنێکی داخراو، دەمبینی لەوێ دەیان خنکاندن، لە خەونەکەمدا ئافرەتێکم لە گەراجی باکوور پێگەیشت کە دەرمانی کوشتنی ئەو گورگانەی لە لا بوو، خەونەکە زۆر سامناك بوو، شەو بە ئاگا هاتم و هەموو لاشەم دەلەرزی، گورگ هێمای مرۆڤی درندە و بێ بەزەیی یە، دەبێ ئەو مرۆڤە بەستەزمانانە کێ بن گیرۆدەی دەستی ئەو مرۆڤخۆرانەن؟! چی لەسەر من پێویستە ئەنجامی بدەم؟

چەند ڕۆژێك بەسەر خەونەکەمدا تێپەڕی و من هەر لە خەیاڵیدا بووم، عەسرێك لە مزگەوتی گەورە نوێژم کرد، خۆم دواخست و لە مزگەوتەکە نەچوومە دەرەوە، خەڵکەکە لە دوای نوێژ مزگەوتیان چۆڵ کرد و تەنها من و چەند کەسێکی تر مابوویندوە، لە گۆشەیەکی مزگەوتەکەدا پشتم بە پایەیەکەوە دابوو، بیرم لە خەونەکەم دەکردەوە، لە ناکاو پیاوێك هاتە ژوورەوە و سەیرێکی ناوەوەی مزگەوتەکەی کرد، منی بینی و ڕاستەوخۆ هات بۆ لام و وتی + (تۆ "سەعید"ی؟)

(بەڵێ من "سەعید"م)

+ (بۆ ناچیت بە دەم ئیش و کارتەوە؟)

وام دەزانی باسی دوکانەکەم دەکات وتم – (تۆ حەقت چی یە؟! دوکانی خۆمە و نایکەمەوە)

دەم و چاوی سور هەڵگەڕاو هەندێك بە توڕەییەوە + (نەفام، دوکانی چی؟! کەی وەزیفەی تۆ دوکانداری یە؟)

– (ئەی وەزیفەی من دوکانداری نی یە چی یە؟!)

+ (وتیان کابرایەکی کەلله پووچی، باوەڕم نەدەکرد، چەند شەو لەمەوبەر چییان نیشانی تۆ داوە؟)

کە ئەوەی وت زانیم باسی چی دەکات، ئەمەش یەکێکە لەو مەئمورانەی دێن بۆ گیانی من، وتم – (بەڵام داوام لێ نەکراوە بچم بۆ شاری قەڵا!)

+ (یانی هەموو جارێك دەبێت وەفدێك بێت بۆ لای جەنابت ئەوجا بە کارەکانت هەڵدەستی؟!)

– (من کابرایەکی داماو و نەزانم و درەنگ لە شتەکان حاڵی دەبم)

+ (ئەوەندەش فەقیر نیت، خۆت لە نەزانی مەدە، گوێم بۆ بگرە)

– (بەڵێ قوربان)

+ (سبەینێ زوو دێیتە گەراج و لەوێ چاوەڕوانت دەبم، تاکو پێکەوە بچین بۆ شاری قەڵا)

ویستم هەندێك سەربخەمە سەری بۆیە وتم – (ئەی ناکرێ ڕۆژێکی تر بێت؟)

+ (سەرمەخە سەرم، بەو خودایە تاڵاوت دەرخوارد دەدەم)

– (باشە کاکە سبەینێ دێمە گەراج)

پیاوە نەناسەکە لێیدا و ڕۆیشت، منیش هاتمەوە بۆ لای دوکانەکەم...

سبەینێ زوو بەرەو گەراج بەڕێ کەوتم، بینیم لەوێ وەستاوە و چاوەڕوانیم دەکات، سواری پاسێك بووین و بەرەو شاری قەڵا بەگەڕ کەوتین، هەر لە سەرەتاوە پێی وتم + (تا دەگەینە بەرەوە هیچم لەگەڵ مەڵێ)

– (ئەم ڕێگە دوور و درێژە بە بێدەنگی چۆن دەبڕدرێت؟!)

+ (دەمت دا بخە)

– (باشە بابە، مانّی ئەوەم کاول کرد هاوەڵی و تێکەڵی ئێوە دەکات)

ئەو لای جامەکەوە سوار بوو بوو، لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد، منیش لە پانّیدا بووم، نەفەرێکی تریش لە تەنیشتی منەوە بوو، لە دڵی خۆمدا وتم: لەگەڵ ئەم نەفەرەی لای ڕاستم هەندێك قسە و گفتوگۆ دەکەم، دوای ماوەیەك لە ڕۆیشتن لەگەڵ نەفەرەکە کەوتمە گفتوگۆ، پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵان بوو، وتی + (تۆ ناوت کاك "سەعید"ە؟)

منیش لە وەڵامیدا – (بەڵێ، بەڵام چۆن من دەناسیت؟!)

+ (باسەکەی من دوور و درێژە)

– (پێم خۆشە گوێت لێ بگرم)

+ (من خاوەنی سێ کوڕم، ئاوسێ ماڵێکم هەیە پیاوێکی دەوڵەمەندی دەست ڕۆیشتووە، خاوەنی هەشت کوڕە، یەکێك لە کوڕەکانی خوشکێکی خۆی لەسەر بان بینیوە قسەی لەگەڵ یەکێك لە کوڕەکانی من کردووە، ئێستا ئەو پیاوە و کوڕەکانی ماڵەکەیان پێ چۆڵ کردووین، بەدەریان ناوین و لەسەر ماڵانین، ئەمەش قەیناکە، بە دوای کوڕەکەمدا دەگەڕێن و دەیانەوێت بیکوژن، لە هەمووی خراپتر ئەوەیە دەڵێن: کچەکەی خۆیان زیندەبەچاڵ کردووە)

کە گەیشتە ئەو قسەیە هاوەڵەکەی من هاتە دەنگ و وتی (درۆ دەکەن نەیان کوشتووە، لە مانّی پووریەتی)

– کابرا بە سەرسامییەوە لێی پرسی (چۆن دەزانیت نەکوژراوە؟!)

هاوەڵەکەم وەڵامی نەدایەوە و منیش داوام لێ کرد لە گێڕانەوەی باسەکەی بەردەوام بێت..

کەوتەوە سەر باسەکەی خۆی و وتی + (دوو هەفتەیە شەوانە خەوم نی یە، بە بەردەوامی لەبەر خودا دەپاڕێمەوە ئەو بەڵێیەم لەسەر لا بدا، دوێنێ شەو لە

خەوندا پێیان وتم: بچۆ گەراج سواری پاسی ژمارە "هەشت سەد و پەنجا و چوار" ببە، لە پریزی دواوە سوار ببە و دوو کەس دێنە پاڵت، ئەوەی تەنیشتت ناوی "سەعید" ە، داوایان لێ بکە لەبەر خودا بپارێنەوە ئەو بەڵێەت لەسەر هەڵبگیرێت، ئێستا ئەوە تۆ "سەعید"ی، دەستم بە پشتوێنت تەگبیرێکم بکەن)

منیش وتم – (بە خوا کاکە من هیچ نازانم، با پرسیارێك لە هاوەڵەکەم بکەم)

ڕووم لە هاوەڵەکەم کرد و وتم (تەگبیری ئەم پیاوە چی یە؟)

مۆڕەیەکی لێ کردم و وتی (ئەی بۆ پێی نالێیت با باسی خراپەی کوڕەکانیشی بکات؟)

منیش ڕووم لە پیاوەکە کرد و وتم (باسێکی لاری کوڕەکانیشت بکە)

ئەویش بە شەرمەزارییەوە وتی (جا گەر کوڕەکەی من پیاوێکی چاك بوایە منی بەم ڕۆژە نەدەگەیاند، ئەم تالأوەی دەرخوارد نەدەدام !)

هاوەڵەکەم: (کوڕەکەی تۆ ژنی هەیە، بۆ بە ژنەکەی خۆی تێر ناخوات؟ ئاخر گەر وا بڕوات ژنەکەی ئەویش لەگەڵ کوڕەکانی ئەودا دەکەوێتە چاووڕاو)

دیار بوو هاوەڵەکەم لەو سەریەوە هاتبوەوە، هەموو شتێکی دەزانی، کە زانیە چارەسەرەکە لە لای ئەوە وتم (تەگبیرێکی ئەم پیاوە هەژارە بکە)

هاوەڵەکەم بە تەوسەوە بە کابرای وت (تۆش بەس دەزانی پارە پەیدا بکەی)

پیاوەکە سەرسام بوو بوو هاتە زمان و وتی (دەستم بە پشتوێنتان لە زەلکاوی ئەم بەڵایە دەستم بگرن و دەرم بهێنن)

هاوەڵەکەم: (بڕۆ کوڕەکەت بدۆزەرەوە و لەگەڵ کچێکت دەستیان ببەستە و بیانبە بۆ ماڵی ئەو کابرا و پێی بڵێ: ئەوە کوڕ و کچێکم هێناوە هەرچیان لێ دەکەن مافی خۆتانە)

پیاوەکە: (ئاخر کوڕەکە دەکوژن یان دەترسم شەرەفم بشکێنن؟!)

هاوەڵەکەم: (مەترسە هیچت لێ ناکەن، بەڵام بەرلەوەی بڕۆی بچۆ لای "عەباسی پینەچی" و پێی بڵێ "سەید عەلی" دەیوت بۆ لاچوونی ئەم بەڵایە دوعات بۆ

بکات، دواتر خانووەکەت بفرۆشە و لەو جێگەیە بگوێزەرەوە، ئێستا هەر ئا لەو جێگەیە دابەزە و بگەڕێرەوە)

پیاوەکە ژمارەی تەلەفون و ناونیشانی منی وەرگرت و داوای لە شۆفێری پاسەکە کرد ڕایبگرێت، چونکە ئەو دادەبەزێت، خواحافیزی کرد و دابەزی...

لە چێشتخانەیەک لامان دا و شاگردێک هات و وتی: چی دەخۆن؟ سەید عەلی هاتە قسە و وتی: گۆشتی کەرتان هەیە، من گۆشتی کەر دەخۆم...

وتم: "سەید" بۆ خاتری خوا تۆ چی دەڵێیت؟!

شاگردەکە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و بە پەلە ڕۆیشت بۆ لای خاوەنی چێشتخانەکە، ئەویش خێرا لە جێگەی خۆی هەستا و هات بۆ لای ئێمە، من و "سەید"ی لە قەرەبالّغییەکە هێنا دەرەوە و بردینی بۆ ژوورێکی پشتی چێشتخانەکە و وتی: تۆ چیت بەو شاگردە وتووە؟!

سەید عەلی: (هیچ، تەنها داوای گۆشتی کەرم کردووە)

خاوەنی چێشتخانەکە: (بۆ ئێرە چێشتخانەیە یان کەربازارە؟!)

سەید عەلی: (جا بۆ تووڕە دەبی، گەر گۆشتی کەر نەماوە تووڕەبوونی ناوێت!)

خاوەن چێشتخانەکە: (کورە تۆ شەرمت لە خۆت نابێتەوە؟! نابێت تۆزێ جوان قسە بکەیت؟)

سەید عەلی: (ئەی بۆ کەلله و لاقەکانتان نەکرد بە سەر و پی؟!)

خاوەن چێشتخانە: (باوەڕم پێ دەکەی تۆ پێمان ڕادەبوێریت؟!)

سەید عەلی: (نا، تەنها دەمویست بڵێم لە جێگەی ئەوەی کەلله سەر و لاقەکانی لەناو دوبەی نایلۆن بنێی و بیبەیت لە دۆڵێکدا بیشاریتەوە بتکردبایە بە سەروپێ بۆ میوانەکانت)

کە "سەید" ئەوەی وت خاوەنی چێشتخانەکە تف لە قوڕگیدا وشک بوو، کەوت بەسەر دەست و لاقی"سەید عەلی " دا و وتی (من کردم تۆ نەیکەیت، تەنها یەک دانە بووە، بە خودا یەک کەرم سەربڕیوە)

سەید وتی (درۆ دەکەیت، یەك ساڵە ئەوە پیشەتە، هەرچی کەر هەیە هاواریانە لە دەستت بە چەکوش بە ناوچاوانیاندا دەدەیت، ئەوجا چەقۆ لە گەردنیان دەنێیت، من پارێزەری کەرەکانم نەك میوانەکانی تۆ)

خاوەن چێشتخانەکە: (تۆ کێیت؟ تەنها ئەم جارە پەردەپۆشم بکە)

سەید عەلی: (خوا پەردەی لەسەر هەڵگرتووی، هەر ئەمڕۆ قۆڵبەست دەکرێیت)

سەید ئەوەی وت و چووە دەرەوە و منیش بە دوایدا، شۆفێری پاسەکە هات بە دەممانەوە و پرسی: لەگەڵ خاوەن چێشتخانەکە گرفتێکتان هەبوو؟!

سەید عەلی بە دەم ڕێوە وتی (نا، تەنها پێم وت کەر مەبە)

قسەکەی "سەید" دووڕووی هەبوو، ڕوویەکیان دەیوت بە خاوەن چێشتخانەکەم وتووە بێ ئەقڵ مەبە، کە شۆفێرەکە لە قسەکەی "سەید" ئەمەیان حاڵی بوو، ڕووی دووەمی دەیوت: وتوومە کەر بەو دەردە مەبە و مەیان کوژە...

سواری پاسەکە بووینەوە و ڕێگەمان بڕی و گەیشتینە بەرەوە، لە گەراجی باکوور دابەزین، لە پەنایەکەوە دانیشتین، چاوەڕوانی هاتنی ئافرەتەکەمان دەکرد، دوای کاتژمێرێك لە چاوەڕوانی ئافرەتێك دەرکەوت و بەرانبەرمان وەستا، من نەم ناسییەوە، چونکە گەراجەکە چەندین ئافرەتی تێدا بوو، هاوەڵەکەم پێی وتم: ئەو ئافرەتەیە، هەستە بچۆ بۆ لای..

منیش وتم: تۆش لەگەڵم وەرە..

وتی: کاری خۆتە و بچۆ بەلایەوە...

هەستام و ڕۆیشتم بۆ لای ئافرەتەکە، سەلامم لێ کرد و وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، هەستم کرد شۆفێرەکان و شت فرۆشەکانی ناو گەراج کەوتنە سەرنجدان و قوتە قوت، دیار بوو گومانی خراپیان پێمان دەبرد، منیش لە حاڵی خۆم زۆر تەریق دەبوومەوە، ئافرەتەکە وتی: "گوێ بەوانە مەدە"، مەبەستی خەڵکەکەی ناو گەراجەکە بوو، پاشان وتی: "دانیشە" هەردوو لەسەر شۆستەیەك دانیشتین و وتی: "من دوازدە مانگەی سالێ کارم گەڕانە، لەم گەراجەوە بۆ ئەو گەراج و لەم شارەوە بۆ ئەو شار.."

منیش وتم: "خوشکی من، تۆ له ناو ئەم گشتە پیاوەدا چۆن دەردەبەی؟! ئەی خەمی ناوبانگ و شەرەفی خۆتت نی یە..؟!"

قسەکەی پێ بڕیم و وتی: "خودا دام دەپۆشێت و سترم دەکا، خەمی خۆتت بێت.."

منیش هاتمە سەر باسەکەم و پێم وت: "خوشکەکەم من بۆ لای تۆ نێردراوم، تەگبیرێکی گورگەکانی ئەم شارە بکە، خەڵکێکی زۆریان تیا بردووە..."

وتی: "بە هاوەڵەکەت بڵێ بتبات بۆ لای "ڕەوەندی ئاسایش" و پێی بڵێ "شیرینی گەڕۆک" دەیوت: با بەس بێت، ئیتر هەستەبڕۆ، سەلامی من بە هاوسەرەکەت بگەیەنە، بڵێ "شیرین" دەیوت: سەری لێ دەدەم..."

ئەو ڕۆیشت و سێ گەنج لێم نزیک بوونەوە و یەکێکیان وتی: "ها حاجی لەگەڵی پێکهاتی؟!"

منیش زانیم مەبەستیان چی یە، بۆیە وتم: "بەڵێ پێکهاتین..."

یەکێکی تریان وتی: "داخی ئەوە کوشتوومی ڕیزی یەکەمی نوێژخوێنان بەر کەس نادەن، لێرەش لەگەڵ سوالکەرەکان مامەڵە دەکەن..."

منیش وتم: "تۆش ئازابە مامەڵەی لەگەڵ بکە..."

هەمان کەس: "بۆ پێت وایە ناتوانم لەگەڵی قسە بکەم؟!"

من دەمویست گەنجەکە لەسەر ئەو بێ ئابڕووییەی شەقێك بخوات، بۆیە هەڵمنا و وتم: "گەر بتتوانیبایە دەتکرد.."

تەکانی دا بەرخۆی تاکو شوێنی ئافرەتەکە بکەوێت، ئاگام لێ بوو "سەید عەلی" هاوەڵم هاواڕێکی کرد، گەنجەکە لە جێگەی خۆیدا لەسەر تەوقی سەر بەربوویەوە، دوو کەسەکەی تر دەستیان دایە ژێر باڵی و بەرزیان کردەوە، بە بێدەنگی لەگەڵ یەکێکی تریان سەری داخست و ڕۆیشت...

کەسی سێیەمیان کە تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو، ڕووی لە من کرد و وتی: "خاڵە لە ڕاستیدا من تەنها بۆ گوێگرتن بۆ لاتان هاتم، با شتێکت لەسەر ئەو ئافرەتە بۆ

بگێڕمەوە: من چەند ساڵێکە لەم گەراجەدا ئیش دەکەم، ناو بە ناو ئەم ئافرەتە دەبینم، دوو ساڵ لەمەوبەر یەکێك لە شۆفێرەکانی ئەم گەراجە کە پیاوێکی بێ شەرم بوو لەو ئافرەتە نزیك بوویەوە، داوای کاری خراپی لێ کرد، ئەویش پێی وت: باشە ،بەڵام تۆ پیاوەتیت تیا نییە، شۆفێرەکە وتی: تۆ وەرە لەگەڵم ئەوجا دەزانیت... ئافرەتەکە وتی: بڕۆ لەگەڵ ژنەکەت خۆت تاقیبکەرەوە ئەوجا وەرەوە بۆ لای من... ئافرەتەکە ئەو قسەی کرد و ڕۆیشت، لە دوای ئەوە بۆ ماوەی شەش مانگ ئەو پیاوە پیاوەتی تیا نەما، تا گەیشتە ئەوەی ژنەکەی تەلاقی لێ وەربگرێت، چەندین دکتۆری کرد و چارەسەرنەکرا، کەوتە بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی ئەم ئافرەتە سوالکەرە، تاکو داوای لێبوردنی لێ بکات، لەو شەش مانگەدا ئەم ئافرەتە خۆی بزر کرد، هەرچی شار و گەراجە بە دوایدا گەڕا نەیدۆزییەوە، تا ڕۆژێك لەم گەراجە دەیبینێت و بەسەر دەست و پێیدا دەکەوێت و داوای لێبوردنی لێ دەکات، ئافرەتەکەش پێی دەڵێت: گەر خەمی بێ ئەخلاق بوونی ژنەکەتم نەبووایە داوام لە خودا دەکرد وەك لاشەفرۆشەکان هەتیومەتیو بتبەن بە دەرودەشتدا، بڕۆ، بەڵام لێرە بە دواوە ئاقڵ بە..."

گەڕامەوە بۆ لای هاوەڵەکەم و قسەکەی "شیرین"م پێگەیاند کە دەیوت: بچن بۆ لای "ڕەوەندی ئاسایش" و پێی بڵێن: "شیرین" دەیوت: با بەس بێت...

هاوەڵەکەم هەموو شتێکی دەزانی، دیار بوو من تەنها داشێکی دامەبووم و دەیانبزواندم، هەستایە سەر پێ و وتی: با بچین بۆ لای...

تەکسییەکمان گرت و ڕۆیشتین بۆ دائیرەی ئاسایش و لەو شوێنەی دابەزین یەکێك بە جل و بەرگی سەربازییەوە وەستا بوو، سەید عەلی – بە بێ سەلام و کەلام – وتی: ڕەوەند "شیرین" دەیوت با بەس بێت..."ڕەوەند" یش سەرێکی لەقاند و بە بێ قسەکردن ڕۆیشت...

گەڕاینەوە بۆ گەراج و سواری پاسێك بووین و چووینە دوو کورسییەکەی پێشەوە، ئەمجارەیان من لای پەنجەرەکەوە سوار بووم و "سەید عەلی"ش لە نێوان من و شۆفێرەکەدا بوو، بە گەڕەکەوتین و پاش ماوەیەك پارە کۆکرایەوە، ڕەوانەی پێشەوەیان کرد و دایانە دەستی "سەید عەلی" بۆ ئەوەی بیداتە دەستی شۆفێرەکە، منیش پارەی خۆم و "سەید عەلی"م خستە سەری و ئەویش هەموو پارەکەی ژمارد و لە جێگەی ئەوەی بە شۆفێرەکەی بدا خستییە ناو گیرفانی یەوە، وەك ئەوەی هیچ شتێك ڕووی

نەدابێت، شۆفێرەکە زەق زەق تەماشای دەکرد و هیچی نەدەوت، من وامزانی "سەید عەلی" لە بیری چووە بە شۆفێرەکەی بدا بۆیە وتم: "سەید عەلی" پارەکەت بە شۆفێرەکە نەدا، "سەید" مۆڕەیەکی لێ کردم و شۆفێرەکەش بزەیەک کەوتە سەر لێوی و هیچی نەوت، کە زانیم شۆفێرەکە دەزانێت "سەید" پارەکەی هەڵگرتووە و لێی بێ دەنگە، منیش هیچم نەوت...

گەیشتینە چێشتخانەیەک و بۆ پشوودان پاسەکە لایدا، من و "سەید عەلی" لەسەر مێزێک دانیشتین و شۆفێرەکەش هاتە تەنیشتمانەوە، شاگردێک هات و وتی: چی دەخۆن؟ من وتم: فاسۆلییایەکی سادەم بۆ بهێنە، "سەید عەلی" پێی وتم: شتی باش داوا بکە بە پارەی بەلاش نان دەخۆین، خەمت نەبێت گۆشتی کەر نی یە...

وتم: هەر ئەوەی کە داوام کردووە..

شاگردەکە بە "سەید عەلی" وت: تۆ چی دەخۆی؟

ئەویش وتی: من تێرم، چایەکم بۆ داوا بکە..

وتم: "سەید" من و تۆ دوو ژەمە هیچمان نەخواردووە، تێری چیت؟!

"سەید" سەری داخست و هیچی نەوت، من و شۆفێرەکە لە نان خواردندا بووین، "سەید عەلی" شاگردێکی بانگ کرد کە تەمەنی بیست ساڵێک دەبوو، پێی وت: داپیرەت چۆنە؟

گەنجەکە: باشترە، چۆن داپیرم دەناسی؟!

سەید عەلی: ئەمانەتێکت پێ دەدەم بیدە بە داپیرەت...

گەنجەکە: باشە...

"سەید عەلی" پارەی نەفەرەکانی دەرهێنا و وتی: ئەم پارەیە بە داپیرەت بدە..

گەنجەکە لە وەرگرتنی پارەکە هەندێک دڵەڕاوکێی هەبوو، بۆیە "سەید" پێی وت: کوڕم بەو ناونیشانەی ئەم بەیانی یە هاتنە سەرتان بۆ کرێ خانوو، بەڵام نەتان بوو پێی بدەن، کە "سەید" ئەوەی پێ وت، گەنجەکە پارەکەی وەرگرت و ڕۆیشت بە دەم ئیش و کارییەوە، پاشان "سەید" لای بە لای شۆفێرەکەدا کردەوە و پێی وت: ئەو

گەنجە كوڕەكەتە، دواى فڕاندنى لە لايەن دزەكانەوە بە ڕێگەيەكى سەير لەبەر دەرگاى ماڵى ئەو پيرەژنەدا دادەنرێت و ئەوە "حەقدە" ساڵە پيرەژنەكە بەخێوى دەكات...

شۆفێرەكە دەستى بە گريان كرد و ويستى دەستەكانى "سەيد عەلى " ماچ بكات، بەڵام ئەو نەيهێڵاً و پێى وت: كە گەڕايتەوە وەرە لاى ئەم گەنجە و لە ڕێگەى ئەمەوە بچۆ لاى داپيرەى و بڵێ "سەيد" ناردوومى و من بابى ئەم منداڵەم، ئەو لە مێژە عەودالّى دۆزينەوەى بابى منداڵەكەيە...

بە بينينى ئەو ڕووداوە شتەكانى دەرەوەم لا بوو بەڕواڵەت و تۆپكلێ كە حەقيقەتى شتەكانمان لێ دەشارێتەوە، وام هەست دەكرد ژيان جۆرێكى ترە و ئێمە بە هەڵە لە ڕووداو و دەوربەرمان تێدەگەين، تێگەيشتم مرۆڤ نابێت بە ڕواڵەت هەڵسەنگاندن بكات و بڕيارى لەسەر دەربكات، لەوە حاڵى بووم گەر دەرەوە بە كرۆك و جەوهەر و ماناوە نەبەسترێتەوە مرۆڤ تووشى هەڵە و تێكەوتنى گەورە دەبێت، بەڵام كێن ئەوانەى لە ڕاستى شتەكان تێدەگەن؟ ئەمەيان پرسيارێكى گەورەيە و تێگەيشتنى گرانە...

بە ماوەيەكى كەم هەواڵى داخستنى ئەو چێشتخانەى گۆشتى كەرى دەفرۆشت كەوتە بەرگوێم و خاوەنەكەى قۆڵبەست كرا...

چەند هەفتەيەك دواى گەڕانەوەم لە شارى قەڵا هەواڵى دەستگيركردنى گورگەكانيان بۆ هێنام و سەرجەم تاوانەكانيان بەدەركەوت...

دواى چەند مانگێك لە سەفەرەكەم پياوى خاوەن كێشەكە بە تەلەفون ئاگادارى كردمەوە كە ئەوەى "سەيد عەلى" پێى وتوە جێ بەجێى كردوە و كێشەكەيان چارەسەر بووە، ئێستا ماڵەكەى گواستۆتەوە و سوپاس بۆ خوا كوڕەكەشى گۆڕانێكى گەورەى بەسەردا هاتووە، كچى پياوەكەش گەنجێكى زۆر باش لە هەندەرانەوە هاتۆتە داخوازى و ڕۆيشتووە بە ڕێگەى خێرى خۆيەوە...

کەسی ژمارە هەژدە

هـەر لـەو ماوەیـەدا بـوو بەیانییـەك لـە کـاتی گەڕانـەوەم لـە عەلوەکـە نەفـەرێك بـە گونیەیەکەوە کە کۆڵێکی تێدا بوو، دەستی لێڕاگرتم و منیش وەستام، کۆڵەکەی خستە سـەر کوشـنەکانی دواوە و خـۆی لـە پێشـەوە سـوار بـوو، سـەلامی کـرد و وتـی + (مـن پیاوی چارەنووسەکانم، ئەو گونیەیە دەبینی لە دواوە دام ناوە؟)

وتم– (بەڵێ)

+ (ئەوە بۆ تۆ ڕەوانە کراوە و وا منیش بە تۆم گەیاند)

(چی تێدایە؟!)

+ (سندووقێکی تێدایە)

(ئەو سندووقە چی یە؟!)

+ (ئەو سندووقە چارەنووسی خۆت و بنەماڵە و کەسوکارتە)

– (مەبەستت چی یە؟!)

+ (سندووقەکە کۆمەڵێك "سکە" لە شێوەی پارەی ئاسنی تێدایـە، هـەر سـکەیەك بۆ کەسێکی بنەماڵەکەت دەگەڕێتەوە، ئەوانەی مردوون و ئەوانەی کە زیندوون)

(ئێ؟)

+ (ئەو سکانە چارەنووسی کەسەکانی لەسەر هەڵکەنراوە، جا یان خۆشبەخت و سەرکەوتوو، یان ڕەشنوود و بەدبەخت)

کـە ئـەوەی وت داوای لێکـردم ئۆتۆمبێلەکـە ڕابگـرم، منـیش ئۆتۆمبێلەکـەم ڕاگـرت و ئەویش دابەزی و بەر لە ڕۆیشتنی وتی: من کەسی ژمارە هـەژدەم، ئـەوەی وت و لێیـدا

و ڕۆیشت...

کەوتمە بیرکردنەوە: ئەمەیان چی بوو ئەی خوایە! من چی لەم سندووقە بکەم؟! چۆن بتوانم بیشارمەوە؟ بەو گشتە پرسیارەوە گەیشتمە دوکانەکە و شتەکانی عەلوەکەم داگرت و گونیەکەم لە شوێنێکی دوکانەکەدا قایم کرد، دواتر ئۆتۆمبێلەکەم خستە کەناڕێکەوە و بۆ دوکانەکە گەڕامەوە، دوای ڕێکخستنی شتەکان کەوتمە تەگبیرکردنی سندووقەکە، سەرەتا لە گونیەکە دەرم هێنا و بینیم سندووقێکی لە دارگوێز دروستکراوە و کونێک ئەوەندەی دەستی پیا بچێت لە سەرەکەیدایە و دەمەوانەیەکی بۆ کراوە، قورساییەکەی "دە" کیلۆیەک دەبوو، دەمەوانەکەم لادا و دەستم بۆ ناو سندووقەکە دڕێژ کرد، هەستم کرد ناو سندووقەکە جوولّە و جمەی دێت و دەتوت دەستت بە شارە مێرووڵەدا کردووە، یاخود لەناو قەیسەریەکی قەرەباڵغدا پەل دەکوتیت، یەکێک لەو شتانەی بەردەستم کەوت ڕام کێشایە دەرەوە، لە ناوەوەی سندووقەکەدا زۆر گەورە و زەبەلاح دەکەوتە بەردەست کە هێنامە دەرەوە بینیم سکەیەکە بە ئەندازەی پەنجا فلسییەکی جاران، ڕەنگی سکەکە زەرد بوو، دەتوت لە زێڕ یاخود زیو دروست کراوە، بینیم دیوێکی ناوی کەسەکەی لەسەرە و دیوەکەی تری چارەنووسەکەیەتی، زۆر دەترسام لە خوێندنەوەی خەتە هەڵکەنراوەکانی سەری، سەرەتا ویستم بزانم بۆ کێ دەگەڕێتەوە؟ بینیم ناوی یەکێک لە کەسە نزیکەکانی خۆمی لەسەر هەڵکەنراوە کە ناوی " مەردان"ە، زۆر بە ترسەوە دیوی چارەنووسەکەم هەڵدایەوە و بینیم بەختێکی ڕەشی لە سەر نەقش کرا بوو، ترسێک هەموو گیانمی داگیر کرد، دەستم برد و دانەیەکی ترم دەرهێنا بینیم ناوی "سەید عارف " ی لەسەر نووسرا بوو، سەیرێکی ڕووی دووهەمیم کرد چارەنووسێکی سپی بلووڕین لەسەر تەختەکەی دەدرەوشایەوە، بیری قسەکەی " پیر خدر" م کەوتەوە کە دەربارەی باپیرە گەورەم "سەید عارف " کردی و وتی: گەر لە دووی بگەڕێیت ئەو ڕاستیەت بەرچنگ دەکەوێت...

ویستم دەست بۆ چەند دانەیەکی تر ببەم، بەڵام نەمتوانی و بە پەلە سکەکانم لە جێگەی خۆی دانایەوە و سندووقەکەم خستەوە ناو گونیەکە و سندووقێکی تەماتەم دا بە سەریدا، کەوتمە بیرکردنەوە لە چارەنووسی سندووقەکە...

وام بە باش زانی ماوەیەك لە سندووقی ئۆتۆمبێلەکەدا بیشارمەوە، بۆیە ئێوارە ەگەڵ خۆمدا هەڵمگرت و خستمە دواوەی ئۆتۆمبێلەکە و بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە، لە ڕێگەدا حەزی زانینی چارەنووسی خۆم داگیری کردم، بۆیە هاتمە سەر ئەوەی لە ماڵەوە هەوڵبدەم لە سندووقەکەدا دراوی چارەنووسی خۆم ببینمەوە، گەیشتمە ماڵەوە و بە پێچەوانەی جارانەوە داوام لە کچەکەم کرد دەرگای حەوشەکەم بۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە ببەمە ژوورەوە، جاران لە دەرەوەی حەوشەکە ڕامدەگرت و زۆرجار لە بیرم دەچوو دەرگاکانی دابخەم، هەندێ جاریش بەیانیان هەموو ماڵەکەم بۆ سویچەکان دەپشکنی دواجار سەیرم دەکرد بە ئۆتۆمبێلەکەوە بەجێم هێڵاوە، کچەکەم لای سەیر بوو پرسیاری کرد + (خێرە ئەم دۆجە شکاوە دەهێنیتە ژوورەوە؟!)

–(کچم دز پەیدا بووە و با سەیارەکەمان بە بەلاش تیا نەچێت..)

+ (خۆزگە دەمزانی ئەو دزانە لە کوێن!)

(بۆ؟!)

+ (پێم دەوتن وەرن ئەم دۆجە کۆنە لە کۆڵمان بکەنەوە)

(ڕۆڵە شوکری خوا بکە، خەڵکی ئەوەشی نی یە)

+ (بۆ خوا تەنها سەیارەی کۆنی لە لایە؟! یانی ناتوانێت سەیارەیەکی تازەمان پێ بدات؟!)

– (با دەتوانێت، بەڵام خۆ ناکرێت هەموو خەڵکی سەیارەی نوێیان لە ژێردا بێت)

+ (دەی بۆ بەشی ئێمە لە سەیارە تازەکان نەبوو؟! بۆ دەبێ بکەوینە خانەی سەیارە کۆنەکانەوە؟!)

– (تۆ هەوڵ بدە با ناوەکەت لە خانەی سەیارە تازەکان بنووسن، بەڵام بەخوا هەرئەوە دەردەچێت کە لە سەر سکەی ناو سندووقەکەدا هەڵکەنراوە)

ئەو چەند قسەیەی دوایم زۆر بە هێواشی کرد، بەڵام دیار بوو کچەکە گوێی لێبوو، بۆیە پرسی+ (بابە کامە سندووق؟! مەبەستت چی بوو لەو دواین قسەیەت؟!)

– (مەبەستم ئەو چارەنووسەیە خوا بۆ مرۆڤی دەنووسێت)

+ (ئەوە منم چارەنووسی خۆم دیاری دەکەم، دەبا نەخوێنم بزانە نمرەی بەرز لە پۆلی شەشدا بە دەست دەهێنم؟!)

– (کچم "شادی" ئێستا من زۆر ماندووم، بەم تەنگی مەغریبە بۆ بەرۆکت گرتووم لێم گەڕێ سەیارەکە بهێنمە ژوورەوە و تاوێك پشوو بدەم)

+ (وەرە ژوورەوە، بەلاّم دواتر قسەکانمان تەواو دەکەین)

– (تەنها لێم گەڕێ تا نان و چایەك دەخۆم و لەسەر جێگەکەم ڕادەکشێم ئەوکات قسەکانی خۆت بکە و منیش لە خەودا گوێت بۆ دەگرم)

"فاتمە"ی خێزانم بانگی لێکردین و وتی: سفرەم ڕاخستووە، بۆ درەنگ کەوتن؟!)

دوای خواردنی ژەمی ئێوارە "شادی" بەرۆکی گرتمەوە و وتی + (ناتەوێت بنووی؟!)

– (بەخوا " شادی " گیان زۆر ماندووم)

+ (زۆر ماندووت ناکەم، تەنها یەك پرسیار: تۆ پێت وایە من نەخوێنم دەردەچم؟)

– (من پێم وا نییە تۆ نەخوێنی دەربچیت، هەرچەند گەر خوا بیەوێت بە بێ خوێندنیش دەتوانێ تۆ دەربچوێنێت، بەلاّم یاسا گشتییەکانی خوا بەو جۆرەیە تۆ دەبێت بخوێنیت، بەلاّم بەخوا " شادی" ئەوە خوایە تۆ وا لێدەکات باوەڕت بە ئیرادەی خۆت هەبێت و بڵێیت خۆم چارەنووسی خۆم دیاری دەکەم و دەبێت تێ بکۆشم)

+ (یانی پلان و بیرکردنەوە و هەوڵی ئێمە هیچ؟!)

– (نەخێر، پلان و بیرکردنەوەی ئێمە هەموو شت، بەلاّم کچی خۆم گرفتەکە تەنها بە "ئەقڵ" چارەسەر ناکرێت)

+ (ئەی بە چیتر چارەسەر دەکرێت؟!)

– (دڵی پێویستە، بینینی ئەو دیوی شتەکانی پێویستە، تێگەیشتن لە خۆت و خوای پێویستە)

+ (هەرچی من پرسیار لە تۆ دەکەم، وەڵامەکەی بە هەندێك شتەوە دەبەستیتەوە کە من نە هیچی لێدەزانم و نە هیچی لێتێدەگەم، پێم وایە خۆت لە پرسیارەکان دەدزیتەوە)

– (کچم خۆزگە هیچم نەدەزانی، خۆزگەم بە سەوزەفرۆشەکانی تر کە بە ئارامی ژیان بەسەر دەبەن، خۆزگە بە خۆم ناخوازم)

+ (بابە تۆش ماوەیەکە خراپ دەچیتە ژێری!)

"فاتمە" ی خێزانم هاتە قسە و وتی (کچم دە لێیبگەڕێ با بابت پشوویەك بدات، بە ڕۆژ هات و هاواری ناو بازاڕ و شەویش تۆ بەرۆکی دەگریت)

+ (باشە خەمی میٚردەکەت نەبێ، باوکمە، مافی ئەوەم نییە دوو قسەی لەگەڵدا بکەم؟!)

دایکی پێیوت (با کچم، بەڵام با باسی شتێك بکەین هەموومان پێمان خۆش بێت، من لەو قسانەی ئێوە تێناگەم و بابیشت بەو قسانە ماندوو دەبێت)

" شادی" کچێکی دڵناسکی لە قساندا بوێر بوو، وتی + (باشە، لێرە بە دواوە قوفڵێك لە دەممان دەدەین)

من و دایکی دەستمان بە پێکەنین کرد و ئەویش هەندێك بە تووڕەییەوە کتێبەکەی هەڵگرت و چوو بۆ ژوورەکەی تر..

ئەو ئێوارەیە زوو نوستم و درەنگانێکی شەو بە ئاگا هاتم و بینیم "فاتمە" ی هاوسەرم لەسەر بەرمالّەکەیەتی، هەستام و پێم وت هەندێك لە حەوشەکەدا پیاسە دەکەم، هاتمە دەرەوە و ماوەیەك بە حەوشەکەدا هاتوچۆم کرد و سێ و دووی دڵی خۆم کرد: ئایا سندووقەکە بکەمەوە و بە دوای چارەنووسی خۆمدا بگەڕێم، یان نە؟ لەو بیرکردنەوانەدا بووم یەکێك بە ئەسپایی لە دەرگای حەوشەکەی دا، بەرلەوەی بیکەمەوە پرسیم کێ یە؟! بە دەنگێکی نزم وتی: "پیر خدر " م...

منیش بە پەلە دەرگاکەم لێکردەوە و پێیوتم: سندووقەکەم بدەرێ...

بـه بـێ پرسـیارکردن و مـن و تـۆیی سـندووقی سـەیارەکەم کـردەوه و سـندووقه دارینەکـەم دەرهێنـا و دامـه دەسـتی و پێیـوتم: دەرگـای حەوشـەکه دابخەمـەوه و بچـم بنووم...

لـه ڕاسـتیدا بـه لـەکۆڵ کردنـەوەی سـندووقەکه شـادومان بـووم، چـونکه گـیرم بـه دەستییەوه خـوارد بـوو، لـه پـاڵ ئەوەشدا نەمدەوێرا دەسـت بخەمـه نـاوی و سـکەکانی نـاوی دەربهێـنم و چارەنووسـی کەسـەکان بـزانم، تـەنها چارەنووسـی ئـەو دوو کەسـه نزیکەی خۆمم بەردەست کەوت، کەسی یەکەمیان کە "مەردان" بوو زیندوو بوو، بـەڵام کەسی دووەمیان واتە " سەید عارف " چەندین سـاڵ بوو مردبـوو، شـەو و ڕۆژ کەوتمـه خەمی کەسـی یەکـەمیان و بیرم لـەو چارەنووسـه ڕەشـەی دەکـردەوه، پرسـیارم دەکـرد: خوایە ئەو کابرایە چ تاوان و گوناهێکی کردووە وا بەر خەشم و ڕقی تۆ کەوتووە؟، خۆ لـه ڕواڵەتـدا کەسـێکی خـراپ نییـه، بـەڵکو لـه لای خـەڵکی لـه ڕیـزی چاکان سـەرژمێر دەکرێـت، ئـەی بـۆ ئـەو چارەنووسـه شـوومه چاوەڕوانی دەکـات؟! حیکمـەتی چـی بـوو منیان لـه چارەنووسـی ئـەو کەسـه نزیکـەم ئاگـادار کـردەوه؟ بڵێـی بـۆ ئـەوه بێـت مـن بـه ئاگای بهێنمەوه، تـاکو ڕێگـەی چاکان و پاکان بگرێتـه بـەر؟ خوایـه لـەم نهێنییـه حـاڵیم بکه...

شـەوێك لـه خەونـدا سـەردانی ئـەو کەسـه نزیکـەی خـۆمم کـرد و لـه چارەنووسـه شوومەکەی ئاگادارم کردەوه، بـۆ بەیانی دڵم لەسەر ئەوه ساغ بوویەوه سـەردانی بکـەم و شـتێکی لـەو بـارەوه بـۆ بـاس بکـەم، چێشـتەنگاو بـوو ئـەو بۆخـۆی هـات و سـەردانی دوکانەکەی کردم، هاتنەکـەی بـۆ لام دڵنیاکەرەوەیـەکی تـر بـوو لـه بـاس کردنـی ئـەوەی ماوەیەك بوو بیرم لێدەکردەوه، بەخێرهاتنم کرد و لەسەر سندووقێك دانیشت و منیش هەواڵپرسی خـۆی و مـاڵ و منـداڵیم کـرد، دواتـر پرسـیارم لێکـرد ڕۆژانـه بـه چـی یـەوه خۆی سەرقاڵ دەکات، لـه وەڵامدا وتی + (لـه دوای دەوام کارێکی دیـاری کـراوم نـی یـه) پاشان وتی ("سەعید" ماوەیەکه حەزم بە تەنهایی و گۆشەنشینی یە)

– (تەنهاییەکەت بە چییەوه بەسەر دەبەیت؟)

+ (حەزم بە خوێندنی قورئان و خوێندنەوەی کتێبی یادەکان هەیە)

منیش لەو کاتەدا بیرم دەکردەوە و دەمپرسی: ئەی خوایە ئەم بەندەیەت بەرە و تۆ و یادی تۆ هەنگاو هەڵدەگرێ کەچی ئەوەش چارەنووسەکەیەتی کە نیشانی منت داوە! نهێنی ئەم کارە لە چیدایە؟!

لە بێدەنگی و ڕۆچوونەکەی من هاتە دەنگ و وتی (" سەعید" چی یە؟! بۆ خامۆشی ڕووی تێکردی؟!)

منیش هاتمەوە سەرخۆم و وتم (کاك " مەردان " بیرم لەوە دەکردەوە مرۆڤ تا مردن نازانێت خوا چ چارەنووس و سەرئەنجامێکی بۆ دیاری کردووە، جاری وایە مرۆڤ بە کرداری خراپ دەست پێدەکات و بەر لە هاتنی مەرگی بۆ لای خوای خۆی دەگەڕێتەوە، بە کرداری چاکە کۆتایی بە تەمەنی دەهێنێت و سەرجەم خراپەکانیشی بە باش بۆ دەنووسرێت، هەیە بە پێچەوانەوە بە چاکە دەست پێدەکات و بە خراپە کۆتایی پێ دێنێت)

+ ("سەعید " بە خودا گەر فریشتەیەك لە ئاسمانەوە بێت و پێم بڵێت: تۆ لە لای خودا لە دەفتەری خراپەکاراندا نوسراویت من واز لە ئەنجامدانی کرداری چاکە ناهێنم، من بە چاکەوە دەقم گرتووە، ئازایەتی نی یە، چونکە خراپەم پێ ئەنجام نادرێت، پێم ناکرێت)

ئەو قسەیەی کاك "مەردان" ڕای چڵەکاندم، لەوە گەیشتم تەنانەت ئەوانەش لە لای خواوە پەیامیان بۆ دێت نەیانزانیوە خوا کام سەرئەنجامی بۆ دیاری کردوون، بەڵکو لە هەمووان زیاتر و زۆرتر ترسیان لە خوای خۆیان هەبووە، حاڵی بووم کەوتنە ناو خانەی پیاوچاکان و بینینی ئەوان نابێتە بەڵگەی چاکی و پاکی من، بۆیە نابێت دڵم بەو شتانە خۆش بێت کە شەوانە و ڕۆژانە دەیان بینم و بەرچاوم دەکەون...

ماوەیەك دوای ئەوە شەوێك بە ئاگا هاتم، من هێشتا لەسەر جێگەکەم ڕاکشا بووم کتێبخانەیەکی گەورە هاتە پێش چاوم، هەزاران هەزار فایل لەو کتێبخانەدا کەڵەکە کرا بوو، لە ناو ئەو گشتە فایلانەدا "سەیدی موبارەك" –کە مورشیدی بابم بوو– خەریکی گەڕان و پشکنین بوو، لێی نزیك بوومەوە و پرسیارم لێکرد سەرقاڵی چی یە و بە چ شتێکەوە خەریکە، ئەویش سەیرێکی کردم و وتی: خەریکی دۆزینەوەی فایلەکەی "مەردان "م، داوام لە خودا کردووە چارەنووسی ڕەشی "مەردان" بە چارەنووسێکی

سپی بگۆڕێت، ئێستا دەمەوێت فایلەکەی تەماشا بکەم و بزانم چارەنووسی ڕەشی بە سپی گۆڕاوە، زۆری نەبرد فایلەکەی دۆزییەوە و پەڕەکانی بۆ من والاّ کرد و بینیم لاپەڕەکانی لە سپێتیدا وەکو ڕووناکی شەوق دەدەنەوە...

پەردە دادرایەوە و هۆشم هاتەوە بە بەردا و ڕووداوەکەم هێنایەوە بەریاد و زۆر پێی دڵخۆش بووم، کپی و خامۆشییەك دیسانەوە ڕووی لە گوێیەکانم کردەوە و گوێم لە دەنگێکەوە بوو دەیوت:

" ئەی خودایە نووسراوەکانی تۆ و دەفتەرەکانی چارەنووسی مرۆڤ یەك جۆر نووسراو و دەفتەر نین، دایکی نووسراوەکان لە لای خۆتە، لەبەر ئەو تۆمارە سەرەکییەدا نووسراوەکان – لەمەر چارەنووسی مرۆڤ – دەنووسرێنەوە، لە پشت دایکی نوسراوەکانەوە زانست و ویستی ڕەها و بێ سنووری خۆتە و بە پێی زانست و ویستی خۆت گۆڕان لە دایکی نوسراوەکان و نوسراوە لەبەرگیراوەکاندا دەکەیت، ئەی خودایە تۆی شکۆمەند هیچ شتێك سنوورت بۆ دانانێت تەنانەت ئەو یاسا و ڕێسایانەی خۆشت لەناو ژیان و گەردووندا پەرش و بلاّوت کردوونەتەوە، تۆ بۆیە خودای، چونکە هیچ دەسەلاّتێك – تەنانەت دەسەلاّتی یاساکانی خۆشت – ناتوانێت بەسەر تۆدا زاڵ ببێت، تۆ بەسەر هەموو شتێکدا زاڵی، تۆ دەتوانیت لاپەڕەی ڕەشی چارەنووسمان لە دایکی نووسراوەکاندا بسڕیتەوە و بە لاپەڕەیەکی سپی بگۆڕیت، کێ هەیە بتوانێت لە ئەنجامدانی کارەکانت دەستت بگرێت؟ تۆ خودای و هەموو شتەکانی تر بەندەی خۆتن..."

دەنگەکە کۆتایی پێهات و منیش هاتمەوە بۆ ناو ئاگاهیی و هەتا بەیانی خەو نەچووە چاوەکانم..

سەردانی "بەغدا"

بڕیارماندا بە خێزانیی سەردانێکی لادێکەمان بکەین، من و خێزانم و "شادی" کچمان سواری ئۆتۆمبێلە کۆنەکە بووین و دوای سەعاتێ ڕێگە بڕین گەیشتینە بەرەوە، لە ڕاستیدا گەر بە پێیانیش بەڕێ بکەوتبایناید هەر ئەوەندە کاتی دەبرد، چونکە ئۆتۆمبێلەکە ئەگەر هەندێك خێرا لێت بخوڕیبایە نالّە و زرمەیەکی وای لێپەیدا دەبوو دەتوت لە بەرەی جەنگداین و دەیان چەکی قورس لە یەك کاتدا تەقە دەکەن، کچەکەم بە تەوسەوە دەیوت: بابە دەڵێی گەنمەشامین و لەسەر ئاگر دانراوین، "فاتمە"ی هاوسەرم بە کچەکەی دەوت: تۆ ئازابە ببە بە موهەندیس و سەیارەیەکی تازەمان بۆ بکرە، ئەویش دەیوت: تا من دەبم بە موهەندیس و ئۆتۆمبێل دەکڕم ئێوە بەکاری سواربوونی ئۆتۆمبێل نامێنن، چونکە پیر دەبن...

لە ڕۆژی دووەمی سەردانەکەماندا بڕیارمدا بە تەنها سەرێکی چیا سەرکەشەکەی بەری ڕۆژهەڵاتی گوندەکەمان بدەم، بەیانی زوو هەستام و بە چیاکەدا سەرکەوتم و دوای یەك دوو وچان گەیشتمە بن چیاکە و لەسەر بەردێك کە دەتوت فەرشە و ڕاخراوە ڕوو بە گوندەکەمان لێی دانیشتم، هەرچی خۆشی و ناخۆشی ژیانی منداڵی بوو هێنامەوە بەریاد، لەناکاو تەپەی پێ بەرگوێم کەوت، لام کردەوە و " پیر خدر" م بینی، بە بینینی زۆر دڵخۆش بووم، لەبەری هەستام و ئەویش هات بۆ سەر فەرشە بەردەکە و پێکەوە دانیشتین، سەرەتا وتم – (من پرسیاری زۆرم لە تۆ هەیە، دەمەوێت گەر مۆڵەتم بدەی بیانکەم)

وتی + (پرسیارەکانت بکە)

– (تۆ ڕۆحیت یان فریشتە؟ مرۆڤی یان جنۆکە؟)

+ (من مرۆڤم)

– (خواردن دەخۆيت؟)

+ (پێويستم بە خواردن نى يە، بەڵام دەتوانم خواردن بخۆم)

– (دەخەويت؟)

+ (پێويستم بە خەو نى يە، دەشتوانم خۆم خەو لێ بخەمەم)

– (وەكو ئێمەى مرۆڤ پابەندى بە ئاينێكەوە؟)

+ (من پابەندم بە خوداوە، ڕۆح و مەرامى هەموو ئاينەكانيش يەكە، چونكە هەموويان لە خوداوەيە)

– (نوێژ دەكەيت؟)

+ (هەميشە لە يادى خودادام)

– (تەمەنت چەند دەبێت؟)

+ (تەمەنم زۆر زۆرە)

– (لە باپيرانى من كاميان دەناسى و كاميانت بينيوە؟)

+ (هەموو باپيرانت دەناسم، تۆ بە دوازدە پشت دەچيتەوە سەر پياوێك كە شەو و ڕۆژ بە يەكەوە بووين، ئەو كەسێكى گەورە بوو، لە ڕۆحى پاكى ئەو باپيرەيە بۆ تۆش گوازراوەتەوە)

– (بۆ منت هەڵبژارد لە كاتێكدا خەڵكانێكى تر هەن زۆر لە من چاكتر و پاكترن؟)

+ (ئێمە داوا دەكەين، بەڵام خودا هەڵبژاردن دەكات، هەڵنەبژاردنى كەسانى تر بەڵگەى خراپى ئەوان نى يە، ئەوان تيايانداهەيە لە لاى خودا لە هەڵبژێردراوەكان بەڕێزترە، ئەم مەيدانە كەسانێكى تايبەتى دەوێت، ئەوانەش ژمارەيان زۆر كەمە)

– (تۆ لە كێوە شتەكان وەردەگريت؟)

+ (لە خوداوە)

– (جیـاوازی تـۆ و پێغەمبـەر چـی یـە لـە کاتێکـدا هـەردووکتان لـە خـواوە وەردەگرن؟)

+ (پێغەمبـەران پـەیامیان بـۆ مرۆڤایـەتی بـە گشـتی هێناوە، مـەزنی ئـەوان لـەو جێگەدایە بۆ هەموو مرۆڤەکانن، بۆیە خاوەنی پەیامی مـەزن (الرسالة الکبری) ن، ئێمە پەیامی تایبەتمان لە لایە و پلە و پایـەمان ناگاتـە پێغەمبـەران و پـەیامی بچووک (الرسالة الصغری) مان پێدراوە، ئیتر پرسیار بـا بـەس بێت، تـۆ کارێک هەیە دەبێت ئەنجامی بدەی)

– (کارەکە چی یە؟!)

+ (بڕیار دراوە پادشای وەخت گۆڕانی بەسـەردا بێت، سـەفەری "بەغدا " بکـە و پێنج لە مەئموورانـ لە مزگەوتی شێخی گەیلانی دەبینیت، پێیان بڵێ: داواکراوە پادشـای وەخـت گـۆڕانی بەسـەر دا بێـت، ئـەوانیش دەبـێ ڕازی بـن، پاشـان سەردانی منداڵەکە بکە و پێی بڵێ لە جێگەی هەموان مۆری بکات)

– (کۆمەکی و یارمەتیم لە خوا بۆ داوا بکە)

+ (چەند کەلیماتێکت فێردەکەم، هەرکات بەگیر هاتی و بینیت دەرگاکانت لەسەر کڵۆم بووە بیانخوێنە، بە خوێندنی رزگارت دەبێت)

"پیر" چەند وشەکەی فێرکردم و هەستایە سەر پێ و منی بەجێهێڵاڵ و ڕۆیشت...

بە پەلە هاتمەوە بۆ گوندەکە و لەگەڵ خێزانم و کچەکە سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین و بۆ شار گەڕاینەوە...

بەیانی هاوسەرەکەم لە ڕۆیشتنەکەم ئاگادار کرد و بڕێک پارەم لە باخەڵ نا و بەرەو گەراج بەڕێکەوتم، لە گەراج لەگەڵ سێ کەسی تر سواری تەکسییەک بووین و کەوتینە ڕێ، من و دوو کەسی تـر چـووینە دواوەی تەکسییەکە و مامۆستایەکیش پێشـەوەی گرت، ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگی بە نێوانماندا گوزەری کرد، دواتر شۆفێرەکە پەردەی خامۆشی لادا و ڕادیۆکەی بۆ کردینەوە و هەندێک هەواڵی لەمەڕ دونیا بۆ خو[illegible]ەوە، مامۆستاکەش کەوتـە قسـەکردن لەمـەڕ ولاتـانی خـودا پێـداو و دواکـەوتوو ولاتەکەمان، دوو کەسەکەی دواوە نتقیان لە خۆیان بڕی بوو، هیچیان نەدە

هەروەکو ئەوان بێدەنگ بووم، من لە ناوەڕاستی دوو کەسەکەدا بووم، ویستم لەگەڵ ئەوەی لای ڕاستم قسە بکەم ڕووی وەرگێڕا و منیش قسەکەم قوتدایەوە، ماوەیەکی تر ڕێگەمان بڕی و ئەوجارە لام بەلای چەپدا کردەوە و ئەویش ڕووی لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکە کرد و خۆی بێ ئاگا کرد..

دوو کەسەکە نامۆ دەهاتنە پێش چاوم، دەمزانی پەیوەندییەک لە نێوان ئەو دووانەدا هەیە، بەڵام نەیاندەویست بە ئێمە نیشان بدەن یەکتری دەناسن، یاخود لەگەڵ یەکترن، شۆفێرەکە لە ئاوێنەکەی بەردەمییەوە سەیرێکی ئێمەی کرد و وتی: برادەران ئێوە بۆ بێدەنگن؟! قسەیەکمان بۆ بکەن...

منیش وتم: "قسەی چی بکەین؟ ئێمە لە دواوە خەومان دێت"، دواتر ڕووم لەوەی لای ڕاست کرد و وتم: وانی یە برادەر؟ دەمویست بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەم دەم بکاتەوە و تێ بگەم کوردە یان عەرەب؟ لە وەڵامدا سەرێکی بۆ لەقاندم و هیچی نەوت...قسە نەکردنەکەی ئەوەندەی تر منی خستە گومانەوە: "بڵێی ئەم دوو کەسە مەرامێکی خراپیان هەبێت؟!"

لە ڕێگە بۆ پشوو لاماندا و ئەوان دوور لە ئێمە لەسەر مێزێك دانیشتن و سەرنجمدا لە ژێر لێوەوە هەندێك قسەیان لەگەڵ یەکتر کرد، لە چێشتخانەکە نانمان خوارد و سواربووینەوە، ئۆتۆمبێلەکە دەستی بە ڕێگە بڕین کردەوە، پاش ماوەیەك کەوتینە دەشتی "عوزەیم" و بڕینی پانتاییەکی نیمچە بیابان، لە پڕ هەردوو کەسەکە دەمانچەیان دەرهێنا و ئەوەی لای چەپم نایە گەردنی شۆفێرەکە و ئەوەی لای ڕاستیشم خستیە پشت ملی مامۆستاکە، بە زمانی عەرەبی داوایان لە شۆفێرەکە کرد بۆ دەشتەکە لا بدات، ئەویش لایدا، پاش چەند کیلۆمەترێك دوورکەوتنەوە لە جادە سەرەکییەکە وتیان دابەزن، ئێمەش دابەزین و یەکێکیان چەند مەترێك دوور لە ئێمە هەردوو دەمانچەکەی ئاراستەی ناوچاوانمان کرد و ئەوی تریان یەك یەك بانگی دەکردین و دەیپشکنین، منیش بیرم لەو چەند وشەیە کردەوە "پیر خدر" ی دۆستم فێری کردبووم تاکو لە کاتی تەنگانەدا بەکاری بهێنم، بە بێ دەنگی دەستم بە خوێندنی کرد، دوو کەسەکە هەرچی پارە و شتومەکی گیرفانمان بوو دەریان هێنا و لەگەڵ خۆیان بردیان، سواری ئۆتۆمبێلەکە بوون و یەکێکیان دەستی بە لێخوڕینی کرد ئێمەیان لەو دەشتەدا بەجێهێڵا ، ئێمەش بەرەو جادەکە هاتینەوە و دەستمان لە

چەند ئۆتۆمبێلێك ڕاگرت، بەڵام نەوەستان، زۆری نەبرد پیکابێکی دوو کابینە هات و لە دوورەوە هێواشی کردەوە و گەیشتە لامان و ڕایگرت، بینیمان پیاوێکی عەرەبی عەگگال بەسەرە، فەرمووی لێکردین و ئێمەش لەگەڵی سەرکەوتین، شۆفێری تەکسییەکە ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە و ئەویش پێی وتین: "خەمتان نەبێت شوێنیان دەکەوین"، بابای عەرەب بانگی بە پیکابەکەی پەیدا کرد بوو، جارجارێکیش سەرنجێکی منی دەدا، لە یەکێك لە سەرنجەکانیدا پێی وتم "شلۆنەك حاجی" دواتر ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە لە ڕۆژی کۆچی پێغەمبەردا بۆ مەدینە بە حەزرەتی "ئەبوبەکر"ی دەفەرموو " لا تحزن ان الله معنا"، واتە "خەمبار مەبە خودامان لەگەڵە "، من بۆم دەرکەوت ئەمیش یەکێکە لە پیاوە گەورەکان و تەنها بۆ ڕزگارکردنی ئێمە هاتووە، من لە هەموو تەمەنمدا بەو خێراییە لێخوڕینی سەیارەم نەبینی بوو، تەنانەت شۆفێری تەکسییەکە چەند جارێك ئاگاداری کردەوە، بەڵام لە جێگەی هێواش کردنەوە خێراتری دەکرد، لە دوورەوە تەکسییەك بەدەرکەوت کە بە جادەیەکی خۆڵدا بەرەو باشوور لایدا، شۆفێری تەکسییەکە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی ناسییەوە و بە شۆفێرەکەی وت: ئەوە تەکسییەکەی منە، ئەویش بە پیکابەکە لایدا بە دوایاندا و پێشی لێگرتن و ڕای وەستاندن، بەرلەوەی ئەوان دابەزن ئەم دەمانچەی لێڕاکێشان و لە تەکسییەکە دایبەزاندن، ئێمەش هەڵمان کوتایە سەریان و چەکەکانمان لێ سەندن و پارە و شتومەکەکانمان لێ وەرگرتنەوە، شۆفێری پیکابەکە داوای لە ئێمە کرد دەستیان ببەستین و لە پیکابەکەی ئەودا سەریان بخەین بۆ ئەوەی تەسلیمی نزیکترین سەیتەرەیان بکات، دەست و لاقی دوو کەسەکەمان بەست و لە پیکابەمان نان و خۆشمان سواری تەکسییەکە بووینەوە، کابرای عەرەب وتی: "ئێوە بڕۆن و لەم کێشەدا بەشداری مەکەن، چونکە ئێوە کوردن و ئەمانە عەرەبن، ئێوە دەستی ئەمانەتان پێ ناشکێتەوە"، ئێمە خواخوامان بوو ڕزگارمان ببێت و بە سەلامەتی سەرمان دەربکەین، بۆیە زۆر مەمنونی پیاوە عەرەبەکە بووین و لە یەکتر جیا بووینەوە...

گەیشتینە ئەو سەیتەرەی لێیەوە دەچیتە ناو " بەغدا"، ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل بە دوای یەکدا بۆ تێپەڕبوون لە سەیتەرەکە نۆرەیان گرتبوو، نزیکەی نیو کاتژمێری برد تا گەیشتینە بەردەم سەربازەکان، دایان بەزاندین و بردینیان بۆ ژووری

لێكۆڵینـەوە، دوای هەندێ پرسیار لەسـەر هـۆی هاتنەكـەمان بـۆ " بەغدا " و شـوێنی نیشتەجێ بوونمان من و مامۆستاكەیان گل دایـەوە و شـۆفێرەكەیان بـەرێ كرد، پـاش ماوەیەك ئۆتۆمبێلێكیان هێنا و من و مامۆستاكە و سێ كەسی تریان بەچاو بەستراوی تێكرد و ڕەوانەی دائیرەی ئەمنیان كردین، لەوێ فرێیان داینە ژوورێكـەوە كـە زیـاتر لـە پازدە كەسی تری تێدا بوو، پرسیارمان لـە هـۆی گرتنەكـەمان لـە یـەكتری كـرد، كـەس نەیدەزانی لەسـەر چی گیراوە، تـەنها پرسیارێك كـە لـە هـەموومان دەكرا ئـەوە بـوو كـە دەیانپرسی: لە كوێوە هاتووی؟ بۆچی هاتووی بۆ بەغداد؟

ژمارەی گیراوەكـان ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ زیـادی دەكـرد، دوای هەفتەیـەك دەسـتكرا بـە بەردانی هەندێك لە گیراوەكان بەبێ ئەوەی كەس بزانێت بۆچی گیرا و چۆن بەردرا؟

لە یەكێك لەوجارانەی بردمیان بۆ لێكۆڵینـەوە بوێریم دایە بـەرخۆم و پرسیارم كـرد: "دەتوانم بپرسم بۆچی ئێمە گیراوین؟!" ئـەویش هەنـدێك دەنگـی خـۆی نـزم كـردەوە و وتـی: "هەرچـەند پرسـیاركردن قەدەغەیـە، بـەلأم وەلأمـت دەدەمـەوە، سـاحیر و فاڵچییەكان "سـەرۆك"یان ئاگـادار كردۆتـەوە گوایـە لـەم ڕۆژانـەدا كەسێك لـە باكووری عێراقـەوە دێـت بـۆ "بەغـداد" و دەیـەوێت كورسـی لـە ژێـر دەسـەلأتی "سـەرۆك" دەربهێنێت، بۆیە فەرمانمان پێكراوە لێكۆڵینەوە لەگەڵ هەموو ئەو كەسانەدا بكـەین لـە باكووڕەوە ڕوو لە پایتەخت دەكەن "

منیش وتم: "بەڕێز ئێوە كەسی خاوەن دەسەلأت بگرن، ئێمەی هەژار چ هێزێكمان هەیـە تـاكو بـبین بـە تـرس بـۆ سـەر سـەرۆكی ولأت؟" ئـەویش وتـی: "مـامی خـۆم لـەم ولأتەدا ڕۆژانە شتی وا بێ مانا دەبیستم خەریكم لە پێستی خۆم دەردەچم، "بەغداد" بـە هێـزی ئـەمن و ئیسـتیخبارات و سـەرباز تـەنراوە، كەچـی سـاحیرێك وا لـە پیـاوانی دیوانی سەرۆكایەتی دەگەیەنێت كە یەك كەس لە باكووڕەوە دێت و بەسـەر ئـەم گشتە ئەمن و سەربازانەدا باز دەدات و دەچێت كودەتا بەسەر "سـەرۆك" دا دەكات، باشـە وا گریمان كودەتاشی كرد، چۆن بە تەنها دەتوانێت كۆشكی سـەرۆكایەتی لـە بـەردەم ئـەو هێزانـەدا پارێزگـاری لێبكـات؟! بـە خـودا شـێتێتی یـە! هـا...هـا..هـا..."، دای لـە قاقای پێكەنین، پاشان سەیرێكی منی كرد و بە گاڵتـە پـێ كردنـەوە وتـی: "هەرچـەند تـۆ بـۆ كودەتـا بـۆ "بەغـداد" هـاتووی، بـەلأم لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـازادت دەكـەم" دواتـر بـە

پێکەنینـەوە وتـی "حـاجی، ئەگـەر بـووی بـە سـەرۆک کۆمـار لـە یادمـان مەکـە. ها...ها...ها.."

ئەفسەرەکە بڕیاری بەردانی منی دا، بە چاو بەستراوی سواری ئۆتۆمبێلێکیان کردم و لە بازاڕ بەرەلاّیان کردم، منیش تەکسییەکم گرت و چووم بۆ مزگەوتی "گەیلانی".

دەستنوێژم گرت و دوو ڕکات نوێژم خوێند و لە پەنایەکەوە لێی دانیشتم، من چاوەڕوانی کەسێکم دەکرد بێت و لە حاڵم ببپرسێت، زۆری نەخایاند پیاوێکی عەرەب هاتە پاڵمەوە و سەلامی لێ کردم، منیش وەلاّمی سەلامەکەیم دایەوە و سەرنجێکی سەر و سیمایم دا، داوای لێ کردم بچینە دەرەوە، منیش – بە هەندێك ترسەوە – شوێنی کەوتم و چووینە حەوشەی مزگەوتەکە، منی بۆ لای " سێ پیاو و ژنێك" برد کە لە پەنایەکەوە دانیشتبوون، سەلامم لێ کردن و بە دانیشتنانەوە وەلاّمیان دامەوە، یەکێکیان وتـی: ئەوەی لـە لاتـە بیلّـێ، لـە ڕاسـتیدا مـن زۆر نائـارام بـووم، دەترسـام پیاوانی ئەمن بـن و شـوێنی مـن خـرابن، ماوەیـەك هیچـم پـێ نـەوترا، یـەکێکی تریـان هەلّیدایە و وتی: تۆ لە لای "پیر خدر" ە وە هاتووی چ ڕاسپاردەیەکت لە لایە بیلّێ؟ کە ئەوەی وت لێیان دلّنیا بووم، لەگەلّیان دانیشتم و ڕاسپاردەکەم پـێ وتـن: "پادشـای وەخت دەبـێ بگۆڕدرێت"، ژنەکە وتی: "خوێنڕێژیی زۆری لێ پەیدا دەبێت"، یەکێك لە پیاوەکان: "فەساد لە هەموو ولاّتدا شاخ دەکات"، پیاوێکی تریـان: "بێگانـە حوکممـان دەکات"، ئەوەیان هاتە ناو مزگەوتەکە بۆ لام وتـی: "فەسادی ئـەم حاکمـە– مەبەسـتی سەرۆك کۆمار بوو – هیچی لەوانەی وتتان کەمتر نییە!" منیش وتم: "ئێوە دەزانـن ئـەم حاکمە میللەتی ئێمەی قڕکردووە؟! ئاگادارن چ مەرامێکی پیسی هەیە و دەیەوێت چی بکات؟!" وتیان: "بەلّێ.."

یـەکێك لـە پیاوەکـان وتـی: "دیـارە بڕیـاری لێدراوە و ئێمـەش تـەنها گوێڕایـەلّیمان لەسەرە"، وتم: "کەوابوو بمبەن بۆ لای منداڵەکە و با بڕیارەکە مۆر بکات"، یـەکێکیان هەسـتا و وتـی: "لەگـەلّم وەرە"، هەسـتامە سـەرپێ و شـوێنی کـەوتم، لـە مزگەوتەکـە چوینە دەرەوە و هاوڕێکەم تەکسییەکی گرت و خۆی لە پێشـەوە سـوار بـوو، ئاگـام لـێ بوو وتی: "بچۆ بۆ کازمییە"، لەگـەلّ دەرچوونی ئێمـە لـە مزگـەوتی "گـەیلانی" پێنج شـەش ئۆتـۆمبێلی پـڕ لـە ئـەمن و ئیسـتیخبارات خـۆی کـرد بـە مزگەوتەکـەدا و هەندێکیشیان گەمارۆی مزگەوتەکەیان دا، دیار بوو فاڵچییەکان هـەواڵیان بـە پیـاوانی

سەرۆك دا بوو كە ئەو كەسە ئێستا لە مزگەوتی " گەیلانی"یە، بەلأم بە ئێمە ڕانەگەیشتن و لە دەستیان دەرچووین...

ئۆتۆمبێلەكە گەیشتە گەڕەكەكە و لەسەر كۆلأنێكدا هاوڕێكەم داوای وەستانی كرد و هەردوو دابەزین، كۆلأنێكی تەسك و كۆمەلێك خانووی كۆن و بێ خزمەت، هاوڕێكەم تەقەی لە دەرگایەك دا و ژنێك هات بە دەممانەوە و دەرگاكەی لێ كردینەوە، هاوەلەكەم وتی: "دەتوانین سەید ببینین؟" ئەویش بە ساردێكەوە فەرمووی لێ كردین و چووینە ژوورەوە، بینیم منداڵێكی دە - دوازدە سالأن لەناو جێگەدایە و زمانی بە ئەستەم گۆ دەكات، لە كەمەرەی بەرەوخواری ئیش ناكات و شەلەلی هەیە، بە ئاماژەی دەست و هەندێك وشەی پچڕ پچڕ بەخێرهاتنی كردین، دایكی وتی: "لە بەیانییەوە دەڵێت: میوانەكان دێن، بەلأم تكایە تا مێردەكەم نەگەڕاوەتەوە قسەكانتان تەواو بكەن و بڕۆن..."

سەیرێكی منداڵەكەم كرد و ئەویش دەستێكی كرد بە پەڕە و دەستەكەی تری لە شێوەی مۆردا كێشا بە لەپی دەستیدا، بزەیەكی شیرین كەوتە سەر لێوە بێ گوناهەكانی و منیش هەردوو دەستیم ماچ كرد و لەگەلّ هاوەلەكەم هاتینە دەرەوە، ڕەفیقەكەم تەكسییەكی بۆ گرتم، پارەكەی بۆ دام و بە شۆفێری تەكسییەكەی وت: "بیبە بۆ گەراجی نەهزە"، لەوێ سواری تەكسییەك بووم و بۆ شارەكەی خۆم گەڕامەوە...

كە هاتمەوە ماڵەوە بینیم كچەكەم زۆر بۆم پەرێشانە، بەلأم هاوسەرەكەم ئارامی خۆی تێك نەدابوو، هیچ كەسێكی لە سەفەر و ونبوونەكەم ئاگادار نەكردبوەوە..

كچەكەم- بە شۆخییەوە - وتی (بابە ئەم ژنەت تۆی خۆش ناوێت، چەند رۆژە هاواری لێ دەكەم با بچین كەس و كار لە ونبوونی تۆ ئاگادار بكەینەوە، بەلأم نەیدەهێلاّ و دەیوت: خۆی دێتەوە)

دایكیشی لێی هاتە وەلأم و وتی (ئەوە نی یە خۆی هاتەوە؟!)

منیش وتم (چاكتان كردووە كەستان ئاگادار نەكردووە، ئیشەكە وای دەخواست بۆیە دوا كەوتم)

کچەکەم: (بابە من لەم سەفەرانەی تۆ سەر دەرناکەم، تۆ خەریکی چیت و بۆچی سەفەر دەکەیت؟!)

وتم (دیسان ئەم کچە کەوتەوە سین و جیم، " شادی" لێمگەڕێ زۆر ماندووم)

شادی: (ئەم هەموو سەفەرە کە ماوەیەکە دەستت داوەتێ دەترسم ڕۆژێك بۆلامان نەگەڕێیتەوە)

وتم (کچی خۆم خەم لە من مەخۆ، کارەکانی من شتی دونیایی نین، بۆ نموونە چوون بۆ زیارەتی شێخی " گەیلانی" چ مەترسییەکی بۆسەر گیانی من تێدایە؟!)

شادی: (حەوت هەشت ڕۆژ بۆ زیارەتی شێخی " گەیلانی "؟!)

وتم (ئاخر خۆ زیارەت بە پەلە ناکرێت!)

شادی– بە ساردێکەوە – (باشە، قوبوڵمە بۆ زیارەت چوویت)

چەند مانگێك بەسەر سەردانەکەی منداتێپەڕی و وردە وردە نیشانەکانی لادانی ئەو حاکمە هاتە پێشەوە، تا سەرئەنجام " بەغدا" یان لێ داگیر کرد و کۆتایی بە دەسەلاتی هات...

دواتر پێیان وتم ئەو " پێنج " کەسەی لە "بەغدا" بینیت کۆڵەکەی ئەو شارەن و ژمارە بیست و بیست و دوو و بیست و چوار و بیست و پێنجن و ئافرەتەکەش ژمارە چوارەیە، ئەو پیاوەش بە ئۆتۆمبێلەکەی هات و من و نەفەرەکانی لە دەستی دوو دزەکە ڕزگار کرد کەسی ژمارە سیازدە بوو، منداڵەکە کەسی ژمارە "حەوت" بوو...

کچێکی فڕێنراو و
بینینی پیاوی ژمارە سی و یەک

ئێوارە بوو بە ئۆتۆمبێلە کۆنەکەم بۆ ماڵەوە دەگەڕامەوە، لە نزیک ماڵی خۆمان پیاوێک خۆی دا بە بەر ئۆتۆمبێلەکەدا و بینیم کەوت بە زەویدا، بە پەلە ئۆتۆمبێلەکەم ڕاگرت و دابەزیم، لەگەڵ دابەزینی من ئەویش هەستایەوە و چووم بە دەمییەوە و وتم – (خۆ شوکور ئازارت پێ نەگەیشتووە؟!)

ئەویش هەندێک خۆی تەکاند و وتی+ (نەخێر)

–(ئەگەر ئازارت هەیە با بتبەم بۆ نەخۆشخانە)

+ (نە، کاکە نە، ئازاری چی؟! من بۆخۆم کەوتم، خۆ ئۆتۆمبێلەکە بەرم نەکەوت)

– (سوپاس بۆ خودا، بۆ کوێ دەچیت با بتگەیەنم)

+ (مەمگەیەنە، بەڵام گوێم بۆ بگرە، ئەمشەو جێگەیەکت نیشان دەدەن، دەچیت بۆ ئەو شوێنە و کەسێک لە مەینەتی قوتار دەکەیت)

– (تۆش لەوانی؟!) بە شۆخییەوە: (ئەگەر دەمزانی یەکێکی لەوان سەیارەکەم بە باشی دەشکاندەوە سەرت)

بە پێکەنینەوە + (بۆ؟!)

– (ئای دەردتان دەرخوارد داوم! کورە خۆ هەمووتان گێچەڵبازن، ڕێگەم لە یەکێکتان نەکەوت بە سەلامەتی لە دەستی قوتارم ببێت!)

+ (ئەوە پێم وتیت، ئەم شەو فەرمانت پێدەکرێت و سبەینێ دەچیت بەدەم کارەکانتەوە)

– (باشە بەسەر چاو، بەلآم ئێوە ئاوا بکەن دەبێ دوکانەکەم دابخەم)

+ (بۆ؟! دەترسی لە برسان بمریت؟!)

– (کـورە لـە برسـێتی ناترسـم، قسـە و پرسـیاری خـەڵک هەراسـانی کـردووم، نەچـوونم بـۆ دوکـان جێگـەی پرسـیاری دەوروبـەرە، ئێـوە قوڕتـان بەسـەر منـدا کردووە..)

+ (سواربەرەوە و بڕۆ بە ڕێگەی خۆتەوە تا لێم نەداوی)

ئەو کابرایەکی کەتە بوو ترسام لێم بدا، بۆیە بە پەلە سواری ئۆتۆمبێلەکە بوومـەوە، لە کاتی بەڕێکەوتنم وتم (ئەم ئێوارەیە وەرە بۆ ماڵی ئێمە)

ئەویش وتی (وتم زوو بڕۆ)

منیش پێم لە سەیارەکە توند کرد و بە پەلە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە...

شـەوەکەی سـەرم کـردە سـەر سـەرین، ڕێـم لـە شـەقامێك کـەوت ئـەم بـەر و ئەوبـەری دوکـان بـوو، ژن و پیـاو بـە ڕووتـی بەسـەر یـەکتردا کـەوتبوون، لـە چـەند دوکانێـك ئافرەتەکان بۆم دەهاتن و پەلیان دەگرتم، دەیانویست بمبەنـە ژوورەوە و کاری خـراپم پێ ئەنجام بـدەن، خـۆم لـە دەستیان ڕاتەکاند و قوتارم بـوو، بـە کۆڵانێکدا سـەرکەوتم، دەرگایـەك کرایـەوە و چـوومە ژوورەوە، ماڵەکـە لێـوان لێـو بـوو بـە پیسـی و بۆگـەنی، ئـافرەتێکی ڕووگـرژی بـۆن نـاخۆش هـات بـە ڕوومـدا و فـەرمووی لـێ کـردم، چـوومە ژوورێك کچۆڵەیەکی سپی پێستی تێدا بوو، لەبەرم پاڕایەوە ڕزگاری بکەم، منیش پـەلم گرت و زۆر بە زەحمەت لە ماڵەکە دەرم کرد، پاش ماوەیەك ڕۆیشتن سواری تەکسییەك بووین کە ژمارەکەی سی و یەك بوو، بەو هۆیەوە من و کیژۆڵەکە قوتارمان بوو..

بەیانی بە ئاگا هاتم، شارەکە و شەقامەکە و کۆڵان و ماڵەکەم لە یاد بوو، پارەیـەکی زۆرم لەگـەڵ خـۆم بـرد و بـەرەو گـەراج بـەڕێ کـەوتم، دوای "چـوار" کاتـژمێر گەیشـتمە بـەرەوە و تەکسـییەکم بـۆ ئـەو شـەقامە گـرت و گەیاندمییـە جێگەکـە، بـە شـەقامەکەدا هەنگاوم هەڵدەگرت و ورد دەبوومەوە، پیاوێك لە دواوە دەستی خستە سەرشـانم و بـێ پێشەکی وتی +(دەڵێی خەڵکی ئەم شارە نیت؟!)

– (خەڵکی ئەم شارە نیم و لە شارێکی ترەوە هاتووم)

+ (شوێن و جێگەت هەیە؟)

– (نەخێر، ئەگەر بمێنمەوە دەچمە ئوتێل)

+ (من شوێن و جێگەی باشم هەیە و هەرچی تۆ حەزی لێ بکەی تێیدا هەیە)

– (ئوتێلت هەیە؟)

+ (وەکو ئوتێل وایە، بەڵام ماڵە، ئەگەر حەز بکەی جێگەی ڕابواردنیشی تێدایە)

– (نا کاکە نا، تۆ بە هەڵەدا چووییت، من موشتەری ئەو جۆرە شتانە نیم، بڕۆ بە ڕێگەی خۆتەوە)

کەسەکە لێم دوور کەوتەوە و کردییە ئەو بەر جادەکەوە، ئاگام لێ بوو لەگەڵ یەکێکی تر هەندێ چپەچپی کرد، ئەوجا کەسەکەی تر هاتە ئەم بەرەوە و بە هەمان دەستووری ئەوەی یەکەم کەوتە بانگهێشت کردنم، ئەویشم بەڕێ کرد و بەرەو کۆڵانەکە کەوتمە ڕێ، چاوم بۆ ئەو دەرگایە دەگێڕا کە لە خەونەکەمدا تەقەم لێدا و چوومە ژوورەوە، لە دەرگایەک نزیک بوومەوە و ماڵەکەم ناسییەوە، زەنگێکم لێدا، ئافرەتێکی قەڵەو دەرگاکەی کردەوە و وتی + (فەرموو)

منیش وتم– (بۆ ئێرە ڕەوانە کراوم)

ئەویش وتی + (ئا، کاک سیامەندی؟) بە بێ چاوەڕوانی وەڵامی من وتی (فەرموو، فەرموو، کاک " ئازاد"ی مەسول....ناردیتی؟)

منیش سەرێکم بۆ لەقاند و چوومە ژوورەوە، ئافرەتەکە وتی + (لەو ژوورەدایە، بڵێ بە کاک "ئازاد" زۆر عەزێتی نەدا، دەبێ ئەوەی " ئازاد" پێم دەدا بەڕێی خەستەخانەوە بۆی سەرف بکەم)

منیش سەرێکم کێشایە ژوورێک و بینیم کچۆڵەیەکی نیمچە ڕووتی " سیازدە " سالآن پاڵ کەوتووە، کەمنی بینی وتی (تووو خودا ئازارم مەدە)

منیش وتم (ئازارت نادەم، مەترسە)

بە بینینی ئەو دیمەنە لە هەموو شتێک گەیشتم، بۆم دەرکەوت ئەو "ئازاد" ناوە کەسێک بۆ لای ئەم ئافرەتە دەڵآڵە ڕەوانە دەکات و دەیەوێت ئەم کچۆڵەی بۆ بەرێت،

بۆیە خێرا بە زووترین کات کچەکە ڕزگار بکەم، چونکە لەوانەیە پیاوەکەی " ئازاد" بەڕێوە بێت.

ئافرەتە دەلاڵەکە بە کچۆڵەکەی وت + (هەستە خۆت کۆ بکەرەوە و لەگەڵ ئەم پیاوە بڕۆ)

کچۆڵەکە – بە زمانێکی نیوە کوردی – (بۆ کوێ؟! تووخودا بۆ کوێم دەبەن؟!)

ئافرەتە دەلاڵەکە بە تووڕەییەوە: (هەستە سەرپێ ئەوەندە ناز و نووکمان بەسەردا مەکە)

کچەکە هەستایە سەرپێ و دەستی کرد بەخۆ پۆشتە کردنەوە...

ئافرەتە دەلاڵەکە+ (ئازاد هیچی بۆ نەناردووم؟)

منیش وتم– (هیچ وەکو چی؟!)

ئافرەتەکە+ (پارە)

وتم (دەیوت خۆم پێی دەدەم)

ئافرەتەکە + (بڕیارمان وا نەبوو، دوێنێ " پێنج هەزار" م بەدەست گەیشت، من تەلەفونم بۆ کرد و وتم: ئەو پارەیە کەمە، هەزاری ترم بۆ بنێرە، ئەویش وتی: "پێنج سەد"ی ترت بۆ دەنێرم، ڕاوەستە بچم تەلەفونێکی بۆ بکەم)

منیش بیرم کردەوە تەلەفون بکات هەموو شتێکم لێ تێك دەچێت، بۆیە زوو هاتمە دەست و وتم –(پارەکەی چەندە من پێت دەدەم و خۆم لە کاك "ئازاد"ی وەردەگرمەوە، تەلەفون مەکە)

ئافرەتەکە + (ئێ دەوا بڵێ، تۆ زۆر بەخشندەی، حەق بوو خەڵاتێکت بکەم، وتم پارەکە" پێنج سەد " دیناڕە)

منیش بە ناچاری بۆ هەڵنەوەشانەوەی کارەکەم و ڕزگارکردنی ئەو بەستەزمانە "پ[illegible] دینارم پێ دا...

تـا ئـەو گفتوگۆیـە ئـەنجام درا کچـۆڵەکە خـۆی پۆشـتە کـردەوە، عەلاگەیـەکی بـە دەستەوە گرت و لە ژوورەکە هاتە دەرەوە، ئافرەتە دەلاڵەکە پرسیاری لە من کرد وتی+ (کوا سەیارەکەت؟ بۆ نەتهێناوەتە بەر دەرگا؟)

منیش وتم– (تووخوا ئەوە ئەقڵە تۆ هەتە؟ سەیارەی کاك " ئازاد " کە لایەك لەم شارە دەیناسێت و ژمارەکەی لای هەموو دونیا ئاشکرایە، چۆن دەیهێنێتە ئەم بەر دەرگایە؟!)

ئافرەتەکە +(ئەی بە چی دەیبەیت؟)

وتم – (بـە تەکسـییەك، شـۆفێرەکەی حیمایـەی کـاك " ئـازاد" ە لەسـەر شـەقامە سەرەکییەکە چاوەڕوانمان دەکات)

ئافرەتەکـە + (" ئـازاد " ئـاوا بکـا مـن کەشـف دەبم، دەبـێ وەك گەڕەکەکـەی تـر دەربکرێم و بگوێزمەوە)

وتم (خەمت نەبێ موشتەرییەکان خانووت بۆ پەیدا دەکەن)

کچۆڵەکەم دوای خۆم خست و لە ماڵەکە هاتینە دەرەوە، کاتێك گەیشتینە کۆتایی کۆڵانەکە ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرزی جام ڕەش دای بە پاڵماندا و بەرە و ماڵی ئافرەتە دەلاڵەکە بەڕێ کەوت، تەکسییەك لەسەری کۆڵانەکەدا وەستا بوو، دەستێکم لێ ڕاگرت و هەردوو سوار بووین و وتم (زۆر بە پەلە لێرە دوورمان بخەرەوە)

شۆفێرەکە مەردانە پێی لە تەکسییەکە توند کرد و منیش لە ئاوێنەی تەکسییەکەوە سەیری دواوەوەم دەکرد تاکو بزانم شوێنمان کەوتوون یان نە؟ دوای ماوەیەکی باش لە ڕۆیشتن دەستم کرد بە گیرفانمدا تاکو پارەی تەکسییەکە بدەم، شۆفێرەکە وتی (کاك " سەعید "پارەم ناوێت، با منیش خێرێکم دەست بکەوێت، تۆ نابێت بچیت بۆ گەراج، ئەم شەو هەردووکتان میوانی منن)

من دەمویست تا لە ترس ڕزگارمان دەبێت کچەکە بهێنمەوە بۆ ماڵی خۆمان و دواتر کەس و کاری ببینمەوە، بە پەیدابوونی ئەو ناسراوە زۆر دڵخۆش بووم و سوپاسی خوام کرد...

شـۆفێری تەکسـییەکە بردینییـەوە بـۆ مـاڵی خۆیـان، خانـەوادە و مـاڵ و منـداڵی نموونـەی ڕێـزو حورمـەت بـوون، تـا ئەوکاتـە کچۆڵەکە تێنەدەگەیشت چی ڕوویـداوەو بۆکوێ دەبرێت، ئەو وای دەزانی ڕەوانەی لای گورگەکەی دەکەین کەناوی" ئازاد"بوو.

چووینە ژوورەوە و بەخێرهاتنێکی زۆر گەرمیان کردین، لـە تەنهاییـدا بە کچۆڵەکەم وت – (ئەگەر منداڵەکانی ئەم خانەوادەیە پرسیاریان لێ کردی بڵێ: کچی ئـەو پیـاوەم و بۆ لای دکتۆر هاتووین)

دواتـر بـۆم دەرکـەوت شـۆفێری تەکسـییەکە نـاوی " سـامی" بـوو، لەگـەڵ "سـامی" خاوەن ماڵ پرسیارمان لە کچۆڵەکە کرد – (ناوت چییە؟)

وتی+ (ناوم " سوهام " ە)

– (کێ تۆی هێنا بۆ ماڵی ئافرەتە دەڵاڵەکە؟)

کچۆڵەکە سەربوردەی خۆی بۆ گێڕاینەوە و وتی +(من خەڵکی شاری "موسڵ"م. بـابم مامۆسـتای قوتابخانەیـە، مـن لـە قوتابخانـە دەگەڕامـەوە ئۆتـۆمبێلێکی جـام ڕەش لەبەردەمم وەستا و ئافرەتێك و گەنجێکی لێ دابەزی، بـە زۆر منیـان سـوار کـرد و لـە نـاو سـەیارەکەدا بـە لێـدانی دەرزییـەك بێهۆشـیان کـردم، کـە هۆشـم کردەوە لە ژوورێکدا بەند کـراوم، ئـەوە سـێ هەفتەیـە مـن لـەو ماڵـەدام، ئـەو ماڵـە ماڵێکی خراپن و خەڵکی خراپ هاتووچۆیان دەکات، شەوانە چـەندین ژن و پیـاو دێنە ماڵیان، ژووڕێکیان تایبەت کرد بوو بە من، بۆئەوەی کەس نەمبینێت، بەڵام من لە پەنجەرەکەوە ئەوانم دەبینی، ئەو خێزانە سـێ کەسن: ژنەکـە و مێردەکـەی و کوڕەکەی، شەوان کوڕەکەی لە لای من دەخەواند)

پرسیم– (خۆ کوڕەکەی دەستدرێژی نەکردووەتە سەرت؟)

وتـی+ (نـا، چـونکە ژنەکـە دەیـوت تـۆم بـۆ مەسـوڵێك هێنـاوە سـەفەری دەرەوەی کـردووە و لـەم ماوەیـەدا دەگەڕێتـەوە، زۆر هەڕەشـەی لـە کوڕەکـەی دەکـرد بـۆ ئەوەی دەستدرێژی نەکاتە سـەرم، لـە بەیانییـەوە پـێم دەڵێت: تـۆ دەنێـرم بـۆ لای پیاوێکی زۆر چاك، سـێ ڕۆژ لای دەمێنیتـەوە و دواتـر دەتهێننـەوە بـۆ ئێـرە، بـە بێ پرسی من لەگەڵ هیچ کەسێك نەچیت بەم لاو بەو لادا، چونکە دەتکوژن)

دیار بوو دەستدرێژی نەکردنە سەری لە لایەن هەتیوەکەیەوە بۆ ئەوە بوو بە پارەیەکی زۆرتر بە " ئازاد" ی بفرۆشێت و ترساندنی کچەکەش بۆ ئەوە بووە لە دەستی دەرنەچێت و بازرگانی لاشە فرۆشی پێوە بکات...

پرسیارم لە کچەکە کرد- (خۆ کەسی تر دەستدرێژی نەکردۆتە سەرت؟)

وتی+ (نا)

زۆر سوپاسی خوام کرد و پاشان پرسیم - (ئەگەر بتبەینەوە بۆ مالّی بابت مالّی خۆتان پێ دەزانی؟)

وتی+ (بەڵێ)

وتم - (ئێستا هەستە برۆ بنوو، بەیانی لەگەڵ کاك "سامی" دەتبەینەوە بۆ لای دایك و بابت، کچۆڵەکە باوەڕی نەدەکرد، ترس لە چاوەکانیدا دەبینرا، وتم- (کچەکەم تۆ وەك کچی من و کاك "سامی" وایت، هیچ خەمت نەبێت، خوا ئێمەی بۆ پزگارکردنی تۆ ڕەوانە کردووە، دیارە دایك و بابت خەڵکانێکی باشن وا بە ڕەوانە کردنی ئێمە خوا دەرووی لە تۆ و لەوان کردۆتەوە)

کاك " سامی" هاوسەرەکەی بانگ کرد و وتی (لە ژووری کچەکان جێگەی نوستن بۆ ئەم کچە ئامادە بکەن، ئەو ڕۆیشت و من و کاك "سامی" دوو بە دوو ماینەوە، پرسیارم لێکرد - (تۆ چۆن بەم چیرۆکەت زانی؟)

ئەویش وتی + (لە ڕاستیدا من هیچم دەربارەی ئەم کچۆڵەیە نەدەزانی، شەوی ڕابردوو سێ جار ئاگاداریان کردم دەچیت لەسەر ئەو کۆڵانە - ئەو جێگەیەی ئێوەم لێ سوار کرد - دەوەستیت، پیاو و کچێك سوار دەکەیت و دەیانهێنیتەوە بۆ مالّی خۆتان، ڕوخساری تۆ و کچەکەیان نیشان دام و وتیشیان پیاوەکە ناوی "سەعید" ە و بە کارێکی چاکەی گەورە هەڵدەستێت، لە بەیانییەوە لەو سەری کۆڵانەدا وەستاوم تا ئێوەم بینی و سوارم کردن، بەڵام تۆ چیرۆکی خۆتم بۆ بگێڕەرەوە)

- (چیرۆکی من؟! کوڕە لە من بگەڕێ، من قوڕم بۆ گیراوەتەوە، ئەوەی نەگبەت بێت منی بۆ ڕەوانە دەکەن)

+ (كىٚ دەتنيٚريٚت؟)

– (ئەو كەسانەى بە شەو تۆ ئاگادار دەكەنەوە و بۆ لاى منت ڕەوانە دەكەن)

+ (كەوا بوو تۆش وەك من قوڕت بەسەردا كراوە؟!)

– (بۆ تۆش وەكو منت بەسەرهاتووە ؟ سوپاس بۆ خوا نەگبەتيٚكى تری وەك خۆم دۆزييەوە؟!)

+ (كاك "سەعيد" هەر شەوىٚ بە لايەكدا دەمنيٚرن، ماوەيەك لەمەو پيٚش لە خەوندا پيٚيان وتم: "گويٚدريٚژيٚك لە قەبرستانى باكووری شاردا بەستراوەتەوە و هەفتەيەكە هيچى نەخواردووە، بچۆ بيكەرەوە"، منيش سەيرم كرد شەوە و زۆری ماوە ڕۆژ ببيٚتەوە، لە دڵى خۆمدا وتم: دەخەومەوە و بەيانى دەچم سەريٚك لەو قەبرستانەكە دەدەم، نازانم خەو هاتەوە چاوم يان نە، هاتنەوە بۆ گيانم و وتيان: "نەمانوت بڕۆ؟!"، لێت ناشارمەوە هەنديٚك لە گيانى خۆم بيٚزار بووم و وتم: "ئەرىٚ خودايە لەم شارەدا تەنها منت هەيە؟!" دە يەكيٚكى تر بنيٚرە، وەلاّهى ناڕۆم"، سەرم خستەوە سەر سەرين، بەلاّم ئەم جارەيان هاتنەوە، چۆن هاتنەوەيەك؟! تۆ بڵىٚ چۆن هاتنە گيانيٚك؟! خودا دەزانيٚت وەخت بوو لە پيٚستى خۆم بيٚمە دەرەوە، بە ئاگا هاتم، هەموو گيانم دەلەرزی، ئەوەندە بە پەلە هەستام لە بيرم چوو پشتوێنەكەم ببەستم، تەكسييەكەم پىٚ كرد و لە ماڵ هاتمە دەرەوە و ڕووم لە قەبرستانەكە كرد، بينيم گويٚدريٚژيٚك پەتيٚكى دريٚژی لە مل كراوە و سەرەكەی تری پەتەكە لە كيٚلى قەبرەكان ئالاّوە و ناتوانيٚت بجوڵيٚتەوە، پەتەكەم كردەوە، گويٚدريٚژەكەم لە تەكسييەكە بەست و بەو شەوە بۆ ماڵەوەم هێنايەوە، بيهێنە پيٚش چاوی خۆت كەريٚك لە تەكسييەك بەستراوە و شۆفێرەكەی بە پيٚی كەرەكە تەكسييەكە لێدەخورىٚ، هەر كەسيٚك بەو درەنگانەی شەو ئەو دیمەنەی دەبينی دەستی بە پيٚكەنين دەكرد، گودريٚژەكەم گەياندە ماڵەوە و ئاو و خواردنم پيٚدا و بردم لەو دەشتە بەرەلاّم كرد)

منيش بە شۆخييەوە بە كاك "سامی"م وت (جا بەس نييە بەو شەوە كەسيٚكت لىٚ پەيدا نەبووەو لێتبكاتە قاوو بڵێت پياويٚكم بەسەر كەريٚكەوە بينيوە؟!)

+ بە پێکەنینەوە: (بە خودا ئەمانە ئاوامان پێبکەن ئەو پەندەشمان بەسەردا دێنن)

ئەو شەوە لە ماڵی کاك "سامی" ماینەوە و بەیانی کچەکەمان سواری تەکسییەکە کرد و بەرە و "موسڵ" بەڕێ کەوتین، تا نەگەیشتینە ناو شاری "موسڵ" کچەکە باوەڕی نەدەکرد بۆ ماڵی بابی دەبەینەوە، ماڵەکەیان لە گەڕەکی "زەنجیلی" ئەو بەری ڕوباری "دیجلە" بوو، کچەکە زۆر وریا بوو بە چەند کۆڵانێکدا ئێمەی تێپەڕاند و لەبەردەم دەرگایەکی سێ تاکیدا وەستا و وتی: ئەمە ماڵەکەمانە، کچەکەمان سواری تەکسییەکە کردەوە و تەقەمان لە دەرگا دا، ژنێك هات بە دەممانەوە و بە زمانی عەرەبی فەرمووی لێ کردین، بە دوای ئەودا پیاوەکەی هاتە دەرەوە، دیار بوو پیاوەکەی کورد بوو، وتم (ئێوە کچێکتان بزر بووە بە ناوی "سوهام"؟)

باوك و دایکی کچەکە زۆر بە پەرۆشەوە: (بەڵێ بە قوربانت بم، چی دەربارەی دەزانن؟!)

دەمویست لەسەرخۆ هەواڵەکەیان پێ بدەم وتم (ئەگەر کەسێك هەواڵی بزانێت چ خەڵاتێکی دەکەن؟)

بابی کچەکە: (داوای ئەم خانووە بکات بۆی چۆڵ دەکەم)

وتم (ئەی ئەگەر کچەکەی لەگەڵ خۆی هێنابێتەوە، باوەڕ دەکەن؟!)

لەگەڵ بیستنی ئەو قسەیە دایکەکەی هات بە چۆکدا و لە حەوشەکەدا دانیشت و بابی کچەکە دەستی بە گریان کرد و وتی (لە کوێ یە؟! بە قوربانت بم)

وتم (کچەکەتان لەو تەکسییەدایە بچن دایبگرن)

هەردوو بۆ لای تەکسییەکە هەڵهاتن و دەرگاکانیان کردەوە، کچەکەیان داگرت و هەموو دەستیان بە گریان کرد، گریانێکی گەرم تا ڕادەی هەڵقرچانی ناخ و دەروون، من و "سامی" ش لەگەڵیان دەستمان بە گریان کرد، فەرموویان لێ کردین و چوویینە ژوورەوە، کەس و کاریان لە هەموو لایەکەوە بۆ بەشداری کردن لە خۆشییەکەیان بەسەرپاندا دابارین، ئەو شەوە خێزانەکە نەیان هێلاّ من و کاك "سامی" بگەڕێینەوە، شەو بابی کچەکە پرسیاری کرد چۆن ئەم کچەی منتان دۆزییەوە؟)

ئێمه هەموو بەسەرهاتەکەمان بۆ گێڕایەوە، خێزانەکەی و هەموو میوانەکانمان لە سەلامەتی ناموسی کچەکە دڵنیا کردەوە، بابی کچەکەش وتی (دوای ئەوەی لە دۆزینەوەی کچەکە بێ هیوا بووم، هەموو ڕۆژێك دەچوومە " نەبی یونس" و لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە لەو مزگەوتەدا و لە خزمەتی " نەبی یونس" دا دەگریام و دەپاڕامەوە، چەند ڕۆژ لەمەوبەر پیاوێك هاتە تەنیشتمەوە و وتی: بەسە ئیتر مەگری، دوعاکانت قوبوڵ بووە، کچەکەت بۆ دەهێننەوە...

وتم: کێ دەیهێنێتەوە؟

وتی: برا کوردە خاوەن شەرەفەکانت...

بە قسەکەی زۆر دڵخۆش بووم، "سێ " ڕۆژە لە ماڵەوە دەرنەچووم و چاوەڕوانی هاتنی ئێوەم...

بۆ بەیانی لەگەڵ کاك "سامی" گەڕاینەوە و منیش هاتمەوە بۆ شارەکەی خۆم...

پیاوه ماسیگرەکه

ڕۆژێکی هەینی خواردن و شتومەکمان پێچایەوه و هاوسەرەکەم و "شادی" کچم سواری ئۆتۆمبێلە کۆنەکە کرد و بەرەو قەراغ دەریاچەکە بەڕێ کەوتین، کۆتایی مانگی هاوین و سەرەتای پایز بوو، گەرما تینی نەما بوو، زەوی بۆنی پایزی لێ دەهات، دەریاچەکە شینی دەکردەوه، هاوینان و سەرەتای پایز ئاوی دەریاچەکە پاشەکشێ ی دەکرد و زەوییەکی زۆری بە پیتی بۆ کشتوکاڵ بەجێ دەهێلاڵ، جێگەیەکمان بینییەوه و شتەکانمان داگرت و جێگەمان ڕاخست، ئەو ڕۆژە لە لای من ڕۆژێکی تایبەت بوو، بە قەدەر سەد بەهار چێژم لێ دەبینی، لە دوورەوه پیاوێك بەلەمەکەی لە قەراغەوه بۆ ناو دەریاچەکە بەگەڕ خست و بەرەو قوولایی سەوڵی لێدا، دیار بوو خەریکی ڕاوه ماسی بوو، چونکە لە دوورەوه تۆڕەکەیم بینی بۆ ناو ئاوەکە هەڵی دا...

هاوسەرەکەم وتی: "سەعید" بۆ ناچیت هەندێ ماسی لەو پیاوه بکڕیت پێدەچێت ماسیگر بێت..

منیش هەستام و بە قەراغ دەریاچەکەدا کەوتمە پیاسە کردن، زۆری نەبرد ڕاوچییەکە بەرە و قەراغ دەریاچەکە گەڕایەوه و لوتی بەلەمەکەی گەیاندەوه وشکانی و بۆخۆشی لە بەلەمەکە دابەزی، منیش لێی نزیك بوومەوه و سلاوم لێ کرد، پیاوەکە وەلامی سلاوەکەی دامەوه و وتی: + (پێدەچێت حەزتان لە ماسی بێت؟)

– (بەڵێ، ئەگەر ماسیت گرتبێت؟)

+ (دەمزانی حەزتان لێیەتی، بۆیە بۆ ئێوه تۆڕەکەم هەڵدا، چەندین ماسی گەورەی پێوه بووه)

ڕاوچییەکە دوو–سێ ماسی چەند کیلۆیی پێداین و منیش وتم – (بە بێ تۆ نایخۆین)

+ (تۆ بڕۆ ئامادەی بکە و چایەکە دەم بکە، با من یەك دوو جاری تر تۆڕەکە هەڵ بدەمەوە ، بەڵکو بە بەرەکەتی هاتنی ئێوە منیش چەند ماسییەکی گەورە ببەمەوە)

پرسیاری ناویم کرد وتی + (ناوم " ڕەزا " یە)

– (منیش ناوم "سەعید"ە)

من گەڕامەوە بۆ لای هاوسەرەکەم و " شادی"، ئەوانیش ماسییەکانیان پاك کرد و منیش چایەکەم پێگەیاند، ماسیگرەکەش دوای چەند جارێك هەڵدانی تۆڕەکەی هاتەوە بۆ قەراغ دەریاچەکە، بەلەمەکەی ڕاگرت و هات بۆ لای ئێمە، پرسیم – (هیچت دەست کەوت؟)

+ (ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر تایبەتە، ڕۆژانی تر دەیان جار تۆڕەکەم هەڵدەدا کەچی زۆر کەم ماسی پێوە دەبوو، کەچی ئەمڕۆ " پێنج " جار هەڵمداوە هەر پێنج جارەکە ماسی باش و گەورەی پێوە بووە)

– (کەسێکی بەخشندە و خێرخوازی وەکو تۆ خوا بێ بەشی ناکات)

+ (هەرکەسێك هاتبێتە ئەم قەراغ دەریاچەیە بێ ماسیم نەکردووە، گەر ژەمی منداڵەکانی خۆشم بوو بێت، بەشم داوە)

– (خوا خێرت بنوسێت) دواتر پرسیم (لە زووووەوە ماسیگریت؟)

+ (بۆ " بیست ساڵ " دەچێت کارم ڕاوە ماسی یە)

– (ژیان و گوزەرانت چۆنە؟)

+ (باشە، دەری دەهێنێت، ئێمە دەبێت هەمیشە لەبەر خودا بیارێینەوە و بە تەمای هاتنی ڕۆزیی ئەو ڕۆژەمان بین، ماسیگر هەمیشە بەهیواوە دەژی، هەر ڕۆژێك هیوای گەورە بێت ماسی گەورە دەگرێت)

– (ناتەوێت کار و پیشەکەت بگۆڕیت؟)

+ (جاران کاری ڕاوەماسی باش بوو، ئێستا بەو جۆرە نییە، چەندجارێك ویستوومە پیشەکەم بگۆڕم، بەڵام ...)

– (بەڵام چی..؟) ئەو هەر بێدەنگ بوو، بۆیە پرسیم (شارەزاییت لە کارو پیشەی تر هەیە؟)

+ (بەڵێ، کاری تر دەزانم، بەڵام..)

– (با ئیتر وتنی"بەڵام" بەس بێت، دەروونی خۆتم بۆ والاّ بکە، پێم خۆشە گوێت لێ بگرم)

+ (" یازدە " ساڵ لەمەوبەر شەوێك خەونێکم بینی)

– (خەونەکەت چی بوو؟)

+ (لە خەونەکەدا پێیان وتم: سبەینێ پیاوێك لە قەراغ دەریاچەکە چاوەڕوانت دەبێت، ئەو پیاوە دەتوانێت ژیانی تۆ بگۆڕێت، نیشانەکەی ئەوەیە دەستەکانی وەك لۆکە نەرمن، بەیانی تاریك و لێڵە لە ماڵەوە دەرچووم، تا گەیشتمە قەراغ دەریاچەکە دونیا ڕۆشنای کرد بوو، لە دوورەوە تارماییەکم بینی بە قەراغ دەریاچەکەدا هات وچۆی دەکرد، لێی نزیك بوومەوە بینیم پیاوێکی غەریبەیە، سەلامم لێ کرد و دەستم بۆ تەوقەکردن درێژکرد، ئەویش دەستی نایە ناو دەستم، هەستم کرد دەستی زۆر نەرمە، وام نەدەزانی ئێسکی تێدا بێت، وتم: من ئەمشەو تۆیان نیشان داوم، تووئەو خودایەی تۆی ڕەوانە کردووە تەگبیرێکی ژیان و گوزەرانم بکە، ئەویش لە وەڵامدا وتی: دەبێ ئارام بگریت، ژن و پیاوێك دێنە قەراغ ئەم دەریاچەیە، سکالاّی خۆت بەوان بگەیەنە و پێیان بڵێ دوعات بۆ بکەن، نیشانەی ئەو ژن و پیاوە ئەوەیە ماسیان بۆ دەگریت و هەر ئەو ڕۆژەش ماسییەکی سپی بە تۆڕەکەتەوە دەبێت، ئەوە " یازدە " ساڵە هەر ژن و پیاوێك دێنە قەراغ ئەم دەریاچە من ماسیان بۆ دەگرم و دەرخواردیان دەدەم، بەڵام ماسییە سپییەکە نابێت بە تۆڕەکەوە و بە هیوای ڕۆژێکی تر بۆ ماڵەوە دەگەڕێمەوە)

منیش بە شۆخییەوە وتم – (یانی لەبەر خۆت بوو ماسیت دەرخوارد داین؟!)

+ (هەرکەس هاتبێت، گەنج، منداڵ، ژن، پیاو بێ بەشم نەکردووە، خوداش کەیفی خۆیەتی)

کە ماسیگرەکە ئەو قسانەی دەکرد هاوسەرەکەم زۆر بە وردی گوێی بۆ گرتبوو، دوای پشوودان و نان خواردن و چا خواردنەوە ڕاوچییەکە هەستاو وتی+ (با بچم تۆڕەکەم یەک دوو جاری تر هەڵبدەمەوە)

هاوسەرەکەم هاتە دەنگ و وتی (بە هیوای گرتنی ماسییە سپییەکە تۆڕەکەت هەڵبدە)

ئەو ڕۆیشتەوە بۆ لای بەلەمەکەی و منیش خەوەنوسکێ داگیری کردم، هەندێ لێی نوستم، کە بە ئاگا هاتم ڕۆژ خەریک بوو لە عەسر نزیک دەبوویەوە، شتەکانمان کۆ کردەوە و خستمانە ناو سندووقی ئۆتۆمبێلەکە، من و " شادی" سواربووین و "فاتمە " ی هاوسەریشم چاوی بە جێگەکەدا دەگێڕا، نەبادا شتێکمان لە بیر چووبێت، دواتر ئەویش سوار بوو و وتی: "سەعید" ئەو پیاوە ماسی گرە لە دوورەوە دەست بەرزدەکاتەوە و هاوار دەکات..

منیش ویستم گوێ بە قسەکەی نەدەم و بڕۆم، بەڵام شتێک بە دڵمدا هات و لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیم، بینیم ڕاوچییەکە دەست بەرزدەکاتەوە و هاوار هاواریەتی و بە پەلە بەلەمەکە بەرەو قەراغ دەریاچەکە دەهێنێتەوە...

وتم لەوانەیە ماسی تری بۆ گرتبین، بەڵام هەر ئەوەندە بەلەمەکەی گەیاندە وشکانی دابەزی و بە ڕاکردن هات بۆ لای ئێمە، لە دوورەوە هاواری دەکرد + (گرتم، گرتم، ماسییەکەم گرت)، کە گەیشتە بەرەوە ماسییەکی بە دەستەوە بوو دەتوت بەفرە، ماسییەکی پانی یەک کیلۆیی کە هێشتا دەجوولاێەوە، ڕاوچییەکە وتی (ئێوەن، ئێوەن دەبێت دوعام بۆ بکەن، خۆت و خێزانت، تکا دەکەم دوعام بۆ بکەن)

منیش پیاوەکەم ئارام کردەوە و وتم – (گەر بە دوعای ئێمە تۆ ژیانت بگۆڕێت ئەوە چەندین شەو دوعات بۆ دەکەین)

+ (ئاخر دەبێت بەڵێنم پێ بدەن)

– (ئەو پیاوە هیچی تری دەربارەی ئەو ماسییە سپییە پێ نەوتی؟)

پیاوه ماسی گرەکه هەندێك بیری کردەوه و پاشان وتی (با، با، له بیرم چوو بوو. وتی: که ماسییەکەت گرت، دوای مردنی ماسییەکه لەگەڵ ئەو ژن و پیاوه بیخەرەوه دەریاچەکه زیندوو دەبێتەوه، ئەو وتی: ئەوەش بەڵگەی گەیشتنته بەو ژن و پیاوه)

وتم – (ئێستا ماسییەکه مردووه؟)

+ (بەڵێ، پێدەچێت ئێستا گیانی تیادا نەمابێت)

منیش بانگی خێزانم کرد و هەر سێ ڕۆیشتین بۆ قەراغ ئاوەکه و دوای ئەوەی دڵنیابووین له مردنی ماسییەکه وتم (ماسییەکه بخه ناو ئاوەکه)

ئەویش بە ئەسپایی ماسییەکەی لە ئاوەکەدا دانا، گەورەیی بۆ خوا، ماسییەکه کەوتەوه جوڵه و کلك بادان و پاش ماوەیەك بەرەو قوڵایی دەریاچەکه ئاوەکەی شەق کرد و تا له چاوان ون بوو به سەرسامی لێی ورد بووینەوه..

کە زانیم ئەو هاتنەمان لەخۆوە نی یە و بۆ ئەو مەبەستە بووە کە "یازدە" سالّ لەمەوبەر پیاوه ماسیگرەکەیان لێ ئاگادار کردووه وتم – (برام گەر ڕاستت دەوێت من کە له خۆم ورد دەبمەوه هیچ چاکەیەك له خۆمدا شك نابەم، بەڵام گەر خوا وای بوێت بە داوای من و ئەم ژنەم گوزەرانی تۆ باش ببێت ئەوا بەڵێن بێت بەرانبەرت کەمتەرخەم نەبین...

ناو و نیشانی خۆم به پیاوه ماسیگرەکه دا و بۆ ماڵەوه گەڕاینەوه...

بە درێژایی زیاتر لە یەك مانگ من لە دوای نوێژەکانم بۆ ئەو پیاوه لەبەر خوا دەپارامەوه و بە بەردەوامی بیری خێزانم دەخستەوه دوعا بۆ ئەو پیاوه بکات، ڕۆژێك هات بۆ دوکان زۆر گەش و دڵخۆش هاتە بەرچاوم، پرسیاری ژیان و گوزەرانیم کرد، له وەڵامدا وتی+ (زۆر باشم)

وتم – (بە چی؟)

+ (بە ڕەحمی خودا)

– (باشە بە ڕەحمی خوا، بەڵام خوا چ جۆرە وەسیلەیەکی بۆ ڕێکخستی؟)

+ (له حەوشەی خانوەکەی خۆمدا خودا بەشی دام)

– (زۆر یان کەم؟)

+ (ئەوەندە هەتا مردن ئاتاجی دەستی هیچ کەسێك نەبم)

تێگەیشتم لە ماڵەکەیدا شتێکی بینیوەتەوە و نایەوێت باسی لێوە بکات، ئەو تەنها دەیەوێت بە من ڕابگەیەنێت کە ژیان و گوزەرانی گۆڕاوە، منیش پیرۆز بایم لێ کرد و خۆشحاڵی خۆمم بۆ دەربڕی، دواتر وتی (باشە کاك "سەعید" بۆچی تەنها هەژاران تامی دەوڵەمەندی دەکەن؟! کە مرۆڤ دەوڵەمەند دەبێت تام و چێژی دەوڵەمەندی ناکات، بەڵام ئەو کاتانەی کە هەژارە بە بیرکردنەوە لە دەوڵەمەند بوون تام و چێژ وەردەگرێت!)

– (کاك " ڕەزا " مرۆڤ تێرخواردنی نی یە، لە هیچ شتێك تاسەی ناشکێت، حەزدەکات هەرچی پارەی دونیایە بۆ ئەو بێت، هەرچی موڵکی ئەم سەر زەوییەیە لەسەر ئەو تاپۆ بکرێت، دەیان و سەدان ژن و کەنیزەکی هەبێت، ئەگەر بە هەموو ئەمانەش بگات هێشتا حەز دەکات بیکات بە " دوو " ئەوەندە و " دە " ئەوەندە کەچی لەگەڵ ئەو گشتە دونیایەشدا مرۆڤ تینوێتی لە شتەکان ناشکێت)

+ (بەڵام من بڕیارم داوە پیشەی خۆم و ژیانی خۆم نەگۆڕم و هەتا مردن بە سادەییەکەی جارانمەوە بژیم، دەزانی بۆ؟)

– (بۆ؟)

+ (یەکەم، چونکە لە کارەکەم چێژ وەردەگرم، دووەم وەفاداری بۆ پیشەی ماسیگریم کە خودا بەهۆیەوە دەرگای لێ کردمەوە، ناشمەوێت لە خۆم بگۆڕێم)

– (لەمانە گرنگتر ئەوەیە چاوت لە هەژاران و نەدارانەوە بێت، خوا بۆیە دەرگای لێ کردویتەوە تا لە بەخشینەکانی بەهرەمەند ببیت و سوپاسگوزاری بیت، تۆ زیاتر لە "بیست" ساڵە لەسەر هەژاری ئارام دەگریت، لە تاقیکردنەوەی خوا دەرچووی، تۆ مرۆڤێکی ئارامگر بوویت، ئێستا بە ماڵ و سامان تاقیدەکرێیتەوە کە پێویستە سوپاسگوزار بیت، بە سوپاس کردنی خوا لە تاقیکردنەوەکە دەردەچیت، سوپاس کردن ئەوەیە بەهرەکانی خوا لە جێگەی خۆی بەکار بهێنیت، بەهۆی ماڵ و سامانەوە خۆت لە ژەنگ و ژاری دەروونت

پاك بکەیتەوە، کاك "ڕەزا " ئومێد دەکەم خوا لەسەر ڕێگای دروست ڕاوەستاوت بکات)

" ڕەزا " سەری داخست و بە کوڵ گریا و وتی + (با سەربوردەیەکی هەژاری خۆمت بۆ بگێڕمەوە)

وتم – (فەرموو)

+ (مانگی ڕەمەزان بوو، سێ ڕۆژی مابوو بۆ جەژن، هاوسەرەکەم وتی: "ڕەزا " بەڵکو ئەم سێ ڕۆژە بەیانی زوو بچیت بۆ ڕاوە ماسی، تاکو هەندێك ماسی بگریت و مەسروف جەژنی پێ دەربهێنین، چونکە بۆ ئەم جەژنە هیچ لە ماڵماندا نییە...

منیش وتم: باشە سبەینێ زوو بە ئاگام بهێنە با بڕۆم بەسەر کارمەوە، سبەینێ تاریك و لێڵە چووم بۆ ماسی گرتن، ئەو ڕۆژە هەتا لێڵەی کرد من تۆڕم هەڵدا، بەڵام هیچم دەست نەکەوت، ئێوارە بە گەردنی کەچەوە هاتمەوە بۆ ناو منداڵەکان، بۆ ڕۆژی دووەم دیسان چوومەوە سەر کار، هەروەکو ڕۆژی پێشوو تەنانەت چەند ماسییەکیشم بۆ منداڵەکان دەست نەکەوت، ڕۆژی سێ یەم زۆر پاڕامەوە بەڵکو هیچ نەبێت گۆشتی جەژنی منداڵەکانم دەست بکەوێت، بەڵام وەك دوو ڕۆژەکەی تر بە دەستی بەتاڵ هاتمەوە بۆ لای منداڵەکان، لە ڕێگەی گەڕانەوەم بۆخۆم زۆر دڵتەنگ بووم، دەستم بە گریان کرد، بیرم لە سبەی دەکردەوە، ڕۆژی جەژنە و گۆشت لە ماڵی ئێمەدا نی یە، جل و بەرگی نوێم بۆ منداڵەکان نەکڕیوە تەنانەت پارە نەبوو چوکلێتی جەژنی پێ بکڕم، ئەی خودایە بۆ سبەینێ خەڵك ڕوو لە ماڵمان دەکات من چی بکەم؟ نە شەربەتێك، نە چوکلێتێك لە ماڵماندا نییە.. لەگەڵ خێزانم بڕیارمان دا سبەینێ ی ڕۆژی جەژن منداڵەکان زوو بە ئاگا بهێنین و بچین بۆ قەراغ دەریاچەکە، لەوێ کەس نامان بینێ و لە دەستی میوانیش قوتارمان دەبێت، بەیانی زوو – دەتوت کۆڕەوە – منداڵەکانم بە ئاگا هێنا و بەرەو دەریاچەکە تێمان تەقاند، بۆ ئێوارە هەتا دونیا بە تەواوی تاریك نەبوو نەگەڕاینەوە، هەر بەو جۆرە ڕۆژی دووەم و سێیەمی جەژنمان بەڕێ کرد، بەڵام سەیر لەوەدا بوو لای منداڵەکان ڕۆیشتن بۆ قەراغ دەریاچەکە زۆر بە تام بوو، منداڵە وردەکان دەیانوت: بابە، جەژنان خەڵکی

دەبێ بچن بۆ قەراغ دەریاچەکە؟ منیش دەموت: بەڵێ بابە گیان، یەکێك لە منداڵەکان زۆرزان بوو وتی: بابە ئەی بۆ خەڵکی تر لێرە نین؟ منیش وتم: بابی خۆم ئەوان لەوبەری دەریاچەکەن، منداڵەکەش بە ئەسپایی دەیوت: بابە درۆ مەکە..)

من و " ڕەزا " تێر بە قسەی منداڵە زۆرزانەکەی ئەو پێکەنین، "ڕەزا" لە گێڕانەوەی سەربوردەکەی بەردەوام بوو: (ئەو سێ ڕۆژەی جەژن لە قەراغ دەریاچەکە باشترین و گەورەترین ماسیم بۆ منداڵەکان گرت، دەتوت بەشە ماسی سێ ڕۆژەکەی پێش جەژنیان بۆ سێ ڕۆژەکەی جەژن بۆ هەڵگرتووین، کاك "سەعید" گیان من ئەو ڕۆژگارانەم بینیوە، ڕاستە گیرفانم گۆڕاوە، بەڵام ئازار و برینە قوواڵەکانی هەژاری ناخی بریندار کردووم، پارە ڕووالەتی من دەگۆڕێت، بەڵام ناخم هەر "ڕەزا " هەژارەکەی جارانە، لێم نایەت کەش و فش بکەم و پۆزی دەوڵەمەندانە لێ بدەم، کە دەچم بۆ کار لە بیری خۆم دەبەمەوە چ گۆڕانێك بەسەر ژیانمدا هاتووە، هەر " ڕەزا" کەی قەدیمم، هاتووم دەستم لێ بەرنەدەیت و لە دوعا و ئامۆژگاری خۆت بێ بەشم نەکەیت)

دوای ئەو قسانە کاك " ڕەزا " مۆڵەتی خواست و گەڕایەوە بۆ شارۆچکەکەی خۆیان...

منداڵێکی بەندکراو

ڕۆژێك " حەمە ئەمین " لە دوکانەکە سەری لێدام و هاتە ژوورەوە، ئەو ڕوخساری گـۆڕانی بەســەردا هـاتبوو، ســەر و ســیمای وەکـو جـاران نـەبوو، تەنانـەت نەغمـەی قسەکانی بە دەنگێکی تر گۆڕا بوو، لە خۆم پرسی هۆی ئـەم گۆڕانـەی "حەمە ئـەمین" بۆچی دەگەڕێتەوە؟! من لە مێژە ئەم پیاوەم نەبینیوە، بڵێی شتێکی بەسـەر نـەهاتبێ و بەهۆیەوە گۆڕانێکی تیا خولقا بێت؟ "حەمـەمین" لـە ئـارامی هـەڵژەنرا بـوو، چـاوەکانی خامۆشییەکی سەیری تێدا بوو، بزە و خەندە و شۆخییەکانی جارانی پێوە نـەدەبینرا، ئەو هات و هەواڵی پرسیم و منیش وتم – (من باشم، تۆ باشی؟!)

ئەویش سەری نەوی کرد و وتی + (منیش خراپ نیم)

– (کاك "حەمە ئەمین " وەك جاران ناکەویتە پێش چاوم، شتێك ڕوویداوە؟!)

+ (بڵێم چی؟ دۆستایەتی تۆ بۆ من ژیانمی سەرلەبەر گـۆڕی، مـن پیـاوێکی بـێ ئاگا بووم، وام دەزانی ژیان تەنها ئەو شتەیە مـن دەیبینـم و دەیگـوزەرێنم، بـەڵام ئێستا لای من ژیان مانایەکی تری هەیە)

– (کاك "حەمە ئەمین" تەنانەت قسەکانت لە قسەکانی جاران ناچن!)

+ (بەهەرحاڵ من بۆ شتێکی تر هاتووم، پرسیار و وەڵام واز لێبهێنە)

– (ئەو شتە چی یە بۆی هاتووی؟!)

+ (کەسێك هاتە لام و باسی منداڵێکی بۆ کردوم)

– (منداڵ؟!)

+ (بـەڵێ منـداڵێك کـە بـابی پیـاوێکی بێکـەس و کـار بـووە، دایکیشـی بەسـەر یەکەمین منداڵەوە – کە ئەو منداڵەیە ئێستا بەند کراوە – گیـانی لەدەسـت داوە،

ئـەو منداڵـە گیـانی لـە مەترسـیدایە، پیاوەکـە – دوای مردنـی هاوسـەرەکەی – منداڵەکـەی تـا تەمـەنی "شـەش" سـاڵی پـەروەردە دەکـات، دواجـار کەڵکەڵـەی چـوونە هەنـدەران دەکەوێتـە سـەری، بـەڵام بیر لـە شـوێن و جێگەیـەك بـۆ تاقـە کوڕەکـەی دەکاتـەوە، چـی لێبکـات و بیداتـە دەسـتی کـێ؟ ئـەو دەیویسـت بگاتـە هەندەران و پاشان بگەڕێتەوە بۆ وڵاْت و منداڵەکەی لەگەڵ خۆی ببات...

بۆ تەگبیرکردنی منداڵەکەی تـەنها ئافرەتێك شك دەبات کـە پـووڕزای هاوسـەرەکەی بووە، ئەو ئافرەتە تەنها یەك جار لەگەڵ مێردەکەیدا سەردانی ماڵی ئەوانی کرد بوو، ئەو لەو میواندارییەدا ژن و مێردەکەی بە خراپ نەکەوتبووە بەر چاوان، بۆیە بڕیاری دا سەردانیان بکات و لەو بارەوە قسەیان لەگەڵ بکات...

پـاش چـەند ڕۆژێـك سـەردانیان دەکـات و پێیـان دەڵێـت: بـە نیـازە بچێتە هەنـدەران، بەڵام تاقە منداڵەکەی کۆسپە لەبەردەمیـدا، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش بـۆ لای ئـەوان هـاتووە، ئایـا دەتـوانن ئـەو منداڵـە بگرنـە لای خۆیـان؟ ئـەو بـەڵێنیان پـێ دەدات هەرکـە گەیشتە بـەرەوە مانگانـە پارەیـان بـۆ بنێرێتـەوە بـەو هۆیـەوە ئـەو خێزانـە ژیـانی خۆیـان و منداڵەکەی پـێ دابین بکەن...

ژن و پیاوەکـە بـەو پیاوەیـان وت: چـەند ڕۆژێـك مۆڵـەتیان پـێ بـدات، تـاکو بیرێکـی لێبکەنـەوە، ئـەویش مۆڵـەتی دوو ڕۆژیـان پـێ دەدات، پـاش ئـەو ماوەیـە ژن و پیاوەکـە دێنـەوە لای و ڕازی بوون لەسـەر وەرگرتنی تاقە کوڕەکـەی نیشـان دەدەن، بـەڵام دەڵێن: پێویسـتە "هـەزار" دۆلار بـۆ کوڕەکـەی بـەجێ بهێڵێـت تـا دەگاتـە بـەرەوە، دواتـریش هـەموو مانگێـك "شـەش" سـەد دۆلاریـان لـە هەندەرانـەوە بـۆ بنێرێتـەوە، پیاوەکـە لـە ناچاریدا ڕازی دەبێت، شەوێك دەسـتی " زمناکۆ"ی تاقانە دەگرێت و دەیبات بۆ ماڵی ئـەو خێزانـە، دوای تێـر مـاچ کردنـی "زمنـاکۆ" و ڕژاندنی فرمێسـك ئـەو شـەوە لەگـەڵ هاوڕێکانی ڕێگەی هات و نەهات دەگرێتە بەر و وڵاْت بەجێ دەهێڵێت، لە پـاش "سـێ" مـانگ لـە چەرمەسـەری دەگاتـە ئـەوروپا، دەسـت بـە ئـیش و کـار دەکـات و مانگانـە "شـەش" سـەد دۆلار پـارە بـۆ "زمنـاکۆ" و خێزانەکـە دەنێرێتـەوە، ژن و پیاوەکـە بـێ ویژدانانـە دەکەونـە ئـازاردان و بڕسـی کردنـی "زمنـاکۆ"، ئـەوان نـەیان هێڵاْ "زمنـاکۆ" بچێتە قوتابخانـە، چـونکە ڕۆژانـە دەبـوا لـە بـازاڕدا عەلاگـە و شـتە وردە بـە دەسـتەوە بگرێـت و بۆیـان بفرۆشـێت، کـە ئێـوارە دادەهـات و بـۆ ماڵـەوە دەگەڕایـەوە، ئـەوانیش

دینار به دینار حسابیان لەگەڵ دەکرد، دواتر بە برسێتی لە ژوورێکی سارد و سڕدا سەری دەنایەوە و بەیانی زوو بە ئاگایان دەهێنا و دەیان ناردەوە بۆ سەر کارەکەی. پیاوەکە دەیویست مندالّەکە لەژێر چەپۆکی خۆیدا بێت و چاو و گوێ نەکاتەوە، لە بازاڕدا چەندین کەسی بەسەرەوە کرد بوو بە چاودێر، بۆخۆشی لە ڕۆژێکدا دوو سێ جار دوور و نزیک شوێنی دەکەوت، نەبادا لە دەستیان هەڵبێت و " شەش" سەد دۆلارەکەیان لە دەست دەربچێت، بابی "زمناکۆ" مانگانە تەلەفونی دەکرد و داوای دەکرد کوڕەکەی قسەی لەگەڵ بکات، ژن و پیاوەکە کوڕەکەیان لە ژێر هەڕەشە و فشاردا دەهێنا و پێشتر ئاگاداریان دەکردەوە چ قسەیەک دەڵێت و چی لەگەڵ بابیدا باس دەکات، مندالّەکەش لە ترسی لێدان و سزادان بە بابی دەوت کە ئەو زۆر باشە و لە قوتابخانەدایە، جل و بەرگی جوان لەبەر دەکات و پووپە "ڕووناک" و مێردەکەی و کوڕ و کچەکانی لەگەڵی زۆر باشن، ئەو حەز ناکات بچێت بۆ هەندەران و دەیەوێت لە لای ئەوان بمێنێتەوە و تازە بووە بە کوڕی ئەوان، بابی زۆر سوپاسی ژن و مێردەکەی دەکرد و دەیوت: بە نیاز بووە زوو بگەڕێتەوە، بەڵام مادام کوڕەکەی ئاسودەیە گەڕانەوەکەی بۆ ساڵێکی تر دوا دەخات، بەو جۆرە " چوار " ساڵ ئەو مندالّە دەچەوسێننەوە و پارەی ئەو کابرا هەژارە دەخۆن، ئەوان هەموو جەژنێ تەواوی جل و بەرگ و خواردنی بۆنەکەیان لەسەر بابی " زمناکۆ " بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پاروویەک نانیان بۆ ئەو مندالّە بەستە زمانە بە زیاد دەبینی، بە خراپترین شێوە سزایان دەدا و دەیان ڕەنجاند و دەچەوسایەوە، مندالّەکە ڕێگەی لە یەکێک لە برادەرەکانی بابی دەکەوێت و تکای لێدەکات تەلەفونێ بۆ بابی بکات و پێی بڵێت: "ئەو مالّە لەگەڵی زۆر خراپن، زوو بگەڕێتەوە و چارەسەرێکی بکات"، برادەرەکەی بابی پێی دەڵێت: "ناونیشان و ژمارەی تەلەفونی بابتم لە لا نی یە، پێویستەژمارەکەیم بۆ پەیدا بکەی"، بەڵام چۆن ژمارەکە پەیدا بکات؟ گەر داوای ژمارەکە لەو ژن و مێردە بێبەزەییە بکات، ئەوا گومانیان بۆ دروست دەبێت و ئەوەندەی تر چاودێری لەسەری تونند دەکەنەوە و لەسەر ئەو کارە سزای قورسی دەدەن، " زمناکۆ " دەیزانی ژمارەکەی بابی لە دەفتەرەکەی بەر باخەڵی مێردەکەی "ڕووناک"دایە، دەبێت هەوڵ بدات دەفتەرەکە بەدەست بهێنێت، بۆیە وەک مندالّێک بیری کردەوە و هاتە سەر ئەو ڕایەی داوا لە مندالّە بچووکەکەیان بکات بۆ ئەوەی دەفتەری بەرباخەڵەکەی بابی بۆ بهێنێت، مندالّەکەی دڵخۆش کرد و شتێک پارەی پێدا، ئەویش لەو کاتەی کە بابی گەڕایەوە

ماڵەوە و چۆخەکەی لە خۆی کردەوە بە ئەسپایی دەستی برد بۆ بەرباخەڵی چۆخەکە و دەفتەرەکەی دەرهێنا، ویستی هەستێتە سەر پێو بچێت بۆ لای "زمناکۆ" لەو کاتەدا دایکی هات بە ژووردا و دەفتەرەکەی بەدەستی منداڵەکەوە گرت، دەستی بە لێدانی کرد و پرسی بۆ کوێی دەبات، منداڵەکە وتی "زمناکۆ" داوای لێکردووە و پارەی پێداوە تاکو دەفتەرەکەی بۆ بدزێت، قسەی منداڵەکە تەقینەوەی بۆمبێکی گەورە بوو، ئەو شەوە تا بەیانی ژن و پیاوەکە خەریکی سزادانی " زمناکۆ " بوون بۆ ئەوەی بزانن ئەو ژمارەیە بۆ کوێ دەبات و بە کێی دەدات؟ ئەویش وتی: تەنها بیری بابی کردووە، حەزی کردووە ژمارەکەی بە یەکێك بدات تاکو بۆی وەربگرێ و قسە لەگەڵ بابیدا بکات، "سێ " ڕۆژ ئەو ژن و پیاوە خودا نەناسە سزای ئەو کوڕەیان دا، ئەوە "بیست" ڕۆژیشە لە ژووریێکی بچوکدا بەندیان کردووە، گەر کەسێك بە هانای منداڵەکەوە نەچێت چەند ڕۆژێکی تر گیانی لە دەست دەدات، بۆیە داوام لێکراوە من و تۆ پێکەوە بچین و ئەو منداڵە قوتار بکەین..)

منیش بە شۆخییەوە وتم – (" حەمەئەمین" گیان تۆش بە سەر منەوە بووی بە شت، تەنها من شت نیم، هەموتان خاوەن پلە و پایەن، بەڵام پێم بڵێ چۆن ماڵەکە بدۆزینەوە؟!)

+ (من ناونیشانێکم پێدراوە، خوداش کارمان بۆ ئاسان دەکات)

– (باشە "حەمەئەمین" تۆ لە کێیەوە ئەم هەواڵەت بیست؟)

+ (لە کەسێکەوە تۆ چەند دەیناسیت منیش ئەوەندە، دوێنێ عەسرەکەی سەردانێکی گۆڕی کاکم کرد و ماوەیەك لەو جێگە مامەوە، من لە کورپەی گریاندا بووم کابرایەك دای بە شانمدا و وتی: هەستە بۆ مردوو مەگری، بۆ زیندووەکان بگری، دواتر بە دوور و درێژی ڕووداوەکەی بۆ باس کردم، پرسیاری ناونیشانم لێکرد، ئەویش وتی: ئەم شەو جێگەکەت نیشان دەدەن، لە کاتی ڕۆیشتندا وتی: بچۆ بۆ لای "سەعید"ی برادەرت و باسەکەی بۆ بکە و پێکەوە بچن بە دەمیەوە، شەوەکەی نوستم و لە خەوندا جێگەکەیان نیشان دام، خودا حەز بکات سبەینێ پێکەوە دەچین...)

ماڵەوە و چۆخەکەی لە خۆی کردەوە بە ئەسپایی دەستی برد بۆ بەرباخەڵی چۆخەکە و دەفتەرەکەی دەرهێنا، ویستی هەستێتە سەر پێو بچێت بۆ لای "زمناکۆ" لەو کاتەدا دایکی هات بە ژووردا و دەفتەرەکەی بەدەستی منداڵەکەوە گرت، دەستی بە لێدانی کرد و پرسی بۆ کوێی دەبات، منداڵەکە وتی "زمناکۆ" داوای لێکردووە و پارەی پێداوە تاکو دەفتەرەکەی بۆ بدزێت، قسەی منداڵەکە تەقینەوەی بۆمبێکی گەورە بوو، ئەو شەوە تا بەیانی ژن و پیاوەکە خەریکی سزادانی " زمناکۆ " بوون بۆ ئەوەی بزانن ئەو ژمارەیە بۆ کوێ دەبات و بە کێی دەدات؟ ئەویش وتی: تەنها بیری بابی کردووە، حەزی کردووە ژمارەکەی بە یەکێك بدات تاکو بۆی وەربگرێ و قسە لەگەڵ بابیدا بکات، "سێ " پۆژ ئەو ژن و پیاوە خودا نەناسە سزای ئەو کوڕەیان دا، ئەوە "بیست" پۆژیشە لە ژووریێکی بچوکدا بەندیان کردووە، گەر کەسێك بە هانای منداڵەکەوە نەچێت چەند پۆژێکی تر گیانی لە دەست دەدات، بۆیە داوام لێکراوە من و تۆ پێکەوە بچین و ئەو منداڵە قوتار بکەین..)

منیش بە شۆخییەوە وتم – (" حەمەئەمین" گیان تۆش بە سەر منەوە بووی بە شت، تەنها من شت نیم، هەموتان خاوەن پلە و پایەن، بەڵام پێم بڵێ چۆن ماڵەکە بدۆزینەوە؟!)

+ (من ناونیشانێکم پێدراوە، خوداش کارمان بۆ ئاسان دەکات)

– (باشە "حەمەئەمین" تۆ لە کێیەوە ئەم هەواڵەت بیست؟)

+ (لە کەسێکەوە تۆ چەند دەیناسیت منیش ئەوەندە، دوێنێ عەسرەکەی سەردانێکی گۆڕی کاکم کرد و ماوەیەك لەو جێگە مامەوە، من لە کورپەی گریاندا بووم کابرایەك دای بە شانمدا و وتی: هەستە بۆ مردوو مەگری، بۆ زیندووەکان بگری، دواتر بە دوور و درێژی پوودواوەکەی بۆ باس کردم، پرسیاری ناونیشانم لێکرد، ئەویش وتی: ئەم شەو جێگەکەت نیشان دەدەن، لە کاتی پۆیشتندا وتی: بچۆ بۆ لای "سەعید"ی برادەرت و باسەکەی بۆ بکە و پێکەوە بچن بە دەمیەوە، شەوەکەی نوستم و لە خەوندا جێگەکەیان نیشان دام، خودا حەز بکات سبەینێ پێکەوە دەچین...)

+ ("حەمە ئەمین" گیان، خوا ڕەحم بە من و تۆ بکات، هەرچی سەیر دەکەم دەردەکەی من تۆشی گرتۆتەوە) دواتر پێم وت (باشە بە سەر چاو، سبەی پێکەوە دەچین..)

سبەینێ "حەمە ئەمین" بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە هاتە لام و پێکەوە بەرە و جێگەی مەبەست بەڕێ کەوتین، لە ڕێگە پرسیارم لە "حەمە ئەمین" کرد: (چۆن و لە کوێوە کارەکەمان دەست پێ بکەین؟)

ئەویش وتی (ناوی ئەو ژن و پیاوە بێ ویژدانەم لە لایە، ناوی بابی منداڵەکەش دەزانم، ئەگەر ماڵەکەمان بینییەوە ئەوا هەواڵی بابی منداڵەکە دەپرسین و گەر پرسیاریان کرد قسەم ئامادە کردووە...)

دوای یەک کاتژمێر لە ڕێگە بڕین گەیشتینە شار و ڕوومان لە گەڕەکێکی هەژاری قەراغ شار کرد، من شارەزا نەبووم خۆم دابوویە دەستی "حەمە ئەمین"، نیو کاتژمێرێک کۆڵان بە کۆڵان بە ئۆتۆمبێلەکە دەسوڕاینەوە دواجار "حەمە ئەمین" سەیارەکەی ڕاگرت و وتی (ئەم ماڵەیە...)

وتم (دڵنیایت؟)

وتی (بەڵێ، ئەمە ئەو ماڵەیە شەو نیشانیان داوم..)

وتم (تەقە لێ بدە)

"حەمە ئەمین" دابەزی و تەقەی لێدا و پاش کەمێک ژنێک هات بە دەممانەوە، "حەمە ئەمین" پرسیاری کرد (ئێرە ماڵی کاک "خالید"ە؟)

ژنەکە بە هەندێک پەشۆکانەوە: (بەڵێ، فەرموو چیت دەوێت؟)

حەمە ئەمین: (بۆخۆی لە ماڵە؟)

ژنەکە: (نە.. نەخێر یانی بەڵێ، بەڵێ لە ماڵەوەیە)

حەمە ئەمین: (دەتوانی زەحمەت بکێشیت بۆم بانگ بکەیت؟)

لەو قسە و گفتوگۆیانەدا بوون پیاوەکە بۆخۆی هاتە دەرەوە و ژنەکە وتی ("خالید" ئەم دوو پیاوە تۆیان دەوێت)

خالید – بە بێ سلاّو و مەرحەبا– (فەرموو کاکە چیتان دەوێت؟)

حەمە ئەمین– بە پێکەنینەوە – (برام سەلامێ؟ مەرحەبایێ؟ فەرموویەکمان لێ بکە)

خالید: (ئەی نەمووت فەرموو چیتان دەوێت؟)

حەمە ئەمین: (بە هەرحاڵ، کاك "خالید" ئێوە "شۆڕش" دەناسن؟)

خالید: (کام شۆڕش؟!)

حەمە ئەمین: (ئەوەی ناسراوی ئێوەیە و ئێستا لە هەندەرانە؟)

خالید – بە شڵەژانەوە – (بەڵێ دەیناسم، خێرە بۆ چیتانە؟)

حەمە ئەمین: (" شۆڕش " قەرزی لە لای منە، دەمەوێت بۆی بگێڕمەوە، زۆر هەواڵمان پرسی دواجار ناونیشانی ماڵی ئێوەیان پێداین و وتیان ئەوان زۆر لەوەوە نزیکن)

خالید – سەرنجێکی ژنەکەی خۆی دا – (جا بیدەن بە ئێمە بۆی دەگێڕینەوە، ئێمە حسابمان لە نێواندا هەیە)

حەمە ئەمین: (وەلاّ مەمنونیشتان دەبم، بەلاّم چۆن ئاگاداری بکەم پارەکەم بۆ گێڕاوەتەوە و داومەتە دەستی ئێوە؟)

ژنەکە: (ئەوە گرفت نی یە خۆمان ئاگاداری دەکەینەوە)

حەمە ئەمین: (جا خوشکێ شتی وا دەبێت؟ چۆن لەخۆمەوە پارە دابنێم و خاوەنەکەی لێئاگادار نەکەمەوە؟)

خالید: (کاکە بڕۆ کەسێکی تر بدۆزەرەوە و پارەکەی بۆ بنێرەوە، دیارە متمانەت بە ئێمە نی یە؟)

حەمە ئەمین: (مەسەلەکە کەم متمانەیی نی یە، تەنها دەمەوێت لە گێڕانەوەی پارەکە ئاگاداری بکەمەوە)

ژنەکە: (ئەو بە ئێمەی وتووە ناونیشان و ژمارەی تەلەفونی بە کەس نەدەین)

حەمە ئەمین – بۆ بڕینی گومانی ژن و پیاوەکە – (باشە گرفتێك لە گۆڕێدا نییە. هـەر کاتێـك لـە هەنـدەران گەڕایـەوە ئـەم ژمـارە تەلەفونـەی مـنی پـێ بـدەن. بـا پەیوەندیم پێوە بکات، لەوانەشە هەر لە بیری نەمابێت، بەڵام گـەر تـا یـەك – دوو ساڵی تر دیـار نـەبوو بـۆی دەکـەم بـەخێر، چـونکە دونیـا "هـەزار" مـردن و ژیـانی تێدایە با قەرزاری دەرگای خودا نەبم)

"حەمە ئەمین" ژمارەیە تەلەفونی دایە دەستیان و دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە و سـواربوویـەوە، سـەیارەکەی خسـتەوە ئـیش و خـوا حـافیزی کـرد و هەنـدێك جـولاێین، "خالید" و ژنەکەی بانگیان لێ کردین تـاکو بوەسـتین و زیـاتر قسـەیان لەگەڵـدا بکـەین، "حەمـە ئـەمین" بـەگێکی بـە سـەیارەکە دانـا و گەڕایـەوە بـۆ لایـان و وتـی (فـەرموو، قسەیەکتان هەبوو؟!)

دیـار بـوو " خالیـد" و ژنەکـەی تـەماعی خواردنی پارەکـە گرتبـوونی و دەیانویسـت ئەو پاروو چەورەیان لە دەست دەرنەچێت، بۆیە خالید وتی (پارەکە زۆرە؟)

حەمە ئەمین (ئەگەر کەم بوایە بۆم دەکرد بـەخێر و زەحمـەتم بـەر ئێـوەش نـەدەدا، بەڵام گرفتێك نی یە ئەگەر بۆ ئێوە ئەرکە برادەرێکی تر شك دەبـەین کـە برایـەکی لە هەندەرانە و دەیوت: ئەو "شۆڕش"ەی ئێوە باسی لێوە دەکـەن لەگـەڵ براکـەی من لە یەك شاردایە)

خالید: (نا، بۆچی زەحمەتە؟ ئێمە تەنها مەبەستمان قسەی "شۆڕش" خۆی بوو، ئەو وتبووی ژمارەکەی بە کەسـی تـر نـەدەین، ئێستا مـن بۆخـۆم دێـم لەگـەڵتان و ژمارەی تەلەفونەکەتان بۆ وەردەگرم و قسەی لەگەڵ بکەن)

حەمە ئەمین: (مەمنونین، زەحمەتت بەر دەدەین)

" خالید" مان سواری ئۆتۆمبێلەکە کرد و ڕۆیشتین بـۆ نووسـینگەیەکی تەلـەفون و "خالیـد" بۆخـۆی ژمارەکـەی دا بـە کارمەندەکـە و وتـی ئـەو ژمارەیـەمان بـۆ وەربگـرە، زۆری نەبرد بانگیان کردین بـۆ ئـەوەی بچینە کابینـەی ژمـارە "چـوار"، "حەمـە ئـەمین" هەستا و ڕۆیشت بۆ کابینەکە، "خالید" یش دەیوست لەگەڵی بچێتە ژوورەوە بەڵام من هەسـتامە سـەر پـێ و پـەلم گـرت و لەسـەر کورسـییەکە دام نایـەوە و وتم: کاکـە ئـەوە برادەرییەتی و "بیست" سالٌ پێکەوە ژیاون و هەزار قسە و نهێنی لە نێوانیاندا هەیە،

جوان نی یه گوێیان لێ بگریت، "خالید" شەرم گرتی و دانیشتەوە، بەلأم ئۆقرەی لێبڕا بوو، ناو بە ناو هەڵدەستایە سەر پێ و دەڕۆیشت و دەهات، نزیکەی " دە " خولەك " حەمە ئەمین " قسەی کرد، پاشان "خالید"ی بانگ کرد بۆ ناو کابینەکە، ئەویش "پێنج "خولەکێك قسەی کرد و دواتر هاتنە دەرەوە و "خالید"مان گەیاندەوە ماڵەوە و ئێمەش بەرەو بازاڕ بەگەڕ کەوتین...

لە ڕێگە پرسیارم لە "حەمە ئەمین " کرد و وتم (چیت کرد؟)

وتی (خۆم بە " شۆڕش " ناساند و باسی ژیانی پڕ چەرمەسەری کوڕەکەیم بۆ کرد، پێم وت بە بیانووی گێڕانەوەی قەرز بۆ تۆ چووینەتە لای "خالید" و ژنەکەی، ئێستا "خالید" م لەگەڵە و چاودێرێم دەکات، بۆیە بۆ ئەوەی بە تێر و تەسەلی قسەی خۆمان بکەین ئەم ژمارە تەلەفونە لای خۆت بنووسە و پاشتان تەلەفونم بۆ بکە، داوام لێ کرد قسە لەگەڵ " خالید" بکات و پێی بڵێ: "من ئاگاداری ئەو قەرزە بووم، بەلأم گەردنم ئازاد کردووە و نامەوێت بۆم بگێڕێتەوە، چونکە چاکەی زۆری لەسەرمە"، بەڵێنیشی پێ بدا چەند ڕۆژێکی تر پارەیان لە هەندەرانەوە بۆ دەنێرێتەوە تاکو "خالید" گومان نەبا و هەوڵی ڕاکردن و تیابردنی منداڵەکە نەدەن، ئەوە بوو "خالید"ی بانگ کرد و زۆر بە گەرمی چاك و چۆنی و هەواڵپرسی لەگەڵ کرد، ئەو دوو خاڵەی تێگەیاند و وتی: "ئەو پیاوە یەکێکە لەو کەسانەی چاکەی بەسەر منەوە زۆر زۆرە و شەرم دەکەم ئەو بڕە پارەیەی لێ وەربگرمەوە، لەم ڕۆژانەشدا چەند سەد دۆلارێکتان بۆ دەنێرمەوە و لە دوکانی حەواڵەچییەکە وەری بگرە")

وتم (ئێستا چی بکەین؟)

وتی (ژمارەی تەلەفونی دوکانێکی برادەرم بە "شۆڕش" داوە و دەچینە ئەوێ و چاوەڕوان دەبین تا تەلەفونمان بۆ دەکات)

دیار بوو "حەمە ئەمین" زۆر بە وردی پلانەکەی داڕشتبوو، چووینە دوکانەکە و "حەمە ئەمین" بە برادەرەکەی وت: چاوەڕوانی تەلەفونێکم لە هەندەرانەوە، ماوەیەك چاوەڕوان بووین و زەنگی تەلەفون لێیدا، خاوەن دوکانەکە هەڵیگرت و دایە دەستی "حەمە ئەمین"، ئەویش بە دوور و درێژی باسی دڕندەیی ئەو ژن و پیاوەی بۆ کرد و

تێگەیاند کە ئێستا منداڵەکەی لە ژوورێکدا بەندە و گەر لەم یەک – دوو ڕۆژەدا بە هانای نەگەین ئەوا تیا دەچێت، بابی منداڵەکە لە تەلەفونەکەدا زۆر گریا. بە ئەندازەیەک من و خاوەن دوکانەکە و "حەمەئەمین"ی هێنایە گریان، "شۆڕش" بە باشی زانی پۆلیس ئاگادار بکەینەوە و بچین منداڵەکەی ڕزگار بکەین و بیگرینە لای خۆمان تا لەو چەند ڕۆژەدا خۆی لە هەندەران دەگەڕێتەوە...

"حەمە ئەمین" ژمارەی تەلەفونەکەی لە " شۆڕش" وەرگرت و وتی: ئێستا دەچینە ناوەندێکی پۆلیس و ئاگاداریان دەکەینەوە و پێویستە بۆخۆشت بە تەلەفون قسەیان لەگەڵدا بکەیت...

من و "حەمە ئەمین " هەستاین و خاوەن دوکانەکەش بڕیاری دا لەگەڵمان بێت، هەر سێ چوویە ناوەندێکی پۆلیس و لەگەڵ ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە قسەمان کرد و زەنگمان بۆ " شۆڕش " لێدا و ئەویش بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە لەگەڵ ئەفسەرەکە قسەی کرد، داوای لێکرد بە هانای تاقە منداڵەکەیەوە بچن..

لە ماوەیەکی زۆر کەمدا چەند سەیارەیەکی پۆلیس خۆیان ئامادە کرد و من و "حەمە ئەمین" یش بە سەیارەکە پێشیان کەوتین و ماڵەکەمان پێ نیشان دان، پۆلیس دابارى بەسەریاندا، ژن و پیاوەکەیان قۆڵ بەست کرد و پرسیاری منداڵەکەیان لێ کردن، ئەوانیش ئینکاریان کرد منداڵیان لە لا بێت، ئەفسەرەکە لێیان هاتە پێشەوە و پێی وتن: گەر خۆتان شوێنی منداڵەکەمان پێ بڵێن حوکمی دادگا لەسەرتان ئاسانترە وەک لەوەی خۆمان بگەڕێین و منداڵەکە بدۆزینەوە...

دیار بوو لە ژووڕە بچکۆلەکەدا منداڵەکەیان دەرهێنا بوو، بردبوویانە ژێر زەمینەکە و لە ناو هەندێ شتومەکی کۆن و سندووقە شکاودا شاردبوویانەوە، منداڵەکە وزە و تینی لەبەر بڕا بوو نەیدەتوانی هاوار بکات، ئەفسەرەکە "خالید"ی بردە یەکێک لە ژووڕەکان، دیار بوو هەڕەشەی تووندی لێ کرد بوو، بۆیە بە ناچاری پێشی ئەفسەرەکە کەوت و شوێنی منداڵەکەی پێ وت کە لە ژێر زەمینەکەدا بوو..

کاتێک پۆلیسەکان منداڵەکەیان هێنایە دەرەوە چەند پارچە ئێسقانێکمان بینی، منداڵەکە نووزەی لێ بڕا بوو، ئەوان ویستبوویان منداڵەکە بکوژن و دواتر بە بابی بڵێن

منداڵەکەت ون بووە یان بە نەخۆشی مردووە و هەموو ئەو تاوان و دڕندەییەی خۆیان بشارنەوە کە لەگەڵ گەڕانەوەی بابی منداڵەکەدا بەدەر دەکەوت...

منداڵەکەمان گەیاندە خەستەخانە و چوار ڕۆژ من و "حەمە ئەمین " بە نۆرە بە دیاریيەوە بووین، بابی لە هەندەران گەڕایەوە و منداڵەکەمان دایەوە دەستی و پاش مانگێك خۆی و منداڵەکە هاتن بۆ سەردانی من و "حەمە ئەمین " و یەك دوو ڕۆژێك لامان مانەوە، لە کۆتایدا " شۆڕش " منداڵەکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و بۆ هەتا هەتایە خواحافیزی لە نیشتمان کرد، چونکە " شۆڕش و زمناکۆ" ی تاقانەی جگە لە ئازار و مەینەتی شتێکی تریان لە ولآت درووێنە نەکرد بوو، لە دوای ماوەیەك "پیر خدر " بۆخۆی پێی وتم: "حەمە ئەمین" کەسی ژمارە پازدەیە..

"فاتمه"ی هاوسەرم

مـن لـه نهێنییـەکان سەراسـیمه بـوو بـووم، نـزیکترین کەسـێك بـه مـن "فاتمـه"ی هاوسەرم بوو، بەڵام ئەویشم نەناسی بوو، " فاتمه " یەکێك بوو له کەسه بالاکانی ئەو مەیدانه، هاوسەرەکەم هاوتای پیاوی سێبەر، واتە"پیر خدر" بوو، بەڵام نەخۆی بە من ناساند بوو، نە منیش توانای ئەوەم هەبوو بیناسمەوە، تەنها ئەوەندەم دەزانی "فاتمه" ئافرەتێکی خاوەن باوەڕە و دەیەوێت بە کڕنووش و بەندایەتی و چاکەکاری خوا لە خۆی ڕازی بکات، بێ ئاگا بووم لەوەی هێز و دەسەلاتی مەعنەوی ئەو لە سنوور بەدەرە..

ئێوارەیەك بۆماڵەوە گەڕامەوە،" شادی" کچم هات بە دەممەوە و وتی: میوانمان هەیە..

وتم: میوانمان کێ یە؟!

وتی: ئافرەتێکی هەژاری غەریبە..

چـوومە ژوورەوە و بینـیم " شـیرین" ی گەڕۆکـە و بـۆ میوانیمـان هـاتووە، ئـەو ئافرەتەی لە گەراجەکەدا لەگەڵ"سەید عەلی" پێیگەیشتین و لەسەر گورگەکانی قەڵا قسەمان لەگەڵ کرد..

بەخێرهاتنی میوانەکەم کرد و ئەویش وتی (بەڵێنم پێدای سەردانی خێزانت بکەم، ئەوا بە دیداری شاد بووم)

منیش دووبارە زۆر بەخێرهاتنم کردەوە، پاشان " فاتمه" ی هاوسەرم بانگ کرد و پێم وت (تۆ ئەم ئافرەتە دەناسیت؟!)

فاتمـه: (تـەنها لـه خەونـدا چـاوم پێـی کـەوتووە، بـەڵام پێدەچـێت کەسـێکی زۆر گەورە بێت)

وتم (ئەوە ئافرەتێکی زۆر مەزنە و قەدرزانی بکە و داوای دوعای خێری لێ بکە)

" فاتمـه و شـادی" کچـم لەگـەڵ خۆیـان جێگـەیان بـۆ ڕاخسـت و منـیش چـووم بـۆ ژووری میـوان و لێـی نووسـتم، شـەو بـە دەنـگ و زەڵـە و سـەدا بـە ئاگـا هـاتم، دەتـوت هەرچی خەڵکی ئەو شارەیە ڕژاونەتە ماڵ و حەوشەکەی ئێمە و هەریەکەیان لە ئاوازێك دەخوێنێـت، بـەڵام دەنـگ و سـەداکە بێزارکـەر نـەبوو، بـەڵکو لـە میهرەجـانێکی مـەزن دەچوو کە ئاواز و سەما و خۆشی تیایدا ئاوێزانی یەکتر دەبن، پـەردەی ژوورەکـەم لادا و سەیرێکی دەرەوەم کرد، بینیم لە حەوشـەکەدا ژمارەیـەکی زۆر بوونـەوەری نـووڕانی ڕیزیان بەستووە، سـەیری ئاسمـانم کرد هـەزاران هـەزار بوونـەوەری پرشنگدار و هەمـە ڕەنگ هاتوچۆیان دەکرد، بـە بـەردەوامی گورزەیـەك لـە نـوور لـە ئاسمانـەوە ئاراستـەی حەوشـەکەی ئێمـە کـرا بـوو، دوو بوونـەوەری سـپی نـوورین لـە ژوورەکـانی مـاڵ ئێمـە چوونە دەرەوە و لە حەوشەکەدا ئاوێزانی دەیان و سەدان بوونەوەری نووڕانی بلوورین بـوون، زۆر سـەرنجی ئـەو دوانـەم دا بـە "فاتمـە" ی هاوسـەرم و "شـیرینی گـەڕۆك" دەچوون، لەو میهرەجانە مەلەکوتییەدا کە ئاسمان و زەوی لە یەکتری دابوو بوونـەوەرە نووڕانییـەکان کەوتنـە سـەما و سـوڕانەوە، نـازانم چـەندە ئـەو دووانـە لـەو میهرەجانـە شکۆمەندەدا مانەوە، من لە سـەیرکردنیان مانـدوو بـووم و گەڕامـەوە بـۆ نـاو جێگەکـەی خۆم، بـەیانی بـە دەنگـی "فاتمـە"ی هاوسـەرم بـە ئاگـا هـاتم و پرسـیاری میوانەکـەم لـێ کرد، ئەویش وتی (بەیانی زوو خۆی پێچایەوە و خواحافیزی کرد و ڕۆیشت...)

شـەش حـەوت مانگێك بەسـەر ئـەو شـەوە مەلەکوتییـەدا گـوزەری کـرد، شـەوێك لـە خەوندا دوو کەس هاتنە لام و پێیان وتم (دەتەوێت ناوی ئەو کەسـەت پـێ بڵـێین کە لـە هەمووان گەورەترە و تەنها پلە و پایەی "پیر خدر" بە پلە و پایەی ئەو دەگات؟)

منیش وتم (بەڵێ زۆرم پێخۆشە)

+ (، بەڵام مەرجمان هەیە لە ناوهێنانی!)

– (مەرجەکەتان چی یە؟)

+ (گەر ئەو کەسە ببینیت بۆ هـەتا هەتایـە لێـی جیا دەبییـەوە و مەگـەر بـە مـردن یەك بگرنەوە)

منیش ماوەیەك بیرم لێ کردەوە و وتم – (مەرجەکەتانم قوبووڵە)

+ (باشه، سبەی شەو دەچیت بۆ قەراغی شار، چاوت به کەسێك دەکەویت و ئەو دەتبات بۆ یەکێك لە ماڵەکانی ئەم شارە، لەوێ کەسێکت نیشان دەدات. تۆ هیچی پێ ناڵێیت و قسە و گفتوگۆی لەمەڕ ئەو نەێنییە لەگەڵدا ناکەیت)

بۆ شەوی دووەم دوای لێڵە کردنی دونیا بە پێیان بەرە و باکووری شار بەڕێ کەوتم، باکووری شار دەشتێکی پان و بەرین بوو، دەستم بە گەڕان و هاتوچۆ کرد، زۆری نەبرد لە دوورەوە تارماییەکم بینی، وردە وردە لێم نزیك بوویەوە و بە یەکتر گەیشتین، بە بێ سەلام کردن دای بە پاڵمدا و ئاوڕی دایەوە و وتی (من پیاوی ژمارە "بیست و نۆ"م، وەرە لەگەڵم)، منیش دوور و نزیك شوێنی کەوتم و گەیشتینەوە ناو شار، ڕووی کردە گەڕەکەکەی ئێمە و لە کۆڵانەکەمان نزیك بوویەوە، خۆی کرد بە کۆڵانەکەی ماڵی ئێمەدا، من خولەك بە خولەك لێدانی دڵم زیادی دەکرد، هەناسەم تووندتر دەبوو، ڕووی لە ماڵی ئێمە کرد و لەبەر دەرگاکەدا وەستا تا من گەیشتمە بەرەوە، خەریك بوو بە چۆکدا دەهاتم، ئەژنۆکانم دەلەرزین، کە گەیشتمە لای وتی (فەرموو پێشم بکەوە و بچۆ ژوورەوە)

منیش وتم (ئەی کەسەکەم نیشان نادەیت؟!)

وتی (با)

– (لە کوێ نیشانم دەدەیت؟!)

+ (لێرە)

– (لەم ماڵەدا؟!)

+ (بەڵێ لەم ماڵەدا)

– (ئەم ماڵە ماڵی منە!)

+ (دەزانم ماڵی تۆیە)

– (کێم نیشان دەدەی؟ خۆمم نیشان دەدەیت؟)

+ (نەخێر، بڕۆ و لەو پەنجەرەکەوە سەیری ژوورەوە بکە)

چەند هەنگاوێك لە پەنجەرەکە چوومە پێشەوە و سەیری ناو ژوورەکەم کرد، "فاتمە"ی هاوسەرم لە هەیئەتێکی زۆر شکۆدار و مەزن دا هاتە بەرچاوان، ئەو لەسەر کورسییەکی پان و پۆڕ دانیشت بوو، تاجێکی زێڕینی لەسەر نابوو، کۆمەڵێك دەست و پێوەندی ئافرەت لەبەردەمیدا لە سەر چۆك زۆر بە ئەدەبەوە دانیشت بوون، لە سەقفەکەوە تووڕەکەی پڕ مشتی نووڕین دادەباری و دەکەوتە ناو لەپی دەستی "فاتمە" و ئەویش بۆ ناو دەستی کەسەکانی دەوروبەری دەیگواستنەوە و ئەوانیش بە چەپ و ڕاستدا دابەشیان دەکرد، ئەم کارە بەردەوام بوو، منیش بە بینینی ئەو دیمەنە بە چۆکدا هاتم و لە هۆشی خۆم چووم، کە بە ئاگا هاتمەوە بینیم بەیانییە و هێنراومەتە ناو جێگەکەی خۆم، لەسەر جێگەکەم ڕاست بوومەوە و هاواری " فاتمە"م کرد، دیار بوو لە چێشتخانەکە بوو، هات بە دەم هاوارەکەمەوە و وتی (بە ئاگا هاتیت؟)

منیش پرسیم (کێ منی هێنایە ناو جێگەکەی خۆم ؟)

+ (هاتمە حەوشەکە و بینیم لە بەردەم پەنجەرەکەدا بێهۆش کەوتووی، چیت بەسەر هاتووە؟! خۆ نەخۆش نیت؟!)

– (نا، نەخۆش نیم)

+ (ئەی شەو بۆ کوێ چوویت؟)

– (ئیشێکی خۆم هەبوو)

+ (خۆ ئێستا باشی؟)

– (باشم)

من نەمدەویرا لەگەڵ هاوسەرەکەم هیچ باس بکەم، چونکە پێیان وتبووم لەو بارەیەوە هیچ قسە و باسێك لەگەڵ ئەو کەسەدا نەکەم کە نیشانم دەدەن، نازانم "فاتمە"ی هاوسەرم ئەو نهێنی یەی دەزانی یان نە، چونکە ئەو کەسێکی زۆر مەزن بوو، کەسی ئاواش دەبێت ئاگاهی تەواوی بەسەر پەنهانەکاندا هەبێت، بەڵام بە پرسیارەکانی لە من وای نیشان دەدا لەو قسەو باسانە بێ ئاگایە...

هـەر ئـەو ڕۆژە " فاتمـە " تایـەکی لـەڕادە بـەدەر دایگـرت و دوای تـەنها "سـێ " کاتژمێر لە نەخۆشی مالّئاوایی لە من کرد، لەسـەرە مەرگدا بانگی کردمە لای خۆیـەوە و وتی (هیچ خەم مەخۆ، تۆ یەکەمین کەسی بە من دەگەیتەوە، لەوێ هەموو شتێکت بۆ باس دەکـەم، گـەردنم ئـازاد بکـە، نـەوەك نـەمتوانی بێـت مـافی هاوسـەریت بـدەم)، ئـەو قسانەی کرد و چاوەکانی لێکنا و گیانی دەرچوو، "فاتمـە"ی هاوسـەرم ئـەو مرۆڤـە مەزنە بوو بەلاّم من نەمناسیبوو ، ئەمەش بەهۆی دەرنەچوونی لـە ماڵـەوە و نائاشنایی مـن بـە ئەنجامـدانی کاروبارەکـانی ئـەو لـەو جیهانـەدا ، بیئاگـا لـەوەی مرۆڤـەکانی ئـەو جیهانە بۆ هەڵسوڕاندنی کارەکانیان کات و شوینیان بۆ نییە ..

من لەوماڵەدا بە تەنها مامەوە، چونکە"شادی" کچمان بەچەند مانگێك بەر لە مردنی دایکی مێردی بە گەنجێك کرد و لەگەڵ هاوسەرەکەی ڕوویان لە هەندەران کرد...

خەمی من لـە گریـان دەرچـوو بـوو، مـن ئـالوودەی خـەم بـوو بـووم، بـەڵکو مـن و خـەم دوو دۆستی گیانی بە گیانی بووین، نەمان دەتوانی لە یەك جیا ببینەوە، بۆیە حەزم بە گریـان نـەبوو، گریـان دۆسـتەکەمی – کـە خـەم بـوو– دەڕەنجانـد، مـنی لـە خـەم خـاڵی دەکـردەوە، بێـدەنگی و ماتەمینییـەك هـەموو بـوونی داگـیر کـردم، دوای ئـەو کۆسـتە گەورەیـە وردە وردە تـەنهایی بـاڵی کێشـا بەسـەرمدا و دونیـام لەبەرچـاوان بـوو بـە دونیایەکی تر...

دوای مردنـی "فاتمـە"ی هاوسـەرم، خۆیـان لـێ بـزر کـردم، نـە "پـیر خـدر" و نـە هاوڕێکانی بـە دڕێـژایی "نـۆ" مـانگ چـاوم پێیـان نەکـەوت، مـن وام زانـی کۆتـایی بـە تاقیکردنەوەکـەم هـاتووە و ئـیتر ژیـانێکی ئاسـایی وەك مـەردوومانی تـر بەسـەر دەبـەم، نەمزانی بێدەنگی پێش گەردەلوولە، کوڕەکانم ماڵیان جیا بوو، من لەو ماڵـە چۆڵەدا بـە تـەنها مامـەوە، هـەموو شـەوێك ڕۆحـی هاوسـەرەکەم دەهاتـە سـەردانم، زۆر دڵخۆشـیی دەکردم و دڵنەوایی دەدامەوە، پاش ماوەیەك ئەویش سـەردانەکانی کۆتـایی پـێ هێنـا، دیـارببوو فایـل و مەعامـەلاتی لەسـەر زەوی تـەواو بـوو بـوو، ئـەویان بـۆ ئاسـتێکی تـر گواستبوەوە، ڕۆحـی هاوسـەرەکەم لـە هاتنـەوە بـۆ لای مـن وەسـتا و ئـیتر نەمبینییـەوە، بەڵێ نۆ مانگ "پیر خدر" و پیاوەکانی ترم لێ بزر بوو، شەوێك یەکێکیان هات و وتـی: من پیاوی ژمـارە "حەڤدەم"، لێـرە بـە دواوە تاقیکردنـەوەی تـۆ دەسـت پـێ دەکـات، لـە سبەینێوە وا لە خەڵکی دەگەیەنیت فێری ئارەق خواردنەوە بوویت

وتم: بۆ خاتری خوا بمکوژن و ئەو کارەم پێ مەکەن، خەڵکی بۆ نزا و پاڕانەوە دێنە لام و بە پیاوێکم دەزانن گوایە دوعاکانم لە لای خوا گیرایە، گەر بە بتڵە ئارەقەوە بمبینن دەبێ چیم پێ بڵێن..؟!

وتی: فەرمانە و ناتوانیت لە ژێری دەربچیت، ئەوە پێم ڕاگەیاندی، ماوە شتێکی ترت پێ بڵێم: لەم ماوەیەدا ئافرەتێك و کچەکەی سکالاّ دێننە لای تۆ، دەبێ کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەیت...

وتم: چ جۆرە کێشەیەك ؟!

وتی: هاوسەرەکەی ئالوودەی مەیخواردنەوە بووە و دەبێت بۆ پارێزگاری لە حورمەتی ژن و منداڵەکەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزیتەوە...

دوای چەند ڕۆژێك تەقە لە دەرگامان درا، ڕۆیشتم بە دەمییەوە بینیم ئافرەتێکی کاملّ و کچێکی تەمەن بیست ساڵانە، فەرمووم لێ کردن، نەهاتنە ژوورەوە و هەر لە دەرگاکەوە سکالاکەی خۆیان پێگەیاندم و منیش بڕیارم دا سەردانی ماڵەوەیان بکەم...

چەند ڕۆژێك داوای پیاوەکەی " پیر خدر " م دوا خست، بەڵام شەوێك هاتنە گیانم و هەتا بەیانی سزای جەستە و دەروونیان دام، چوومە مزگەوت و زۆر لەبەر خوا پاڕامەوە و پرسیم: ئەی خوایە تۆ دەتەوێت من بۆ کوێ ببەی؟ هەرچییەك ڕازی بوونی تۆی تێدا بێت من ئەنجامی دەدەم، ئیستیخارەیەکی قورئانیم کرد، ئەو ئایەتەم بۆ دەرچوو کە دەفەرموێت (افعل ما تؤمر ستجدني انشاءالله من الصابرين)، کاتێك حەزرەتی ئیبراهیم بە ئیسماعیلی کوڕی فەرموو: "کوڕم من لە خەوندا دەبینم تۆ سەردەبڕم، ئەتۆش بزانە ئەم ئەمرە چۆن دەبینی؟" ڕاستەوخۆ حەزرەتی ئیسماعیل تەسلیم بە ئەمرەکە بوو فەرمووی: "ئەوەی فەرمانت پێکراوە ئەنجامی بدە گەر خوا بیەوێت لە ئارامگرانم دەبینییەوە". دوای خوێندنەوەی ئەو ئایەتە و هێنانەوە بەر یادی چیرۆکی "کوڕ و باوك" خۆم بە قۆچی قوربانیی دەزانی، وام هەست دەکرد پیاوانی "پیر خدر" دەیانەوێت من بکەن بە قوربانی، ئەوان بەو فەرمانەی بە منیان دابوو بۆ خۆ بە ئارەقخۆر نیشاندان منیان سەردەبڕی، ئەو کەسایەتییەی چەندین ساڵ بوو کارم بۆ دروست کردنی دەکرد تێکوپێکیان دەشکاند، ئەو حورمەتەی لە بنەماڵەکەمەوە بە

مـیرات بـۆم هـاتبوو لـه دەسـتم دەچـوو، ئـەو رێـزە کۆمەڵایەتییـەی بـەهۆی مامەڵـەوە و بازاڕەوە بەدەستم هێنا بوو بەفیڕۆم دەدا، ئەو ویقارەی بەهۆی تەمـەن و تـاڵی سـپییەوە بەسـەرمدا دابـاری بوو بەر نـەفرەت دەکـەوت..

بـه خوێندنـەوەی ئـەو ئایـەتە گومـانم نـەما لـەوەی ئـەوەی پـێم وتـراوە دەبـێ ئـەنجامی بدەم..

هـەر لـەو ڕۆژانـەدا سـەردانی مـاڵی ئافرەتەکـەم کـرد و لەگـەڵ مێردەکـەی کەوتمـە گفتوگـۆ، سـەرئەنجام گەیشـتینە چارەسـەرێک، بـەڵێنم پێـدان شـانم بدەمـە ژێـر ئـەو گرفتەیان و بۆیان چارەسەر بکەم...

لێرەدا چیرۆکەکەم بە کاك "سەعید" بڕی و پرسیم (گـرفتی ئـەو خێزانـە چـی بـوو تۆ بڕیارت دا شان بدەیتە ژێری)

"سەعید" وتـی (ئـەی لـە سـەرەتاوە پـێم نـەوتی پرسـیار مەکـە و باسـەکەم پـێ مەبڕە؟! دواتر بۆت باس دەکەم)

وتم (بمبووڕە، لە بیرم چوو)

"سەعید" کەوتەوە سەر گێڕانەوەی باسەکە و وتـی: ئێوارەیـەك – بـە دونیایـەك تـرس و خەجاڵەتییـەوە – چـوومە بـەر دەرگـای دوکـانی ئارەقفرۆشـەکە و داوای ئارەقم لـێ کرد، ئەویش بەسەر سوڕمانەوە وتی: ئارەقت بۆ چییە؟!

وتم (تۆ ئارەق دەفرۆشی، چیتە لەوەی خەڵکی ئارەقیان بۆ چییە؟!)

وتی (چ جۆرێکت دەوێت؟!)

لە ڕاستیدا لە هەموو ئارەقدا ناوی "ویسکی"م بیست بوو، بۆیە وتم: "ویسکی"

ئەویش هەندێك لێم ورد بوویەوە و بتڵێکی دایە دەستم، منیش نرخەکەیم لێپرسـی و پارەکـەم لـە سـەر مێزەکـەی بـەردەمی بـۆ دانـا و هاتمـە دەرەوە، ئـەو بـۆی کردمـە نـاو زۆرفێکی بۆری کاغەزەوە، بەڵام من بتڵەکەم دەر هێنا و گرتم بە دەستمەوە تاکو خەڵکی بە باشی ببینن، تا گەیشتمە ماڵەوە خەڵکێکی زۆر بـە دەسـتیانەوە بینـیم، هەنـدێکیان نـەیان دەزانـی ئـارەق چـی یـە، هەنـدێکیان بتڵەکـەیان دەناسـییەوە، بـەڵام پێیـان وا بـوو

ئیسپرتۆ و شلەی لەو جۆرەی تێدایە، دەگمەن بوون ئەو کەسانەی پێیان وا بوو ئارەقە و بۆ خواردنەوەی دەبەم..

لە چەند کاتی جیاجیادا چەند جارێك ئەو کارەم دووبارە کردەوە، دەنگ و باسی ئارەق کرپینی من هەموو لایەکی تەنییەوە بە تایبەت دوای ئەوەی ئارەقفرۆشەکە هەواڵەکەی پشتڕاست کردبووەوە، ئەوانەی منیان دەناسی هەواڵەکەیان بەدرۆ دەخستەوە، گەر بەڕاستیشیان بزانیبایە دەیانوت: بۆ خواردنەوەی نەبردووە، کوڕەکانم هاتن بۆ هەواڵ زانین و وتیان: بابە دیعایەیەکی ئاوات شوێن خراوە، تۆ چی دەڵێی؟!

منیش وتم: دیعایە لە خۆیەوە پەیدا نابێت، دەبێ شتێکی لەو جۆرە هەبێت..

وتیان: مەبەستت ئەوەیە دەتەوێت بڵێی ڕاستە ئارەقت کڕیوە؟!

منیش زۆر بە خوێن ساردییەوە وتم: بەڵێ، بەڵێ من ئارەقم کڕیوە..

بۆ وتنی ئەو چەند وشەیە دانم بە وشەکاندا دەنا و زۆر بە لەسەرخۆیی و بڕگە بە بڕگە وشەکانم گۆ دەکرد، وك ئەوەی سەروەرییەکی زۆر گەورەی خۆم بۆ دوو کوڕەکەم بگێڕمەوە..

وتیان: بۆ خواردنەوە؟!

وتم: بۆچی ئارەق بۆ شتی تر بەکار دەهێنرێت؟!

کوڕە گەورەکە لێم ڕاپەڕی و وتی: تۆ شێت بووی، لە بەیانی زووتر نی یە دەتبەم بۆ شێتخانە...

وتم: ڕاستییەکەم پێ وتوون، بۆ ئەوەی گەر خەڵکی وتیان بابتان ئارەقخۆرە نەچن بە گژیاندا..

کوڕە بچووکەکە دەستی بە گریان کرد و بە برا گەورەکەی وت: من چەند جار پێم وتی: بابم بە تەنها لەو ماڵەدا لە خەفەتی مردنی دایکم شێت دەبێت، بەڵام تۆ گوێت پێ نەدام، دەبینی چۆن بابمان ئەقڵی لە دەست داوە؟!

کوڕە گەورەکەم دەستی بە نەڕە نەڕ کرد و وتی: سبەینێ زوو دەیبەین لە کاردبای دەدەین، ئەم کابرا عاقیبەت شەڕە بۆ وای بەسەرهاتووە؟! گەر چاری نەبوو دەیبەین بۆ شێتخانە...

ئەو شەوە لایان چۆڵ نەکردم و هەتا بەیانی وەکو شێتێك بە دیارمەوە دانیشتن. منیش بۆ هوروژاندنیان دەموت: کوڕم، یەکێکتان بچێت لای ئەو ئارەقفرۆشە بتڵێ "ویسکی"م بۆ بهێنێت، کوڕەکان وەك فیشەکە شێتە بە ئاسماندا دەچوون و بەسەرمدا دەیانقیراند و کوڕە بچووکەکە دەیوت (بەه، بەه، حاجی ناوی جۆری ئارەقەکانیش دەزانێ! "ویسکی"ت بۆ بهێنین؟ ئەی چۆنە "شەمپانیا" بێت؟!

بۆ تووڕە کردنیان دەموت: نا، با "ویسکی" بێت من تازە ئالوودەی ئەو جۆرەیان بووم..

کوڕەکان نەیان دەزانی چ قوڕێك بۆ ئەم بابە ئارەقخۆرەیان بە سەردا بکەن، دەمێك بۆ حاڵم دەگریان، دواتر بەسەرمدا دەیان قێڕاند، هەڵدەستانە سەر پێ و بە ژوورەکەدا هاتوچۆی بێ ئۆقرەیان دەکرد، سەریان دەکرد بە یەکدا و دەیان وت: تا لەمە زیاتر حەیامان نەچووە با ڕەوانەی شێتخانەی بکەین، ئەم پیرە عاقیبەت شەڕە وا پێی لێڕاکێشاوە دەبێ لەم شارە بار بکەین..

ئەو شەوە بە هەزار خەمەوە ڕۆژیان لێ بوویەوە، بەیانی ئۆتۆمبێلێکیان بە کرێ گرت و سواریان کردم و بردمیان بۆ لای دکتۆری ئەعساب، دوای کۆمەڵێك پشکنین پزیشکەکە وتی: ئەم کابرایە هیچی نی یە...

وتیان: چۆن هیچی نی یە؟!ئارەق دەخواتەوە..

پزیشکەکە: (بۆ هەرکەسێك ئارەق بخواتەوە شێتە؟! من ئارەق دەخۆمەوە و نەخۆشیش نیم..)

کوڕەکان: (ئاخر ئەم کابرایە پیاوێکی زۆر موسڵمان بوو!)

دیار بوو پزیشکەکە زۆر خۆشی لە ئایین نەدەهات – زۆر بە ساردییەوە – (ئەوجا چی یە؟! دوای تەمەنێك لە شوێنکەوتنی ئەفسانە بۆی دەرکەوتووە

مەسەلەکە فشەیە، ئێستا وازی لێ هێناوە و نایەوێت عومری بەو شتە پڕ و پووچانەوە بەسەر ببات..)

منیش بۆ پشتگیری قسەی پزیشکەکە وتم (ڕەحمەت لە دایك و باوکت، قسە دەبێ ئاوا بێت..)

کوڕە گەورەکە لەبەرخۆیەوە و بە دەنگێکی نزم بە منی دەوت (ئەی پیری عاقیبەت شەڕ، بزانە چۆن پاڵپشتی ئەو دکتۆرە بێ دینە دەکات!) دواتر دەنگی بەرز کردەوە و وتی (بە خوا ڕەوانەی شێتخانەت دەکەم..)

پزیشکەکە گوێی لە هەڕەشەی کوڕە گەورەکە بوو وتی (چۆن دەتوانی لە خۆتەوە ڕەوانەی شێتخانەی بکەی؟! بردن بۆ شێتخانە دەبێ ڕاپۆرتی پزیشکیی هەبێت، کوڕە بۆ ئێوە شوورەیی یە ئەوەندە دواکەوتوون، یانی چی تێدایە گەر بابتان بخواتەوە؟!)

منیش بۆ پزیشکەکەم دەسەندەوە و دەموت (دکتۆر گیان، ئەمانە زۆر دواکەوتوون، پێیان بڵێ، تێیانبگەیەنە)

کوڕە بچوکەکە ڕووی لە من کرد و وتی (باشە حاجی، تۆ بۆخۆت فێری ئەم دین و ئیمانەت کردین، وا ئێستا تۆ لێمان بوویت بە پێشکەوتووخواز و ئێمەش دواکەوتوو، بەشەرەفم چووینەوە دەبێ گەعدەیەکت بۆ ساز بکەم و پێکەوە بخۆینەوە..)

منیش وتم (کوڕم دە ئاوا بڵێ)

پزیشکەکە: (کاکی من، ئێوە دەتوانن لە جێگەی ئەم هەموو بێزاری و هەڵچوونە هەر سێ پێکەوە سەیرانێ ساز بکەن، لەو شیری شێرەی بابتان نۆشی کردووە – ڕەببی نۆشی گیانی بێت – ئێوەش بنۆشن، ئەو کاتە بابتان بۆ دەبێت بە برادەری گیانی بە گیانی، تێدەگەن بابتان چەندە مەزنە، مەزنی ئەم بابەی ئێوە لەو جێگەدایە بە هەڵە و نەزانینی خۆی زانیوە، وازی لە شتی پڕوپووچ هێناوە، ئێوەش ژیر بن، ئازا بن وەکو ئەو وا بن...)

منیش وتم (دکتۆر گیان، کە سەیرانەکەمان کرد تۆش دەعوەت دەکەین)

دیار بوو دکتۆر زۆر حەزی لەو جۆرە جەوانە هەبوو، وتی (سەرم پێوە نییە. ئێود سازی بکەن و تەنها تەلەفونێك بۆ من بکەن)

کوڕەگەورەکە: (بەخوا جوانە، هاتین بۆ لای دکتۆر بابمان چاك بکاتەوە خەریکە خۆشمان نەخۆش دەخات!)

پزیشکەکە: (بابی من، ئێوە دەبوا بابتان بۆ ئێرە نەهێنابایە، پێویست بوو پسوولەتان بۆخۆتان بڕیبایە، ئێوە نەخۆشن...ئەم کابرایە بابی من بوایە لە زێڕم دەگرت...)

منیش بە دوکتۆرەکەم وت (قەدری زێڕ لای زەڕەنگەرە، دکتۆر گیان، ئەمانە تەنەکەچیش نین)

کوڕە بچووکەکە بە دەنگی نزم، وتی (لەگەڵ ئەم دکتۆرە شێتەدا باش بۆ یەکتری دەسێننەوە! چ رۆژێکی رەشە بەسەرماندا تێدەپەڕێت!)

لە دوای ئەو گفتوگۆیە کوڕەکان پەلیان گرتم و بردمیانە دەرەوە، لە کاتی چوونە دەرەوەدا پزیشکەکە وتی (خاڵە حاجی، تۆ مرۆڤێکی زیرە و پێشکەوتووخوازی نەچیتەوە سەر بیروباوەڕی ئەو دوو کوڕە سەرلێشێواوەت، ئەوانە کۆنەپەرستن)

منیش وتم (خەمت نەبێت دکتۆر گیان، تۆ خۆش بیت ناچمەوە سەر ئەو ڕێگەیە..)

کوڕەکان خەریك بوو شەقیان دەبرد، وتیان: تا کاتی هاتنمان بۆ لای ئەم دکتۆرە گومانمان هەبوو لەشێت بوونت، بەڵام ئێستا دڵنیابووین تەختەی ساغت تیادا نەماوە.

وتم (بەڵام دکتۆرە بەڕێزەکە فەرمووی، ئەم پیاوە ساغ و سەلامەتە و هیچی نییە..)

هەرکە ئەوەم وت یەك هەزار جنێویان بە دکتۆرەکە دا، منیش لەسەرخۆ دەموت: دکتۆرەکە ڕاستی دەکرد دەیوت: "پسوولەتان بۆخۆتان بڕیبایە، چونکە ئێوە نەخۆشن"، کوڕە بچووکەکە بە قادرمەکاندا سەرکەوتەوە بچێت لە دکتۆرەکە بدات، بەڵام برا گەورەکەی نەیهێڵا...

منیش بە بێ خۆ تێکدان وتم: ئەو هەڵمەتە نیشانەی تێکچوونتانە، بڕۆن چارەسەرێکی خۆتان بکەن...

ئەو ڕۆژە منیان هێنایەوە، لە بازاڕ دامان بە پاڵ دوکانێکی مەیفرۆشدا، وتم بە کوڕەکان: تۆزێك لە ڕێم بوەستن تا شووشەیەك ئارەق دەکڕم...

لەو بازاڕەدا هەردوو کوڕەکە دەچوون بە ئاسماندا و پێیان دەکەوتەوە سەر زەوی، منیش خۆم تێك نەئەدا و دەموت: کوڕم ئاخر ئەم شەو بابتان بێ ئارەق دەبێت، گەر تەریق دەبنەوە ئێوە دوور بکەونەوە تا من دەیکڕم...

هەتا منیان گەیاندە ماڵەوە چەندین گۆڵمەزم پێ ساز کردن، لەگەڵ هەر گۆڵمەزێکدا پزیشکەکەیان بە جنێو دادەگرتەوە و دەیان وت: ئاخر سەر کەچەڵی پیس، ئا ئەم کابرایە شێت نی یە؟! پیاوی نوێژ و بەرماڵ لە شەو و ڕۆژێکدا سەر بکاتە مەی و پیاڵە، شێت نییە؟!

پزیشکەکە ڕاستی دەکرد دەیوت هیچی نی یە، کوڕە هەژارەکانیشم ڕاستیان دەکرد، چونکە ئەو کارەی من تەنانەت هەندێك لە شێتەکان خۆیانی لێ بەدوور دەگرن...

من نەك ئارەقم نەدەخواردەوە، بەڵکو بە بۆنەکەشی تێك دەچووم، بەڵام پیاوانی "پیر خدر" زۆریان لە من کرد تاکو ناوی باشی خۆم بسڕمەوە و لە جێگەیدا بە کەسێکی مەیخۆر خۆم بە مەردوومان بناسێنم، بیرم دەکردەوە و لەگەڵ خۆمدا دەکەوتمە گفتوگۆ " باشە چ نهێنییەك لە پشتی ئەم کارەیانەوەیە؟! بۆ بە مەیخۆر ناوم بزڕێت چاکتر و باشترە لەوەی بە پیاوێکی خواناس و نزاگیراوم بزانن؟! ئەم کارەیان لەگەڵ ڕووالەتی شەریعەت و ئایینداً پێك نایەتەوە، لە کوێ کارێك ئایین پێی ڕازی نەبێت خوا بە باشی دەزانێت یاخود قوبوڵی دەکات؟! ئەو کارەی من گەر بۆ لای سەد زانای شەریعەت ببرابایە هەر سەد کەسەکەیان بە لادان لە ئایین و شەریعەتی دەزانی، بەڵام پیاوانی سێبەر پێیان کردم و نەمتوانی لێی لابدەم...

خەڵکی زۆر قێزەونانە سەرنجیان دەدام و بەرخوردیان لەگەڵ دەکردم: یەکێك دەیوت خوا نەناسە بۆنی ئارەقی ڕۆژە ڕێیەك دەڕوات، یەکێکی تر لەو کاتەوەی ئارەق قوزەڵقورت دەکات خوا نووری ئیمانی لە ناوچاوانی سڕیوەتەوە، سێیەمیان: دەڵێن لە ناو پاسدا دەست بۆ ئافرەت دەبات، بەڵێ شتی وایان دوا دەخستم لە بیستنی تەریق دەبوومەوە، بیرم دەکردەوە "ئەمانە ئەو کەسانە بوون لە دوێنێدا دەیانووت: نزای لای

خوا ناگەڕێتەوە، دەڵێن جارێك دوعا لە پیاوێك دەكات دەمی خوار دەبێت و چەند مانگێك لە جێگەدا دەكەوێت، درەختێك لەگەڵی كەوتۆتە گفتوگۆ و خەڵكی تریش گوێیان لە قسەكانیانەوە بووە، هەرچی دەڵێت بۆ بەیانی ڕوودەدات، ئەمانە و سەد ئەوەندەی تر، بەڵام هیچ یەكێك لەوانە ڕووی نەدا بوو، من دەمزانی باجی ئەو هەموو پیاهەڵخوێندنەی خەڵكی دەدەم، چونكە خۆشم دەهات لەو مەدح و سەنایە، بە خەڵكیم نەدەوت: خەڵكینە هەموو ئەو قسانە ناڕاستن و خۆتان دروستتان كردووە، من تەنها بەندەیەكم وەكو ئێوە، وەهم و خەیاڵ منی لای ئێوە گەورە كردووە، من ئەو شتانەم بۆ مەردوومان ڕۆشن نەكردەوە، باجەكەشی ئەو گشتە ڕسوایی و قێزەونییە بوو كە بەسەرمندا هات، لە ڕاستیدا كە ئەو گشتە قسە خراپانەم لەسەر خۆم دەبیست گەیشتمە حاڵەتێك مەدح و زەمی مەردوومان نەی دەبزواندم، بەڵكو هەندێك جار چێژم لە جنێو و نەفرەت و بێز كردنەوەیان دەبینی...

سەرت نەیەشێنم كاری سەیر و سەمەرەم لە بازاڕدا لێ دەوەشایەوە، ڕۆژێك تفم كردە ناو خواردنی یەكێك لە چێشتخانەكان، خاوەنی چێشتخانەكە و چەند شاگردێك تێر و پڕیان كوتیم، بەڵام كە خواردنەكەیان ڕژاند بینییان جورجێكی تیادا تۆپیوە، جارێك لە بازاڕدا خۆم ڕووت كردەوەو تەنها شۆرتێك و فانیلەیەكم لەبەر خۆمدا هێڵا...

چەند مەلایەك لە مزگەوتێكدا كۆبوونەوە و دوو كوڕەكەمیان ئاگادار كرد بوو بۆ ئەوەی من ببەنە لایان، ئەوانیش لە بازاڕ منیان دۆزییەوە و بردمیان بۆ لای مەلاكان، كوڕەكان دەست و دەم و چاو و پێو و لاقەكانمیان شۆری و بردمیانە ژوورەوە، ئەوان سەلامیان لە مەلاكان كرد و منیش بە بێدەنگی لە مەجلیسی مەلاكاندا دانیشتم، بەرلەوەی مەلاكان دەست بە سین و جیم بكەن پێم وتن: "بە دوو مەرج گفتوگۆتان لەگەڵ دەكەم، یەكەم: دوو كوڕەكەم بكەنە دەرەوە، دووەم: سوێندم بۆ بخۆن هەرچی بە نێوانماندا تێپەڕی نەچێتە دەرەوە و تەنها قسە و گفتوگۆی نێوان من و ئێوە بێت"، ئەوانیش دوو مەرجەكەیان قوبوڵ كرد و كوڕەكانم مەجلیسەكەیان چۆڵ كرد...

یەكێك لە مەلاكان بە ناوی "مەلا ئارام" كە لەوانی دی خۆی بە زاناتر دەبینی پرسیاری لێ كردم (كاك " سەعید " تۆ لە چییەوە ئاوات بەسەر هات؟!)

بیرم كردەوە كە ئەم مەلایانە تا بناگوێ لە زاهیری شەریعەتدا چەقیون و پێویستە بەو زاهیرییەتەی خۆیان گفتوگۆیان لەگەڵ بكەم، بۆیە پرسیم (چیم بەسەر هاتووە؟!)

+ (شتێکی وات بەسەر نەهاتووە، بەڵام هەندێك هەڵس و کەوت دەکەیت لە ئیشی شێتان دەچێت)

(وەکو چی؟!)

+ (وەکو خۆ ڕووت کردنەوە)

من دەمویست مەلاکان وا لێ بکەم وردتر لە کار و کردەوەکان سەرنج بدەن و بە فتواکانیان خەڵکی مالێ کاول نەکەن بۆیە وتم (لە شەرعی زاهیردا بۆ پیاو لە کوێوە بۆ کوێ دەبێت خۆی دابپۆشێت؟)

+ یەکێك لە مەلاکان (لە ناوکەوە بۆ سەر ئەژنۆ)

– (دەی من ئەو ڕۆژە کە خۆم ڕووت کردەوە فانیلەیەکی عەلاگەم لەبەردا بووە و شۆرتەکەشم لە سەر ئەژنۆم بوو، گەر فانیلە عەلاگەکەش فڕێ بدەم هەر شەرعییە و لێرە بە دواوە ئەوەش لەبەر خۆم دەکەمەوە)

یەکێك لە مەلاکان: (مەلای مەلا بەزێنە، لە شەرعیش دەزانێت)

مەلا ئارام: (ئاخر کاك "سەعید" عورفیش لە ئیسلامدا دەسەلاتی خۆی هەیە، تۆ بە عورف مەحکومی)

وتم (کەوابوو من لەگەڵ ئیسلامدا پێچەوانە نەوەستاومەتەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەو بەند و باوەدا پێچەوانەم کە مرۆڤ خولقاندوویەتی!)

مەلا ئارام: (بەڵێ)

– (من باکێکم بە عورف و بەند و باو نی یە و حەز دەکەم تێك و پێکی بشکێنم)

مەلایەکی تر: (ئەی بۆ تفت کردە چێشتی کابرای چێشتخانە!)

بە وەڵامیدا وتم (تۆ ئاگاداری لە کاتی پشتنی مەنجەڵە چێشتەکەدا چی لەناو مەنجەڵەکەدا بوو؟)

مەلایەکە: (نەخێر)

– (جـورجێکی تۆپیـوی ژەهـراوی لـەناودا بـوو، بـەلاّم بـۆ پاراسـتنی ناوبـانگی چێشتخانەکەی شاردیانەوە و لای کەس باسیان نەکرد، بۆ درۆ و ڕاستی بڕۆ لـە یەکێك لە شاگردەکان پرسیار بکە)

مەلا ئارام: (کاك "سەعید"، ئەی ئارەق خواردنەوەکەت چی لێدەکەی؟!)

وتم ("مەلا ئارام" حوکمی شـەرع چی یە لەسـەر کەسێك تۆمـەت بـۆ مـەردوومان دروست بکات؟)

مەلا ئارام: (دەبێ هەشتا شەلاقی لێ بدرێت)

– (هەر ئا بەو حوکمـەی ئێستا وتت دەبـێ تـۆ هەشتا دارت لـێ بدرێت، دەزانـی بۆ؟)

مەلا ئارام (بۆ؟)

– (چونکە تۆ تۆمەت بۆ من دروست دەکەیت)

+ (چۆن؟)

– (تۆ منت بینیوە ئارەق بخۆمەوە؟)

+ (نەخێر)

– (منت بینیوە سەرخۆش بم؟)

+ (نەخێر)

– (هـیچ کەسـێك هاتـە لات شـایەتی بـدات و سـوێند بخـوات و بڵێـت "سـەعید"م بینیوە مەی خواردۆتەوە، یاخود سەرخۆش بووە؟)

+ (نەخێر)

– (ئەی بە چی و لەسەر چ مەبنایەك بڕیار دەدەیت من ئارەقم خواردۆتەوە؟)

(خەڵکی وا دەڵێن)

– ("خەڵکی وا دەڵێن"، لە شەرعە زاهیرەکەی ئێوەدا جێگەی دەبێتەوە؟ گەر خەڵکی وتی: فلاّن کەس زینای کردووە دەبێ قازی حوکم بدات ئەو کەسە زینای کردووە یان شاهید و بەڵگە و سەلماندن داوا دەکات؟)

+ (بەڵام شاهید هەیە ئارەقت کڕیوە)

– (تۆش شاهید هەیە قسەت لەگەڵ ئافرەتێکدا کردووە، ئایا ئەو قسە کردنە بەڵگەی ئەوەیە تۆ قەول و قەرارت لەگەڵ داناوە بۆ ئەوەی بە یەکتر بگەن؟)

+ (نەخێر)

– (دەی ئارەق کڕینیش نابێتە بەڵگەی خواردنەوەی)

+ (ئەی ئەو ئارەقەت بۆ چی یە؟!)

– (گەر پێتان بڵێم بۆ چیمە دەبێت هەموتان شەرمەزار بن)

+ (بۆچیتە؟!)

– (پیاوێکی ئارەقخۆر لە گەڕەکەمانە، ئەو بە خواردنەوەی ئارەق ئالوودە بووە، بە ئەندازەیەك کار و کاسبی لە دەست نایەت و زۆربەی کاتەکانی سەرخۆشە، ئەو چەند جارێك بۆ پەیداکردنی پارە بۆ ئارەقەکەی فشار دەخاتە سەر کچ و هاوسەرەکەی و داوایان لێ دەکات بچن کاری لاشە فرۆشی بۆ بکەن و پارەی بۆ بهێننەوە، ژنەکەی سکالاّی هێنا لای من و وتی پیاوەکەی داوای کارێکی لەو جۆرەی لێ دەکات، منیش سەردانی پیاوەکەم کرد، ئەویش وتی من مرۆڤێکی ڕووخاوم و ئارەق وێرانی کردووم، دونیا و قیامەتم لە دەست چووە، پارەم پێ پەیدا ناکرێت، ناشتوانم سوالّ بکەم، بۆیە تەنها ڕێگەیەك لەبەردەممدا ئەوەیە ئەم ژن و کچەم بنێرم بۆ سوالّکردن و کاری خراپ، منیش وتم: گەر ئارەقەکەت بۆ بکڕین واز لەو ژن و کچەت دەهێنیت؟

وتی: بەڵێ..

ئەو کابرایە گەر لە ڕۆژێکدا هەزار دینار پەیدا بکات هەمووی بە ئارەق دەدات، ئەو کە پارەی کەوتە دەست تەنها بیر لە ئارەق دەکاتەوە، من دەمەوێت وورده وورده کاری لەسەر بکەم تاکو کەمی بکاتەوە و هیچ نەبێت وەك مرۆڤێکی ئاسایی بخواتەوە،

ئەمەش بەشێکی لەبەر خاتری خۆیەتی و بەشێکی تری لەبەر ژن و منداڵەکانییەتی... من لە پێناوی پاراستنی حورمەتی ئەو ژن و کچەدا شانم داوەتە ژێر زۆر شت، لەوانە هات و چۆی ئەو خێزانە بە بتڵە ئارەقەوە ئەوەی لای خەڵکی تۆخ کردەوە کە بۆ ئارەقخواردن سەردانی ئەو خێزانە دەکەم و بوومەتە برادەری " میرە " ی بە مەی ئالوودە، بەوەشەوە نەوەستان و وتیان: "سەعید" حەزی لە ژنەکەی "میر"ە یە و لەگەڵی پادەبوێرێت، ئەوان نەیاندەزانی خەمی پاراستنی حورمەتی ئەو ژنە و کچەکەی لە لای خەڵکی منی بێ ئابڕوو کردووە...)

یەکێک لە مەلاکان: (ئارەق کڕین بۆ هەر کەسێک بێت حەرامە)

وتم (ئەی لاشەفرۆشی حەلاڵە!)

وتی (ئەویش حەرامە)

– (باشە ماموستا تۆ ئوسوڵی فیقهت خوێندووە؟)

مەلاکە: (بەڵێ)

– (ئەو ڕێسایەت لە بیر چووە دەڵێت: گەر کارێک کەوتە نێوان دوو زەرەرەوە هەمیشە زەرەرە بچووکەکەیان هەڵببژێرە، ئەم پیاوە مااڵ و منداڵی تووشی لاشەفرۆشی بکردبایە و پارەی پەیدا بکردبایە بۆ ئەوەی ئارەق بخواتەوە باشتر بوو، یان بۆخۆم کەمە کەمە ئارەقی بۆ بکڕم تاکو دەیکەمەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی و حورمەتی مااڵ و منداڵەکەشی پارێزراو بێت، کامەیان باشترە؟)

مەلاکە: (ئاخر ئارەق حەرامە و بڕاوەتەوە من ناتوانم کڕینەکەی بۆ تۆ حەاڵڵ بکەم، چونکە فەرموودە نەفرەتی بەر ئەو کەسەش خستووە کە دەیکڕێت)

– (باشە پرسیارێکی تر: خوا لەقورئاندا بە چەند قۆناغ ئارەقی حەرام کردووە؟)

+ مەلا ئارام (لە قۆناغێکدا قورئان دەڵێت: لە میوە شەراب و ڕۆزیی پاک و خاوێن دەردەهێنن، لەم قۆناغەدا شەرابی لە ڕزقی پاک جیا کردۆتەوە، قۆناغێکی تر دەفەرموێت: ئارەق سوود و نەفعی تێدایە، بەاڵم زیانەکانی لە سوود و نەفعەکەی زۆرترە، لە قۆناغی سێیەمدا دەفەرموێت: لە کاتی سەرخۆشیدا نزیکی نوێژ کردن مەکەون، لە دواین قۆناغدا داوا لە باوەڕداران دەکات:

دەستبەرداری خواردنەوەی ئارەق بن و کۆتایی پێ بهێنن، ئەم قۆناغی چوارەمە دواین قۆناغە و حوکمی خوای تیادا گەیشتۆتە کەمالْ، بۆیە دەبێت هەموومان پابەندی ئەم حوکمەی دوایی ببین)

منیش وتم (باشە مەلا ئارام، گەر ئەو قۆناغی چوارەمە دواین قۆناغە ئەی بۆ لە قورئاندا قۆناغەکانی تر باسی لێوە کراوە، مەگەر بۆ ئەوە نی یە ئێمە فێر بکات لە هەل و مەرجە گۆڕاوەکانی سەردەمە جیاجیاکان و کۆمەڵگە هەمە ڕەنگەکاندا پلە بە پلە مامەڵە لەگەڵ حوکمی خوادا بکەین؟ مەگەر سەرجەم ئایەتەکانی قورئان بۆ وانە لێوەرگرتن و جێبەجێ کردن نی یە؟)

مەلا ئارام: (با، بەڵام ئەو ئایەتانە سڕاونەتەوە، واتە نەسخ بوونەتەوە و حوکم پێکردنیان دروست نی یە)

وتم (کەوابوو دانانی ئەو ئایەتانە لە قورئاندا زیادە و پێویستی نەدەکرد خوا ئـەو ئایەتانـە لـەناو قورئانـدا بهێڵێتـەوە، چـونکە بـۆ کـار پێکـردن نـین و سڕاونەتەوە؟)

مەلا ئارام: (خوێندنەوەکەیان نەسڕاوەتەوە، بەڵام حوکمەکەیان سڕاوەتەوە)

وتم (کەوابوو تەنها بۆ تەبەڕوک لەناو قورئاندا دانراون، ئەی وانە و حیکمەت لە بوونی ئەو ئایەتانە چی یە؟ ئێمە چ وانەیەک لەو پلە بە پلەییە وەردەگرین؟)

مەلا ئارام: (پێم وتیت تەنها بۆ خویندنەوەن)

– (مەلا ئارام، بەزەیم بەو خەڵکە هەژارەدا دێتەوە کە خۆیان بە ئێوە تەسلیم دەکەن، ئەوان بەتەمان بە زانست و ڕێنموونییەکانی ئێوە بچنە بەهەشتەوە، مامۆستای بەڕێز، دانانی ئەو ئایەتانە ڕێگەیەکە بۆ پەروەردە و پێگەیاندن، پێمان دەڵێت ئەم قورئانە پێویستی بە زەمینەخۆشکردن و ئامادەباشییە تاکو حوکمەکانی جێبەجێ بکرێت، قورئان بۆخۆی دەفەرموێت (و قرآنا فرقناه لتقرأه علی الناس علی مکث و نزلناه تنزیلا)، قورئان ناو بە ناو و بڕ بڕ دابەزێنراوە، واتە بڕێک لە قورئان دادەبەزی و ماوەیەکی زەمەنی بەسەردا تێدەپەڕی ئەوجا بڕێکی تری بەسەردا دادەبەزی، بۆیە قورئان لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا دابەزیوە)

یەکێکی تر لە مەلاکان: (بەڵام قورئان دەفەرموێت (الیوم أکملت لکم دینکم وأتممت علیکم نعمتی ئەمڕۆ دینەکەتانم بۆ کاملّ کردن، بۆیە زیاد و کەمی لەو دینەدا خودا قوبوڵی ناکات)

وتم (ماموّستا گیان، دین کاملّ بووە، بەڵام ئێمەی مرۆڤ کاملّ نین، قسەمان لە کاملّی ئایین نی یە، ئەو ڕۆژانەش قورئان بۆ سەر دڵی حەزرەتی محەمەد دادەبەزی ئایین لە لای خوا کاملّ بوو، بەڵام ئەوانەی پەیامی قورئانیان بۆ ڕەوانەکرا نا کاملّ بوون، بۆیە بڕ بڕ و ناو بە ناو قورئان بۆ سەریان دادەبەزی..)

مەلا ئارام: (باشە ئەو قسانەمان قوبوڵە، بەڵام پێمان بڵێ تۆ بۆ دەتەوێت خەڵکی بە خراپ و ناپاک تەماشات بکات؟ بۆ حەز ناکەی خەڵکی بە چاک و پاکت بزانێت؟)

وتم (مەلا ئارام، بە چاک و بە خراپ زانینی مەردوومان فریو مەخۆ، هەر ئەو خەڵکەی تا دوێنێ بوو سەد کەشف و کەراماتی درۆیان لەسەر من باس دەکرد، ئێستا سەد خراپە و ناپاکییان داوەتە پاڵم ، منیش نە بە چاک وتنیان سەما دەکەم و نە بە خراپ وتنیان خەم و خەفەت دەخۆم، من دەمەوێت خۆم خۆم بم، نامەوێت "سەعید" مەلا ئارام و حاجی فلاّن و شێخ فیسارە کەس بێت دەمەوێت "سەعید" سەعید بێت و بەس، ئێوەش کەیفی خۆتانە، باسی کەشف و کەراماتم دەکەن، یان باسی مەی خواردنەوە و دەست بۆ ئافرەت بردن..)

مەلایەکی دی: (کاک "سەعید" ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەی کەسێک هەیە زۆرت لێ بکات بۆ ئەنجامدانی؟!)

من دەمزانی مەلایەکە بۆ کوێ دەگەڕێت، بۆیە هەندێک پرسیارەکەی ڕایگرتم و وتم (کەسی چۆن؟!)

مەلایەکە: (کەسی نادیار یان دیار، جنۆکە، فریشتە، مرۆڤ ؟!)

وتم (نە جنۆکە، نە فریشتە نایەتە لای من، من نە شەیتانم و نە پێغەمبەر)

مەلایەکە: (ئەدی مرۆڤ؟)

وتم (لە ڕۆژێکدا دەیان مرۆڤ دەبینم)

مەلایەکە: (مرۆڤی ئاساین؟)

وتم (وەکو ئێوەن، خۆ ئێوە جنۆکە نین؟)

مەلایەکە – بە شۆخییەوە – (کە هاتین مرۆڤ بووین، بەڵام پێدەچێت لێمان قەومابێت..)

مەلا ئارام: (کاك "سەعید" تۆ لە کوێ زانستی شەرعیت خوێندووە؟)

وتم (من بۆخۆم زۆر حەزم لە خوێندنەوە بوو)

مەلا ئارام: (بەڵام ئەم زانستە وردەی ئەمڕۆ قسەت لەبارەوە کرد بە تەنها خوێندنەوە بەدەست نایەت!)

– (ئەی بە چیتر بە دەست دێت؟)

مەلا ئارام: (نازانم، بەڵام دەزانم تۆ کەسێکی ئاسایی نیت)

– (مەلا ئارام، تۆش وەکو خەڵکە ڕەشۆکییەکە مەکەوە وڕێنە کردن)

مەلا ئارام: (گەر ئەوانیش بەو ئەنجامە گەیشتبن کە من – دەربارەی تۆ – پێی گەیشتم، ئەوا ناحەقیان نی یە)

لە کۆتایدا وتم + (ئەم قسانەی نێوانمان ئەمانەتە و بەڵێنیشتان داوە نەیبەنە دەرەوە، ئێستا من درەنگمە و دەبێت بچم بتڵە ئارەقەکەم بکڕم، بە یارمەتی خۆتان..)

مەلایەکیان وتی – (ئێمە زۆر شت لە تۆ تێگەیشتین)

وتم + (هیچ تێنەگەیشتووی)

– (بۆ؟!)

+ (چونکە هیچم پێ نەوتن)

– (ئاخر هیچت لا نەبوو بیڵێی)

+ (ئەی چۆن هیچم لا نەبوو کەچی تۆ زۆر شت تێگەیشتی؟! حەز دەکەی هەندێ شتت پێ بڵێم؟)

– (زۆرم پێخۆش دەبێت)

+ (تۆ ئەم بەیانییە بەهۆی لەشپیسییەوە نوێژی بەیانیت نەکرد)

مەلایەکە ڕەنگی تێکچوو، بۆ سەندنەوەی حەیای خۆی درۆیەکی کرد و وتی – (ئێستا دڵنیا بووم هیچ نازانی، چونکە ئەم بەیانییە لە کاتی خۆیدا نوێژم کردووە)

ڕووم لە مامۆستاکانی تر کرد و وتم + (مامۆستایان، کامتان ئامادەن نهێنییەکی ژیانی خۆی بۆ باس بکەم؟ گەر پێکام ئەو مەلایە قسەکەی ناڕاستە، گەر نەمزانی ئەوا من درۆ دەکەم و مامۆستا ڕاستی فەرموو)

مەلا ئارام وتی (مام "سەعید"، سەرنج لە من بدە، من ئامادەم)

وتم (مەلا ئارام گیان، بە منداڵی لە باخ و بێستانی خەڵکیت خواردووە، ئێستا دەتەوێت کەسەکان بدۆزیتەوە و گەردنی خۆتیان پێ ئازاد بکەیت)

کە ئەو قسەیەم کرد "مەلا ئارام" دەستی بە گریان کرد و وتی (لەو پیاوە بگەڕێن، وەلاهی چۆنی وت بەو جۆرەیە)

ڕووم لە مەلاکەی یەکەمجار کرد و وتم (مامۆستا، من کەفارەتی درۆکەت بۆ دەدەم، چونکە من بوومە هۆی کردنی ئەو درۆیە)

مامۆستا بێدەنگییەك ڕووی تێ کرد و سەری داخست..

ئەو قسەیەم کرد و هاتمە دەرەوە و مەلایەکانم بە دەیان پرسیارەوە بەجێ هێلاّ...

دوو کوڕەکە بردمیانە لای پزیشکی دەروونی و دوو پزیشك هاتن و دەستیان بە پرسیار کرد، پزیشکی یەکەم – (کاك "سەعید" چیتە؟)

وتم + (هیچم نی یە)

بە دەم پێکەنینەوە – (هەرچی نەخۆشە وەکو تۆ دەڵێت: هیچم نییە، بەلاّم نەخۆشیشە، بۆیە تۆ دەبێت دان بەوەدا بنێیت کە نەخۆشی، چونکە یەکەم هەنگاوی چارەسەر بریتی یە لە داننان بە نەخۆشیەکەدا)

– (ئەی گەر نەخۆش نەبم؟!)

+ (تۆ نەخۆشیت، گەر نەخۆش نیت بۆ حاشا لە نەخۆشییەکەت دەکەیت، هەر ئەم حاشا کردنە بەڵگەی نەخۆش بوونی تۆیە)

– (گەر بەم قسەی تۆ بێت هەر کەسێکی ئەو بازارە بگریت نەخۆشە، چونکە هەموو حاشا لە نەخۆشی دەکەن)

+ (خەڵکی بازار نەهاتوونەتە ئێرە تا بە نەخۆشیان بزانم، بەڵام تۆ هاتوویت بۆ ئێرە)

– (بـۆ ئێـرە نەخۆشـستانە، دیـارە خـۆت و کارمەنـد و ئیستیعلاماتەکەشـت نەخۆشـن، هەرکـەس پـێ بنێتـە ئێـرە بـە نەخۆشـی بـزانن هەڵەیـە، تـۆ دەبێـت لێکۆڵینەوە بکەیت بزانیت ئەو کەسەی دێت نەخۆشە یـان نـە، گـەر نـەخۆش بـوو چارەسەری بکە، گەر تەندروست بوو بە زۆر نەخۆشی مەخە)

+ پزیشکەکە زۆر خـۆی بـە شـارەزا دادەنـا بۆیـە پرووی لـە کوڕەکـان کـرد و وتـی (هەموو ئەوانـەی نەخۆشـی دەروونییـان هەیـە لـە قسـە و گفتوگـۆدا زۆر بلیمـەتن، بەڵام ئێمەی پزیشک نابێت بەو جۆرە قسانە فریو بخۆین)

پزیشکی دووەم: (پێت نەوتین شەوان چۆن بەسەر دەبەیت؟)

وتم (بۆ خۆم دەنووم)

پزیشکی دووەم: (خەون دەبینی؟)

وتم (هەروەکو تۆ هەندێك شەو خەون دەبینم و هەندێك شەو هـەتا بـەیانی زۆر بـە ئارامی دەنووم)

پزیشکی دووەم: (خەونەکان چین؟)

– (جا نازانم باسی چیت بۆ بکەم؟! لە کام خەونەوە دەست پـێ بکەم ؟!)

پزیشکی دووەم: (باسی خەونێکی خۆتم بۆ بکە)

– (ئەم شەو لە خەونمدا پیاوێك هاتە لام و وتـی: سبەینـێ کوڕەکانـت دەتبـەن بـۆ لای دوو پزیشـکی دەروونـی، یـەکێکیان نـاوی "ڕێبـوار"ە و ئـەویتریان نـاوی "هەڵمـەت"ە، "ڕێبـوار" ژنـی هێنـاوە و دوو منـدالّی هەیـە، "هەڵمـەت"یـش

دەزگیرانـــداره، بـــەلاّم ســـاردی کەوتۆتـــه نێـــوان خـــۆی و دەزگیرانەکەیـــەوه و دەیانەوێت له یەکتری جیا ببنەوه، شتی تریش بڵێم؟)

پزیشکی یەکەم کە "ڕێبوار" بوو وتی (نا پێویست ناکات، لەوه گەیشتم جۆری تێکچوونەکەی تۆ لـه جۆرێکی تایبەتـه و زۆر دەگمەنـه، پـێم وایـه بەشـه خەوتوەکـەی مێشکت کەوتۆته گـەڕ و زانینی ئەو نهێنیانه بۆ بە ئاگا هاتنی ئەو بەشەی مێشکت دەگەڕێتەوه، ئایا هیچ زەبرێك بەر سەرت کەوتووه؟)

وتم (نەخێر)

ڕێبوار: (وەرزشی یۆگا و شتی لەو جۆره ناکەیت؟)

– (یۆگا چی یه؟)

ڕێبـوار: (وەرزشـێکی تایبـەتی زیهـنی و جەسـتەییه و مـرۆڤ بەهۆیـەوه کۆمـەڵێك توانای سەیر و نامۆی تیا دەردەکەوێت)

وتم (هیچ زانیارییەکم دەربارەی ئەو جۆره وەرزشه له لا نی یه)

هەڵمەت: (وەکو ئەهلی تەسەوف ڕیازەت و شتی لەو جۆره ناکێشیت؟)

– (به درێژایی تەمەنم نه سۆفی بووم، نه دەرویش)

هەڵمەت: (هیچ دەربارەی پاراسایکۆلۆژی دەزانیت؟)

وتم (پارا...چی؟!)

هەڵمـەت: (پاراسـایکۆلۆژی، جـۆره توانایەکـه بـۆ ئەنجامـدانی کـاری سـەیر و سەمەره)

– (ئەو کاره جیاوازی چی یه لەگەڵ سیحر و جادوو دا؟)

هەڵمـــەت: (ســـیحر و جـــادو تـــەنها چاوبەســـتن و هەڵخەڵەتاندنـــه، بـــەلاّم پاراسـایکۆلۆژی توانـای شـاراوه و ڕاسـتەقینەی نـاوەوەی مرۆڤـه و بـەهۆی وەرزشەوه مرۆڤ پێی دەگات، هەندێك کەسیش هەیه به سروشت و خۆڕسك ئەو جۆره وزه و توانایانەی تێدایه، لەوانەیه تۆ لەم جۆرەیان بیت)

– (من بە زۆری خەون دەبینم، خەونەکانیشم لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا یەک لە دوای یەک دێنە دی، بەڵام پێت نەوتم ئەم جۆرەی دووەم باست لێوە کرد، کە هەندێک کەس بە خۆڕسک ئەو توانایەی تێدایە جیاوازی چییە لەگەڵ ئەوەی یەکەم نازانم وتت: "یۆگا"؟)

هەڵمەت: ("یۆگا" بۆ هەموو کەسێکە و دەتوانن بەکاری بهێنن و پێی بگەن، بەڵام پاراسایکۆلۆژی لە کەسانێکی زۆر تایبەتدایە و دەتوانن پەرەشی پێ بدەن)

– (ئێستا پێم بڵێن من چیمە و لەکام پۆلم؟)

ڕێبوار: (ئێمە بە یەک دانیشتن ناتوانین بڕیاری خۆمان لەسەر تۆ بدەین، چونکە وەکو وتم تۆ نەخۆشێکی زۆر ئاڵۆزی و تێگەیشتن لێت زۆری دەوێت، بەڵام دڵنیام نەخۆشیت و دەبێ تۆش دان بە نەخۆشییەکەتدا بنێیت، کاکە نەخۆشی هیچ نەنگی و شوورەییەکی تێدا نی یە، نازانم تۆ بۆ ناچیتە ژێری؟!)

– (ئەزانی بۆچی ناچمە ژێری؟)

ڕێبوار: (بۆچی؟!)

– (لەبەر ئەوەی تۆ بۆخۆت نەخۆشیت و پێویستت بە چارەسەرە)

ڕێبوار: (نەخۆشیەکەم چی یە؟!)

– (سێ نەخۆشیت هەیە، یەکەم: توانای جووتبوونت لەگەڵ هاوسەرەکەت زۆر لاواز بووە و وردە وردە گونەکانت بەرەو پووکانەوە دەچن، دووەم: لە تاریکی دەترسیت و هەندێک جار بەهۆی تاریکییەوە میز بەخۆت ڕاگیر ناکەیت، نەخۆشی سێیەمت: هەرکاتێک دەچیتە بەردەم ئاوێنە وێنەی ناو ئاوێنەکەت لێدەبێت بە کەسێکی تر و لەگەڵی بەشەڕ دێیت، بۆیە ماوەیەکی زۆرە وازت لە سەیرکردنی ئاوێنە هێناوە)

کە ئەو سێ نەخۆشییەم لەسەر "ڕێبوار" باس کرد، "هەڵمەت" وتی (ئێمە هاتین تۆ چارەسەر بکەین، بەڵام پێدەچێت ئێمە نەخۆش بین و پزیشکی خۆمان بینیبێتەوە!)

ڕێبوار: (هەموو ئەوانە ئەو ڕاستییەم لا تۆخ دەکەنەوە کە تۆ نەخۆشیت، چونکە مرۆڤی ئاسایی ئەو جۆرە هێز و توانا لە ڕادەبەدەرەی نی یە)

– (ڕێبوار گیان، من دەتوانم تۆ چارەسەر بکەم، تۆش ئازابە من چارەسەر بکە)

ڕێبوار: (من پێویستم بە چارەسەری تۆ نی یە، بۆخۆم پزیشکم)

– (منیش پێم وایە مرۆڤی نەخۆش ناتوانێت نەخۆش چارەسەر بکات، بۆیە لە باریکدا گەر نەخۆشیش بم بە تۆ چارەسەر ناکرێم)

ڕێبوار: (پێویستت بە چەند سەردانێکی تر هەیە بۆ لای من)

– (من نایەمەوە، خۆ گەر بە زۆریش بمهێنن ئەوە قسەیەکم نی یە)

ئەو قسەیەم کرد و پزیشکەکانم بەجێ هێلاْ و هاتمە دەرەوە و کوڕەکانیش شوێنم کەوتن...

بەڵێ بە برای خۆم بڵێم بە هۆی کارە سەیر و سەمەرەکانمەوە کوڕەکان ناچاربوون پارە بە پزیشکێك بدەن و ڕاپۆرتێکیان لەسەر شێتێتی من بۆ ئامادە بکات، چەند جار دامیان لە کارەبا و دواجار ڕەوانەی شێتخانەیان کردم...

کوڕەکان بۆ دەستگرتن بەسەر مالْ و دوکانەکەدا حەزیان دەکرد مۆری شێتێتیم پیا بنرێت، بۆیە بێ بەزەییانە بە شێتیان دەرکردم و لە شێتخانەیان توند کردم...

ژیانی ناو شێتخانە ڕۆمانێکە بۆخۆی، مرۆڤ لە شێتخانەدا باوەڕ بەوە دەهێنێت کە شێتە، لەسەرەتاوە وامدەزانی تەنها کەسەکانی تری ناو شێتخانە شێتن و من ساغ و تەندروستم و بە هەڵە براومەتە ئەو جێگەیە، بەڵام ڕۆژێك شێتێك هاتە پەنامەوە و وتی: لە سەرەتاوە کە بۆ ئەم شێتخانەیان هێنام وامدەزانی من ساغم و هەموو ئەوانی تر شێتن، دواتر بۆم دەرکەوت شێتەکانی تر کە لەسەرەتاوە ڕەوانەی ئێرە کرابوون هەروەکو من ئەو هەستەیان لا دروست بوو بوو، ئەوانیش خۆیان بە شێت نەزانی بوو، وا بیریان کردبووەوە گوایە بە هەڵە بۆ ئەو جێگەیە ڕەوانە کراون، بەڵام دواجار لەگەڵ شێتەکاندا یەکیان گرت و کۆتایی بەو خۆ جیاکردنەوە هات، کە شێتەکەی پاڵم ئەو قسەیەی بۆ کردم دڵنیا بووم مفیش یەکێکم لە شێتەکان، لەو کاتەوە هەستی خۆ بە غەریب زانینم ڕەوایەوە و خۆشییەکی بێ سنوور ڕووی تێکردم...

لە یەکێك لە شێتەکانم پرسی: تۆ بۆچی شێت بوویت؟

وتی: من له کانه بەردێکدا کارم دەکرد، ئیشم بەرد هەڵکەندن و بەرد شکاندن بوو، ئێوارەیەکی درەنگ بە تەنها خۆم له کانه بەردەکه مابوومەوه، بەردێکی پانم هەڵکەند و به پیك تێی بەربووم، بینیم لەگەڵ لێدانی پیکەکەدا له بەردەکه پۆڵه قاز و سۆنه دەردەپەڕن، منیش بۆ گرتنیان شوێنیان کەوتم، له ڕاکردندا بەر بوومەوه و هۆشم لەخۆم چوو، که چاوم کردەوه لێرە بووم..

هەمان پرسیارم له یەکێکی تریان کرد، وتی: بەیانییەك هەستام بوو بووم به شۆفڵ، خۆم شۆفێری خۆم بووم، ڕووم لە هەر ماڵێك بکردبایە بە دوو دەم دەمڕووخاند و شین و گریان له ماڵەکه پەیدا دەبوو، دواجار دەمبینی جەنازەیان له ماڵەکه دەردەکرد...

لەگەڵ هەر شێتێك دابنیشتمایه هەمان پرسیارم لێ دەکرد، یەکێکی تریان وتی: من هاوسەرەکەی خۆمم لێ بوو به مار به تایبەت ئەو کاتانەی لەسەر جێگه لێی نزیك دەبوومەوه، چەند جارێك پێم وت: ئافرەت تۆ مرۆڤی یان ماری، چونکه تۆ شەوان دەبیت به مار، هاوسەرەکەم وتی: باپیرم پیاوێکی سەیر و سەمەرە بوو، هەموو جارێ منی دەبینی دەیوت: ئەم کچه دەڵێی ماره، که پێیان دەوت بۆ وا دەڵێیت؟! قسەکەی بەجۆرێکی تر دەردەبڕی و دەیوت: وریا و زیرەك دیاره، ئەوەنده شەوان چوومه لای مار شەوێك خۆم لێ بوو به مار و ڕەوانەی ئێرەیان کردم...

شێتێکی تر دەیوت: من بەسەر ئێشه دەستم پێ کرد، دواتر سەرم دەبوو به خۆر و دونیای ڕۆشن دەکردەوه...

دانەیەکی تریان دەیوت: من بووم به بەری درەختێك، بەرێك که به ئەندازەی گوێزێك دەبووم، له دارەکه بەربوومەوه و کەوتمه ناو ڕوبارێك، ڕوبارەکه بەرە و تاقگه و قەڵبەزەیەك ملی دەنا، لەو جێگەیه کەوتمه خوارەوه، منیش له ترسان چاوەکانم لێکنا، که چاوم کردەوه له شێتخانه بووم...

ڕۆژێك یەکێك له پیاوەکانی "پیرخدر"م له شێتخانه ناسییەوه، بەڵام هەرچی هەوڵم لەگەڵدا بۆ ئەوەی بیهێنمەوه یادی که من و ئەو یەکترمان بینیوه و منیش دۆست و

ئاشنای ئەوانم هیچی نەهاتەوە یاد و گوێی بۆ قسەکانم نەگرت، ئەو بە بەردەوامی لە خەیاڵی خۆیدا سەیارەی لێدەخوڕی و سوکانی با دەدا و هۆرینی لێ دەدا...

دریـژەی نـەدەمێ هـیچ شـێتێك جـۆری شـێتێتییەکەی لـە شـێتێکی تـر نەدەچـوو، بـە قەدەر ژمارەی شێتەکان جۆری شێتێتی بوونی هەیە...

دوای "چوار" ساڵ ژیـانی نـاو شـێتخانە پزیشـکەکان بۆیـان دەرکـەوت مـن سـاغم و شێت نیم، بۆیە بەرەڵایان کـردم و ئـەوە سـاڵێکە هاتوومەتـە دەرەوە و کـوچـە و کـوڵان و شەقامەکان دەپێوم...)

ڕزگارکردنی "قاسم" لە دەستی "مۆرا"

دوای نزیکەی پێنج ساڵ لە بزربوونی "پیر خدر" و پیاوانی تر، چەند مانگ لەمەوبەر لە پەنای دیواربکدا دانیشت بووم، بیرم لەو گشتە چەرمەسەری و ئازارە دەکردەوە بەسەر منداتێپەڕی، بیرم لە بێوەفایی ئەو دەستەیە دەکردەوە منیان بەو ئەنجامە گەیاند و دواتر کۆچیان لێ کردم و تەنانەت لە دوورەوەش سەلامێکم بۆ نانێرن، گریانم بۆ خۆم دەهات، چەند فرمێسکێك لە چاوم سەری کرد و کەوتە سەر ڕوخساری پیری ماندووم، بەرلەوەی لە ڕیشە سپییەکەمدا فرمێسکەکان ون ببن لە پشتەوە دەستێك هات و بە پەنجەیەکی ناسکی نووربن فرمێسکەکانی لە سەر گۆنام سڕییەوە، من هێشتا نازانم کێ یە! لام کردەوە و بینیم "پیر خدر"ە، چاوەکانم شەرمیان نەما و بە خۆڕ فرمێسکیان داباراند، دەستی لە گەردنم ئالاند و تێر ناوچاوان و ڕوخساری ماچ کردم و وتی (ئیتر ئازارەکانی تۆ کۆتایی پێهاتووە، چەند کارێك ماوە ئەنجامی بدە با مەینەتییەکانت کۆتا پێ بهێنین)

کۆتا هاتنی مەینەتییەکان – لە فەرهەنگی ئێمەدا – نزیك بوونەوەی مەرگ و سەفەری یەکجاریی دەگەیەنێت، پرسیم+ (کاری چی؟! ئازاردانم بەسە! لەوە زیاتر توانام نەماوە، پیر بووم)

پێکەنی و وتی – (ئیتر ئازارت نادەین، تۆ یەکێکی لە گەورەکان لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوو بووی، کەسێك لە زیندانە، ناوی "قاسم" ە، ئەویش ئازار و مەینەتی زۆری چەشتووە، کوڕەزای ئەو ئافرەتە مەزنەیە کە ناوی "ئامینە" بوو، لە دوای کۆچ کردنی ئەو"ئامینە" ناوە "فاتمە" ی هاوسەرت لە جێگەی دانرا، لەبەر خاتری داپیرەی مەزن دەبێ "قاسم" لە بەندیخانە ڕزگار

بکرێت و ڕێگە نەدرێت یاخییەکان لێی نزیک ببنەوە، ئەو دەبێ بە ڕێگەی ساڵحاندا ببرێت)

+ (من چی بۆ بکەم؟!)

– (ئەو کەسەی "فەجەی فاڵچی" کوشتووە "قاسم" نییە، بەڵکو کەسێکی تر‌ە، پیاوکوژەکە نهێنییەکەی لای برادەرێکی خۆی درکاندووە، تۆ دەبێ کارێک بکەی برادەری ئەو کابرا پیاوکوژە بۆ بەندیخانەکەی "قاسم" ڕەوانە بکرێت، لەوێ ببێتە دۆستی "قاسم" و ناوی پیاوکوژەکەی پێ بدات، تاکو لەو ڕێگەیەوە "قاسم" هەوڵی خۆ قوتارکردن بدات)

+ (جا ئەم هەموو شاڵ و جاوە بە من چۆن دەنرێتەوە، چۆن ئەو کابرایە ڕەوانەی بەندیخانە بکەم؟!)

ئەو پێکەنینێکی بۆ کردم و وتی –(ئەگەر بتەوێ پێت دەکرێت، بۆ ئەو کارە زۆر خۆت ئازار مەدە، ماشەلاّ ئێستاش هەروەک جاران ئینکاری)

+ (پێم لێ مەبڕە، سەردانم بکە)

– (لێرە بەدواوە هەموو هەفتەیەک جارێک و دووجار سەرت لێ دەدەم، منم بێتاقەتی تۆ دەبم، بێ خەم بە)

کە ئەو قسەی کرد زۆر دڵخۆش بووم، هەستام ناونیشانی کابرام دۆزییەوە، ئەو سەرتاشخانەی هەبوو، سەرنجم دا کەینوبەینێکی لەگەڵ ژنی کابرای پیاوکوژدا هەیە، حەز لە یەکتر دەکەن، بەڵام گوناهی گەورەیان ئەنجام نەداوە، کابرای سەرتاش لە ناخ و دەروونەدا کەسێکی پاک بوو، نەدەبوا ڕێگە بدرێ کەینوبەینەکەی نێوان ئەو و ئافرەتەکە بگاتە سنووری زیناکردن، باشترین چارەسەر ڕەوانەکردنی بوو بۆ بەندیخانە، ئێستا چۆن ڕەوانەی بکەم؟!

سەرەتا دەبێ منیش بەرانبەر ڕەوانەکردنەکەی ئەو بۆ بەندیخانە ئازارێک بچێژم، چونکە من بوومەتە هۆی بەندکردنی ئەو، جامخانەی دووکانەکەیم کردەوە و چوومە ژوورەوە، هەرکە منی بە پیسوپۆخڵی بینی وتی (بچۆ دەرەوە)

وتم (سەرم بتاشە)

وتی (سەری تۆ لای من ناتاشرێت، بچۆ دەرەوە)

ئەو حەقی بوو، چونکە سەرتاشخانەکەی کەسی دەولّەمەند و پایەدار هاتوچۆی دەکرد، نەك هەژارێکی وەکو من، من دامە لانی ئینکاری و وتم +(ناچمە دەرەوە، سەرم دەتاشم)

زۆر هەولّیدا بە بێ گۆبەند بمکاتە دەرەوە، بەلاّم سوودێکی نەبوو، ئەو مەقەستێکی لە دەست بوو، ویستی بە دەستەکەی تری پەلم بگرێ و بمکاتە دەرەوەی دوکانەکەی، منیش خۆم جێرکردەوە و بەرگریم کرد، بە مەبەستی بەکارهێنانی دەستەکەی تری خۆی ڕاست کردەوە، لە بیری چوو مەقەستی بە دەستەوەیە دەستی ڕاتەکاند و نیوەی دەمی مەقەستەکە چەقییە سەر سنگم، من کەوتم و خەلّتای خوێن بووم، چەند کەسێك بەرزیان کردمەوە و ڕەوانەی خەستەخانەیان کردم، لە ڕاپۆرتی پزیشکیدا ناوی سەرتاشەکەم هێنا و وتم: من بە مەبەستی سەرتاشین چوومەتە لای و ئەویش ویستوویەتی دەرم بکات، منیش نەڕۆیشتم و ئەو مەقەستەی لەسەر سنگم چەقاندووە، سەرتاشەکە گیرا و هەرچی هەولّیاندا لێیخۆش ببم ڕازی نەبووم، بۆیە لە دادگا شەش مانگ زیندانیان بۆ بڕیيەوە و ڕەوانەی بەندیخانەکەی تۆم کرد)

لێرەدا قسەکەم بە "سەعید" بڕی و وتم + (کێ لە نهێنی کاری ئێوە تێدەگات؟!!)

منیش قسەکەم بە "قاسم" بڕی و وتم – (نهێنییەکانی تۆش بیری مرۆڤ ڕادەوەستێنێ، تۆ چۆن لە "سەعید" سەراسیمە بوو بووی منیش لە تۆ سەرم ماسیوە)

"قاسم" لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی خۆی بەردەوام بوو، وتی: کە "سەعید" چیرۆکەکەی خۆی بۆ تەواو کردم، پێم وت +(لێرە بەدواوە ناهێلّم ئازار بچێژی و دەبێ من و تۆ پێکەوە بژین)

وتی – (ناتوانم ، وەزیفەی من گەڕانە، ئێستا بەجێت دەهێلّم، لەوانەیە لە تەمەندا نەتوانم جارێکی تر بتبینمەوە، "پیر خدر" ئاماژەی بە نزیك بوونەوەی مەرگم کردووە)

منیش وتم (گەورەم، دواین ئامۆژگاریت چییە بۆ من؟)

– (دوعا بکه نەچیتە ڕیزی پیاوانی "پیر خدر"ە وە، ئەو کارە بە تۆ ناکرێت، با شتێکی تریشت پێ بڵێم: هەندێك لە پیاوانی "پیر خدر" هەن من بە خزمەتیان نەگەیشتووم، دەڵێن ئەوانە زۆر بە دەگمەن دەردەکەون..)

"سەعید" هەستا و خواحافیزی لە من کرد و ڕۆیشت، منیش زۆر بە ئارامی و دڵخۆشییەوە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە، هەستم دەکرد گۆڕاوم بۆ مرۆڤێکی تر، مرۆڤێك چاو و گوێ ی کراوەتەوە و هەستە جوانەکانی بەگەڕ کەوتوونەتەوە، بەرائەتی منداڵیم بۆ گەڕابوویەوە، گەیشتمە ماڵەوە و یەکەم کارم ئەوە بوو دەستی دایکم ماچ کرد و خۆم خست بەسەر پێڵاوەکانی بابمدا و دەستم ماچ کرد بۆئەوەی لێم ببوورن و گەردنم ئازاد بکەن، هەرسێ خوشکەکەم مێردیان کرد بوو، چووم سەردانم کردن و گەردنی خۆمم پێ ئازاد کردن..

کەوتمە بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی کەسابەتێك، چەند کەسێکم ئاگادار کرد و بۆخۆشم بەسەر چەندین کومپانیا و کارگەدا گەڕام و هەواڵی کارم پرسی، دواجار لە ئوتێلێك وەك کارمەند کارێکیان بۆ دۆزیمەوە و منیش وەك کەسێکی زۆر دڵسۆز کەوتمە ئەنجامدانی کارەکەم، خاوەن فندقەکە زۆر سەرنجی منی دەدا و بە کار و خزمەتەکانم سەرسام و دڵخۆش بوو، دوای چەند جار خەڵات کردنم ڕۆژێك بانگی کردم و وتی :

– (تۆ لێرە بەدواوە سەرۆکی هەموو کارمەندەکانی)، بۆ ماوەی شەش مانگ من بەسەرومڕی کرێکارەکانم بە جوانترین مامەڵە سەرۆکاری دەکرد، ئوتێلەکە لەو ماوەیەدا زۆر گەشە و گۆڕانی بەخۆیەوە بینی و خەڵکانێکی زۆر ڕوویان تێ دەکرد، خاوەنی فندقەکە دەیزانی ئەو گەشە و گۆڕانە بەهۆی ماندووبوونی منەوەیە، بۆیە دوو قات موچەکەی بۆ زیاد کردم و دوای دوو ساڵ لە خزمەت کردمی بە بەڕێوەبەری گشتی ئوتێلەکە، من پەیمانم بە خودای خۆم دابوو ناپاکی بە خاوەنی ئوتێلەکە نەکەم، ئەویش منی بە کەسێکی چاك و پاك دەزانی، پاش پێنج ساڵ کارکردن خاوەنی فندقەکە ڕۆژێك بانگی کردم و وتی ("قاسم" تۆ دۆستی گیانی بە گیانی منیت، تۆم لە منداڵەکانی خۆم زیاتر خۆش دەوێت، دەمەوێت بەرانبەر ئەو هەموو چاکەی تۆ لەگەڵ من کردت دوو چاکەت لەگەڵ بکەم، یەکەم دوو کچم هەیە بڕۆ تەماشایان بکە و یەکێکیان بە هاوسەری خۆت هەڵببژێرە، دووەم بەشێك لەم ئوتێلە دەکەم بەناوی

کچەکەمەوە و بۆ ژیانی خۆتان سوودی لێ ببینن)، من بەو بەخشندەییە زۆر دڵخۆش بووم، کچە گەورەکەی بوو بە هاوسەرم و ژیانی هەژاری و نەداریمان گۆڕا بە دەوڵەمەندی و دەسەلاّت، ئەو بڕە زێڕەی کاتی خۆی دزی بووم بە زیادەوە کڕیمەوە و بە ڕێگەیەکی نهێنی و بە بێ ئەوەی خۆم ئاشکرا بکەم گەیاندمەوە دەستی ئەو خێزانە. بەرانبەر بەو فەرشەی لە خودام دزی مزگەوتێکم کردەوە و ئەو مزگەوتەش فەرشەکەم لێ هێنا بوو نۆژەنم کردەوە، دایك و بابم – هەرچەند لە کۆتایی تەمەندا بوون – بەلاّم ژیانێکی خۆش و باشیان لەو کۆتایی تەمەنەدا بەسەر برد، سالاّنە دەمناردنە مالّی خودا و گەشتی ئەو مەملەکەتەیان دەکرد، خوشکەکانم لە یاد نەکرد و باشترین مالّم بۆ کردنەوە و ژیانم بۆ دابین کردن، کاری ئوتێلمان گەشەی کرد و چەند ئوتێلێکی تریشمان کردەوە، ئێستا من و خەزوورم لە لە هەر شارێکی گەورەی ئەم ولاّتەدا ئوتێلێك و دوو ئوتێلمان هەیە)

"قاسم" چیرۆکەکەی تەواو کرد، لەو کاتەدا بوو لە دووڕەوە نووڕێکی سپی بە دەرکەوت و خۆمان و جێگەکەمانی ڕۆشن کردەوە، کۆمەلّێك بوونەوەری نوورین لەو دیو پەنجەرەی ژوورەکەوە کەوتبوونە باڵەتەپێ، دوای نۆشکردنی چەند پیاڵەیەك لە نوور هەردوو هەستمان بە ئارامی و سووکبوونی باری قورسی جەستەمان دەکرد، وردە وردە لە تاریکی و پەنهاکانی ناوەوەمان ڕۆشن دەبوویەوە، لەگەلّ نووڕانی بوون و ڕۆشن بوونەوەی گەرد و گەردیلەی وجوودمان ڕۆحەکانمان کەوتنە سەما و باڵە تەپێ، لە کۆتایدا نوورە سپییەکە پەلی هەردووکمانی گرت و لەگەلّ خۆی بەرە و ئاسمان بەرزی کردینەوە، بە قوولاّیی بووندا شۆڕبوویەوە، گەیشتینە ئەو جێگەیەی تەنها یەك بوون وجوودی هەیە، لەو جیهانە مەلەکووتییەدا هەموو خەم و ئازارەکانمان ڕەوییەوە..

بەیانی لە ژوورەکەدا بەئاگا هاتم تەنها خۆم بووم، "قاسم"م نەبینی، نەمدەزانی ئەوەی بۆم باسکراوە لە خەوندا بووە، یاخود ڕاستی یە و بەیانی زوو "قاسم" ژوورەکەی بەجێهێلاّوەو منی بەئاگا نەهێناوە، ئەندێشەو واقیعم لا تێکەلاّو بوو، بلّێ ی ئەو شەوە شەوی مردنی "سەعید" بووبێ؟! ئەو شەوە میهرەجانی تاج لەسەر کردنی "قاسم" بووبێ و لەجێگەی "سەعید" ئەو خرابێتە ناو ڕیزی پیاوانی سێبەرەوە؟ بلّێی

منیش بە چارەنووسێك بە "قاسم" ە وە گرێ درابم، لە داهاتوویەکی دوور یان نزیکدا "قاسم" کۆچی دوایی بکا و من ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی ئەو ببمەوە؟!!

بەڵێ: ژیان وێنەی زۆرە، پێناسە کردنی مرۆڤیش ئەستەمە..)

تەواو...